# فریودان و ساختەکاری

## تۆڕەکانی ئینتەرنێت و خۆپاراستن لێیان




ئەندازیار

جمال عمر محمد

پێداچوونەوەی

پ.ی. دکتۆر محمد عبدالله الشیخ



Internet based HACKING and SCAMs, Measures to Avoid them

هەواڵنامەی کتێب

# فریودان و ساختەکاری

## تۆڕەکانی ئینتەرنێت و خۆپاراستن لێیان




نووسینی: جمال عمر محمد

هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە تەکنەلۆجیای زانیاری و
بەکالۆریۆس لە ئەندازیاری کارەبا


پێداچوونەوە: پ.ی. دکتۆر محمد عبدالله الشیخ


پرۆژەی قەفتان

لە بڵاوکراوەکانی:
پڕۆژەی قەفتان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە - (٤)



هەواڵنامەی کتێب

**ناوی کتێب:** فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت و خۆپاراستن لێیان

**نووسینی:** ئەندازیار جمال عمر محمد

**پێداچوونەوە:** پ.ی. دکتۆر محمد عبدالله الشیخ

**تایپ:** ڤیان عبدالرحمن قەفتان

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** جمال عمر محمد

**تیراژ:** (٥٠٠) دانە

**نۆبەتی چاپ:** یەکەم چاپ

**سەرپەرشتیاری چاپ:** مەریوان قەفتان

**چاپخانەی:** پیرەمێرد

**ژمارەی ستانداردی جیهانی بۆ کتێب:** 978-9922-20-073-6 :**ISBN**

© **2018** مافی پارێزراوە بۆ جمال عمر محمد

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٦٢٧) لە ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە



# سوپاس و پێزانین

لێرەدا دەمەوێت زۆر سوپاسی هاوسەرە خۆشەویستەکەم
(**ڤیان قەفتان**) و دووە منداڵە چاوگەشەکەم (**ژولیا و یاد**) بکەم.
ئەوەی کردومەو دەیکەم بەری ڕەنج و
شەونخونی و پشتگیری ئێوەی ئازیزو زۆر خۆشەویستە.

هەروەها دەمەوێت سوپاسی زۆر بەڕێز پ.ی. دکتۆر (**محمد عبدالله الشيخ**) بکەم کە ئەرکی کێشاوە بۆ پێداچونەوەی ئەم کتێبە، بە سەرنج و تێبینیەکانی ئەم کتێبەی دەوڵەمەندترکردووە و بۆتە هاندەرێکی باش بۆم.

هەروەها زۆر سوپاسی (**پرۆژەی قەفتان** بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە) دەکەم کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆ ......



# ئەم کتێبە پێشکەشە



هەواڵنامەی کتێب

بە دایک و باوکی زۆر خۆشەویستم

بە هاوسەر و دوو منالە چاوگەشەکەم

بە سەرجەم ئەو مامۆستایانەی لە قۆناغەکانی سەرەتایی تا خوێندنی باڵا

فێریان کردم و بوون بە بەشێک لە یادەوەریەکانم

بە کتێبخانەی کوردی

# ناوەڕۆک


**پێشەکی** ........................................ ٩

**بەشی یەکەم**

**جۆرەکانی فریودان و ساختەکاری لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت** .................... ١١

١-١) بەئۆنلاینکردن هۆکارە بۆ زیادبوونی فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت١٢

١-٢) جۆرەکانی فریودان.......................................................... ١٥

١-٣) شرۆڤەی سەرجەم کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان .................................. ١٧

**بەشی دووەم**

**فریودان و ساختەکاری لەڕێی پارەی چاوەڕوان نەکراو** ............................. ٢٥

٢-١) شێوازەکانی فریودان لەڕێی پارەی چاوەڕوان نەکراو ................................. ٢٦

٢-٢) ساختەکاری میرات............................................................ ٢٧

٢-٣) ساختەکاریی نایجیری .......................................................... ٣٥

٢-٤) ساختەکاری بگێڕەوە ............................................................ ٤١

٢-٥) پێدانی پێشەکی پاشان وەرگرتنی بڕێکی زۆر لە قازانج.............................. ٤٥

٢-٦) شرۆڤەی ساختەکاری پارەی چاوەڕوان نەکراو......................................... ٤٨

**بەشی سێهەم**

**فریودان و ساختەکاری لەڕێی بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو** ........................ ٥٣

٣-١) شێوازەکانی فریودان لەڕێی بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ............................ ٥٤

٣-٢) خەڵاتی چاوەڕوان نەکراو و ساختەکاری یاری بەخت .................................. ٦١

٣-٣) ساختەکاریی خەڵاتی سەفەر بکە ................................................. ٦٩

٣-٤) ساختەکاری سکراتچی (بەسەرپێی ئامادەکراو)........................................ ٧٧

٣-٥) شرۆڤەی ساختەکاری بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو .................................. ٨٢

**بەشی چوارەم**

**فریودان و ساختەکاری لەڕێی ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز (وەهمی)** .................... ٨٧

٤-١) شێوازەکانی فریودان لەڕێی ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز ................................. ٨٨

٤-٢) چۆن فریودان و ساختەکاری ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز کار دەکات؟ ............ ٩١

٤-٣) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز .... ٩٢

٤-٤) شرۆڤەی ساختەکاری ڕێکخراوی خێرخوازیی فێڵباز (وەهمی) ........................ ٩٣

**بەشی پێنجەم**

**فریودان و ساختەکاری لەڕێی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی** ............................ ٩٩

٥-١) شێوازەکانی فریودان لەڕێی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی................................ ١٠٠

٥-٢) چۆن فریودان و ساختەکاری ژوانی ئەوین و خۆشەویستی کار دەکات؟............ ١٠٨

٥-٣) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری ژوانی ئەوین و خۆشەویستی.... ١١٠

٥-٤) شرۆڤەی ساختەکاری ژوانی ئەوین وخۆشەویستی ....................................... ١١١

**بەشی شەشەم**

**فریودان و ساختەکاری لەڕێی کڕین یان فرۆشتن**.......................................... ١١٧

٦-١) شێوازەکانی فریودان لەڕێی کڕین یان فرۆشتن........................................... ١١٨

٦-٢) ساختەکاریی وێبسایتە پۆلێنکراوەکان ........ ١٢١
٦-٣) ساختەکاریی پارە زۆر دان ........ ١٢٤
٦-٤) ساختەکاریی گەیشتنی دوور ........ ١٢٧
٦-٥) تەندروستی و بەرهەمی پزیشکی ........ ١٣١
٦-٦) پسوڵەی هەڵە ........ ١٣٧
٦-٧) ساختەکاریی بازاڕکردنی ئۆنلاین ........ ١٤٣
٦-٨) دەروونی یان گیانی و ساختەکاری ڕۆشنبین ........ ١٤٩
٦-٩) خزمەتگوزاریی پریمیوم ........ ١٥٥
٦-١٠) شرۆڤەی ساختەکاری کڕین و فرۆشتن ........ ١٦٣
**بەشی حەوتەم**
**فریودان و ساختەکاری لەڕێی کارو وەبەرهێنان ........ ١٦٩**
٧-١) شێوازەکانی فریودان لەڕێی کار و وەبەرهێنان ........ ١٧٠
٧-٢) گرەو و یاری بەرنامەی وەبەرهێنان ........ ١٧١
٧-٣) بەرنامەی وەبەرهێنان ........ ١٧٥
٧-٤) بەرنامەی هەرەم (قووچەك) ........ ١٨٣
٧-٥) کارو دامەزراندن ........ ١٨٩
٧-٦) شرۆڤەی ساختەکاری کار و وەبەرهێنان ........ ٢٢٦
**بەشی هەشتەم**
**فریودان و ساختەکاری لەڕێی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی ........ ٢٣١**
٨-١) شێوازەکانی فریودان لەڕێی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی ........ ٢٣٢
٨-٢) بردنی ناسنامە ........ ٢٣٣
٨-٣) فشین ........ ٢٣٧
٨-٤) هاککردن ........ ٢٤٩
٨-٥) شرۆڤەی ساختەکاری هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی ........ ٢٥٦
**بەشی نۆیەم**
**فریودان و ساختەکاری لەڕێی هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن ........ ٢٦١**
٩-١) شێوازەکانی فریودان لەڕێی هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن ........ ٢٦٢
٩-٢) بەرنامە زیانبەخشەکان (مالوار) و ڕانسوموار ........ ٢٦٣
٩-٣) هەڕەشە بۆ سەر ژیان یان گرتن و شێوازی دیکە ........ ٢٦٨
٩-٤) شرۆڤەی ساختەکاری هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن ........ ٢٧٢
**بەشی دەیەم**
**فریودان و ساختەکاری خوێندن ........ ٢٧٧**
١٠-١) شێوازەکانی فریودان لەڕێی ساختەکاری خوێندن ........ ٢٧٨
١٠-٢) فریودان و ساختەکاری پێدانی سکۆلەرشیپ (بەخششی خوێندن) ........ ٢٧٩
١٠-٣) فریودان و ساختەکاری پارەی خوێندن ........ ٢٨٥
**بەشی یانزە**
**خۆپاراستن ........ ٢٨٧**
١١-١) چۆنیەتی خۆپاراستن لە کاری فریودان ........ ٢٨٨

هەواڵنامەی کتێب

١١-٢)   چی بکرێت کاتێک ڕووبەڕووی کاری فریودان و ساختەکاری دەبیتەوە ........... ٢٩١
١١-٣)   ئایا فێڵت لێکراوە؟ ........................................................................ ٢٩٣
١١-٤)   بەسەلامەتی ئینتەرنیت بەکار بهێنە! ........................................................ ٢٩٥
١١-٥)   ئامێرەکەت بە پاکی ڕابگرە ................................................................ ٢٩٧
١١-٦)   بۆچی ئێمە دەکەوینە داوی فریوێنەرانی تۆڕەکانی ئینتەرنیتەوە؟ .................. ٢٩٩
١١-٧)   بواری لێهاتووی فریوێنەران ................................................................ ٣٠١
١١-٨)   ئاماری کاری فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت ........................ ٣٠٣
١١-٩)   ئینفۆگرافیکی بەئامانجکردن لەڕیی کاری فریودانەوە ................................ ٣٠٨
١١-١٠)   نمونەی هاککردن ............................................................................ ٣١١
١١-١١)   نمونەی پرسیار و وەڵام .................................................................... ٣٢٣
پاشکۆ ........................................................................................................ ٣٣١
چەند زاراوەیەکی کوردی بەکارهاتوو بەزمانی ئینگلیزی ........................................ ٣٦١
سەرچاوەکان ............................................................................................... ٣٦٥
سەبارەت بە نووسەر ....................................................................................... ٣٦٩


هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

ئەشێ کەسمان ئەوەمان بە بیردا نەهاتبێ کە دەکرێ ئێمەش ڕۆژێک لە ڕۆژان ببین بە یەکێک لە نێچیرەکانی دەست فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت. بە ئاشنا بونمان بە شێوازە جیاجیاکانی فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت، ئەو بڕوایەمان لادروست دەبێت کە مەترسی فریودان و ساختەکاری لەڕێی ئینتەرنێتەوە بۆ بردنی زانیاری کەسی و پارە زیاترە لەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دزێک بچێتە سەرماڵەکانمان و بڕێک پارە بەشێوەیەکی نادروست ببات. ئەوە جگە لەوەی کە فریوێنەران و ساختەکارانی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت هەر بەوەوە ناوەستن، بەڵکو هەستی چەندان بریندار دەکەن و دڵی چەندانی تر لەگەڵ خۆیان دەبەن و خەون و ئاواتی چەندانی تر لەژێر گڵ دەنێن.

لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردیدا (بە بڕوای من) سەدان هاوڵاتی بەدەست کێشەی فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەناڵێنن و بوونەتە نێچیرێکی زۆر ئاسان. بوونی کتێبێکی لەم جۆرەم بەزمانی شیرینی دایک بۆ ناو کتێبخانەی کوردی بە پێویستیەکی گەورە زانی. گەر تۆی خوێنەر خوازیاریت بەدوربیت لە کاری فریودان و ساختەکاری سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت، ئەوا لە دووتوێی ئەم کتێبەدا ئاشنادەکرێن بە هەریەک لە:

- شێوازو جۆرەکانی کاری فریواندن و ساختەکاری سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت.
- چۆنیەتی ناسینەوەی فریوێنەران و ساختەکاران.
- نیشانەکانی هۆشداری و چۆنیەتی خۆپاراستن لێیان.


ئەمە سەرڕای خستنەڕووی ئاماری پێویست سەبارەت بە کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و بەردەست خستنی چەند نمونەیەکی هاککردن، لەگەڵ بەردەستخستنی لیستێک بە چەند زاراوەیەکی کوردی بەکارهاتوو بەزمانی ئینگلیزی.



وەک سەرچاوەیەک بۆ زۆرێک لە ئامارو زانیاریەکانی ئەم کتێبە، پشت بەستراوە بە وێبسایتێکی فەرمی وڵاتی ئوستوڕالیا کە سەرپەرشتی دەکرێت لە لایەن لیژنەی بەکاربەرو پێشبڕکێی ئوستوڕالی ACCC. هەروەها چەندین نمونەی زندووی ئەو کارە فریوێنەرانەی بەرامبەر کەسانێک کراوە خراوەتەڕوو، تاببنە نمونەیەکی باش بۆ ئاشنابوونی خوێنەران بە ئەو شێوازو ڕێگایانەی فریوێنەران دەیانگرنەبەر بۆ جێ بەجێکردنی مەرامەکانیان. ئەمە سەرەڕای خستنەڕووی نمونەیەکی زیندووی خۆم وەک نوسەری ئەم کتێبە کە لەبەشی فریودان لەڕێی "کارو دامەزراندن" ەوە خستومەتەڕوو. مەبەست لەم نمونەی فریودانە ئەوەبوو، کە من بۆ کاری نووسینەوەی ئەم کتێبە تەنها پشتم بەسەرچاوەی دەرەکی و خوێندنەوەی ڕوداوەکانی کەسانێکی تر نەبەستم، بەڵکو ویستومە بەکرداری بە هەنگاوەکانی فریوداندا بڕۆم کە ڕۆژانە دەشێت بەسەر سەدان هاوڵاتیدا تێپەڕێت. هەڵبژاردنی نمونەی کاری فریودان لەڕێی "کارو دامەزراندن" لەوەوە سەرچاوەیٔ گرتووە کە لەکاتی بیرۆکە و نووسینەوەی کتێبێکی لەم جۆرەدا، هەلێکی وەهام بۆ ڕێکەوت کە بەدواداچوونی بۆبکەم. لەم نمونەیەدا هەموو هەنگاوەکان و زانیاریەکانم وەک خۆی خستۆتەڕوو تا خوێنەری ئازیز هەست بە مەترسی فریوێنەران بکات و بزانێت کە چۆن خۆی لێیان بپارێزێت.

جمال عمر محمد

هەواڵنامەی کتێب






## بەشی یەکەم

## جۆرەکانی فریودان و ساختەکاری لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت

### سەیرکردنێکی گشتی

سەرڕای خستنەڕوی ئەوەی کە بە ئۆنلاینکردن هۆکارە بۆ زیادبوونی فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت، ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنی جۆرە باوەکانی فریودان، کە بەزۆری فریوێنەران و ساختەکارانی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت پەنا دەبەنەبەریان بۆ کاری فریودان. جگە لە ڕیزبەندکردنی جۆرەکانی فریودان، تیشک خراوەتەسەر ئاماری سەرجەم ئەو کارە فریوێنەرانەی کە لە چەند ساڵی ڕابوردودا خراونەتەڕوو. هەروەها تێکڕای پارەی لەدەستدراو بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کە بۆ ئەو مەبەستە بەرزکراونەتەوە پیشاندراوە. هەر لەم بەشەدا، ڕیزبەندی جۆرەکانی فریودان بە پێی پارەی لەدەستدراو، وە جۆرەکانی پەیوەندی و ڕێژەی پارەی لەدەستدراو بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەڕێی ئەو ئامارانەوە خراونەتەڕوو.




## ١-١) بەئۆنلاینکردن هۆکارە بۆ زیادبوونی فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت

ئەمڕۆ تەکنەلۆجیا مەبەست لێی تەنها کاری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و فێرکاری و پەیوەندی و جێ بەجێکردنی کاری ڕۆژانەی ناو ئۆفیسەکانمان نیە. دەتوانین بڵێین لەم ساڵانەی دوایدا بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا تەواوی پێداویستیەکانی ژیانمانی داپۆشیوە. هەر بوارێکی ژیانمان بگرین پەیوەستە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاوە. بێگومان ئەمەش جگە لەوەی کە کاریگەری تەواوی دروستکردووە لە سەر سێکتەرە جیا جیاکانی ژیان، بەهەمان شێوەش کاردانەوەی تەواوی کردۆتە سەر شێواز و چۆنیەتی جێ بەجێکرنی شتە هەنووکەیەکان لە ژیانماندا. لەپاڵ ئەم هەموو بەرەو پێشچونانەدا، ئەمڕۆ کەسانێک هەن کە تەنها بەوەوە ناوەستن کە سود لە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیا و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و هۆکارەکانی پەیوەندی وەربگرن بەلایەنە باشەکەی، بەڵکو کەسانێک هەن هەوڵ دەدەن کە سوود لەو ئاسانکاریانە وەربگرن کە ئەمڕۆ فەراهەم کراون، ئەویش بەسود وەرگرتن لە تەکنۆلوجیاو بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ ئەنجام دانی کاری زیانبەخش.

هەواڵنامەی کتێب

ئەمڕۆ دەتوانین زۆربەی زۆری ئیش و کار لە ماڵەکانی خۆمانەوە لەڕێی کۆمپیوتەرەکان، یان مۆبایلە زیرەکەکان و ئایپادەکانەوە بکەین. ئەمەش وایکردووە بتوانین کاری گەڕان و کڕین و تەنانەت کاری فەرمانگەکانیشمان لەڕێی ئینتەرنێتەوە لەماڵەکانی خۆمانەوە ئەنجام بدەین. لە هەرشوێنێک کە بخوازین دەتوانین گەشتەکانمان ڕێکبخەین و بلیتی فڕۆکەو کاری حیجزکردنی هۆتێلەکانمان وە بلیتی سینەماو ئەو شوێنانەی کە مەبەستمانە سەردانی بکەین بکڕین. هەر لەماڵەکانی خۆمانەوە دەتوانین کاری سەردانیکردنی پزیشکەکانمان و کڕینی چارەسەرە پزیشکی و کاتی سەردانیکردنی تاقیگاکانیش ڕێکبخەین. هەروەها لە هەرشوێنێک کە بخوازین دەتوانین کاری کڕینی شت و مەک و پێداویستیەکانی ڕۆژانەمان ڕێکبخەین. بەهەمان شێوەش دەتوانین هەر لەماڵەکانی خۆمانەوە کڕیار بۆ شتە کۆن، یان زیادەکانی ماڵەکانمان پەیدابکەین. هەر لەماڵەکانمانەوە دەتوانین کاری کڕین و گۆڕین یان فرۆشتنی ئۆتۆمۆبیلەکانمان ڕێک بخەین. جگە لەمانەو چەندین کاری تریش، هەر لەڕێی ئۆنلاینەوە (جا چ لەڕێی ئیمەیڵەکانمان یان تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە) دەتوانین هەموو پەیوەندیەکانمان ڕێک بخەین و، زانیاری دروست لەسەر خۆمان و کەسەکانمان و هاوڕێکانمان و گەشتەکانمان و ویست و حەزەکانیشمان بخەینە ڕوو.

ئەمڕۆ بەگشتی کارە بازرگانیەکان لەڕێی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێت. کاری بە بازاڕکردن و پەیداکردنی فرۆش بۆ کاڵاکانمان، ویست و خواستمان بۆ پەیداکردنی دەستی کار، گەڕان بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار، وە ئەنجامدانی پەیوەندیەکانمان هەر لەڕێی ئینتەرنێتەوە جێ بەجێ دەکرێت. ڕاستە ئەمانە هەمووی بەپێی یاسا ڕێکخراون، بەڵام بەکردەیی یاساکان زۆرجار سەرپێچیان تێدا دەکرێت و بەشێوەی نادروست بەکار دەهێنرێن. جا ئەم کارە بۆ بەکارهێنەرانی ئۆنلاین زۆر ئاسانترە، لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵی ئاسان نیەو پاش درک پێکردنیشیان بەشێوازو ناوی ترەوە جارێکی ترو لە شوێنێکی تر دەردەکەون. فریوێنەران بەئاسانی هەندێک جار بەبێ گۆڕانکاریش لەشێوازی کارەکانیاندا دەتوانن نێچیری خۆیان ڕاوبکەن. گەورەترین هۆکاریش ئەوەیە بەکارهێنەرانێکی زۆری ئینتەرنێت شارەزایی تەواویان نیە لە چۆنیەتی خۆپاراستن لە فریوێنەران و بە شێوازی جیاواز دەکەونە داویانەوە. هەربۆیە ساڵانە فریوێنەران بە ملیۆنەها دۆلار زیان بە ئابوری وڵاتان دەگەیەنن، ئەمە جگە لەوەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ترسانکیشی دەبێت لەسەر بەرکەوتوان و کەس و کاریان. ئەمەش بەڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر کاری بازرگانی و ژێرخانی ئابووری لەو وڵاتانەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە تۆڕەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت دەبەستێت.

هەواڵنامەی کتێب

باشترین هۆکار بۆ خۆپاراستن لە فریوێنەران، شارەزابوونمانە بەو شێوازانەی کە فریوێنەران پەیڕەوی دەکەن. خۆ ڕۆشنبیرکردنمانە بە خوێندنەوەی سەرچاوەکانی وشیارکردنەوە و فێرکاری لە کاری فرێوێنەران. فێربوونمانە بە چۆنیەتی خۆپاراستنمان لێیان و، بەوریای یەوە مامەڵەکردن لە گەڵ دەروروبەرمان لەڕێی تۆڕەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت. وەک دەبینین لەم ڕۆژگارەدا بەئۆنلاینکردن هۆکارە بۆ زیادبوونی فریودان و، فریوێنەران و ساختەکارانی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی وا فراوان و بەربڵاو کار دەکەن کە چاوەڕوان نەکراوە بۆ زۆرێکمان. تائێستاش ناکرێت کە قەبارەی ئەو زیانانە بەدروستی بەردەست خرێت کە لەم ڕێگایەوە بەر هاوڵاتیان دەکەوێت. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆرێک لە هاوڵاتیان لەکاتی فریودانیاندا بەوە نازانن، یاخود وەک کارێکی ئاسایی وەری دەگرن و هەندێکیان پێیان شەرمە کەسانی تر (یان شوێنی پەیوەندی دار) ی لێ ئاگادار بکەن. هەندێک جار کەسانێک کە کارێکی وەهایان بەرامبەردەکرێت تەنانەت نازانن چۆن لایەنە پەیوەندی دارەکانی لێ ئاگاداربکەن. دەشێت لە هەندێک وڵاتدا، شوێنێکی تایبەت نەبێت بۆ بەدواداچون و ڕیپۆرتکردنی ئەم جۆرە کارانە.

هەواڵنامەی کتێب



## ١-٢) جۆرەکانی فریودان

فریودان و ساختەکاری لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت چەندین شێواز و جۆری جیا جیای هەیە. فریوێنەران بە پشت بەستن بە هەریەک لەم شێوازانە، هەوڵی فریودانی بەکارهێنەرانی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەدەن. مەبەست لێی، بەدیهێنانی مەرام و خواستە تایبەتیەکانی خۆیانە بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی.

هەواڵنامەی کتێب




**وێنەی (١-١)** ئینفۆگرافیکی ساختەکاری لەڕێی ئینتەرنێتەوە



بە پشت بەستن بە ئەو توێژینەوە و سەرچاوە زانستیانەی کە بەردەستن سەبارەت بە کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت، لەم کتێبەدا بەگشتی کاری فریودان و ساختەکاریمان پۆلێن کردووە بۆ نۆ بەشی سەرەکی بەم شێوەیە:

- پارەی چاوەڕوان نەکراو
- بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو
- ڕێکخراوی خێرخوازیی فێڵباز (وەهمی)
- ژوانی ئەوین وخۆشەویستی
- کڕین یان فرۆشتن
- کار و وەبەرهێنان
- هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی
- هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن
- فریودان و ساختەکاری خوێندن

هەواڵنامەی کتێب

هەریەک لەم بەشانە چەندین شێوازی جیاجیای هەیە. هەر بەشێکی ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ ئاشناکردنی خوێنەران بە ئەو شێوازە جیا جیا یانەی کە فریوێنەران و ساختەکارانی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت پەنایان بۆ دەبەن.




## ١-٣) شرۆڤەی سەرجەم کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان

داتای لیستی (١-١) تایبەتن بە ئاماری سەرجەم کاری فریوێنەرو ساختەکاری لە ڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پەیوەنیەکانەوە کە ڕویان داوە و تۆمارکراون لە وڵاتی ئوسترالیا بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٦ و ٢٠١٥.

**لیستی (١-١)** ئاماری سەرجەم کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان بە پێی ساڵ[١]


| ساڵ | بڕی پارەی لەدەست دراو بە دۆلار | ژمارەی ڕیپۆرت | ڕێژەی سەدی فریوێنراوان بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نادیار |
| ٢٠١٧ | ٩٠,٩٢٨,٦٢٢ | ١٦١,٥٢٨ | ٪٤٤,٧ | ٪٥٢,٩ | ٪٢,٣ |
| ٢٠١٦ | ٨٣,٥٦١,٥٩٩ | ١٥٥,٠٣٤ | ٪٣٨,٦ | ٪٤٤,٤ | ٪١٧,٠ |
| ٢٠١٥ | ٨٣,٧٧٠,٧٣٣ | ١٠٥,٢٠٠ | ٪٣٤,٠ | ٪٤٠,٧ | ٪٢٥,٤ |

هەولێنامەی کتێب

لە لیستی ژمارە (١-١) دا، بڕی پارەی لەدەست دراو بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧، ٢٠١٦، وە ٢٠١٥ خراوەتەڕوو. لەهەمان کاتدا ئاماژە دراوە بە ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە پشتیان پێ بەستراوە بۆ دەرخستنی ئەو ئامارانە، لەگەڵ ڕێژەی بەرکەوتووان بە پێی ڕەگەز بۆ هەر ساڵێک.

شیکردنەوەی زانیاری بەشێوەی هێڵکاری کارئاسانی زۆرمان بۆ دەکات. هێڵکاری ژمارە (١-١) سەرجەم کاری فریوێنەرو ساختەکاری لە ڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پەیوەنیەکانەوە کە ڕویان داوە دەخاتەڕوو. وەک دیارە بڕی (٩٠,٩٢٨,٦٢٢) دۆلار پارە دزراوە لە هاوڵاتیان لە وڵاتی ئوسترالیا لە ساڵی ٢٠١٧دا، ئەمەش تەنها بە پشت بەستن بە (١٦١,٥٢٨) ڕیپۆرت. ئەمە لەکاتێکدا فریوێنەران توانیویانە بەڕێژەی ٨,٧٪ سەرکەوتووبن لەوەی کە بڕێک پارە بەدەست بهێنن لەڕێی کارە فریوێنەرەکانیانەوە بە پشت بەستن بەو ڕیپۆرتانەی کە ئەم کارانەیان خستۆتەڕوو.


| ٪ ڕیپۆرت کە پارە لەدەست دراوە | ژمارەی ڕیپۆرت | بڕی پارەی لەدەست دراو |
|---|---|---|
| ٪٨,٧ | ١٦١,٥٢٨ | $٩٠,٩٢٨,٦٢٢ |




**هێڵکاری ژمارە (١-١)** پەیوەندی پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت[١]


هەواڵنامەی کتێب

بە پێی هێڵکاری ژمارە (١-٢) بۆ هەمان ساڵ، بەرزترین جۆرەکانی فریودان بەپێی بڕی پارەی لەدەستدراو لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری "کارو وەبەرهێنان" ەوە بووە لە وڵاتی ئوستڕالیا. پاشانیش "ژوانی ئەوین و خۆشەویستی"، وە نزمترین ئاستی فریودانیش لەڕێگای "گرەو و یاری بەرنامەی وەبەرهێنان" ەوە بووە.




**هێڵکاری ژمارە (١-٢)** بەرزترین شێوازەکانی فریودان بە پێی بڕە پارەی لەدەست دراو[١]


به پێی هێڵکاری ژماره (١-٣) بۆ هەمان ساڵ، بەرزترین جۆرەکانی فریودان بەپێی ڕیپۆرت لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری "فشین" ەوە بووە، پاشانیش "بردنی ناسنامە". نزمترین ئاستی فریودانیش بەپێی ڕیپۆرت لەڕێگای "ساختەکاری بازاڕکردنی ئۆنلاین" ەوە بووە.




هەواڵنامەی کتێب

**هێڵکاری ژمارە (١-٣)** بەرزترین شیوازەکانی فریودان بە پێی ژمارەی ڕیپۆرت[١]


هێڵکاری ژمارە (٤-١) شێوازی ئەو پەیوەندیانەی کە بەکارهاتوون بۆ فریودانی هاوڵاتیان لەڕێگای سەرجەم کارەکانی فریودان دەخاتەڕوو. ئەو پارەیەی کە تیادا لەدەست دراوە بە بەراوردکردنیان بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کەهەن بە پلەی یەکەم لەڕێگای تەلەفونەوە بووە، پاشانیش لەڕێگای ئیمەیڵەوە بووە.




هەواڵنامەی کتێب

**هێڵکاری ژمارە (٤-١)** شێوازی پەیوەندیکردن و پارەی لەدەست دراو بە پێی ژمارەی ڕیپۆرت[١]


هەروەها وەک هێڵکاری ژمارە (١-٥) پیشانی دەدات، زۆرترین کەسان کە پارەیان لەدەست داوە لە نێوان تەمەنی (٥٥ بۆ ٦٤ساڵ) دان. ئەمە لەکاتێکدا ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە تۆماریشکراون بە بەراورد بە تەمەن زیاترینیان لەسەرووی ٦٥ ساڵەوە بووە. ئەمەش دەکرێت هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە فریوێنەران زیاتر پەنا بۆ فریودانی کەسانی بە تەمەن دەبەن. دەکرێت ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان بۆ ناسینەوە و چۆنیەتی خۆپاراستن لە کاری فریوێنەران هۆکارێکی تر بێت.




**هێڵکاری ژمارە (١-٥)** پارەی لەدەست دراو بە پێی تەمەن و ژمارەی ڕیپۆرت [١]

بە پێی هەمان سەرچاوە، ڕەگەزیش بێبەش نەبووە لە کاریگەریەکانی لەسەر ڕێژەی بەرکەوتەیان بۆ کارەکانی فریوێنەران و ساختەکاران. هەروەک لە هێڵکاری ژمارە (١-٦) دا خراوەتەڕوو، لە ساڵی ٢٠١٧ دا ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لە ڕەگەزی نێرن و پارەیان لەدەست داوە لەڕێی کاری فریودانەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە ڕەگەزی مێن زیاترە. وەک دەبینین ٥٦,٥٪ ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی نێرن، لە کاتێکدا ٤١,٧٪ ی ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی مێن. بەڵام ١,٨٪ ئەو کەسانەی کە کاری فریوێنەرانیان ڕیپۆرت کردووەو پارەیان لەدەست داوە ئامادەنەبوون کە ڕەگەزی خۆیان دیاری بکەن.

پارەی لەدەست          ژمارەی ڕیپۆرت




هەواڵنامەی کتێب

**هێڵکاری ژمارە (١-٦)** پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت بە پێی ڕەگەز[١]

هەواڵنامەی کتێب



# بەشی دووەم

## فریودان و ساختەکاری لەڕێی پارەی چاوەڕوان نەکراو

هەواڵنامەی کتێب

### سەیرکردنێکی گشتی

ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنی کاری فریودان لەڕێی "پارەی چاوەڕوان نەکراو". پارەی چاوەڕوان نەکراو یەکێکە لە جۆرە باوەکانی فریودان کە بەزۆری فریوێنەران و ساختەکارانی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت پەنا دەبەنەبەری بۆ کاری فریودان. هەر لەم بەشەدا باسی هەریەک لەو شێوازانە دەکەین کە فریوێنەران پەنا بۆ بەکارهێنانیان دەبەن. بۆ هەریەک لەم شێوازی فریودانانە نمونەی پێویست گەر بەردەست بوبێت خراوەتەڕوو. هەروەها چۆنیەتی کارکردنی هەریەک لەم شێوازی فریودانە خراوەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕوی نیشانەکانی هۆشداری و چۆنیەتی خۆپاراستن لێیان. لەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر ئاماری ئەو کارە فریوێنەرانەی کە لە چەند ساڵی ڕابوردودا خراونەتەڕوو، هەروەها تیشک خراوەتە سەر تێکڕای پارەی لەدەستدراو بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کە بۆ ئەو مەبەستە بەرزکراونەتەوە. جۆرەکانی پەیوەندی و ڕێژەی پارەی لەدەستدراو بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەڕێی ئەو ئامارانەوە بابەتێکی تری ئەم بەشەیە.



## ١-٢)  شێوازەکانی فریودان لەڕێی پارەی چاوەڕوان نەکراو

یەکێک لە جۆرەکانی کاری فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت بریتە لە کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "پارەی چاوەڕوان نەکراو" ەوە. فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە کەسانێک باوەڕ پێبهێنن کە هەلێکی باشیان بۆ ڕەخساوە و لەو ڕێگایەوە دەتوانن بڕێک پارەی باش بەدەست بهێنن. بۆ ئەمەش ڕێگای جیاواز بەکار دەهێنن کە ئەو بڕوایەت لا دروست بکەن کە شتێک زەرەر ناکەیت گەر هاوکاریان بیت و بەپێی ویستیان زانیاری خوازراویان پێ بدەیت. هەربۆیە زۆر پێویستە کاتێک کە هەلێکی لەم جۆرە دەخرێتە بەردەستت پێویستە چەندین جار بیر بکەیتەوە پێش ئەوەی بڕوا بەوە بهێنیت کە زانیاریەک یان دۆلارێکیان ڕادەست بکەیت.

ئەم شێوازی فریودانە بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەڕێی ئیمەیڵەوە ئاراستە دەکرێت. زۆرجار ئەم جۆرە ئیمەیڵانە ڕاستەوخۆ دەچێتە بەشی Spam ەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی فریوێنەران شێوازێکی وەها بەکاردەهێنن کە بتوانن زۆرێک لەو کەسانەی کە وەرگری ئەم پەیامانەن بخەڵەتێنن، هەربۆیە زۆر جار فریوێنراوان هەڵدەستن بەکردنەوەی ئەم جۆرە ئیمەیڵانەو پاشانیش پەیوەندیکردن پێیانەوە.

فریودان لەڕێی پارەی چاوەڕوان نەکراوەوە چەندین شێوازی هەیە، باوترینیان ئەم شێوازی فریودانانەیە:

- ساختەکاری میرات
- ساختەکاریی نایجیری
- ساختەکاری بگێڕەوە
- پێدانی پێشەکی پاشان وەرگرتنی بڕێکی زۆر لە قازانج



## ٢-٢)   ساختەکاری میرات

لە فریودانی "ساختەکاری میرات" دا، فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە چانسی ئەوەت بخەنە بەردەست کە ئەوان ویستیان هەیە هەلی بەدەستهێنانی میراتێکت پێبدەن کە بە هۆکارێک لە هۆکارەکان  بۆیان ماوەتەوە، یاخود دەتوانن بەدەستی بهێنن. بیانویان بۆ ئەمە هەڵهاتنە، یان بوونی ترسێکە لە لایان لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان. بەمەش هەوڵ دەدەن بڕوات پێبهێنن بەوەی گەر تۆ بتوانیت کە ئەژماری بانکی، یاخود زانیاری کارتی متمانەی خۆتیان بخەیتە بەردەست، ئەوا ئەوان هەڵ دەستن بەوەی کە ئەو بڕە پارە زۆرەی بۆیان ماوەتەوە بخەنە سەر ئەژمارەکەی تۆ و پاشانیش ئەوان هەڵبێن بۆ وڵاتەکەی تۆ. تاکە مەرجیان ئەوە دەبێت کە پاشان بتوانن بەو پارەیەوە بە هاوبەشی لە وڵاتەکەی تۆ پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان بەئەنجام بگەیەنن وە یاخود پارەکەت لەگەڵ بەش بکەن.

## ٢-٢-١) چۆن فریودان و ساختەکاری میرات کار دەکات؟

فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە پەیوەندیت پێوە بکەن سەبارەت بەوەی کە ئەوان هەڵگری میراتێکی زۆرن  کە لە باوک ین دایک یان کەسێکی نزیکیەوە بۆیان بەجێ ماوە. دەشێت لەڕێی نامەیەکەوە یان پەیوەندیەکی تەلەفونیەوە یان ناردنی تێکست میسجێک یان کردنی ئیمەیل یان ناردنی پەیامێک لەڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە ئەم پەیوەندیە دروست بکەن.

زۆرجار فریوێنەران وا خۆیان پیشان دەدەن کە ئەوان کاری پارێزەری دەکەن، یان کارمەندی بانکێکن، یان لە ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتی کار دەکەن. فریوێنەران وا پیشان دەدەن کە کەسێک مردووە و کەسی لە دوای خۆی بەجێ نەهێشتووە تا سوودمەند بێت وەک میراتگرەوەی.

هەندێک جار فریوێنەر وا پیشان دەدەن کە تۆ بەشێوەیەکی یاسایی دیاری کراویت وەک سوود مەندێک، یان دەڵێت کە لەیەک چونێک لە ناوەکاندا یان ناوی سیانیتاندا هەیە، یان هەر هۆکارێکی تری لەو شێوازە. ئەمەش بۆ ئەوەیە جۆرە بڕوا بونێکت لا دروست بکات. پاشان وا پیشان دەدات کە تۆ لەبەر یاساو ڕێسای ئەو وڵاتە یان بەهۆی ڕێکاری بانکی یەوە پێویست دەکات کە بڕێک پارە بدەیت یان زانیاری کەسی خۆتیان لەگەڵ هاوبەش بکەیت تا بەکارە ڕۆتینیەکان هەڵبستن بۆ گواستنەوەی ئەو بڕەپارەیە بۆ ئەژماری بانکی تایبەتی تۆ.

<u>چەند نمونەیەکی باوی کەوتنە داوی ساختەکاری میرات:</u>

نمونەیەک لە نمونەکانی کەوتنەداوی فریوێنەرانی ساختەکاری میرات، چیرۆکی هاوڵاتیەکە بەناوی لیۆ. ئەم هاوڵاتیە بەهۆی بەدواداچونی نامەیەک کە پێشنیاری بەدەستهێنانی بەشێک لە میراتێکی بەجێماوی بۆ دەکات، هەموو ئەو پارەیەی کە لە ژیانیدا پاشەکەوتی کردبوو دادەنێت[1].

لیۆ نامەیەکی پێدەگات لەلایەن پارێزەرێکەوە لە پرتوگال. ئەم نامەیە زۆرباش و بەشێوەیەکی یاسای داڕێژرابوو سەبارەت بە پێشنیاری بەدەستهێنانی میراتێک. لەم نامەیەدا بەشێکی زۆرباش پێشنیارکرابوو بۆ لیۆ لە بەرامبەر هاوکاریکردندا، کە ئەم پارێزەرە وای پیشاندابوو کە لە لایەن کەسێکەوە کە ئەو پارێزەری بووە بۆی جێماوە. وا خرابووە ڕوو کە ئەم کەسە لەپاش مردنی کەسێکی لەپاش بەجێ نەماوە لە پرتوگال. پارێزەرەکە ئەوەی ڕیکخستبوو کە لیۆ کەسێکی دووری ئەو مردووەیە کە دەتوانێت ئەو میراتە بەدەست بهێنێت. بەم پێیە لیۆ و پاریزەرەکە دەتوانن لە کۆتایدا ئەو برە پارەیەی کە وەک میرات ماوەتەوە بەش بکەن لەنێوانیاندا.



**وێنەی ژمارە (٢-١)** گوزارشت لە خۆشی کەسێک دەکات ساتەوەختی بینینی نامەیەکی پێشنیاری بەدەستهێنانی میراتێک[١]

هەولێرنامەی کێبڕ

لیۆ ئەو بڕوایەی لادروست بوو کە ئەو نامەیە دروستەو لە پرتوگالەوە بۆی هاتووە. هەربۆیە ئەمەی بە هەلێکی باش زانی تا سوودمەند ببێت لێی. بەڵام کاکەی پارێزەر پاشان داوای برێک پارەی کرد لە لیۆ کە بیدات لەپای ئەوەی ئەو بڕەپارەیەی بەدەست بگات ئەمەش لەبری کاری کارگێڕی و باج.

هەرگیز هەڵمەستە بە ناردنی زانیاری کەسیت یان پارە بۆ کەسێکی نەناسراو کە خۆی وەک پارێزەر، یان ژمێریار، یان کەسێک کە هەلی کارێکت دەخاتەبەردەست گەر بەگومانبوویت لێی.

لیۆ هەڵسا بە پێدانی ئەو بڕەپارەیە، بەڵام پاشان داوای پارەی زیاتری لێکرا. ئەم کارە چەندین جار دوبارەبووەوە، بەڵام لەهەر جارێکدا بەڵێنی بەدەستگەیشتنی ملیۆنەها یۆرۆی پێدەدرا. پاش ئەوەی لیۆ بڕی ٣٠،٠٠٠ دۆلاری بەفیڕۆدا، ئەوەی بۆ بەرجەستەبوو کە داواکاری لەسەر داواکاری بۆ پێدانی بڕیک پارە بۆ بەدەستگەیشتنی ئەو بەشەی بەڵێنی پێدرابوو کۆتایی نایەت. لیۆ هەموو ئەو پارانەی لەدەست دا کە پاشەکەوتی کردبوو لە پێناو بەدەستگەیشتنی بەشێک لە میراتێکی زەبەلاح کە بە درۆ بەڵێنی پێدرابوو.

لەم چیرۆکەدا وێنەو ناوی ڕاستەقینەی کەسەکە بەدروستی نەهاتووە لەبەر تایبەتمەندی بابەتەکە.

نمونەیەکی تری کاری فریودان و ساختەکاری میرات، وەک دەیبینین لە وێنەی ژمارە (٢-٢) دا ئیمەیڵێک لە لایەن بەناو پارێزەرێکەوە ئاراستەکراوە کە تیایدا ئەوەخراوەتە ڕوو کە کەسێک، کە ئەم وەک پارێزەری کاری کردووە بەهۆی ڕوداوی ئۆتۆمبیلەوە گیانی لەدەست داوە. ئەم فریوێنەرە ئەوە دەخاتەڕوو کە ناوی باپیری ئەم کەسە مردووە لە تۆ دەچێت (ئەو کەسەی کە ئیمەیڵەکەی بۆ نێردراوە).

لە ئیمەیڵەکەدا ئەوەی خستۆتەڕوو کە ئەم کەسە بڕی بیست و دوو ملیۆن دۆلاری هەیە لەسەر ئەژمارەکەی لە ئەوروپا، تەنها ئەو کەسەی کە بتوانێت ئەو پارەیە بەدەست بهێنێت ئەبێت کەسێک بێت لە ئەندامانی خێزانەکەی. فریوێنەرەکە ئەڵێت کە ئەمان هەموو هەوڵێکیان داوە کە کەسەکانی ئەم مردووە بدۆزنەوە بەڵام نەتوانراوە کەسێک بدۆزرێتەوە کە پەیوەندیەکی هەبێت لەگەڵی. زیاتر ڕونکردنەوە دراوە کە لەکاتی نەبونی کەسێکی نزیکی ئەم مردووە چی بەسەر ئەو بڕەپارەیە دێت و پاشانیش ئەو پێشنیازەی کردووە کە گەر ئەم کەسەی کە ئیمەیڵەکەی بۆ ناردووە ڕازی بێت، ئەوا ئەم پارێزەرە ئەتوانێت ئەم وەک کەسێکی نزیکی مردووەکە بناسێنێت و بتوانێت کە ئەو بڕەپارەیە بەناویەوە وەربگرێت. فریوێنەر پێشنیازی ئەوەی کردووە کە لەکاتی وەرگرتنی ئەو بڕە پارەیەدا بتوانن بە یەکسانی (پەنجا بە پەنجا) وەک یەک بەشی بکەن.

**Thompson & Lawyers**

FILE I
DOC:
MARS

Pintor Lorenzo Casanova, 66, 7° B-45002
Fax:+34912919523

Date: 12/07/08

I'm **David T Duddias**, expert in corporate and legal claims; I'm a partner at Thomson & Associates.
I am contacting you in regards to a deceased client who died in an auto accident on the Madrid Highway in March 2005, he was a prominent client of mine. He happens to share the same **LAST NAME** with you.

Before his death, my client deposited **(22million$)** at the vault of a financial institution here in Europe, documentations regarding these transaction indicates that claims can only be made by his relative/ family member. Unfortunately he had no will at the time of his death. All efforts made revealed no link to any of his family member.

However, the New EU law of succession/claims/fund indicates a duration in which such claims could be tolerated. The financial institution have mandated me to present the next of kin or a relative who will claim the funds and Failure to respond to this ultimatum would legally allow the financial institute to report this funds to the central bank of EU as unclaimed funds(Lack of supersede).

I and my colleague have put in place all necessary requirements concerning the release of this funds and It is my intention to introduce this opportunity to you as the beneficiary. Please note that I'm legally equipped with all necessary information/documentations concerning this fund.

Upon your decision of acceptance, I would process the release of these funds to your possession; you would be entitled to 50% of the said funds and 50% for me
For security reasons, I have decided not to add more information into this letter, but immediately you get in touch with me, I would be able to inform you on how this could be concluded.
For time difference and confidential reasons, I **strongly** advise that you firstly contact me via **fax or email**.
Its' been my wish to have an investment outside my country, so this is an opportunity for me to invest my share of these funds in your country.

In conclusion, it's my concern to demand your ultimate honesty, co-operation and confidentiality to enable us conclude this transaction. I GUARANTEE that this process would be executed under a legitimate arrangement that would legally protect you from any breech of Law.

David T Duddias
Private Phone: +34620772204
Email: dth5858@yahoo.es OR dth5858@aim.com

CORREOS España

Por su seguridad, FAX y BUROFAX

Derecho Y Justicia

**وێنەی ژمارە (٢-٢)** نمونەی نامەیک سەبارەت بە ساختەکاری میرات[١]

فریوێنەر بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر بابەتەکە نەڕوات ئەوەی خستۆتەڕوو، گەر وەرگری ئیمەیڵەکە ئارەزوی هەیە بۆ بەشداربوون لەم کارەدا ئەوا دەکرێت لە زوترین کاتدا پەیوەندی پێوەبکات بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر. فریوێنەر پێشنیازی ئەوەی کردووە کە لەڕێی ئیمەیڵ یان فاکسەوە ئەو پەیوەندیە دروست بکەیت و ناونیشانی ئیمەیڵ و ژمارەی تەلەفونی داوە بۆ پەیوەندیکردن. هەروەها لە کۆتایی بابەتەکەدا ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو گەرەنتی سەد لەسەدی سەرکەوتنی پڕۆسەکە دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی لەم جۆرە فریودانەدا، فریوێنەر هەوڵ دەدات کە وات تێبگەیەنێت گەر پەلە نەکەیت لە پێدانی زانیاری داواکراو ئەوا ئەو چانسەت نامێنێت و ئەو هەلەت لەدەست دەچێت. دەشێت هەندێک جار بڕێکی ئێجگار زۆر دۆکۆمێنتی ڕەسمی و یاساییت بۆ بنێرێت کە خوازیارە ئیمزایان لەسەر بکەیت. نمونە لەو دۆکۆمێنتانە، وەکالەت نامە، هەندێک جار بانگهێشتنامە بۆ سەفەرکردن بۆ ئەو وڵاتە تا هەستیت بە پشتڕاستکردنەوەی زانیاریەکان و ڕایی کردنی کارەکانت.

زۆر جار ئەناسێندرییت بە فریوێنەرێکی تر بە بیانووی ئەوەی کە ئەو کەسێکە لە بانک کار دەکات، یان پارێزەرە، یان کارمەندی باجە. وا پیشان دەدەن کە هەندێک کار هەیە کە دەکرێت لەگەڵ ناوبراوان تەواوی بکەیت، ئەمەش وەک کارێکی ڕۆتینی بۆ تەواو کردنی کاری گواستنەوەی پارەکە بۆ سەر ئەژماری بانکیەکەت.

گەر لەئەنجامی ئەم کاری فریواندنە هەر بڕە پارەیەک بدەیت، ئەوا بە دڵنیای یەوە هەرگیز بە دەستت ناگاتەوە، وە ئەو بڕە پارەیەی بەڵێنیشت پێدرابوو نای بینیت. هەروەها گەر زانیاریەکیشت هاوبەش کردبێت لەگەڵیان ئەوا زانیاریەکانت کەوتۆتە بەردەست کۆمەڵێک لە فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

### ٢-٢-٢)   نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری میرات

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- پەیوەندیت پێوەکرا لە لایەن کەسێکەوە و خۆی ناساندبوو بە پارێزەر، یان کارمەندێکی بانک وە ئەوەیان بۆ پێشنیار کردیت کە جۆرێک لە میراتت بۆ ماوەتەوە لە لایەن کەسێکی نزیکت یان کەسێکی تر کە کەسی نەماوە و دەکرێت تۆ لێی سوودمەند ببیت.
- پێشنیازێکت بۆ خرایە ڕوو (کە لە ڕاستیدا لە دۆکۆمێنتی یاسای و ڕاست دەچێت) کە هەندێک هەڵەی زمانەوانی تیادا بەدی دەکەیت. قەبارەی میراتەکە زۆر بێت، وە بە پارەیەک بێت کە جۆری دراوی وڵاتەکەت نیە.
- گومانت کرد و هەوڵدرا ئەژماری بانکی و دۆکۆمێنت و ناسنامەی کەسی (کە بە ساختە دروستکراون) بخەنە بەردەستت.
- داوات لێکرا بڕێک پارە بدەیت لە بری باج یان هەر خزمەتگوزاریەکی تر، یان داوات لێکرا زانیاری کەسی یان ئەژماری بانکی خۆتیان بۆ بنێریت.
- لەبەرامبەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکدا، لەسەرەتادا داواکرا بڕەپارەیەکی کەم بدەیت، بەڵام دواتر داوات لێکرا بڕاپارەیەکی زۆرتر بدەیت. هەندێک جار فریوێنەر هەوڵ دەدات کە شەخسی بت ببینێت تا ڕاستی بابەتەکەت بەردەست بخات، کەئەمەش زۆر بە دەگمەن ڕوو دەدات.

### ٢-٢-٣)   چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری فریودان و ساختەکاری میرات؟

هێچ کات پارە مەنێرە بۆ کەسانێک کە نایان ناسیت و لە ڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە داوات لێ دەکەن. بەهیچ جۆرێک زانیاری کارتی متمانەی خۆت هاوبەشی پێ مەکە، وە حسابی تایبەتی ئۆنلاینی خۆت یان زانیاری کەسی خۆت یان هەر دۆکۆمێنتێکی تایبەت بەخۆت لە گەڵ کەسێک کە دڵنیا نەبیت لێی بە ئیمەیڵ هاوبەشی پێ مەکە.

خۆت بپارێزە لەوەی کە هەر مامەڵەیەکی پارەدان بکەیت لەڕێی  پارەدانی پێش وەخت، هەروەک ئەوەی لەڕێی حەواڵەی بانکی یان هەر جۆرە ڕێگایەکی تری پارەدانەوە بێت لەگەڵ کەسانی نەناسراو.

هەوڵ بدە گەر لەشتێک دوودڵ بوویت پرس بە کەسانی شارەزا بکەیت و لەڕێی پارێزەری تایبەت بەخۆت گەر هەت بوو مامەڵە دارای یەکانت ڕێکبخەیت. پێش وەڵام دانەوە بۆ داخوازیەکی لەو جۆرە لە ڕێگای تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، بەهەمان ناو و بابەت گەڕانی بۆ بکەیت تا بزانیت کە هەمان شت پێشتر کراوە و هەیە. زۆربەی ئەوانەی کاری فریودان و ساختەکاری دەکەن لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بەم ڕێگایە ئاشکرا دەبن.

گەر وا هەستت کرد کە فریوێنەرەکە وەڵامی نیە بۆت، ئەوا بە وریای یەوە مامەڵە بکە، لەبەر ئەوەی کەسانی فریوێنەرو ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەزانن چۆن کارەکانیان ئەنجام دەدەن و یاری بە هەستت دەکەن تا بکەویتە داویانەوە و بە پەرۆش بیت بۆ پەیوەندیکردنیان پێتەوە بۆ قۆناغەکەنی دواتری کارەکانیان.

هەمیشە لەوە دڵنیا بە کە ڕیگایەکی خێرا و دروستی لەو جۆرە نیە بۆ دەوڵەمەند بوون. ئەو پەندە ئینگلیزیەت لەیاد بێت کە دەڵێت ”Too Good to Be True“ بەواتای ئەوەی کە "شتێک زۆر باش بێت گومانت لێی هەبێت".

هەواڵنامەی کتێب




IF IT'S TOO GOOD TO BE TRUE, IT USUALLY IS.




## ٣-٢) ساختەکاریی نایجیری

لە فریودانی "ساختەکاری نایجیری" دا، کەسانێک کە لە دەرەوەی وڵاتەکەی تۆن هەوڵ دەدەن کە هەلی بەدەستهێنانی بڕێک پارەی زۆر بخەنە بەردەستت ئەویش بەو مەرجەی کە هاوکاریان بکەیت بە گواستنەوەی ئەو بڕە پارە زۆرەی کە هەیانە یان بە هۆکارێک لە هۆکارەکان بۆیان ماوەتەوە. لەکاتێکدا لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە فریوێنەرو ساختەکارانە لەوڵاتی نایجیریاوە پەیدابوون و ئاراستەی داواکاریەکانیان دەکرا بۆ فریودانی خەڵکی، بەڵام ئێستا سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

<u>نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری نایجیری</u>

هەروەک دەیبینین لە وێنەی ژمارە (٢-٣) دا فریوێنەر لەژێر ناونیشانی پرۆپۆزەڵی کردنی بازرگانیەکی بەپەلەدا ئەم پەیوەندیەیان دروست کردووە. لەم پەیوەندیەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە ئەوان بڕی سی ملیۆن دۆلاریان بەدەستهێناوە لە گرێبەستێکی نەوتدا. داوای پارمەتی دەکەن تا ڕەزامەندی پیشان بدەیت کە ئەو بڕەپارەیە بخەنە سەر ئەژمارێکی بانکی تایبەت بە تۆ (وەک وەرگری ئەم پەیوەندیە). لەبەرامبەر ئەم کارەدا ئەوان ڕێژەی ٣٠٪ ی ئەو بڕەپارەیە دەبەخشن بە تۆ.



PRINCE JONES DIMKA
52/54 SHASHA ROAD, P.A.
DOPEMU - AGEGE
LAGOS - NIGERIA.

FAX: 234-1-521075

ATTENTION: THE MANAGING DIRECTOR

DEAR SIR,

URGENT BUSINESS PROPOSAL

WE HAVE THIRTY MILLION U.S. DOLLARS WHICH WE GOT FROM OVER INFLATED CONTRACT FROM CRUDE OIL CONTRACT AWARDED TO FOREIGN CONTRACTORS IN THE NIGERIAN NATIONAL PETROLEUM CORPORATION (NNPC). WE ARE SEEKING YOUR ASSISANCE AND PERMISSION TO REMIT THIS AMOUNT INTO YOUR ACCOUNT. YOUR COMMISSION IS THIRTY PERCENT OF THE MONEY.

PLEASE NOTIFY ME YOUR ACCEPTANCE TO DO THIS BUSINESS URGENTLY. THE MEN INVOLVED ARE MEN IN GOVERNMENT. MORE DETAILS WILL BE SENT TO YOU BY FAX AS SOON AS WE HEAR FROM YOU. FOR THE PURPOSE OF COMMUNICATION IN THIS MATTER, MAY WE HAVE YOUR TELEFAX, TELEX AND TELEPHONE NUMBERS INCLUDING YOUR PRIVATE HOME TELEPHONE NUMBER.

CONTACT ME URGENTLY THROUGH THE FAX NUMBER ABOVE.

PLEASE TREAT AS MOST CONFIDENTIAL, ALL REPLIES STRICTLY BY DHL COURIER, OR THROUGH ABOVE FAX NUMBER.

THANKS FOR YOUR CO-OPERATION.

YOURS FAITHFULLY,

PRINCE JONES DIMKA

3-4-95

**وێنەی ژمارە (٢-٣)** نمونەی پڕۆپۆزەڵێکی ساختەکراو بۆ فریودان[١]

فریوێنەران خوازیارن کە لەزوترین کاتدا وەڵامت هەبێت بۆیان بەکردنی ئەو بازرگانیە لەگەڵیان. ئەوە خراوەتەڕوو کە زانیاری زیاترت بۆ دەنێرن پاش ئەوەی کە وەڵامیان لە تۆوە پێگەیشت. داواکراوە کە لەڕێی ئەو ژمارە فاکسەی سەرەوەی پەیوەندیەکە ئەنجام بدەیت (هەڵبەتە لەم نمونەیەدا جۆری پەیوەندیەکە لەڕێگای ناردنی پۆستەوە بووە).

⚠ هەرگیز هەڵمەستە بە ناردنی زانیاری کەسیت یان پارە بۆ کەسێکی نەناسراو کە خۆی وەک پارێزەر، یان ژمێریار، یان کەسێک کە هەلی بەدەستهێنانی بڕێک پارەت دەخاتە بەردەست دەناسێنێت.

### ٢-٣-١) چۆن فریودان و ساختەکاری نایجیری کار دەکات؟

فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە جۆرە چیرۆکێک دروست بکەن سەبارەت بە بوونی بڕێکی زۆر لە پارە لە ئەژمارێکی بانکی کە هی سەردەمی شەڕی ناوخۆیە، بەتایبەت هەوڵ دەدەن ناوی ئەو وڵاتانە بەکار بهێنن کە باسیان گەرمە لە هەواڵەکانی ڕۆژانەدا. یان وا پیشان دەدەن کە بڕە پارەیەکیان هەیە لەبەر بوونی باجێکی زۆر، یان ڕێساو یاسای وڵاتەکانیان وا دەخوازن کە بە شێوازێک لەو وڵاتە دەری کەن و لەو یاسایانە خۆیان بدزنەوە.

فریوێنەران دەشێت لەڕێی نامەیەکەوە، یان پەیوەندیەکی تەلەفونیەوە، یان ناردنی تێکست میسجێک، یان کردنی ئیمەیڵ، یان ناردنی پەیام لەڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە پەیوەندیەکانیان ڕێک بخەن. ئەم فریوێنەرانە بەزۆری ناسراون بە "Nigerian 419" لەبەر ئەوەی یەکەم گەڕانەوە بۆیان لە نێجیریاوە هاتووە و ژمارە ٤١٩ ش کە بەشی دووەمیەتی لە کۆدی تاوان لە نایجیریاوە هاتووە. ئەم جۆرە فریودان و ساختەکاری یە ئێستا لە سەرتا سەری جیهانەوە کاری بۆ دەکرێت نەک تەنها لە نایجیریاوە.

فریوێنەران هەوڵ دەدەن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ئەژماری بانکی کەسەکان بە بیانووی ئەوەی کە ئەو بڕە پارەیەی کە هەیانە بیخەنە سەر ئەو ئەژماری بانکیە، بەڵام لەڕاستیدا مەبەست لێی بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەیە بۆ هەوڵدانی بردنی ئەو بڕەپارەیەی کەلەسەر ئەژماری بانکیەکە هەیە.

هەندێک جار فریوێنەران وا پیشان دەدەن کە پێویست دەکات بڕێک پارەیان بۆ بنێریت، یان زانیاری کەسی خۆتیان لەگەڵ هاوبەش بکەیت تا بەکارە ڕۆتینیەکان هەڵبستن بۆ گواستنەوەی ئەو بڕەپارەیە بۆ ئەژمارە بانکیەکەی تایبەت بە تۆ. ئەم بڕە پارەیە لەسەرەتاوە دەشێت بڕێکی کەم بێت، بەڵام گەر ئەو بڕە پارەیەت پێدان ئەوا فریوێنەران لە دواتردا هەوڵ دەدەن کە پارەی تری لەسەر ڕابکێشن پێش ئەوەی کە تۆ چاو بە ئەژمارە بانکیەکەتدا بخشێنیتەوە. پاشان بەردەوام دەبن لە داواکاری بۆ پێدانی پارەی زیاتر هەتا ئەو کاتەی کە تۆ بخوازیت پەیوەندیت هەبێت لەگەڵیان. لەکۆتایدا تۆ هەرگیز ئەو بڕە پارەیە نابینیت کە پەیمانیان پێدابوویت. تەنانەت هەموو ئەو پارانەشت لەکیس دەچێت کە پێت داون یان لە ئەژمارە بانکیەکەتیان ڕاکێشاوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ٢-٣-٢)   نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری نایجیری

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- پەیوەندیت پێوە دەکرێت کە پارمەتی کەسێک بدەیت لە وڵاتێکی تر بە گواستنەوەی بڕێکی زۆر پارە کە هەیەتی بۆ سەر ئەژماری بانکیەکەی خۆت. بەزۆری ئەو کەسانەی کە داوا دەکەن پارەکانیان بگوازنەوە سەر ئەژمارە بانکیەکەت، وا پیشان دەدەن کە لە وڵاتی نایجیریا، یان سیرالیۆن، یان عێراق، یان سوریان، یان هەر وڵاتێکی تر کە کێشەو ناجێگیری تیادا بێت.
- زۆر جار داواکاران چیرۆکێکی خەمناک دروست دەکەن کە گوایا ڕێگرە لەوەی کە نەتوانن بەشێوەی یاسایی لەلایەن خاوەنەکەیەوە بگوازرێتەوە و پێشنیاری بڕیکی زۆری پارەت بۆ دەکرێت لەپای ئەو یارمەتیدانە. نوسراوی داواکاریەکە زۆر بەڕێزەوە نوسراوە بۆت، بەڵام گەر بە وردی سەیری بکەیت لەڕوی زمانەوانی ئینگلیزیەوە لاوازە. ئەمەش هۆکەی ئەوەیە زۆرجار ئەو کەسانەی بەم کارە هەڵ دەستن کەسانی بەڕەچەڵەک ئینگلیز نین.

## ٢-٣-٣)   چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری فریودان و ساختەکاری نایجیری؟

هێچ کات پارە مەنێرە، وە بەهیچ جۆرێک زانیاری کارتی متمانەی خۆت هاوبەشی پێ مەکە. هەروەها هەرگیز حسابی تایبەتی ئۆنلاینی خۆت، یان زانیاری کەسی خۆت، یان هەر دۆکۆمێنتێکی تایبەت بەخۆت لە گەڵ کەسێک کە دڵنیا نەبیت لێی بە ئیمەیڵ هاوبەشی پێ مەکە.

خۆت بپارێزە لەوەی کە هەر مامەڵەیەکی پارەدان لەڕێی  پارەدانی پێش وەخت لەڕێی حەواڵەی بانکی، یان هەر جۆرە ڕێگایەکی تری پارەدان لەگەڵ کەسانی نەناسراو بکەیت. هەوڵ بدە گەر لە شتێک دودڵ بوویت پرس بە کەسانی شارەزا بکەیت و لەڕێ پارێزەری تایبەت لەخۆت گەر هەت بوو مامەڵە دارایەکانت ڕێکبخەیت.

هەوڵ بدە فریوێنەران بناسیتەوە لەڕێی دۆزینەوەیان بە پەیوەندیکردن بەشوێنی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەی کەبەکاریان هێناوە، یان دۆزینەوەیان لەڕێی ژمارەی تەلەفونەکانیان، یان گەڕانی ئۆنلاین. هەروەها پێویستە پێش وەڵام دانەوەی داخوازیەکی لەو جۆرە لە ئینتەرنێت بەهەمان ناو و بابەت گەڕانی بۆ بکەیت، تا بزانیت کە هەمان شت پێشتر کراوە و هەیە؟ زۆربەی ئەوانەی کاری فریودان دەکەن لەڕێی ئینتەرنێتەوە بەم ڕێگایە ئاشکرا دەبن.

گەر وا هەستت کرد کە فریوێنەران وەڵامیان نیە بۆت، ئەوا وریابە لەبەر ئەوەی ئەوان دەزانن چۆن کارەکانیان دەکەن و یاری بە هەستت دەکەن، تا بکەویتە داویانەوە و بە پەرۆش بیت بۆ پەیوەندیکردنیان پێتەوە بۆ قۆناغەکەنی دواتری کارەکانیان.

کاتێک هەلی بەدەستهێنانی بڕێک پارەی زۆر دەخرێتە بەردەستت لە لایەن کەسانێکی نەناسراو، بەهەر هۆکارێک بێت، هەرگیز هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مەدە و وەڵامت نەبێت بۆیان. هەمیشە لەوە دڵنیا بە کە ڕیگایەکی خێرا لەو جۆرە نیە بۆ دەوڵەمەند بوون.

زۆر وریابە لەکاتێکدا کە داوات لێدەکرێت پەیوەندی بکەیت یان وەڵامی تێکست میسجێک بدەیتەوە کە بە ژمارەی ١٩٠ دەستی پێکردووە. دەشێت پەیوەندی کردن بە ژمارەیەکی لەو جۆرە پارەیەکی زۆر بکەوێت لەسەرت لەچاو پەیوەندی کردن بە ژمارەیەکی ترەوە.

هەوارنامەی کتێب



## ٢-٤) ساختەکاری بگێڕەوە

لە فریودانی "ساختەکاری بگێڕەوە" دا، فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە وات تێ بگەیەنن وە قەناعەتت پێ بکەن کە تۆ دیاریکراویت لە لایەن حکومەت، یان بانکێک، یان ڕێکخراوێکی باوەڕپێکراوی جیهانی، یان ناوخۆیی بەوەی مافت هەیە بە وەرگرتنەوەی بڕێک پارە لەپای کارێک، یان خزمەتگوزاریەک.

### ٢-٤-١) چۆن فریودان و ساختەکاری بگێڕەوە کار دەکات؟

فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە لێت نزیک ببنەوە بە پێدانی هەواڵێکی ناڕاستی دروستکراو سەبارەت بەوەی کە تۆ دەستنیشان کراویت بۆ گێڕانەوەی بڕێک پارە بۆت. بۆ نمونە لەبەر ئەوەی بڕە باجێکی زۆرت داوە، یان وەک سوودێکی بانکی، یان هەرشتێکی تری لەوجۆرە، کە پێویست دەکات بڕێک پارەت بۆ بگێڕنەوە لە پای ئەوە. ئەم پەیوەندی و ئاگادارکردنەوەیە دەشێت لەڕێی نامە، یان ئیمەیل، یان تەلەفون، یان تێکست میسجێک، یان لەڕێی پەیامی تۆڕە کۆمەڵاتیەکانەوە بێت.

زۆرجارفریوێنەران وا پیشان دەدەن کە لە لایەن حکومەت یان یەکێک لە بانکەکان یان ڕێکخراوێکی باوەڕپێکراوەوە ئەو پەیوەندیە کرابێت. ئەوەی کە خوازیارن و داواکراوە لە تۆ تەنها بریتیە لە پێدانی بڕێک پارەی زۆر کەم، ئەمەش لەبری کارە خزمەتگوزراری و کارگێڕیەکان کاتێک کە هەڵ دەستن بە پێشکەش کردنی ئەو خزمەتگوزاریە بۆت.

گەر بێت و برە پارەیەک لە پای ئەم داواکاریانە بدەی بەو فریوێنەرانە، ئەوا دڵنیابە لەوەی کە ناتوانیت وەری بگریتەوە.

### ٢-٤-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری بگێڕەوە

- پەیوەندیەکت پێوە دەکرێت بە یەکێک لە ڕێگاکانی پەیوەندی و وا دەری دەخەن کە تۆ دیاری کراویت بۆ گەڕاندنەوەی بڕێک پارە لە لایەن لایەنی پەیوەندی کارەوە. واپیشان دەدەن کە لە لایەن حکومەت، یان یەکێک لە بانکەکان، یان ڕێکخراوێکی باوەڕپێکراوەوە ئەو پەیوەندیە کرابێت.
- بۆ ئەوەی بتوانیت کە ئەو برە پارەیەت بۆ بگەڕێتەوە، پێویست دەکات کە بڕێک پارەی زۆر کەم بدەیت لەبری خزمەتگوزاری ئیداری. فریوێنەران زۆرجار داوا دەکەن کە ئەو برە پارەیە لەڕێی خزمەتگوزەری گواستنەوەی بانکی یەوە بنێردرێت. ئەشێت کە داوای هەندێک زانیاری کەسیشت لێبکرێت.

### ٣-٤-٢) چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری فریودان و ساختەکاری بگێڕەوە؟

هەوڵ بدە فریوێنەران بناسیتەوە لەڕێی دۆزینەوەیان بە پەیوەندیکردن بەشوێنی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەی کەبەکاریان هێناوە، یان دۆزینەوەیان لەڕێی ژمارەی تەلەفونەکانیان، یان گەڕانی ئۆنلاین. ڕاستەوخۆ پەیوەندی مەکە بەو هۆکاری پەیوەندیانەوە کە لە ڕێی ئیمەیڵ یان تێکست میسجەکانەوە بۆیان ناردویت.

هەوڵ بدە کە پێش وەڵام دانەوە بۆ داخوازیەکی لەو جۆرە لە ئینتەرنێت بەهەمان ناو و بابەت گەڕانی بۆ بکەیت، تا بزانیت کە هەمان شت پێشتر کراوە و هەیە. زۆربەی ئەوانەی کاری فریودان دەکەن لەڕێی ئینتەرنێتەوە بەم ڕێگایە ئاشکرا دەبن.

خۆت بپارێزە لەوەی کە هەر مامەڵەیەکی پارەدان بکەیت لەڕێی پارەدانی پێش وەخت لەڕێی حەواڵەی بانکی، یان هەر جۆرە ڕێگایەکی تری پارەدان لەگەڵ کەسانی نەناسراو.

گەر وا هەستت کرد کە فریوێنەران وەڵامیان نیە بۆت، ئەوا وریابە لەبەر ئەوەی ئەوان دەزانن چۆن کارەکانیان دەکەن و یاری بە هەستت دەکەن تا بکەویتە داویانەوە و بە پەرۆش بیت بۆ پەیوەندیکردنیان پێتەوە بۆ قۆناغەکەنی دواتری کارەکانیان.

هەرگیز پارە مەنێرە بۆ کەسێکی نەناسراو یاخود کە باوەڕت پێی نەبێت و زانیاری کارتی متمانەی خۆت، یان زانیاری کەسیتیان لەگەڵ هاوبەش پێ مەکە، بەتایبەت کەسانێک کە تەنها لەڕێی ئیمەیڵ، یان ناردنی پەیام لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە پەیوەندیان لەگەڵ کردویت.

! پارێزگاری لە زانیاری کەسی خۆت بکە. هەمیشە بەدوریان بگرە لە کەسانی فریوێنەرو ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت. بۆنمونە، هەرگیز فۆڕمێکی ئۆنلاین پڕمەکەرەوە کە هاوپێچی ئۆفەرێکی پێشنیازکراو بێت.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب




## ٥-٢)   پێدانی پێشەکی پاشان وەرگرتنی بڕێکی زۆر لە قازانج

لە فریودانی "پێدانی پێشەکی پاشان وەرگرتنی بڕێکی زۆر لە قازانج" دا، فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە وات تێبگەیەنن گەر بڕێک پارە بنێریت پاشان لە پاداشتی ئەوە خەڵاتت پێ دەدرێت. وەک جۆرێک لە خەڵاتی تایبەت یان داشکاندن لە تێچوی گەشتێکت بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە کاتەکانی پشوی فەرمیدا، یان ڕەزامەندی دان لەسەر پێدانی بڕەپارەیەک پێت وەک قەرز.

<u>نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری پێدانی پێشەکی پاشان وەرگرتنی بڕێکی زۆر لە قازانج</u>

هەولنامەی کتێب

نمونەیەک لەسەر ئەم شێوازی فریودانە ئەوەیە کە تۆ دەستنیشان کراویت بۆ وەرگرتنی پاداشتێک بەڵام پێویستە کە بڕێک پارە بدەیت تا بەدەستت بگات.

هەندێک جار فریوێنەران وا پیشان دەدەن کە بڕێک پارەی زۆرت بەدەست هێناوە بەڵام پێویست دەکات کە بڕێک پارە بدەیت تا بەو پارە زۆرە بگەیت کە بەدەست هاتووە. ئەوان وا پیشان دەدەن کە تۆ خەڵاتێکی زۆر بەنرخ، یان پێشکەوتنێکت بردۆتەوە، بەڵام پێویست دەکات کە پێشەکی بڕێک پارەیان پێ بدەیت تا ئەو خەڵاتە بەنرخەت بەدەست بگات.

هەندێک جار ئۆفەری سەفەرێکی خۆڕایی یان زۆر هەرزانت بۆ دەکەن بۆ بردنە سەری کاتێکی خۆش بەڵام مەرجیان ئەوەیە کە پێشتر پێویستە ئەو کۆدە یان پاکێجە بکڕیت پاشان ناوت تۆمار دەکرێت بۆ ئەو سەفەرە خۆڕای یە، یان زۆر هەرزانە.

لەوانەیە لە پەیوەندیەکانیاندا وا پیشان بدەن کە هاوڕێتن و پێویستیان بە بڕێک پارەهەیە بە بیانوی ئەوەی بە هۆکارێک پارەیان لێبڕاوەو دەستیان ناگات بە بانک، یان کەسانێکی تر تا ئەو بڕەپارەیە بەدەست بهێنن.

جارێک لەڕێی ئۆفەری بەکرێدان بە شێوەیەکی زۆر هەرزان. پاشان داوا دەکەن کە پێویستە پێشەکی پارەکە بدەیت، بەڵام دواتر پەیوەندیەکە نامێنێت و پاش پارەدانەکەت ناتوانیت ئەوەی کە بەکرێ گرتوتە بەدەستی بهێنیت. جارێکی دیکە بەڵێنی درۆ دەدەن وەک پێدانی قازانجی فرۆشتنی بڕێک ئاڵتون یان هەرشتێکی بەنرخی تر، لە بەرامبەردا وەک پێشەکیەک داوای بڕێکی پارەی زۆر کەم دەکەن تا تۆ بتوانیت پاشان ئەو سوودە وەربگریت لێیان کە لەو ڕێگایەوە بەدەستیان هێناوە.

هەندێک جار تەنها داوای پێدانی ئەژماری بانکیت لێ دەکەن تا پاشان تۆ بتوانیت بگەیت بەو ئۆفەرەی کە بۆیان کردویت. گەر هەڵبستیت بە پێدانی ئەو بڕە پارەیە ئەوا لە کۆتایدا خۆت بە دەست خاڵی دەبینیتەوە، لە بەر ئەوەی کە هیچ شتێک لە پای ئەو بڕەپارەیە وەر ناگریت. گەر زانیاری لەسەر ئەژماری بانکی یان کارتی متمانەی خۆت پێدان ئەوا دەبینیت کە پارەیەکیان ڕاکێشاوە زۆر لەوە زیاترە کە بەڵێن بوو بیدەیت.

**٢-٥-١) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری پێدانی پێشەکی پاشان وەرگرتنی بڕێکی زۆر لە قازانج**

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- پەیوەندیەکت پێوە دەکرێت بە یەکێک لە ڕێگاکانی پەیوەندی تا بەڵێنی پاداشتێکی باشت پێبدەن لە پای پێدانی بڕێک پارەی زۆر کەم وەک پێشەکی. چانسی بەدەستهێنانی جۆرێک لە خەڵاتی تایبەت یان داشکاندن لە تێچوی گەشتێکت بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە کاتەکانی پشوی فەرمیتدا، یان ڕەزامەندی دان لەسەر پێدانی بڕەپارەیەک پێت وەک قەرز، یان تەنانەت پێدانی بڕێک پارەی زۆر لە پای پێدانی بڕێک پارەی زۆر کەم وەک پێشەکی پێیان.
- داوات لێ دەکرێت کە پێویست دەکات تۆ بڕە پارەیەک وەک پێشەکی بدەیت لە بری تێچوی پۆستکردنی خەڵاتێک بۆت، یان لەبری ئەو بڕە باجەی کە پێویست دەکات بیدەیت لەبری ئەو خەڵاتەی بۆت دەرچووە. ئەو خەڵاتەی بەڵێنت پێ دەدرێت زۆر زیاترە لەو بڕە پارەیەی کە وەک پێشەکی داوات لێ دەکرێت.

کەوااڵنامەی کتێب



### ٢-٦) شرۆڤەی ساختەکاری پارەی چاوەڕوان نەکراو

داتای لیستی (٢-١) تایبەتن بە ئاماری کاری فریوێنەرو ساختەکاری لەڕێی "پارەی چاوەڕوان نەکراو" ەوە کە ڕویان داوە و تۆمارکراون لە وڵاتی ئوسترالیا بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٦ و ٢٠١٥.

**لیستی (٢-١)** ئاماری کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان لەڕێی

"پارەی چاوەڕوان نەکراو" بەپێی ساڵ[١]


| ساڵ | بڕی پارەی لەدەست دراو بە دۆلار | ژمارەی ڕیپۆرت | ڕێژەی سەدی فریوێنراوان بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نادیار |
| ٢٠١٧ | ٩,٢٧٩,٢٧٠ | ٢٢,٠٧٨ | ٪٤١,٦ | ٪٥٦,٣ | ٪٥,١ |
| ٢٠١٦ | ١٢,٥٨٤,٢٠٤ | ٣٤,٧٧٣ | ٪٣١,٢ | ٪٤٢ | ٪٢٦,٨ |
| ٢٠١٥ | ١٤,١٧١,٨١٢ | ٢٨,٨٧٧ | ٪٢٥,٨ | ٪٣٦,١ | ٪٣٨,١ |

هەواڵنامەی کتێب

لە لیستی ژمارە (٢-١) دا، بڕی پارەی لەدەست دراو بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧، ٢٠١٦، وە ٢٠١٥ خراوەتەڕوو. لەهەمان کاتدا ئاماژە دراوە بە ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە پشتیان پێ بەستراوە بۆ دەرخستنی ئەو ئامارانە، لەگەڵ ڕێژەی بەرکەوتووان بە پێی ڕەگەز بۆ هەر ساڵێک.


بەپشت بەستن بە ئەو ئامارانەی کە لە هێڵکاری ژمارە (٢-١) دا هاتووە، بەگشتی لەساڵی ٢٠١٧ دا بڕی (٩,٢٧٩,٢٧٠) دۆلار پارە لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری "پارەی چاوەڕوان نەکراو" ەوە دزراوە لە هاوڵاتیان لە وڵاتی ئوسترالیا، ئەمەش تەنها بە پشت بەستن بە (٢٢,٠٧٨) ڕیپۆرت. لەکاتێکدا فریوێنەران تەنها بەڕێژەی ٦,٤٪ سەرکەوتووبون لەوەی کە بڕێک پارە بەدەست بهێنن لەڕێی کارە فریوێنەرەکانیانەوە بە پشت بەستن بە ئەو ڕیپۆرتانەی کە ئەم کارانەیان خستوتەڕوو.

| ٪ ڕیپۆرت کە پارە لەدەست دراوە | ژمارەی ڕیپۆرت | بڕی پارەی لەدەست دراو |
|---|---|---|
| ٪٦,٤ | ٢٢,٠٧٨ | $٩,٢٧٩,٢٧٠ |





**هێڵکاری ژمارە (٢-١)** پەیوەندی پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

به پێی هێڵکاری ژماره (٢-٢) بۆ هەمان ساڵ، زۆرترین ئەو شێوازی پەیوەندیکردنانەی کە بەکارهاتوون بۆ کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "پارەی چاوەڕوان نەکراو" ەوە و پارەی تیادا لەدەست دراوە بە بەراوردکردنیان بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کەهەن لە وڵاتی ئوسترالیا لەڕێگای ئینتەرنێت (وێبسایتەکان) ەوە بووە، پاشانیش لەڕێگای ئیمەیڵەوە بووە.




**هێڵکاری ژماره (٢-٢)** شێوازی پەیوەندیکردن و پارەی لەدەست دراو بە پێی ژمارەی ڕیپۆرت[١]


لە هەمان ساڵ و بە پێی هەمان سەرچاوە هەروەک لە هێڵکاری ژمارە (٢-٣) دا خراوەتەڕوو، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە فریودراون و پارەیان لەدەست داوە بە هۆی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "پارەی چاوەڕوان نەکراو" ەوە، زیاتر لە تەمەنی (سەروو ٦٥ ساڵ) ەوە بوون. ئەمە لەکاتێکدا ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە تۆمارکراون بە بەراورد بە تەمەن زیاترینیان لەسەروو ٦٥ ساڵەوە بووە.




**هێڵکاری ژمارە (٢-٣)** پارەی لەدەست دراو بە پێی تەمەن و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

بەپشت بەستن بەو زانیاریانەی لە هێڵکاری ژمارە (٢-٤) دا خراونەتەڕوو، لە ساڵی ٢٠١٧ دا ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لە ڕەگەزی مێن و پارەیان لەدەست داوە لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری "پارەی چاوەڕوان نەکراو" ەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە ڕەگەزی نێرن زیاترە. وەک دەبینین ٥٦,٥٪ ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی مێن، لە کاتێکدا ٤٣,٣٪ ی ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی نێرن. بەڵام ٠,٢٪ ئەو کەسانەی کە کاری فریوێنەرانیان ڕیپۆرت کردووەو پارەیان لەدەست داوە ئامادەنەبوون کە ڕەگەزی خۆیان دیاری بکەن.

**ژمارەی ڕیپۆرت** **پارەی لەدەست دراو**



هەواڵنامەی کتێب

**هێڵکاری ژمارە (٢-٤)** پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت بە پێی ڕەگەز[١]



هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

## فریودان و ساختەکاری لەڕێی بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو

### سەیرکردنێکی گشتی

ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو". بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو جۆرێکی ترە لە جۆرەکانی فریودان کە بەزۆری فریوێنەران و ساختەکارانی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت پەنایان بۆ دەبەن بۆ کاری فریودان. هەر لەم بەشەدا باسی هەریەک لە شێوازەکانی فریودانی بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کراوە و بۆ هەر شێوازێکی فریودان نمونەی پێویست گەر بەردەست بوبێت خراوەتەڕوو. هەروەک چۆن چۆنیەتی کارکردنی هەریەک لەم شێوازی فریودانە خراوەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕوی نیشانەکانی هۆشداری و چۆنیەتی خۆپاراستن لێیان. ئاماری پێویست سەبارەت بە کاری فریودان لەڕێی بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە کۆتایی ئەم بەشەدا خراوەتەڕوو. هەروەها تیشک خراوەتەسەر تێکرای پارەی لەدەستدراو بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کە بۆ ئەو مەبەستە بەرزکراونەتەوە، هەروەک چۆن جۆرەکانی پەیوەندی و ڕێژەی پارەی لەدەستدراو بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەڕێی ئەو ئامارانەوە خراونەتەڕوو.



## ٣-١) شێوازەکانی فریودان لەڕێی بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو

زۆر سەرسام مەبە گەر لەپڕ وەک سوپرایزێک پەیوەندیەکت پێوەکراو هەواڵی بردنەوەیەکت پێ ڕاگەیەنرا. فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت زۆرجار هەوڵ دەدەن کە خەڵکانێک فریو بدەن بە ناردنی ئیمەیڵێک، یاخود بە بەکار هێنانی هەر شێوازێکی تر پەیوەندی تا وایان لێبکەن لەڕێی پێدانی هەواڵێکی لەوجۆرە بڕێک پارە بەدەست بهێنن، لەکاتێکدا تۆ هیچ کات بەشداریت لە جۆرە پێشبڕکێیەکی یاری بەخت یان یانسیبێکی لەو جۆرە نەکردووە.

هەواڵنامەی کتێب

فریودان لەڕێی بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراوەوە چەندین شێوازی هەیە، باوترینیان ئم شێوازی فریودانانەیە:

- خەڵاتی چاوەڕوان نەکراو و ساختەکاری یاری بەخت
- ساختەکاری خەڵاتی سەفەر بکە
- ساختەکاری سکراتچیەر (بەسەرپێی ئامادەکراو)

نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو

یەک لەو نمونانە، بینینی ئیمەیڵێکە هەروەک نمونەیەکی لە وێنەی ژمارە (٣-١) دا پیشان دراوە، کە تایبەتە بە هەواڵی بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراوە بۆ تۆ.




**وێنەی ژمارە (٣-١)** ئیمەیڵی بردنەوەی خەڵات[٢]

هەروەک دەبینین لەم نمونەیەدا لەڕێی ئیمەیڵێکی نەناسراوەوە، یان لەژێر هەر ناوێکدابێت ئیمەیڵێکت بۆدێت و پیرۆزبایی ئەوەت لێدەکات کە تۆ خەڵاتێکت بردۆتەوە بە بڕی یەک ملیۆن دۆلار. هەر لەو ڕێگایەوە داوات لێدەکات کە تۆ هەڵبستیت بە پڕکردنەوەی فۆڕمێکی تایبەت بەو بردنەوەیە. جا گەر ئەو کەسەی ئەم ئیمەیڵەی بۆهاتبێت، تەنها کلیک لەسەر ئەو بەستەرە یان (CLAIM) بکات، ئەوا دەشێت ئەوەندە بەسبێت تا بەرنامە زیانبەخشەکان دابگیردرێتە ناو کۆمپیوتەرەکەتەوە. پاشان بە بێ ئەوەی کە ئاگاداربیت و هەستی پێبکەیت، فریوێنەران هەڵدەستن بە کاری چاودێری و کۆکردنەوەی زانیاری. هەندێک جار لەبری داگرتنی بەرنامە زیانبەخشەکان، دەکرێت لەڕێی ئەو فۆڕمەی کە دەکرێتەوە داوای چەندین زانیاری کەسی و زانیاری لەسەر ئەژماری بانکیت لێ بکەن و پاشان لە دژت بەکار دەهێنرێن.

نمونەیەکی تر بینینی ئیمەیڵێکە کە هەواڵی وەرگرتنی چەکێکی پارەیە بەناوی خۆتەوە بە بڕێکی پارەی دیاری کراو، هەروەک لە وێنەی ژمارە (٣-٢) دا هاتووە.




**وێنەی ژمارە (٣-٢)** هەواڵی وەرگرتنی چەکێکی پارە[٢]

لەم جۆرە ئیمەیڵانەدا هەوڵ دەدرێت کە بەوە بتفریوێنن کە تۆ ئەو چەکی پارەیەت بۆ هاتووە و دەکرێت بەدەستی بهێنیت، پاشان بەکاری بهێنیت بۆ بەدەستهێنانی ئەو بڕە پارەیەی کە لەسەری دیاری کراوە. بێگومان کە هەوڵی کردنەوەی دەدەیت ئاڕاستەی بەستەرێکت دەکات کە لەو ڕێگایەوە داوای پێدانی چەند زانیاریەکی کەسیت لێدەکرێت لەناویشیاندا دەشێت داوای زانیاری لەسەر ئەژماری بانکیت و کارتی متمانەت لێ بکرێت. بیانویان بۆ داواکردنی ئەو زانیاریانە ئەوەیە کە بە پشت بەستن پێیان لە کۆتایدا ئەو چەکەت بەشێوەیەکی فەرمی پێبگات. بەڵام لەکۆتایدا تەنها مەبەست لێی فریودانتەو لەو ڕێگایەشەوە دەست گەیشتنیان بە ئەژمارە بانکیەکەت (گەر هەتبێت) و بردنی ئەو بڕەپارەیەی کە لەسەریەتی بە بێ ئەوەی خۆت ئاگادار بیت.

هەولێرنامەی کتێب

لەکاتی بوونی هەر پێشنیازێکی لەوجۆرەدا، دەبێت ئەوەمان لەبیربێت کە ئەوان چۆن توانیویانە کە چەکی پارەیەک بەناوی تەواوی تووە بکەن و بۆت بنێرن لەکاتێکدا کە تۆ پێشتر هیچ پەیوەندیەکت نەبووە بەو شوێنەوە. دەشێت هەندێک جار بەناوی هەمان بانکەوە بینێرن کە تۆ خۆت ئەژماری بانکیت هەیە تیایدا، بەڵام ئەمان لەڕێی کاری ساختەکاریەوە ئەم کارە دەکەن و بەشێوەیەک دەتفریوێنن کە لە لایەن ئەوانەوە ئاڕاستەت کرابێت. دەبێت لەکاتی بوونی پەیامێکی لەم جۆرەدا زۆر بەئاگابین، لەڕستیدا ئەمە کاری ئەو بانکەنیە کە تۆ پەیوەندیت هەیە لەگەڵیان و کارەکە ساختەکراوە.

نمونەیەکی تر بینینی ئیمەیڵێکە هەروەک نمونەیەکی لە وێنەی ژمارە (٣-٣) خراوەتەڕوو، کە هەواڵی بردنەوەی سەفەرێکە بۆ شوێنێکی تایبەت یان یەکێک لە وڵاتەکان.




**وێنەی ژمارە (٣-٣)** هەواڵی بردنەوەی سەفەرێک[٢]

هەروەک دەبینین لەم نمونەیەدا لەڕێی ئیمەیڵێکی نەناسراوەوە یان لەژێر هەر ناوێکدابێت ئیمەیڵێکت بۆدێت و پیرۆزبایی ئەوەت لێدەکات کە تۆ خەڵاتی سەفەرێکی وڵاتی بەریتانیات بردۆتەوە. هەر لەو ڕێگایەوە داوات لێدەکات کە تۆ هەڵبستیت بە پڕکردنەوەی فۆرمێکی تایبەت بەو بردنەوەیە. جا دەکرێت ئەوە بەسبێت تا لەڕێی ئەو فۆرمەی کە دەکرێتەوە داوای چەندین زانیاری کەسی و زانیاری لەسەر ئەژماری بانکیت بکرێت و پاشان لە دژت بەکار بهێنرێن.

نمونەیەکی تر بینینی ئیمەیڵێکە هەروەک نمونەیەکی لە وێنەی ژمارە (٣-٤) خراوەتەڕوو، کە پیرۆزبای ئەوەت لێدەکرێت ئیمەیڵەکەت هەڵبژێردراوە لەڕێی گەڕۆکی گوگڵەوە و وەک یەکێک لە براوەکانی لۆتەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت.



Van: DON LUIS ALBERTO [mailto:interpromo20@gmail.com]
ZIE BIJLAGE >>>>>
Verzonden: maandag 22 juni 2015 9:17
Aan: undisclosed-recipients:
Onderwerp: INT,MICROSOFT PROMO

CONGRATULATION

This is to inform you that your email has been choosing as part of the winners in the Google search engine and Microsoft lotto promotion. Please read the attached file and follow the instructions for your claims.

Best regards,

Don Luis Alberto.

**وێنەی ژمارە (٣-٤)** ئیمەیڵی هەڵبژاردن[٣]

هەواڵنامەی کتێب

هەروەک دەبینین کە داوات لێدەکات هەڵبستیت بە داگرتن و کردنەوەی ئەو فایلەی هاوپێچکراوە تا لەو ڕێگایەوە ڕینمایەکانی چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتەت بەدەست بگات. بێگومان دەشێت ئەوەندە بەسبێت تا لەڕێی ئەو فایلە هاوپچکراوە وە بەرنامە زیانبەخشەکان دابگیردرێتە ناو کۆمپیوتەرەکەتەوە و بە بێ ئەوەی کە ئاگاداربیت و هەستی پێبکەیت کاری چاودێری و کۆکردنەوەی زانیاری بکرێت لەلایەن فریوێنەرانەوە و پاشان لە دژت بەکار بهێنرێن.

نمونەیەکی تر بینینی تێکست میسجێکە لەڕێ مۆبایلە زیرەکەکەتەوە هەواڵی بردنەوەی خەڵاتێکت پێ دەگات، هەروەک نمونەیەکی لە وێنەی ژمارە (٣-٥) دا خراوەتەڕوو. بێگومان مۆبایلە زیرەکەکانیش بێبەش نین لەوەی کە فریوێنەران لەڕێگایانەوە دەستیان پێتبگات و فریوت بدەن. هەروەک دەبینین لەڕیی ناردنی تێکست میسجێکی لەم جۆرەوە دەکرێت بفریوێنرێیت و بە کردنەوەی ئەو بەستەرە ڕێگا بدەیت بە فریوێنەران کە بە بێ ئەوەی پێبیزانیت و پرست پێبکرێت بەرنامە زیانبەخشەکان دابگرنە ناو مۆبایلەکەتەوە و لەو ڕیگایەشەوە چاودێری وردی چالاکیەکانت بکرێت، پاشان هەر لەڕێ ئەو زانیاریانەوە زیانت پێبگەیەنرێت.




**وێنەی ژمارە (٣-٥)** تێکست میسج سەبارەت بە بردنەوەی خەڵات[٢]

هەرگیز بەبیستنی هەواڵی بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دلخۆش مەبەو هەوڵ بۆ بەدواداچوونی مەدە. یاریەکی بەخت یان هەرجۆرە خەلاتێک کە تۆ خۆت تیایدا بەشدارنەبوبیت، بردنەوەی کارێکی مەحاڵە.

هەواڵنامەی کتێب




## ٣-٢) خەڵاتی چاوەڕوان نەکراو و ساختەکاری یاری بەخت

لە فریودانی "خەڵاتی چاوەڕوان نەکراو و ساختەکاری یاری بەخت" دا، فریوێنەران هەوڵ دەدەن لەڕێی بەکارهێنانی پێدانی هەواڵی بردنەوەی خەڵاتێک پەیوەندی بکەن بە کەسانێکەوە تا لەو ڕێگایەوە بیان خەڵەتێنن و بڕێک پارە بەدەست بهێنن. ئەوەش بەبیانووی ئەوەی تا بتوانیت لەڕێی پێدانی ئەو بڕەپارە کەمەوە ئەو خەڵاتەی کە ڕۆژێک لەڕۆژان تۆ بەشدار نەبویت تیایداو بردوتەتەوە بەدەست بهێنیت.

هەواڵنامەی کتێب

### ٣-٢-١) چۆن فریودان و ساختەکاری خەڵاتی چاوەڕوان نەکراو و ساختەکاری یاری بەخت کار دەکات؟

ئاگادارکردنەوەیەکت پێدەگات سەبارەت بەوەی کە یانسیبێک، یاریەکی بەخت، یاخود خەڵاتێکی بەنرخت بردۆتەوە لە پێشبڕکێیەکدا. لەکاتێکدا تۆ هیچ کات بەشدار نەبوویت لە پێشبڕکێیەکی لەو جۆرە، یان هیچ نەبێت بەبیرت نایەتەوە کە تۆ بەشداریت لە کارێکی وەهادا کردبێت. پەیوەندیەکە دەشێت لەڕێ ئیمەیل، پەیوەندی تەلەفونی، تێکست میسج، یاخود پەیامی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە بێت. خەڵاتەکەی کە گوایا بردوتەتەوە دەشێت ئامێرێکی ئەلەکترۆنی بێت وەک لاپتۆپ، تەلەفونێکی زیرەک، یان هەر بڕەپارەیەک لە یاریەکی بەختی نێودەوڵەتیەوە.

بۆ ئەوەی خەڵاتەکە بەدەست بهێنیت فریوێنەران داوای پێدانی زانیاری کەسی، یاخود بڕێک پارە دەکەن. فریوێنەران بەزۆری وا پیشان دەدەن کە ئەو بڕە پارەیە، یان ئەو زانیاریە پێویستە تا بتوانیت خەڵاتەکەت بەدەست بگات. فریوێنەران بەمە هەوڵ دەدەن بڕەپارەیەک بەدەست بهێنن، ئەوەش بەوەی گەر کەسانێک خەڵەتان و ئەو بڕەپارەیەیان دا ئەوا پارەکانیان بەفیڕۆدەچێت، ئەو خەڵاتانەش کە بەڵێنیان پێدرابو بەدەستیان ناگات.


شێوازێکی تر ئەوەیە کە فریوێنەران هەوڵ دەدەن وات لێبکەن پەیوەندی بکەیتەوە بە ژمارە مۆبایلێکی دیاری کراوەوە. بەزۆری ژمارەکانیان بە (١٩٠) دەست پێدەکات. پاشان هەوڵ دەدەن کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر هێڵ بت هێڵنەوە تا بەو ڕێگایە بڕێکی پارەی زۆر لەسەر پەیوەندیەکەت بکەوێت. هەندێک جار داوات لێ دەکەن کە پەیوەندی بکەیت بە ژمارەیەکی ترەوە.

لە پەیوەندیەکانی لەڕێی ئیمەیل، پەیامی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، یاخود تێکست میسجەوە دەیکەن داوات لێدەکەن کە بەزووی وەڵامت هەبێت گەرنا ئەوا ئەو خەڵاتە، یان بردنەوەیەت لە دەست دەچێت. دەشێت داوای ئەوەشت لێ بکەن کە هەوڵ بدەیت ئەو بردنەوەیە بە نهێنی بهێڵیتەوە تا کەسانی تر ئەو هەلە نەقۆزنەوەو خەڵاتەکەت، یاخود بردنەوەکەت بە هەڵە ببەن بۆ خۆیان. هەندێک جار دەشێت ئەو ئامۆژگاریانەت بکەن بەبیانووی ئەوەی ئەو زانیاریانە پێویست دەکات بە سەلامەتی بهێڵدرێتەوە. فریوێنەران هەندێک جار ئەمە دەکەن تا وات لێبکەن پەیوەنیەکان بە هەند وەربگریت و هەوڵ نەدەیت گەڕان بکەیت تا بزانیت سەرچاوەکەی ڕاستە یاخود نا.

فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە ناوی ئەو خەڵات و یاری بەختانە بەکار بهێنن کە لەڕاستیدا هەن. هەندێک جار گەر گەڕانیان بۆ بکەیت ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە ئەو جۆرە خەڵاتانە هەن. بەڵام ئەبێت ئەوەت لەیاد نەچێت شتێک کەتۆ بەشدار نەبوبیت یاخود گەر ڕۆژێ لەڕۆژان بەشداریش بوبیت و بەڵام ماوەیەکی زۆری بەسەردا چوبێت ئەوا چۆن شتێکی وا بۆ تۆ دەبێت.

<u>نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری خەڵاتی چاوەڕوان نەکراو و ساختەکاری یاری بەخت</u>

یەک لەو نمونانە بینینی ئیمەیڵێکە هەروەک نمونەیەکی لە وێنەی ژمارە (٣-٦) دا پیشان دراوە، کە بریتیە لە کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی بەکارهێنانی لۆتەری فەیسبوکەوە Facebook Lottery.


Facebook, Inc.
1601 Willow Rd Menlo Park,
CA 94025, USA



Dear Subscriber, We are pleased to inform you that Your name was among the seventeen selected winners on the facebook promotional program, due to your activeness online on facebook social network. You have been awarded the sum of $ 615,810.00 USD. To claim your prize, e-mail your name, address, ISBN number and cell phone number to Facebook Chief Financial Officer David Ebersman E-mail to: ebersman@financier.com Tel: +16504884543 +16504884546, for processing and remittance of your price. ISBN: 908-2-001-47687-2

**وێنەی ژمارە (٣-٦)** لۆتەری فەیسبوک[٤]

یەکێک لەو فێڵانەی کە فریوێنەران بەکاری دەهێنن بۆ کاری ساختەکاری و فریودانی خەڵکی ئەوەیە کە لەڕێی ناردنی ئیمەیڵێک، یاخود ناردنی پەیامێک بەناوی فەیسبوکەوە ئەوەت پێ ڕابگەیەنن کە تۆ یەکێکیت لەو براوانەی کە هەڵبژێردراون بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتێک. هەروەک دەبینین لەم نمونەیەدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە لەبەر ئەوەی تۆ کەسێکی چالاکیت و بە زۆری فەیسبوکت بەکارهێناوە و چالاکی ئۆنلاینت زۆربووە، هەربۆیە بڕێک پارە کە بڕەکەی دیاریکراوە لە ئیمەیڵەکەدا دیاریکراوە بۆت. داواکراوە کە بۆ بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتە پێویست دەکات کە ئیمەیڵەکەت و ناوت و ناونیشان و ژمارەی کەسی خۆت و ژمارەی تەلەفونەکەت بنێریت بۆ بەرپرسی دارای فەیسبوک کە ناوەکەشیان دیاری کردووە لە گەڵ ئەو ناونیشانی ئیمەیڵەی کە دراوە. ئەمە جگە لە خستنە بەردەستی دوو ژمارەی تەلەفون بۆ پەیوەندی کردن گەر ویستت لەڕێگای تەلەفونەوە پەیوەندی بکەیت و ئەو زانیاریانە بگەیەنیت. بێگومان ئەمەش بەهەمان شێوە مەبەست لێی بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی یە، تاوەکو پاشان لە دژت بەکاربهێنرێت بۆ کاری فریودان و بردنی بڕێک پارە لێت.

نمونەیەکی تر بینینی ئیمەیڵێکە هەروەک وێنەیەکی لە وێنەی ژمارە (٣-٧) دا پیشان دراوە، کە بریتیە لە کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی بەکارهێنانی یاری بەخت (لۆتەری) EL Gordo Sweepstake. دەکرێت بگەڕییتەوە بۆ پاشکۆی (آ) لە کۆتای ئەم کتێبەدا بۆ زیانیاری زیاتر لەسەر ئاماژەکانی ناسینەوەی ئیمەیڵێکی یاری بەختی ساختە.

هەواڵنامەی کتێب



# LOTTERY SCAM—SAMPLE 1

ELGORDO

Loteria Primitiva

C/CORDOBAR E-28830
MADRID, SPAIN

RE: AWARD CLAIM FINAL NOTIFICATION

This is to inform you on the release of the EL-GORDO SWEEPSTAKE LOTTERY PROGRAM held on the 29th OF APRIL 2005. Your name is attached to ticket number 025-11-464-992-750 with serial number 2113-05 drew the lucky numbers 13-15-16-21-34-36 which consequently won the lottery in the 3rd category.

You have therefore approved for a lump sum payout of USD 615,810.00 (SIX HUNDRED AND FIFTEEN THOUSAND EIGHT HUNDRED AND SIXTY EIGHT THOUSAND, SEVEN HUNDRED AND TEN UNITED STATES DOLLARS ONLY) in cash credited to file with REF.NO.EG/2251256003/01 and BATCH NO. 000750013.This is from a total cash prize of USD 10,468,770 (TEN MILLION FOUR HUNDRED AND SIXTY EIGHT THOUSAND, SEVEN HUNDRED AND SEVENTY US DOLLARS ONLY) shared among 17 (Seventeen) international winners in this category, CONGRATULATIONS!!!

Your fund is now deposited with a security company and insured in your name. **Due to mix up of some numbers and names, we ask that you keep this award from public** notice until your claim has been processed and your money remitted to your account as this is part of our security protocol to avoid double claiming or unwarranted taking of an advantage of this program by participants.

All participants were selected through a computer ballot system drawn from 25,000 names from Asia, Australia, New Zealand, Europe, America and North America as part of our international promotions program which we conduct once every year. We hope your lucky name will draw a bigger cash prize in the next years highstake USD 1.3 BILLION inter.lottery.

To begin your claim, please contact your claims agent, DR. ROSA HARRISON the foreign service Manager of SANTA LUCIA SECURITY COMPANY, S.A. on TEL:011 34 653-262-748 FAX: 011-34 675-339-003 for the processing and remittance of your winning prize money to a designation of your choice.

Remember, all prize money must be claimed not later than 4th of July 2005 this date all funds will be returned to the MINISTERIO DE ECONOMIA Y HACIENDA as unclaimed. And also be informed that 10% of your Lottery Winning will be paid to SANTA LUCIA SECURITY COMPANY S.A. after you have received your money.

NOTE: in order to avoid unnecessary delays and complications, please remember to quote your reference and batch numbers in every correspondence with us or your agent. Furthermore, should there be any change of your address do inform your claims agent as soon as possible. Enclosed with this letter is also a payment processing form which you should complete and return to Fax Number o11 34 67-339-003 for immediate processing of your claims.

Congratulations once again from all our members of staff and thank you for being part of our International promotions program.

YOURS SINCERELY,

JOSE LUIS MIGUEL
VICE PRESIDENT.

MINISTERIO DE HACIENDA



وێنەی ژمارە (٣-٧) نمونەی ئیمەیڵێکی یاری بەختی ساختە [١]

نمونەیەکی تر لەو نمونانە بریتیە لە کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی بەکارهێنانی جۆرێک لە لۆتەری نیشتمانی بەریتانیا The UK National Lottery، هەروەک لە وێنەی ژمارە (٣-٨) دا هاتووە.

```
-----Original Message-----
From: UK National Lottery. [mailto:uklottery001@adelphia.net]
Sent: Saturday, 28 April 2007 7:58 AM
Subject: Your Lottery Winning Notification Batch N0:P2/0056 Contact Claims Agent

The U.K. National Lottery
Online Lottery Promo Dept.
Customer Service.
PO Box 1010
Liverpool
L70 1NL United Kingdom.

Date of Notification 27-04-2007

Ref NO: KPL/09-002/JA.

Attn: Winner.

Congratulations!

Your e-mail address attached to the Batch NO:P2/0056
with Serial number: 06/1055 drew, 25-04-07      [5] [11]
[13] [17] [14] [48] [25], which subsequently won you a
prize in the category "B". You have therefore been
approved to claim a total sum of £1,500,000.00 (One
Million , Five Hundred Thousand Great British Pounds)
in cash credited to file Ref NO: KPL/09-002/JA.

Please be advised as follows: To file for your claim,
kindly contact our certified and accredited claims
agent with the information below:
***********************************************
Name: Phil Smith
E-mail: phi_smith57@yahoo.com
Claims processing agent
For: The U.K National Lottery.
***********************************************
You are advised to provide him with the following
information:
Names:
Telephone/Fax number:
Nationality:
Age:
Occupation:

Yours Faithfully,
mrs,patricia spencer
Online Co-ordinator
UK National Lottery Promo
```

**وێنەی ژمارە (٣-٨)** نمونەی ساختەی لۆتەری نیشتیمانی بەریتانیا[١]

نمونەیەکی تر لەو نمونانە بریتیە لە کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی بەکارهێنانی جۆرێک لە لۆتەری ئوستوڕالیا Australian Lotto Inc، هەروەک لە وێنەی ژمارە (٣-٩) دا هاتووە.

AUSTRALIA LOTTO LOTTERY INC .
Date: 1 March 2007
From: lottery lottery
Reply To: rowland_lotteryagent1@yahoo.com.au
IP: 196.25.253.13
Subject: WINNING NOTIFICATION
AUSTRALIA LOTTO LOTTERY INC .

5th Floor East
Commonwealth Center
55 Currie Street
Adelaide SA 5000 .
South Australia .

WINNING NOTIFICATION

We are delighted to inform you of the result of the E-mail address ballot lottery draw of the Australian cash-out lotto bv international programme,which took place on the 27th of FEB 2007.This is a computer generated lottery of Internet users using email addresses for draws.

This lotto draw is fully based on an electronic selection of winners using their e-mail addresses from different World Wide Web(www)sites.Your e-mail address attached to ticket number: 275-189-657-23-05 with Serial number 8756-05 drew the lucky numbers and bonus ball number which subsequently won you the lottery in the 2nd category.You have therefore been approved to claim a total sum of US$800,000.00 (EIGHT HUNDRED THOUSAND U.S DOLLARS) in cash credit file ref:ILP/HW 47509/02.

This is from the total cash prize of US$2,000,000 Million Dollars,shared amongst the first Ten (10) lucky winners in this category.All participant were selected randomly through a computer balloting system drawn from Nine hundred thousand E-mail addresses from Canada , Australia , United States , Asia, Europe , Middle East , Africa and Oceania as part of our international promotions programme which is conducted annually.This Lottery is being promoted and sponsored by a conglomerate of Multinational companies as part of their social responsibility to the citizens in the communities where they have operational base.

Further more your details(e-mail address) falls within our European representative office in Amsterdam,Holland , as indicated in your play coupon and your prize of US$800,000.00 will be released to you from our regional branch office in WEST AFRICA.We hope with part of your prize, you will participate in our end of year high stakes for US$1.3 billion international draw.Our agent will immediately commence the process to facilitate the release of your funds as soon as you contact him.

PLEASE MAKE SURE THAT YOU QUOTE YOUR BELOW WINNING PARTICULARS WHEN CONTACTING YOUR AGENT:
Ref: 4758961725
Batch: ALLINC 70564943902/188
Winning no: FGNGB2701/LPRC

**وێنەی ژمارە (٣-٩)** نمونەی ساختەی لۆتەری ئوستوڕالیا[١]

لەم جۆرە فریودانەدا، زۆرجار داوای هەندێک زانیاری کەسیت لێ دەکرێت بە بیانوی ئەوەی تا بزانن کە تۆ ئەو کەسەیت کە ئەو خەڵاتە یان یاری بەختەت بۆ دەرچووە. هەندێک جار لە ئەژماری بانکیەکەت دەپرسن تا خەڵاتەکەت بۆ بنێردرێت لەو ڕێگایەوە. فریوێنەران ئەم ڕێگایانە بۆیە دەگرنە بەر تا زانیاری کەسیت بەردەستیان بکەوێت و هەوڵی بردنی هەموو ئەو پارانە بدەن کە لەسەر ئەژماری بانکیەکەت هەبێت.

هەندێک جار فریوێنەران چەکێکی بانکیت بۆ دەنێرن کە بڕێک پارەی لەسەرە وەک بەشێک لەو خەڵاتەی کە بردوتەتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو بڕوایەت لادروست ببێت کە ئەو خەڵاتە شتێکی ڕاستە. لەکاتێک دا ئەو چەکە تانها شتێکی هەڵخەڵەتێنەرەیەو ناتوانیت هیچ بڕەپارەیەکی پێ بەدەست بهێنیت.

فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت پارەکەت دەبەن کە پێیان دەدەیت وە لە بەرامبەریدا هیچ شتێک بەدەست ناهێنیت و هیچ خەڵاتێک وەر ناگریت.

دەشێت هەندێک فریوێنەر هەوڵ بدەن خەڵاتێکت بۆ بنێرن بەڵام ئەو نرخەی نیەو تەنها بۆ ئەوەیە بڕوا بەوە بهێنیت کە ئەوە شتێکی ڕاست بووەو جاری تر گەر شتێکی وات پێگەیشت دووبارەی بکەیتەوە. یاخود هەر نەبێت ئەو بڕوایەت هەبێت کە بە کارێکی خەڵەتێنەر باسی نەکەیت لای کەسانی تر.

هەڵامەی کتێب

### ٣-٢-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری خەڵاتی چاوەڕوان نەکراو و ساختەکاری یاری بەخت

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- هەواڵێک وەردەگریت لەڕێی نامە، یان ئیمەیڵ، یان تێکست میسج، یان پەیامێک لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە کە تیادا وتراوە تۆ خەڵاتێک، یان یاریەکی بەختت بردۆتەوە لە پێشبڕکێ یەکدا، لەکاتێکدا تۆ ئەوە دەزانیت بەشدار نەبوویت لە پێشبڕکێیەک یان کارێکی لەو جۆرە.
- پەیوەندیەکت پێوەدەکرێت و وا پیشان دەدرێت کەوا تۆ بەشێوەیەکی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی ئیمەیڵەکەت، یان ژمارەی تەلەفونەکەت دەرچووە بۆ بردنەوەی خەڵاتێک. لەوانەیە ئەوەت پێ بڵێت کە ئەم شێوە ئۆفەرە یاسای یەو ڕەزامەندی حکومەتی هەیە.
- هەواڵی بردنەوەی دیاریەکت پێدەدرێت و بۆ ئەوەی دیاریەکە وەربگریت داوات لێ دەکرێت کە بلیتێک بکڕیت، یان بڕەپارەیەک بدەیت، یان پەیوەندیەکی تەلەفونی بۆ ژمارەیەکی خۆیان بکەیت کە پێت دەدەن. هەندێک جار ئەو ژمارانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاری دەهێنن بە ١٩٠ دەست پێدەکات، بەڵام مەرج نیە هەر بەو ژمارەیە دەست پێبکات و دەشێت کۆدی هەر ژمارەیەکی وڵاتەکەی خۆت بێت. هەروەها دەشێت داوات لێ بکەن کە زانیاری لەسەر ئەژماری بانکیەکەت بدەیت پێیان، یان ئەو بڕەپارەیەی داوات لێکراوە لەڕێی خزمەتگوزاری گواستنەوەی بانکیەوە بنێردرێت بۆیان.



## ٣-٣) ساختەکاریی خەڵاتی سەفەر بکە

کێ هەیە لە ئێمە حەز نەکات بە بردنەوەی دیاریەک کە چانسی ئەوەی پێ بدات گەشتێکی ئاوازە ئەنجام بدات. بەڵام وریابە، فریوێنەرانی ساختەکاری خەڵاتی سەفەر بکە هەوڵ دەدەن بەوە بتخەڵەتێنن کە داشکاندنێکی گەورەت بۆ کراوە لە تێچوی سەفەر بۆ شوێنێکی دڵرفێن لە یەکێک لە شارەکان، یاخود لە وڵاتەکان بۆ بەسەربردنی یەکێک لە پشووەکانی ساڵ. یان دابینکردنی تکتێکی خۆڕایی فڕۆکە بۆ مەبەستی گەشتێک بۆ وڵاتێک، شوێنێک، یان ئۆفەری شوێنی مانەوەت لە یەکێک لە هۆتێلە پێنج ئەستێرە بەناو بانگەکان بە خۆڕایی.

هەوڵنامەی کتێب

<u>نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری خەڵاتی سەفەر بکە</u>

گەر بمانەوێت ئاشنابین بە ئەو کارە فریوێنەرانەی کە لە ڕێگای ساختەکاری خەڵاتی سەفەربکە ئەنجام دەدرێت، نمونەمان زۆرە. یەک لەو نمونانە، چیرۆکی کچێکە بەناوی نیکۆل، هەروەک لە وێنەی ژمارە (٣-١٠) داهاتووە. کاتێک کە ئەم خانمە لە ئینتەرنێت گەڕان دەکات بەمەبەستی پلان دانانی بۆ سەفەرکردن و بردنەسەری کاتێکی خۆش بۆ کاتی پشوی. نیکۆل، لە پڕ پەنجەرەیەک لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەی دەردەکەوێت و ئەو پەیامەی پێ ڕادەگەیەنێت کە ئەو خانمە خەڵاتێکی بردۆتەوە. لە پەیامەکەدا داواکراوە کە بەزوترین کات پەیوەندی بکات بە ئەو ژمارە تەلەفونەی کە لە پەیامی بردنەوەی خەڵاتەکەدا هاتووە. پاش ماوەیەکی کەم ئەم خانمە هەڵ دەستێت بە پەیوەندیکردن بە ئەو ژمارە تەلەفونەوە. لەوەڵامدا بە دەنگی ئافرەتێک ئەوە دووپاتکرایەوە کە ئەو خانمە خەڵاتێکی بەسەربردنی پشووی بردۆتەوە.

پاش ئەوەی کە فریوێنەرەکە زانیاری تایبەت بە کارتی متمانەی نیکۆل بەدەست دەهێنێت، پێی دەڵێت کە کڕینی ئەو پاکێجی پشووە بۆ نیکۆل قفڵ بووە. نیکۆل لەم پەیامە وا تێدەگات کە بەشێک لە پارەی کڕینی پاکێجی پشووەکەی لەسەر حساب کراوە، هەربۆیە نیکۆل داوای پاشگەز بوونەوە دەکات. بەڵام خانمی سەر هێڵی تەلەفونەکە ئەو داوایە ڕەت دەکاتەوە. پاش ئەوەی نیکۆڵ پێداگری لەسەر پاشگەزبوونەوە دەکات، خانمی سەر هێڵی تەلەفونەکە، نیکۆل ئاراستەدەکات بۆ هێڵێکی تر تا لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەیدا قسەبکات. بەهەمان شێوە بەڕێوەبەریش ڕەزامەند نابێت بە پاشگەز بوونەوەی نیکۆل لە کڕینی ئەو پاکێجە، هەربۆیە پێشنیار دەکات بۆ نیکۆل تا ئەو پاکێجە بەکار بهێنێت بۆ کەسێکی تر گەر خۆی ویستی نیە لەسەری. ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە کە لەم ڕێگایەوە کەسانی تریش پەلکێشی کاری فریودانەکەیان بکەن، نەک یارمەتی نیکۆل بدەن. لەم چیرۆکی فریودانە یا، ئەو کەسانە بەشێوەیەک کار دەکەن کە ئەوە بخەنەڕوو تەواو کارەکانیان دروستە، هەربۆیە ئەم گفتوگۆیە بەردەوام دەبێت کە نیکۆل ئەستەم دەبێت کە لە مەبەستی پەیوەندیکەران تێبگات.

پاشان نیکۆل پەیوەندی دەکات بە ڕاژەی خزمەتگوزاری ئەو بانکەی کە ئەژمارەکەی هەیە تیایدا، تا داوایان لێبکات لەڕێی سیستمی بانکی خۆیانەوە ڕیگری لەو کارە بکەن و ئەو کڕینە هەڵبوەشێننەوە. پاشان، هاوسەری نیکۆل گەڕان دەکات لەڕێگای ئینتەرنێتەوە و ئەو شوێنە دەدۆزێتەوە کە بەئەو کارە هەڵساون. هەر بۆیە کارمەندان پاشان داوای لێبوردن دەکەن لەو کارە و بە کارێکی بێ پلان داڕێژراوی دا دەنێن. هەرچەندە نیکۆل لەڕێگای سیستمی بانکیەوە ئەو مامەڵەیەی پوچەڵ کردەوە، بەڵام ئەم کارە بوە هۆی ئەوەی کە تووشی ناڕەحەتیەکی زۆر ببێت.

لەم چیرۆکەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەبەست لە فریودان تەنها کەسانێک نیە کە شوێن و پێگەیەکی کاریان نە بێت و تەنها کاریان فریودان بێت بۆ بەدەستهێنانی بڕیک پارە لە شوێنێکی نادیارەوە. بەڵکو دەشێت کە چەندین کۆمپانیاو شوێنی تایبەت هەبن کە بەدەر لە بنەما یاسای یەکان جۆرێک لە سەرلێشێوان و بەزۆر هاندان بەکار بهێنن بۆ ساغ کردنەوەی کاڵاکانیان. ئەم جۆرە کارانە دەچنە ڕیزبەندی کاری فریودانەوە، جا ئێمە کە تووشی ئەم شێوازی فریودانانە دەبینەوە لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێی بزانین یان نەزانین.

! لەم نمونەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن فریوێنەران بە شێوازی جیا جیا هەوڵی فریودان و کاری ساختەکاری دەدەن بۆ بەدەستهێنانی بڕێک پارە.

هەموو جۆرە هەوڵدانێک بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکان و بەهەڵەدا بردنی کڕیار کاتێک کە ویستی کڕینی کاڵایەکی هەبێت، ئەوا دەچێتە ڕیزی کاری فریودانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# Travel prize scam: The holiday prize which nearly cost Nicole thousands of dollars



Nicole was browsing the internet planning for her next holiday when a pop-up message appeared on her screen informing her that she had won a holiday to the Bahamas. To claim her prize she would have to call the number listed within three minutes. Nicole immediately called the number. A female voice with an American accent answered the call and told Nicole in an excited voice that she'd won the holiday.

'The woman who answered the phone spoke very quickly and I was quite excited so when she asked me if I accepted the holiday, I immediately said "yes". I was very excited and my adrenaline was right up,' Nicole explained.

The woman mentioned some figures that didn't seem to have any connection to the holiday prize, and asked Nicole for her credit card details. It wasn't until she asked for these details that Nicole began to suspect that she had not really won an all-expenses-paid holiday package. After the woman had taken Nicole's credit card details, she told Nicole that she was 'locked in' to buying the holiday.

⚠ **Do not send any money** or give any payment details to claim a prize or lottery winnings.

Nicole panicked when she heard the term 'locked in' and realised that part of the holiday cost had been charged to her credit card. Nicole asked to withdraw but the woman on the

**وێنەی ژمارە (٣-١٠)** خەڵاتی سەفەر بکە[١]

ئەمە تەنها نمونەیەکی بچوک بوو تا لەوە تێبگەین کە چۆن فریودان و کاری ساختەکاری لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێت.

نمونەیەکی تر پێدانی تکتێکی سەفەرکردن کە لە وێنەی ژمارە (٣-١١) دا هاتووە. بەڵام کە دێیتەسەر سەفەرکردن و لەکاتی بەکارهێناندا ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە ئەم تکتە ساختەکراوە و ناش توانیت پەیوەندی بەو شوێنەوە بکەیت کە دابینی کردوە بۆت.




**وێنەی ژمارە (٣-١١)** شێوازێکی دیکەی خەڵاتی تکتی سەفەر بکە[٤]

## ٣-٣-١) چۆن فریودان و ساختەکاری خەڵاتی سەفەر بکە کار دەکات؟

ساختەکاری خەڵاتی سەفەربکە زیاتر کاتێ پێت دەگات کە هەوڵی گەڕان بۆ بەدەستهێنانی پاکێجێکی سەفەر بۆ بردنەسەری ماوەیەک لە شوێنێک، یان بۆ بەدەستهێنانی تکتی فڕۆکە، یاخود پێش وەخت گرتنی شوێنێکی مانەوە لە یەکێک لە هۆتێلەکان. کاتێک کە خۆت تۆماردەکەیت لە وێبسایتی ئەو شوێنانە وە داوا دەکەیت کە لە داهاتودا زانیاریت لە لایەن ئەو شوێنانەوە پێبگات، بەماوەیەکی کەم پاش خۆتۆمارکردنت، ئاگادارکردنەوەیەکت بە تەلەفون، ئیمەیل، یاخود هەر هۆکارێکی تری پەیوەندی پێدەگات. لەو پەیوەندیانەدا وا پیشان دەدەن کە تۆ خەڵاتێکت بردۆتەوە لەپای کڕین، یان هەوڵ دان بۆ کڕینی پاکێجێکی سەفەر. زۆر جار بڕی ئەو خەڵاتە ئەگاتە بڕی ٢٠٠٠ بۆ ٣٠٠٠ دۆلار.

کاتێک کە تۆ بەشداری لە وەڵامدانەوەی ڕاپرسیەکی ئۆنلایندا دەکەیت، لە ئەنجامی ئەوە ئاگادار کردنەوەیەکت پێدەگات سەبارەت بە بردنەوەی پاکێجێکی سەفەر. کاتێک کە داوای بەدەستهێنانی دیاریەکە دەکەیت داوات لێ دەکرێت کە پێویستە هەڵبستیت بە کڕینی پاکێجێکی تری سەفەر. فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە کەسانێک بەوە هەڵبخەڵەتێنن کە ئۆفەری گەشتێکی ئاوازەیان بۆ تایلاند، بالی، یەکێک لە دوورگە بەناو بانگەکان، فلوریدا، یاخود هەر جێگایەکی تر بۆ دابینکراوە بە داشکاندنێکی زۆر گەورەوە. لەڕاستیدا گەر بتەوێت پشتڕاستی ئەو زانیاریانە بکەیتەوە لە سەرچاوەیەکی دروست، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە گەشتێکی لەو جۆرە بوونی نیە.

هەرکات بڕیارت دا کە بەدوای ئەو خەڵاتەدا بچیت و هەوڵی بەدەستهێنانی بدەیت، ئەوا داوات لێ دەکرێت کە زانیاری لەسەر ئەژماری بەنکیەکەت، زانیاری کەسیت، وە کارتی متمانەت بخەیتە بەردەستیان تا بتوانن لەو ڕێگایەوە دیاریەکەت بۆ بنێرن. هەر کات ئەو زانیاریانە کەوتە بەردەست فریوێنەران ئەوا هەوڵی ئەوە دەدەن لەڕێگای ئەوە وە هەرچی پارەی سەر ئەژماری بانکیەکەت هەیە ببەن. ئەشێت کە زانیاری کەسیت بەکار بهێنن لەبری کەسێکی تر کە تاوانێکی کردبێت یان کاری فریودان و ساختەکاری تری پێوە بکەن.

⚠ ئەو خەڵاتەی پەیمانت پێدرابوو، یان هەرگیز بەدەستت ناگات، یان هەندێک جار گەر بۆت بنێرن ئەوا لە دوا جاردا کاتێک دەخوازیت سەفەرەکە بکەیت، ئەو ئۆفەرە هیچ بوونێکی نیەو کاری پێ ناکرێت.

### ٣-٣-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری خەڵاتی سەفەر بکە

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- پەیوەندیەکت پێوە دەکرێت لە لایەن کەسێکەوە، ئەوەت پێ ڕادەگەیەنرێت کە تۆ خەڵاتێکت بردۆتەوە کە تایبەتە بە گەشت، یاخود بەشداربونت لە پێشبڕکێ یەکدا کە تۆ لەڕاستیدا تێیدا بەشدار نەبوویت. بۆ بەدەستهێنانی پاکێجی گەشتکردن بۆ بردنەسەری پشووەکەت، پێویست دەکات کە تۆ بڕە پارەیەک بدەیت کە کەمترە لە نرخی ئاسایی ئەو گەشتە. زۆرجار داوا دەکرێت کە تۆ هەڵبستیت بە پێدانی ئەو بڕە پارەیە لەڕێی چەکی بانکی، یان خزمەتگوزاری گواستنەوەی پارە لەڕێی بانکەوە. هەروەها لایەنی پەیوەندی کار هیچ زانیاریەکی تر بەردەستت ناخات لەسەر شێوازی پەیوەندیکردن جگە لە ئیمەیل و ناونیشانی پۆستە.
- کاتێک کە پەیوەندیت پێوەدەکرێت بەمەبەستی پێدانی هەواڵی بردنەوەی خەڵاتێکی سەفەر، فریوێنەران و ساختەکاران خۆیان دەناسێنن بەوەی کە نوێنەرایەتی کۆمپانیایەکی هێڵی ئاسمانی، یان زنجیرە میوانخانەیەک دەکەن کە ناوبانگێکی باشیان هەبێت. ئەمەش بۆ ئەو مەبەستەی کە تۆ قەناعەت پێ بهێنن کە ئەوان مامەڵەیەکی ڕاستگۆیانە دەکەن.

هەولێرنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب




## ٣-٤) ساختەکاری سکراتچی (بەسەرپێی ئامادەکراو)

فریودانی "ساختەکاری سکراتچی (بەسەرپێی ئامەدەکراو)"، خۆی لە ناردنی شێوازی ئەو فۆرمانەدا دەبینێتەوە کە بەسەرپێی ئامادەکرابن کە تیایدا بەڵێنی جۆرێک لە جۆرەکانی دیاری لەخۆدەگرێت بەجۆرێک براوە پێویستە بڕێک پارە بدات لەپای وەرگرتنی.

یەک لەو نمونانەی کە بەم شێوازە دەنێردرێت، بریتیە لە ناردنی کارتێکی ئامادەکراو کە تیایدا هەواڵی ئەوەت پێدەدات کە تۆ بڕێکی زۆر پارەت بردۆتەوە بۆ نمونە ١٥٠٠٠٠ دۆلار. لە دووەم نێردراودا تەنها سوپاس گوزاریە بۆت. کاتێک دەخوازیت دیاریەکە بەدەست بهێنیت داوات لێ دەکرێت کە بڕێک پارە بۆ نمونە بڕی ١٠٠٠ دۆلار بدەیت بۆ بەشداربوونت لە یانەیەکدا، گوایا ئەو دیاریە تەنها بۆ بەشداربوانی ئەو یانەیەیە. فریوێنەران داوادەکەن کە لەڕێی سیستمی بانکیەوە ئەو بڕە پارەیە بنێریت. فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەهەمان شێوە داوای هەندێک زانیاری کەسی و دۆکۆمێنت لێ دەکەن.

ئەم جۆرە کارانە لە هەندێک لە وڵاتان زۆرە. لە زۆر شوێن بانگێشت نامەیەکی لەو جۆرەت بۆ دێت، یان لە ڕۆیشتننت لە شەقامەکان بەدەستت دەگات. داوات لێ دەکرێت بە چونت بۆ ناونیشانێکی دیاریکراو تا لەوێ بەشداربیت و لەپای ئەوە دیاری بەنرخت پێ بدرێت. ئەوەت پێدەڵێن کە کاتێکی زۆر کەمی دەوێت و دەشێت شوێنەکەش زۆر نزیک بێت لەو شوێنەی کە تۆ نیشتەجێی لێی. بەڵام پاش چون ماوەیەکی زۆر گلت دەدەنەوەو چەند شتێکی بێکەڵک دەخەنە بەردەستت تا لەبری بردنیان بڕێک پارە بدەیت. تۆش لەبەر ئەوەی کە زۆرجار لەو شوێنە نامۆیت و شارەزانیت ناچار دەبیت بە پێدانی ئەو بڕە پارەیەو لە بری ئەو پارەدانەشدا ئەو شتە بێکەڵکە وەربگریت.

❗ گەر لەدەرەوەی کوردستان بژین، یان بۆ سەفەر چوبینە دەرەوەی کوردستان، ئەوا دەشێت ساختەکاری سکراتچی بەسەر زۆرێکماندا هاتبێت بەڵام بە ئاسایی وەرمان گرتبێت و نەمانزانیبێت کە ئەمە کاری فریواندن و ساختەکارانی سکراتچی یە.

نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری سکراتچی (بەسەرپێی ئامادەکراو)

یەک لەو نمونانە لەسەر ڕوداوێکی ڕاستەقینەیە لە ئیندۆنۆزیا لەزاری فریوێنراوان خۆیانەوە وەک خۆی هەروەک لە وێنەی ژمارە (٣-١٢) دا هاتووە. لەم چیرۆکەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە چۆن فریوێنەران درکت پێ دەبەن و لەڕێی پێدانی کارتێکی ئامادەکراوەوە بانگێشتت دەکەن بۆ شوێنێکی دیاری کراو، تا وات لێ بکەن بەو کارە هەڵبستیت ئەوەت پێ ڕادەگەیەنن کە لە پاداشتدا دیاریەک بەدەست دەهێنیت. لەبەر ئەوەی کەسەیری داواکاریەکە دەکەیت وا هەست دەکەیت کە هیچ لەسەر تۆ ناکەوێت و بەڵکو گەر کاتت هەبێت ئەشێت کاتێکی کەمی خۆش بەسەر ببەیت و بە شتێکی نوێ ئاشنا بیت. بەڵام لە ڕاستیدا وا دەر ناچێت و پاش چونت دەخرێیتە ئاستێکی وەهاوە کە داواکاریەکانیان بەهەند وەربگریت. بەمەش جگە لە کات بەفیڕۆدانەکە بڕێک پارەشت لەکیس دەچێت.



Lulu1Perth
Perth

Level 2 Contributor

42 posts

1 review

**Beware the scratchy scam!!!!Seriously!!!!**


Aug 30, 2009, 10:01 PM

We went to Bali for the first time in June this year and being totally naive and unaware, we found ourselves in a horrible situation! As we were coming out from hardy's in sanur, we were offered a scratchy card each to supposedly win a prize. We declined this dubious offer, but the person was so pushy we thought ok, lets take it and then we'll be on our way. Well, bad, bad move that was. After scratching our cards we were excitedly told that we'd won fabulous prizes, but only if we went with this person 5 minutes down the road could we collect them. Mmmm, alarm bells started to ring. This person begged us to go with him because it would mean he would get paid money and his family were desperately poor. Being the good hearted people that we are (suckers), we thought ok, it's only down the road, we'll help this guy out and then we'll be on our way. Turned out to be 20 mins down the road to a bizarre office where we were stuck for the next hour in a room full of other tourists. We were pressured by salesmen/con men into buying so called bargain holidays at a 'special price'. This was a scary situation and we eventually made an excuse to get the hell out of there. These people became extremely aggressive and intimidating. There were no so called prizes, not surprised by that, and we got out of there real fast and found our own way back to Sanur. If we hadn't of left when we did, they were planning on keeping us there for another 2 hours! Please be aware that you will be offered these cards all the time, everywhere! The number of times we were approached after our experience was unbelievable! We certainly knew how to respond! I wish we had of read about this scam before we'd gone to Bali, it would of ruled out this horrible experience. So please, don't ever accept one of those cards or you'll end up being mugs like us! PS It's taken me this long to put on this site because I feel really embarrassed at being such a sucker!

**وێنەی ژمارە (٣-١٢)** نمونەی چیرۆکێکی ساختەکاری سکراتچی[٥]

نمونەیەکی تر لە ساختەکاری سکراتچی Tunes travelling scratchie scam ،ە هەروەک لە وێنەی ژمارە (٣-١٣) دا وێنەیەکی پیشان دراوە.

لەم جۆرە فریودانەدا، کەسی فریوێنراو دوو جۆر کارتی سکراتچەری پێ دەگات. لەیەکەمیاندا هەواڵی بردنەوەی خەڵاتێکە بە بڕێک پارەی دیاری کراو، بەڵام کارتی دووەم تەنها کارتێکی سوپاس گوزاری یە. هەر کە وەڵامت هەبوو بۆیان ئەوا داوای پێدانی بڕێک پارە دەکەن لە پای بەشدار بوونت لەو یانەیە، یان شوێنە تا پاشان بتوانیت بەو خەڵاتە بگەیت.




**وێنەی ژمارە (٣-١٣)** نمونەی شێوازێکی دیکە لە ساختەکاری سکراتچی[٦]

### ٣-٤-١)   چۆن فریودان و ساختەکاری سکراتچی کار دەکات؟

کارتی بەسەرپێی ئامادەکراو Scratchie cards بەزۆری بەکار دەهێنرێت بۆ پێدانی هەواڵی بردنەوەی یاریەکی بەخت، یاخود کردنی گەشتێک. بەڵام لەپاشاندا لە بەرامبەر وەرگرتنی ئەو دیاریە داوای بڕێک پارەت لێدەکرێت، یان داوات لێ دەکرێت کە بەشداربیت لە یانەیەک ئەویش بە پێدانی بڕێک پارە بەو یانەیە لەبەرامبەر بون بە ئەندام.

فریوێنەران چانسی کردنی سەفەرێک بۆ شوێنێکی دڵڕفێن، بردنەوەی بڕێک پارە، یاخود دیاریەکی بەنرخ دەخەنە بەردەستت. کاتێک پەیوەندی دەکەیت بۆ بەدەستهێنانی، ئەوان داوای پێدانی بڕێک پارە دەکەن لەبەرامبەریدا. ئەشێت داوای ئەژماری بانکی و زانیاری کەسیشت بکەن. هەندێک جار ئۆفەری ئەوە دەخەنە بەردەستت کە سەفەر بکەیت بۆ وڵاتێکی تر تا دیاریەکە وەربگریت.

فریوێنەران پاکجێکت دەخەنە بەردەست کە دەشێت شێوەیەکی پرۆفیشەڵانەی پێ وە دیاربێت. ئەدرەس و ژمارەی تەلەفون و وێبسایت و ئیمەیڵ لەخۆ دەگرێت، تا ئەو بڕوایەت لادروست بکەن کە شتێکی یاسایی و دروستە.

ئەو بڕە پارەیەی کە داوات لێ دەکەن بیدەیت لە پای بەدەستهێنانی ئەو پاکێجەی پێشکەشیان کردویت بڕێکی زۆرە، زۆر جار لە سەررو ١٠٠٠ دۆلار دەبێت. لەکاتی دانی ئەو بڕە پارەیە ئەوا پارەکەت دەبردرێت و هیچ دیاریەک لەبری بەدەستت ناگات. گەر زانیاری کەسیت کردبێتە بەردەستیان ئەوا دەشێت لە کاری نایاسایدا بەکاری بهێنن.

هەولنامەی کتێب

## ٣-٤-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری سکراتچی (بەسەرپێی ئامەدەکراو)

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- نامە یان بڕۆشۆرێکت بۆدێت لە مەیڵ بۆکسەکەتدا کە کارتێکی بەسەرپێی ئامادەکراوی تێدایە و داوات لێ دەکرێت کە بڕێک پارە، یان زانیاری لەسەر ئەژماری بانکیەکەت بدەیت تا ئەو دیاریەت بەدەست بگات.
- کاتێک کە فریوێنەران ئۆفەرەت پێشکەش دەکەن، وا پیشان دەدەن کە لەڕوی یاساییەوە تەواو مافی تۆیەو مافی کەسێکی تر نیە بەدەستی بهێنێت و ڕەزامەندی لایەنی حکومی لەسەرە.

هەواڵنامەی کتێب



## ٣-٥)  شرۆڤەی ساختەکاری بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو

داتای لیستی (٣-١) تایبەتن بەئاماری کاری فریوێنەرو ساختەکاری لەڕێی "بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو" ەوە کە ڕویان داوە و تۆمارکراون لە وڵاتی ئوسترالیا بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٦ و ٢٠١٥.

**لیستی (٣-١)** ئاماری کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان

لەڕێی "بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو" ەوە بەپێی ساڵ[١]


| ساڵ | بڕی پارەی لەدەست دراو بە دۆلار | ژمارەی ریپۆرت | ڕێژەی سەدی فریوێنراوان بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نادیار |
| ٢٠١٧ | ٢,١٧٦,٩٣٨ | ١٥,٧٩٤ | ٪٤٢,٢ | ٪٥٥,٦ | ٪٢,٢ |
| ٢٠١٦ | ٢,٣٧١,٥٧٤ | ٩,٣٢٠ | ٪٤٢,٢ | ٪٤٥,٩ | ٪١١,٩ |
| ٢٠١٥ | ١,٧٨٤,٧٦١ | ٤,٩٧٣ | ٪٣٧ | ٪٤٤,٤ | ٪١٨,٦ |

لە لیستی ژمارە (٦-١) دا، بڕی پارەی لەدەست دراو بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧، ٢٠١٦، وە ٢٠١٥ خراوەتەڕوو. لەهەمان کاتدا ئاماژە دراوە بە ژمارەی ئەو ریپۆرتانەی کە پشتیان پێ بەستراوە بۆ دەرخستنی ئەو ئامارانە، لەگەڵ ڕێژەی بەرکەوتووان بە پێی ڕەگەز بۆ هەر ساڵێک.

هەولێرنامەی کتێب

بەپشت بەستن بە ئەو ئامارانەی کە لە هێڵکاری ژمارە (٣-١) دا هاتووە، بەشێوەیەکی گشتی لەساڵی ٢٠١٧ دا بڕی (٢,١٧٦,٩٣٨) دۆلار پارە لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری "بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو" ەوە دزراوە لە هاوڵاتیان لە وڵاتی ئوستڕالیا، ئەمەش تەنها بە پشت بەستن بە (١٥,٧٩٤) ڕیپۆرت. لەکاتێکدا فریوێنەران تەنها بەڕێژەی ٢,٣٪ سەرکەوتووبون لەوەی کە بڕێک پارە بەدەست بهێنن لەڕێی کارە فریوێنەرەکانیانەوە، بە پشت بەستن بە ئەو ڕیپۆرتانەی کە ئەم کارانەیان خستۆتەڕوو.


| ٪ ڕیپۆرت کە پارە لەدەست دراوە | ژمارەی ڕیپۆرت | بڕی پارەی لەدەست دراو |
| --- | --- | --- |
| ٪٢,٣ | ١٥,٧٩٤ | $٢,١٧٦,٩٣٨ |



هەواڵنامەی کتێب


**هێڵکاری ژمارە (٣-١)** پەیوەندی پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

بۆ هەمان ساڵ، هەروەک لە هێڵکاری ژمارە (٣-٢) دا خراوەتەڕوو، زۆرترین ئەو شێوازی پەیوەندیکردنانەی کە بەکارهاتوون بۆ کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو" ەوە و پارەی تیادا لەدەست دراوە بە بەراوردکردنیان بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کەهەن لە وڵاتی ئوسترالیا لەڕێگای ناردنی بەریدەوە بووە، پاشانیش لەڕێگای تەلەفون و ئیمەیڵەوە بووە.





**هێڵکاری ژمارە (٣-٢)** شێوازی پەیوەندیکردن و پارەی لەدەست دراو بە پێی ژمارەی ڕیپۆرت[١]

لە هەمان ساڵ و بە پێی هەمان سەرچاوە، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە فریوێندراون و پارەیان لەدەست داوە بە هۆی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو" ەوە زیاتر لە تەمەنی (سەروو ٦٥ ساڵ) ەوە بوون، هەروەک لە هێڵکاری ژمارە (٣-٣) دا خراوەتەڕوو. ئەمە لەکاتێکدا ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە تۆماریشکراون بە بەراورد بە تەمەن زیاترینیان لەسەروو ٦٥ ساڵەوە بووە، پاشانیش تەمەنی (٥٥ ساڵ بۆ ٦٤ ساڵ) بە پلەی دووەم دێت.




**هێڵکاری ژمارە (٣-٣)** پارەی لەدەست دراو بە پێی تەمەن و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

لە هێڵکاری ژمارە (٣-٤) دا هاتووە، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لە ڕەگەزی نێرن و پارەیان لەدەست داوە لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری "بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو"ەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە ڕەگەزی مێن زیاترە. وەک دەبینین ٥٨,٥٪ ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی نێرن، لە کاتێکدا ٤٠,١٪ ی ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی مێن. بەڵام ١,٤٪ ئەو کەسانەی کە کاری فریوێنەرانیان ڕیپۆرت کردووەو پارەیان لەدەست داوە ئامادەنەبوون کە ڕەگەزی خۆیان دیاری بکەن. بەپێی هەمان سەرچاوە، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ڕیپۆرتی کارە فریوێنەرەکانیان کردووە و لە ڕەگەزی مێن زیاترە لەوانەی کە لە ڕەگەزی نێرن.




**هێڵکاری ژمارە (٣-٤)** پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت بە پێی ڕەگەز[١]



هەواڵنامەی کتێب

# بەشی چوارەم

## فریودان و ساختەکاری لەڕێی ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز (وەهمی)

### سەیرکردنێکی گشتی

ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنی **کاری فریودان** و ساختەکاری لەڕێی "ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز (وەهمی)". ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز (وەهمی)، جۆرێکی ترە لە جۆرەکانی فریودان کە بەزۆری فریوێنەران و ساختەکارانی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت پەنایان بۆ دەبەن بۆ کاری فریودان. هەر لەم بەشەدا چۆنیەتی کارکردنی ئەم جۆری فریودانە خراوەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕوی نیشانەکانی هۆشداری. ئاماری پێویست سەبارەت بە کاری فریودان لەڕێی ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز (وەهمی) لە کۆتایی ئەم بەشەدا خراوەتەڕوو. هەروەها تیشک خراوەتەسەر تێکڕای پارەی لەدەستدراو بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کە بۆ ئەو مەبەستە بەرزکراونەتەوە، هەروەک چۆن جۆرەکانی پەیوەندی و ڕێژەی پارەی لەدەستدراو بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەڕێی ئەو ئامارانەوە خراونەتەڕوو.

## ١-٤)   شێوازەکانی فریودان لەڕێی ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز

فریوێنەران زۆرجار بەخشندەیی و باشی کەسەکان دەقۆزنەوە بۆ بەدەستهێنانی  بڕێک پارە. بەکارهێنانی ڕێکخراوی خێرخوازیی فێڵباز (وەهمی) یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاری دەهێنن. فریوێنەران وا پیشان دەدەن کە ئەوان هەڵ دەستن بە کۆکردنەوەی پارەو کۆمەک بۆ لێقەوماوانی دوای ڕودانی کارەساتێکی سروشتی، یان لێقەوماوانی ئەو شوێنانەی کە شەڕو توندو تیژی تیایاندا ڕودەدات.

! هەرکات لەلایەن ڕێکخراوێک، یان کەسانێک کە کاری کۆکردنەوەی کۆمەک دەکەن هەوڵ درا بخرێیتە ئاستێکی شەرمەزاری یەوە تا ناچاربیت بەشداربیت لە بەخشین بەو ڕێکخراوە، ئەوا هەوڵ بدە پێشتر لە دروستی ئەو کارە بکۆڵیتەوە لەبەر ئەوەی کارمەندی ڕێکخراوی خێرخوازی نابێت بەو شێوازە هەڵسوکەوت و مامەڵە بکات.





**وێنەی ژمارە (١-٤)** وێنەیەک ئاماژە بە ڕێکخراوێکی فێڵباز دەکات[٧]

بە پشت بەستن بە پێگەی فەرمی وڵاتە یەکگرتووەکانی بەریتانیا کە تایبەتە بە کەرتی گشتی[٨]، هەروەک هەرسێکتەرێکی تر، سێکتەری خێرخوازی بەدەرنیە لە کاری فریودان و ساختەکاری. کاری فریودان و ساختەکاری مەترسیەکی جدیە لەسەر ڕۆڵ و کاری ڕێکخراوە خێرخوازیە ڕەسەنەکان، هەروەک چۆن مەترسی تەواوی کردۆتە سەر ئەو متمانەیەی کە هەیە لەنێوان بەخشەران و ڕێکخراوە خێرخوازیەکان.

بەپێی هەمان سەرچاوە، کاری فریودان زۆرترین تاوانە کە بەردەوام دازگا پەیوەندیکراوەکانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە. بەگوێرەی نوسینگەکە بۆ ئاماری نەتەوەیی، هەر تاکێک لە وڵاتی بەریتانیا دە ئەوەندە زیاتر مەترسی لەسەرە کە بە کاری فریودان و ساختەکاری دزی لێبکرێت وەک لەوەی بەشێوەیەکی تقلیدی. هەربۆیەش فریودان لەڕێی ڕێکخراوی فێڵبازیشەوە لەوە بەدەرنیە.

بە پشت بەستن بە هەمان سەرچاوە قەبارەی پارەی بەفیڕۆدراو لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری ڕێکخراوی خێرخوازی لەم ساڵانەی دوایدا نزیکەی ١٥٠ ملیۆن پاوەند دەبێت[٨]، وە بەشێوەیەکی گشتی نزیکەی ٢ ملیار پاوەند لەساڵێکدا. ئەوە ئاشکرایە کە بەفیڕۆدانی ئەم بڕەپارە زۆرە لەڕێی کاری فریودانەوە کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەسەر کاری ڕێکخراوە خێرخوازیە ڕەسەنەکان، هەروەها ئەو متمانەیەی کە هەیە لەنێوان هاوڵاتیان و ڕێکخراوە خێرخوازیەکان بەرەو لاوازبوون دەبات.

هەروەک لە وێنەی ژمارە (٤-٢) شیکردنەوەیەک بۆ قوربانیانی دەستی فریوێنەران خراوەتەروو، بەپێی هەمان سەرچاوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی بەریتانیا نزیکەی ٥٠٪ پێگەیشتوان کراونەتە ئامانج لە لایەن فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت. هەر بەو پێیەش هەر یەک لە پێنج ی ئەو کەسانەی کە ڕوبەڕووی کاری فریودان بونەتەوە، بونە بە قوربانی دەستی ئەو فریوێنەرانە. ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر ژیان و کەسایەتی و تایبەتمەندی پێگەیشتوان لە کۆمەڵگادا. لەبەر ئەوەی دەشێ ئەم جۆرەکارانە کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر شێوازی ژیانی ئەو کەسانە پاش ئەوەی ڕووبەڕوی ئەو کارە نادروستانە دەبنەوە. ئەمە جگە لەو زەرەرو زیانە مادیانەی لە ئەنجامی ئەوکارانە ڕووبەڕویان دەبنەوە.




**وێنەی ژمارە (٤-٢)** شیکردنەوەیەک بۆ قوربانیانی دەستی فریوێنەران[٨]

### ٤-٢) چۆن فریودان و ساختەکاری ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز کار دەکات؟

فریوێنەران لەڕێی ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵبازەوە بەزۆر شێوە لە خەڵکی نزیک دەبنەوە. ئەو نزیک بونەوەیە دەشێت لە سەر شەقامەکان بێت لەکاتی ڕۆیشتنت، لە شوێنەگشتیەکان، لە دەرگای ماڵەکانتان، یاخود هەر شێوازێکی تری پەیوەندی وەک ناردنی نامەو ئیمەیل بۆ داواکاری و هاندانت بە پێدانی بڕێک پارە بۆ زیانلێکەوتوانی کارەساتێکی سروشتی، یان هەر شتێکی تر کە لەو ساتەدا جێی باس بێت لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکاندا.

دەشێت بە بەردەوامی ئەم فریوێنەرو ساختەکارانە ئەم کارە بکەن، بەڵام زیاتر چالاک دەبن لە کاتی بوونی ڕوداوێک کە زیانی گەیاندبێت بە هاووڵاتیان. دەشێت فریوێنەران ناوی چەند ڕێکخراوێکی خێرخوازی بەناو بانگ بەکار بهێنن، یاخود ناوی تایبەت بە خۆیان هەبێت. جگە لەو ڕیگایانە، زۆر جار فریوێنەران بەناوی یارمەتیدانی مناڵانی بێ لانەو ناساغ ئەو کارە دەکەن.

فریوێنەران لەو ڕێگایانەوە هەست و سۆزی هاووڵاتیان بەهەل دەقۆزنەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕێک پارە. لەڕاستیدا نەک ئەو پارانە بە شوێنی خۆی ناگات، بەڵکو شێوازێکی خەڵەتانی خەڵکە. هەروەها ئەم کارە زیانی زیاتر بە ئەو کەسانە دەگەیەنێت کە بەهۆی ئەو کارەساتەوە زیانیان پێ گەیشتووە، لەبەر ئەوەی ئەو یارمەتیانەیان پێناگات و ڕێکخراوە ڕاستەقینەکانیش کۆمەکی پێویستیان بۆ کۆ ناکرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری کۆمەکەکان دەشێت فریوێنەران بەدەستیان هێنابێت بە بێ ئەوەی بگات بەشوێنی خۆی.

## ٣-٤) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- ناوی ئەو ڕێکخراوە خێرخوازیەت نەبیستووە پێشتر، یان ناسراوە بەڵام گومانت هەیە لە وێبسایت، ئیمەیل، یاخود ئەو نامەی داواکاری یەی بەکاری دەهێنن. دەکرێت وێبسایتی هەمان ڕێکخراوی خێرخواز دروست بکرێتەوە بە گۆڕانکاری یەکی زۆر کەمەوە لە ناونیشانەکەیدا، کە بە ئاسانی درکی پێ نەکرێت. هەر بۆیە ئەو یارمەتی یەی کە دەی بەخشیت لەڕێی ئونلاینەوە بۆ جێگایەکی تر دەچێت کە ڕێکخراوە ڕاستەقینەکە نیە.
- ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی یارمەتیەکە بەناوی ڕێکخراوە خێرخوازیەکەوە، هیچ ناسنامەیەکی دروستی پێ نیە کە بیسەلمێنێت کە فەرمانبەری ئەو ڕێکخراوە خێرخوازیەیە. هەندێک جار گەر دۆکۆمێنتی پێ بێت بۆ سەلماندیی ناسنامەکەی، ئەوا دەشێت کەم و کوڕیەکی تیادابێت، یان شێواو بێت. زیاتر داوا دەکات کە پارە ببەخشیت و بە کاش بێت، گەر بتەوێت لەڕێی چەکی بانکی یەوە پارە ببەخشیت هەوڵ دەدات بەناوی کەسەکەوە چەکەکە بکەیت نەک بەناوی ڕێکخراوە خێرخوازیەکەوە. هەوڵ دەدات بتخاتە ئاستێکی شەرمەزاری یەوە تا ناچاربیت بەشداربیت لە بەخشین بەو ڕێکخراوە. گەر نا وات لێ دەکات ئەو هەستەت لادروست ببێت کە تۆ کارێکی باش ناکەیت و وەک تاوانبارێک بتبینێت، گەر بەخشندە نەبیت. لەکاتێکدا کارمەندی ڕێکخراوی خێرخوازی نابێت بەو شێوازە هەڵسوکەوت و مامەڵە بکات.
- لەپای بەخشینی بڕە پارەیەک هیچ پسوڵەیەکی وەرگرتنی بڕە پارەکەت پێ نادات، یان گەر پسوڵەیەکشت پێ بدات ئەوا زانیاری تەواوی ئەو ڕێکخراوە خێر خوازیەی لەسەر نیە.

## ٤-٤) شرۆڤەی ساختەکاری ڕێکخراوی خێرخوازیی فێلباز (وەهمی)

داتای لیستی (٤-١) تایبەتن بەئاماری کاری فریوێنەرو ساختەکاری لەڕێی "ڕێکخراوی خێرخوازی فێلباز (وەهمی)" وە کە ڕویان داوە و تۆمارکراون لە وڵاتی ئوسترالیا بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٦ و ٢٠١٥.

**لیستی (٤-١)** ئاماری کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان

لەڕێی "ڕێکخراوی خێرخوازی فێلباز (وەهمی)" بەپێی ساڵ[١]


هەواڵنامەی کتێب

| ساڵ | بڕی پارەی لەدەست دراو بە دۆلار | ژمارەی ڕیپۆرت | ڕێژەی سەدی فریوێنراوان بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نادیار |
| ٢٠١٧ | ٣١٣,٥٦٣ | ١,١٤٦ | ٪٤٤,٣ | ٪٥٢,٧ | ٪٣ |
| ٢٠١٦ | ١١٠,٠٠٨ | ١,١٧٢ | ٪٤١,٦ | ٪٤٧,٦ | ٪١٠,٨ |
| ٢٠١٥ | ٦٧,٥٤٤ | ٩٩٥ | ٪٣٥,٤ | ٪٤٤,٨ | ٪١٩,٨ |

لە لیستی ژمارە (٤-١) دا، بڕی پارەی لەدەست دراو بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧، ٢٠١٦، وە ٢٠١٥ خراوەتەڕوو. لەهەمان کاتدا ئاماژە دراوە بە ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە پشتیان پێ بەستراوە بۆ دەرخستنی ئەو ئامارانە، لەگەڵ ڕێژەی بەرکەوتووان بە پێی ڕەگەز بۆ هەر ساڵێک.


له هێڵکاری ژماره (٤-١) دا خراوەتەڕوو کە لەساڵی ٢٠١٧ دا بڕی تەنها (٣١٣,٥٦٣) دۆلار پارە لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری "ڕێکخراوی خێرخوازی فیلباز (وەهمی)" ەوە دزراوە لە هاوڵاتیان لە وڵاتی ئوسترالیا. ئەمەش تەنها بە پشت بەستن بە (١,١٤٥) ڕیپۆرت. لەکاتێکدا فریوێنەران بەڕێژەی ١٠,٨٪ توانیویانە کە سەرکەوتووبن لەوەی کە بڕێک پارە بەدەست بهێنن لەڕێی کارە فریوێنەرەکانیانەوە بە پشت بەستن بە ئەو ڕیپۆرتانەی کە ئەم کارانەیان خستۆتەڕوو.

| بڕی پارەی لەدەست دراو | ژمارەی ڕیپۆرت | ٪ ڕیپۆرت کە پارە لەدەست دراوە |
|---|---|---|
| $٣١٣,٥٦٣ | ١,١٤٦ | ٪١٠,٦ |




**هێڵکاری ژمارە (٤-١)** پەیوەندی پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت[١]


بەپشت بەستن بە هێڵکاری ژمارە (٤-٢)، لە هەمانساڵدا، زۆرترین ئەو شێوازی پەیوەندیکردنانەی کە بەکارهاتوون بۆ کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز (وەهمی)" ەوە و پارەی تیادا لەدەست دراوە بە بەراوردکردنیان بەپێی ئەو ریپۆرتانەی کەهەن لە وڵاتی ئوسترالیا لەڕێگای ناردنی ئیمەیڵەوە بووە، پاشانیش لەڕێگای تەلەفون و ئینتەرنێت (وێبسایت)ە وە بووە.




**هێڵکاری ژمارە (٤-٢)** شێوازی پەیوەندیکردن و پارەی لەدەست دراو بە پێی ژمارەی ریپۆرت[١]

هەواڵنامەی کێبڕ


سەبارەت بە تەمەن، بە پشت بەستن بە هێڵکاری ژمارە (٤-٣)، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە فریوێندراون و پارەیان لەدەست داوە بە هۆی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز (وەهمی)" ەوە زیاتر لە تەمەنی (٥٥ ساڵ بۆ ٦٤ ساڵ)ە وە بوون. لەکاتێکدا ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە تۆماریشکراون بە بەراورد بە تەمەن زیاترینیان لە تەمەنی (٢٥ ساڵ بۆ ٣٤ ساڵ) دا بووە، پاشانیش تەمەنی (٣٥ ساڵ بۆ ٤٤ ساڵ) بە پلەی دووەم دێت.




**هێڵکاری ژمارە (٤-٣)** پارەی لەدەست دراو بە پێی تەمەن و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

لە هێڵکاری ژمارە (٤-٤) دا ئەوە خراوەتەڕوو کە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لە ڕەگەزی مێن و پارەیان لەدەست داوە لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری "ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز (وەهمی)" ەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە ڕەگەزی نێرن زۆر زیاترە. وەک دەبینین ٨٩,٥٪ ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی مێن، لە کاتێکدا تەنها ٩,٦٪ ی ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی نێرن. بەڵام ٠,٩٪ ئەو کەسانەی کە کاری فریوێنەرانیان ڕیپۆرت کردووەو پارەیان لەدەست داوە ئامادەنەبوون کە ڕەگەزی خۆیان دیاری بکەن. بە بڕوای من، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو کەسانەی لە ڕەگەزی مێن بەهۆی ئەوەی کە زوتر لە ڕێی جوڵانی هەست وسۆزیانەوە دەکرێت باوەڕ بە شتێک بهێنن کە دەخرێتە بەرچاویان وەک لەو کەسانەی کە لە ڕەگەزی نێرن. بەڵگەش بۆ ئەم بۆچونە ئەوەیە کە ڕەگەزی نێر و مێ بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی ئەو کەسانەی کە هەوڵی فریودانیان دراوە زۆر نزیکن. هەر وەک دەبینین ٥٢,٧٪ ئەو کەسانەی کە ڕیپۆرتی هەوڵ دان بۆ کاری فریوێنەرانەیان لەگەڵ دراوە لەو ڕیگایەوە لە ڕەگەزی مێن وە ٤٤,٣٪ لەو کەسانەی کە بەهەمان شێوە هەوڵی کاری فریوێنەرانەیان لەگەڵ دراوە لە ڕەگەزی نێرن.

هەواڵنامەی کتێب




**هێڵکاری ژمارە (٤-٤)** پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت بە پێی ڕەگەز[١]

هەواڵنامەی کتێب



# بەشی پێنجەم

## فریودان و ساختەکاری لەڕێی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی

### سەیرکردنێکی گشتی

ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕیی "ژوانی ئەوین و خۆشەویستی". ژوانی ئەوین و خۆشەویستی جۆرێکی باوی فریودانە لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە. لەم بەشەدا چەند نمونەیەک سەبارەت بە فریودان لەڕێی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی خراوەتەڕوو. هەروەها باسی چۆنیەتی کارکردنی ئەم جۆرە فریودانە خراوەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕوی نیشانەکانی هۆشداری. هەروەها خستنەڕووی چەند هێمایەک کە هۆکارن بۆ جیاکردنەوەی پرۆفایلی کەسێکی فریوێنەرو ساختەکار لە سەر تۆڕەکانی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی بابەتێکی تری ئەم بەشەیە. ئاماری پێویست سەبارەت بە کاری فریودان لەڕێی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی لە کۆتایی ئەم بەشەدا بەردەستە. هەروەها تیشک خراوەتەسەر تێکڕای پارەی لەدەستدراو بەپیی ئەو ڕیپۆرتانەی کە بۆ ئەو مەبەستە بەرزکراونەتەوە، هەروەک چۆن جۆرەکانی پەیوەندی و ڕێژەی پارەی لەدەستدراو بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەڕێی ئەو ئامارانەوە خراونەتەڕوو.

## ١-٥)   شێوازەکانی فریودان لەڕێی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی

لە فریودانی "ژوانی ئەوین و خۆشەویستی" دا، فریوێنەران سوود لەو وێبسایتانە وەردەگرن کە دروستکراون بۆمەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری گەڕان بەدوای ژوانی ئەوین و خۆشەویستیدا لە لایەن هەوادارانیەوە. هەروەها هەندێک جار سوود لەو ئەپلیکەیشنانە وەردەگرن کە بۆ هەمان مەبەست خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن. زۆرجاریش فریوێنەران پەنا بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەبەن بۆ فریودان و خەڵەتانی بەکارهێنەرانی. فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت، هەوڵ دەدەن کە لەڕێی یاری کردن بەسۆزو ئەوینی بەکارهێنەرانی ئەو پێگانەی کە خزمەتگوزاری ژوانی ئەوین و خۆشەویستی پێشکەش دەکەن کاری فریودان ئەنجام بدەن. ئەمەش بەمەبەستی داواکاری بۆ پێدانی بڕێک پارە، یان پێشکەش کردنی دیاری، یاخود بەدەستهێنانی وردەکاری لەسەر زانیاری کەسی بەکارهێنەران، تا پاشان بەکاری بهێنن بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی پارە بە شێوازی جیاواز. بەمەش فریوێنەران دەیانەوێت بەشێوەیەک لەخشتەت بەرن کە بەجارێک هەم دڵت هەم پارەکانت ببەن.

هەواڵنامەی کتێب

<u>نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری ژوانی ئەوین و خۆشەویستی</u>

وێنەی ژمارە (١-٥) وێنەیەکە ئەو هۆکارانەمان بۆ دەخاتەڕوو کە دەکرێت لێیانەوە ئیمەیڵ، یان میسجی فریوێنەرانی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی پێ بناسینەوە.




**وێنەی ژمارە (١-٥)** هێما بۆ بەدیکردنی پرۆفایلی فریوێنەر[١]

یەک لەو نمونانە کە لەسەر ڕوداوێکی ڕاستەقینەیە سەبارەت بە فریوێنەران و ساختەکارانی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی، ئەویش ڕوداوی خانمێکە بە ناوی ئیمی، کە پاش ئەوەی دڵی خۆی پێشکەش بە فریوێنەرێکی تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەکات لە ئەنجامی خەڵەتانی، ئەو بڕە پارەیەی کە پاشەکەوتیشی کردووە لەدەست دەدات. خانمێک پاش ئەوەی پرۆفایلی خۆی پێش دوو ساڵ لە یەکێک لە وێبسایتەکانی تایبەت بە ژوانی ئەوین و خۆشەویستی دانابوو، لە کۆتایدا لەبەرامبەر ئەوەی لەو ڕێگایەوە دڵی خۆی بەو کەسە بەخشی، جگە لە بەفیڕۆدانی زیاتر لە سێ سەد هەزار دۆلار و سەرئێشەیەکی زۆر هیچی تری دەست نەکەوت. وێنەی ژمارە (٥-٢) سەرچاوەو بابەتی ئەم چیرۆکە دەخاتەڕوو.

ئەم چیرۆکە لەسەرەتادا لە ئێوارانێکی ڕۆژی سێ شەمەی مانگی دوانزدەی ساڵی ٢٠١٣ دا دەستی پێکرد. لەم نامەیەدا خانمێک دەنوسێت:

"تۆ ڕیزبەندکراویت وەکی هاوتایەکی ١٠٠٪! من دڵنیانیم لەوەی کە هاوتابوونی ١٠٠٪ بەمانای چی دێت ... لەسەرەتادا من دەمەوێت کە بپرسم، ئایا تۆ منت بەلاوە پەسەندە؟ پرۆفایلی تایبەت بە من تەماشا بکە."[٩]

پاشان کاتێک ئیمی کەوتە پەیوەندیەکی ئاڵۆزەوە کە زەحمەت بوو بۆی لێی تێبگات، ئەوەی بەبیرهاتەوە کە هۆکاری دروست بوونی پەیوەندیەکە لەسەرەتاوە ئەم بووە. لەبەر ئەوەی ئەم لەسەرەتادا داوای پەیوەنی کرد نەک کەسی فریوێنەر. ئەمەش هەنگاوێکی چارەنوس سازبوو کە وای کرد کاری کەسی فریوێنەر زۆر ئاسان ببێت کاتێک لەسەرەتادا ئیمی ئەمەی نەدەزانی.

دوو ساڵی بەسەردا ڕۆیشتبوو کاتێک ئیمی هاوسەرەکەی گیانی لەدەست دابوو، کە ٢٠ ساڵ بوو ژیانی هاوسەرێتیان پێکەوە بردبووە سەر. چوار ساڵی بەسەردا ڕۆیشتبوو کاتێک کە دایکی لەدەست دابوو. ئەم دوو ڕوداوە کاریگەری نەرێنیان هەبوو لەسەر ژیانی ئیمی کە لە تەمەنی پەنجا ساڵی دا بوو. ژیانی ئاڵۆز و ناڕەحەت بوو لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی بەدەست نەخۆشی شێرپەنجەوە دەیناڵاند بۆ ساڵانێک، ئەوە بوو هەر بە ئەو نەخۆشی یەوە سەری نایەوەو گیانی لەدەست دا، پێش ئەوەی کە بتوانرێت چارەسەری نەخۆشییەکەی بکرێت. ئێستا ئەم تەنهایە لە ماڵێک لە ویلایەتی ڤیرجینیا. ئیمی لە کۆمەڵگایەکدا گەورەبوو کە براو کەس و کارەکەی لە نزیکی خۆی دەژیان.

بەڵام کاتێک کار گەیشتە ئەوەی هەوڵی بینینی پیاوێکی تر بدات لەژیانیدا، ئەوا هەڵبژاردەکانی زۆر سنووردار بوون.

لە پایزی ساڵی ٢٠١٣ دا خۆی تۆمارکرد بۆ سودمەندبوون لە خزمەتگوزاریەکی شەش مانگی وێبسایتێکی بەناوبانگی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی. ئەو خۆی بەکەسێکی شارەزا لە بواری تەکنەلۆجیادا دەزانی. پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆی هەبوو بۆ کاری بازرگانی، هەروەها فەیسبووکی تایبەت بەخۆی هەبوو، وە تەلەفونی زیرەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. لە پرۆفایلی تایبەت بەخۆیدا زۆر ڕاستگۆیانە ئاماژەی بەتەمەنی کردبووکە (٥٧) ساڵە و لەڕووی دارای یەوە پشتی بەخۆی بەستووە. لە پەیجەکەیدا زۆر بەڕاشکاوانە ئەوەی خستبووە ڕوو کە ئەو بەدوای هاوسەرێکدا دەگەڕێت کە سەرکەوتووبێت، زیرەک بێت، حەز بە سەما و سەفەر بکات. حەزی بە یاری نەبوو!.

چەند پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕکردبوو هەروەها چەن پەیوەندیەکی تەلەفونیشی لەگەڵ پیاواندا ئەنجام دابوو. تەنانەت چەند کەسێکیشی بینیبوو بۆ کۆفی خواردنەوەو نانی ئێوارە. بەڵام هیچ کام لەم کەسانە ئەوە نەبوون کە لە پرۆفایلەکەیدا ئاماژەی پێدابوون. هەوڵی دەدا کە کەسێکی تەواو لەو تایبەتمەندیانە بدۆزێتەوە کە خوازیاری بوو. پاشان پرۆفایلی ئەم کەسەی بینی و زۆر سەرنج ڕاکێش بوو بۆی. ئەم کەسە لە پرۆفایلەکەیدا تەمەنی (٦١) ساڵی خستبووە ڕوو، تەواو لەو تایبەتمەندیانە دەچوو کە ئیمی بەدوایدا دەگەڕا، هەربۆیە بڕیاریدا کە پەیوەندی پێوەبکات.

هەولێنامەی کتێب

پاش ئەوەی ئیمی پەیامی خۆی بۆ ئەو پیاوە نووسی کە تەواو لەو کەسە دەچوو کە ئەو بەدوایدا دەگەڕا، هەفتەیەک زیاتری بەسەردا ڕۆیشت ئەم نامەیەی لەوەڵامدا وەرگرت:

"زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەو ئیمەیڵەی کە بۆت نوسیوم، وە زۆر داوای لێبوردن دەکەم کە دواکەوتم لەوەڵامدانەوەی. من زۆر چاودێری ئەم ئەژمارەم ناکەم، بەڵام بەڕاستی پرۆفایلەکەتم بەدڵەو خوازیارم کە زۆر زیاتر بزانم دەربارەت. بەڕاستی خوازیارم کە بت ناسم هەروەک چۆن تۆش ئارەزوت هەیە، سەرەڕای ئەوەش تۆ بەڕاستی کەسێکی زۆر جوانیت. زیاترم پێ بڵی سەبارەت بەخۆت. لەڕاستیدا زۆر باش دەبێت گەر بۆ ئیمەیڵی تایبەت بەخۆم بنوسیت بۆم، لەبەر ئەوەی من زۆر بە دەگمەن ئەم پێگەیە بەکار دەهێنم."[٩]

ئەم پیاوە ئیمەیڵی یاهووی تایبەت بەخۆی لەگەڵ ناونیشان و ناوی خۆی دا بە ئەم خانمە. کاتێک کە ئیمی ویستی دوبارە سەردانی پرۆفایلەکەی بکات لەو پێگەی ژوانی ئەوین و خۆشەویستیە، تەماشای کرد ئەو پرۆفایلە نەماوە. هەربۆیە ئیمی هەستا بە ناردنی ئیمەیڵ بۆ ئیمەیڵە تایبەتەکەی کە بۆی نێردرابوو، وە ئەوەی پێوت کە ئەو پرۆفایلەکەی لەو پێگەیەدا نەماوە. پرسی ئایا خۆت لات بردووە؟ هەروەها بۆی نووسی کە ئەم خوازیارە زانیاری زیاتر دەربارەی بزانێت. هەربۆیە داوای کرد کە زیاتری بۆ بنوسێت و وێنەی خۆی بۆ بنێرێت، تا باشتر بیناسێت.

ئەم پیاوە کە ناوی خۆی بە دووین هێنابوو، نامەیەکی دووردرێژی بۆ ئیمی نارد. لەم ئیمەیڵەدا بە درێژی باسی ژیانی خۆی کردبوو، یەک لەوانەی کە باسی کردبوو جۆری کارەکەی بوو کە وەک "شیکەرەوەیەکی سیستمی کۆمپیوتەر" ی هاتبوو. ئەوەی خستبووەڕوو کە لە کالیفۆڕنیا گەورەبووە. چەندین زانیاریتر لەسەر شێوازی ژیانی و ئەو دانیشتنانەی کە لەگەڵ کەسانیتر هەیبووە. لەماوەی تەنها دووهەفتەدا زیاتر لە هەشت ئیمەیڵی تریان ئاڵوگۆڕکرد.

هەواڵنامەی کتێب

ئەم پەیوەندیە درێژەی کێشاو دووین چەندین چیرۆکی سەفەرکردنی بۆ وڵاتانی جیاواز دەخستەڕوو بەمەبەستی کارکردن و بەردەوام گوڵی بۆ ئیمی دەنارد. دووین توانی پەیوەندیەکی خۆشەویستی بەهێز دروست بکات و هەمیشە ئیمی لە چاوەڕوانی بینینی دووین دا بوو. پاشان دووین چیرۆکێکی بەدەستهێنانی هەلێکی کارکردنی دروست کرد و داوای یارمەتی کرد بە بیانووی ئەوەی کە خۆی ناتوانێت لەم کاتەدا ئەو بڕە پارەیە بەردەست بخات بۆ کارەکەی. بەڵێنی ئەوەی دا کە پاشان ئەتوانێت ئەو بڕە پارەیە بۆ ئیمی بگێڕێتەوە. ئەمە سەرەتایەک بوو کە ئیمی دەست بە ناردنی پارە بکات لەبەر ئەوەی توانای دارایی باش بوو، وە دووین ئەمەی باش دەزانی لەبەر ئەوەی لەو ماوەی پەیوەندیەدا زانیاری تەواوی بەردەست کەوتبوو لە توانای دارایی و هەستی خۆشەویستی ئیمی بۆی.

کاری داواکاری پارە و ناردنی لە لایەن ئیمی بەردەوام بوو، تا ڕۆژێک دووین بەبیانوی ئەوەی کە ڤیزەکەی لە تەواو بوندایەو خوازیارە کە بگەڕێتەوە داوای بڕێکی تر پارەی کرد بۆ کڕینی بلیتی فڕۆکە و سەفەرکردن. هەر بۆیە ئیمی بڕی ١٠,٠٠٠ دۆلاری تری بۆ نارد. دووین کاتی سەفەرەکەی دیاریکرد و بڕیار بوو لە ٢٥ ی مانگی یەکدا بگەڕێتەوە. هەر بۆیە ئیمی بلیتی کڕی بۆ ئەوەی بچێت بۆ ئەو شوێنەی کە ئەو بۆی دەگەڕێتەوەو تا لەوێ یەکتر ببینن. هەربۆیە هەموو کەس و کارەکەشی ئاگادار کردەوە. بەلام ئەم بینینە هەر ڕوی نەدا. هەمیشە بەهۆکاری جیا جیا دووین داوای پارەی دەکرد و ئیمیش بۆی دەنارد. تا لە کۆتایدا ئیمی ئەو ڕاستیەی بۆ دەرکەوت کە ئەو فریوێنراوە و لە ژیانیدا وێنەی ڕاستەقینەی دووینی نە بینی و پارەیەکی ئێجگار زۆریشی لەدەست دا. دواین چەپکە گوڵ کە لە دووینەوە بە ئیمی گەیشت لە ئێوارەی سەری ساڵی ٢٠١٤ دابوو، ئەوە بوو پاشان ئیمی ئیمەیڵێکی نووسی و داوایکرد کە چیتر خوازیار نیە کە ئەو ساختەکاریە ببینێت و کۆتایی بە پەیوەنیەکە هانی. لە پاش چەند خولەکێک دووین وەڵامی دایەوە و پەیمانی پێدا کە چیتر نامە نەنێرێت و ئەوەی نووسی بۆی کە ئەو دەزانێت "ئەم بێتاوانە"هەروەک چۆن "ئەویش." هۆکارەکەشی بۆ نووسینی ئەم ڕستەیە ئەوەبوو کە لە سەرەتادا ئیمی هۆکاری پەیوەندی دروستکردنەکە بوو نەک دووین! وێنەو ناوی بەکار هاتووی ئەم چیرۆکە وەرگیراوەو ڕاستەقینە نین لەبەر تایبەتمەندی بابەتەکە.

هەواڵنامەی کتێب




**وێنەی ژمارە (٥-٢)** چیرۆکی خانمێکی فریوێنراوی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی[٩]

یەکێکی تر لەو نمونانە، چیرۆکی ئافرەتێکی بەتەمەنە بەناوی جۆرجینا، هەروەک لە وێنەی ژمارە (٥-٣) دا هاتووە. پاش ئەوەی جۆرجینا لە لایەن منالی منالەکانی یەوە ئەکاونتێکی فەیسبوکی بۆ دەکرێتەوە و چەند رێنمای یەکی دەکرێت لەسەر شێوازی بەکارهێنانی. ئەم خانمەش لەبەر ئەوەی پێی وترابوو کە هەموان فەیسبووک بەکار دەهێنن و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە وێنەی منالەکان بە بەردەوامی ببینێت و بەجۆرێک لێ یانەوە نزیک بێت.

ڕۆژێکیان جۆرجینا، نامەیەکی داواکاری بۆ بوون بە هاوڕێ پێ دەگات لە لایەن پیاوێکەوە لە وڵاتی ئەفغانستان بەناوی جیم. ئەم خانمە لە کۆتایدا داواکاریەکە پەسەند دەکات، بەمەش جیم دەبێت بە هاوڕێی جۆرجینا لە فەیسبووک. لەسەرەتادا جیم وا پیشان نادات کە لە دووی ژوان دەگەڕێت، بەڵکو خوازیاری پەیداکردنی هاوڕێیە بۆ بەسەربردنی چەند ساتێک لەبەر ئەوەی کە گوایا ئەو تەنهایە.

جیم بە جۆرجینا ئەڵێت کە خێزانەکەی لە دەست داوە بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە . ئەم چیرۆکەش وەک چیرۆکی هاوسەرەکەی جۆرجینا وایە کە ئەویش بە نەخۆشی شێرپەنجە گیانی لەدەست داوە. پاش ئەوەی پەیوەندیەکەیان زۆر قوڵ دەبێتەوە

جیم چەندین چیرۆکی دروستکراو بۆ جۆرجینا باس دەکات. لە کۆتایدا جیم دەتوانێت کە باوەڕ بە جۆرجینا بهێنێت بۆ پێدانی بڕێک پارە. ئەم چیرۆکە درێژە دەکێشێت و هەر جارە بە بیانووی جیا جیا تا دەگاتە سەدەها هەزار دۆلار. جیم جگە لە دڵی جۆرجینا هەموو پارە و سەروەتەکەشی برد و لە بەرامبەردا جگە لە سەرئێشەو کێشەی پۆلیس هیچی تری بۆ جۆرجینا بەجێ نەهێشت.




Georgina's Facebook fiancé leaves her flat broke

Georgina's children signed her up to Facebook and gave her some basic lessons on how to use it.

'They told me everyone was using it and that it would help us keep in touch. They showed me how I could see pictures of my grandchildren and I thought it was marvellous technology.'

**وێنەی ژمارە (٥-٣)** جۆرجیناو لەدەست دانی پارەیەکی زۆر بەهۆی فەیس بووک[١]

وێنەی ژمارە (٥-٤) تایبەتە بە خستنەڕووی چەند هێمایەک کە هۆکارن بۆ جیاکردنەوەی پرۆفایلی کەسێکی فریوێنەرو ساختەکار لە سەر تۆڕەکانی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی




وێنەی ژمارە (٥-٤) چەند هێمایەک بۆ بەدیکردنی پرۆفایلی ساختەی یەکتر ناسین[١]

### ٢-٥) چۆن فریودان و ساختەکاری ژوانی ئەوین و خۆشەویستی کار دەکات؟

فریوێنەرانی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی زۆرجار جێگای خۆیان دەکەنەوە لەسەر ئەو وێبسایتانەی دروستکراون بۆمەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری گەڕان بەدوای ژوانی ئەوین و خۆشەویستیدا. بەڵام هەندێک جار جگە لەمە فریوێنەران پەنا بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئیمەیڵیش دەبەن تا پەیوەندی بە نێچیرەکانیانەوە بکەن.

لە فریودانی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی دا، زیاتر فریوێنەران یەکەم جار پەیوەندی دەکەن بە کەسانێکەوە تا ئەمە ببێتە سەرەتایەکی دروستکردنی پەیوەندیەکە، لەکاتێکدا گەر تۆ هەواداری بەستنی پەیوەندیەکی ژوان بیت ئەوا پێویست دەکات یەکەم پەیوەندی لەتۆ وە دەست پێبکات. ئەم جۆرە فریوێنەرانە بە ”Catfishing“ ناسراون.

وەک ئاشکرایە بەگشتی ئەو کەسانەی کە وێبسایتی تایبەت بە ژوان بەکار دەهێنن مەبەستیان گەڕانە بۆ خۆشەویستی. هەربۆیە فریوێنەرانیش لەم وێبسایتانەدا پرۆفایلی نادروستی ئۆن لاین بۆخۆیان دروست دەکەن و وێنەی ساختەی کەسانی تر بەکاردەهێنن. هەندێک جار وێنەی کەسانی سەربازی ڕاستەقینە یان ناسراو دەدزن و بەکاری دەهێنن لەبەر ئەوەی بە بۆچونی ئەوان ئەوە وا دەکات کە بەزویی بکەویتە داوی خۆشەویستانەوە.

فریوێنەران لەڕێی دەربرینی هەستێکی بەهێزی خۆشەویستی بۆ بەستنی ژوانێک لەگەڵ نێچیرەکانیان وا دەکەن لەماوەیەکی کەم و زۆر بە ئاسانی نێچیرەکانیان ڕاو بکەن و بکەونە داوی خۆشەویستیانەوە. پاشان داوات لێ دەکەن کە هەنگاوێک پەیوەندیەکەتان ببەنە پێشەوەو لەوە دەرچێت تەنها لەڕێی وێبسایتێکەوە بێت، بەڵکو داوای بەستنی پەیوەندی تەلەفونی و نامەو وێنە گۆڕینەوە دەکەن.

فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە هەستی خۆیان بۆت دەربڕن و هەموو شتە تایبەتەکانی خۆیان لەگەڵت باس بکەن. پاشان هەوڵ دەدەن کە هەندێک شتی بەنرخت پێشکەش بکەن وەک ناردنی لاپتۆپ یان سەعاتی دەست یان هەر شتێکی تری لەو بابەتانە. بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی بەهێزو بەدەستهێنانی متمان ڕەنگە چەند مانگێک لەهەوڵدابن، پاشان هەوڵ دەدەن کە پێشنیاری ئەوە بکەن کە بلیتی فڕۆکە بکڕن و سەردانت بکەن، بەڵام لەڕاستیدا قەت ئەمە ڕونادات لەکاتێکدا کە ئەم پەیوەندیە لەلایەن فریوێنەرانەوە ڕێکخرابێت و پەیوەندیەک نەبێت لەسەر بنەمای خۆشەویستی.

کاتێک کە تەواوی بڕوای تۆیان بەدەست هێنا، پاشان هەوڵ دەدەن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵی داواکردنی بڕێک پارە بدەن. ئەمەش دەشێت لەڕێی داواکردنی ناردنی دیاری بێت لە لایەن تووە بۆیان، یان پێدانی زانیاری ئەژماری بانکیەکەت، یان کارتی متمانە. هەروەها هەوڵ دەدەن کە وێنەو تۆماری ڤیدیۆی خۆتیان بۆ بنێریت.

بەزۆری وا پیشان دەدەن کە پارەیان پێویستە بۆ کاری نەخۆشخانە لەبەر ئەوەی کەسێکی نزیکیان لە ناکاو پێوسیتی پێ یەتی، یان خودی خۆیان. یان وا پیشان دەدەن کە ناتوانن کاری سەفەرەکەیان بۆ لات ڕێک خەن لەبەر نەبوونی پارەی پێویست. یان هەندێک جار هەوڵ دەدەن کە ئەژماری بانکیەکەتیان بۆ بنێریت تا بڕێک پارەی خۆیان بخەنەسەری، پاشان دەشێ داوات لێ بکەن ئەو بڕە پارەیە بنێریت بۆ کەسێکی تر. ئەمە زیاتر ئەو کاتە ڕودەدات کە ئەو فریوێنەرانە کاری سپیکردنەوەی پارە بکەن. هەروەها دەشێت فریوێنەران داوای گواستنەوەی بڕێک پارە، یان ئاڵتون بکەن بۆ وڵاتەکەی تۆ بەمەبەستی ڕاکردن لە دانی باج، لەبەرامبەر ئەم کارەشدا بەڵێنی پێدانی بەشێکی ئەو پارەیەت پێ دەدەن.

هەندێک جار فریوێنەرانی ژوانی ئەوین و خۆشەویستی خۆیان لە چەندین کێشەی تاوان و دزین و کاری نایاساییەوە تێوەگلاون، پاش بەدەستهێنانی زانیاری وردی کەسیت ڕەنگە تێوەت بگلێنن لەزۆر کێشە کە خۆت بەشێک نیت لێی. ئەمەش ڕەنگە کێشەی وات بۆ دروست بکات ئاسان نەبێت دەرچون لێی. ئەمە جگە لەوەی گەر هەر بڕە پارەیەکشت پێدابن بێ هیچ سودێک لەدەستی دەدەیت و سەر ئێشەو کێشەیەکی بێ کۆتاشت بۆ دروست دەکات. جگە لەو کاریگەریە دەرونیەی کە بۆت دروست دەبێت لە پای ئەو پەیوەندیە سۆزداریە نادروستەی تێوەی گلاویت.

## ٣-٥) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری ژوانی ئەوین و خۆشەویستی

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- کەسێک دەناسیت لەڕێی ئۆنلاین، پاش چەند پەیوەندیەک وا پیشان دەدات کە هەستێکی خۆشەویستی و سۆزداری زۆر بەهێزی بۆت هەیە، داوات لێدەکات کە بەجیا و تایبەت پەیوەندی بکەن. گەر لەڕێی وێبسایتی تایبەت بە ژوانی ئەوین و خۆشەویستیەوە ناسیبووت ئەوا هەوڵ دەدات کە ڕێگای تایبەت بە چات و ئیمەیڵ بەکار بهێنن.
- پڕۆفایلی کەسی فریوێنەر لە ئینتەرنێت، یان لە پەیجی فەیسبووک گوزارشت ناکات لەو هەستانەی کە بۆ تۆی دەر دەبڕێت، بۆ نمونە ڕەسمی پڕۆفایلەکەی جیاوازە لەو وەسفەی خۆی کە بۆتۆی دەکات، یان دەڵێت دەرچوی زانکۆیە بەڵام بە ئینگلیزیەکی زۆر خراپ دەنوسێت یان قسەدەکات.
- پاش ئەوەی بڕوای پێهانیت و زانی ئەو جێی باوەڕی تۆیە، جا دەشێ ئەمە هەفتەیەک، یان مانگێک، یان ساڵ بخایەنێت، چیرۆکێک دروست دەکات و بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ داوای بڕێک پارە، یان دیاری، یان زانیاری لەسەر ئەژماری بانکی، یان کارتی متمانەت دەکات.
- نوسراوەکانی لە ڕوی زمانەوانی ئینگلیزیەوە لاوازە، یان هەندێک جار بەناوی هەڵە بانگت دەکات لەبەر ئەوەی تۆ تەنیا کەس نیت کە کارت لەسەر دەکات.
- گەر بڕێک پارەت بۆ نەنارد، ئەوا هەوڵ دەدات کە زۆر بە ڕاستەوخۆ داوات لێبکات، گەر پارەشت بۆی نارد ئەوا بەردەوام داوای ناردنی پارەی زیاترت لی دەکات.
- هیچ کات ئەو بەڵێنانە ناباتە سەر کە پێی داویت و بەردەوام بیانویەکی هەیە بۆیان. بۆ نمونە نەتوانینی سەفەرکردنی بۆلات لە کاتێکدا پێشنیاری خۆیەتی. پاشان بە هۆکارێکی کتوپڕ بۆ کاری نەخۆشخانە، یان بۆ مەبەستی سەفەر، یاخود بە هەر مەبەستێکی تر بەردەوام داوای بڕێک پارەت لێ دەکەن، تا بەو هۆیەوە پارەکەت بدزن.




## ٥-٤)   شرۆڤەی ساختەکاری ژوانی ئەوین وخۆشەویستی

داتای لیستی (٥-١) تایبەتن بەئاماری کاری فریوێنەرو ساختەکاری لەڕێی "ژوانی ئەوین و خۆشەویستی" ەوە کە ڕویان داوە و تۆمارکراون لە وڵاتی ئوسترالیا بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٦ و ٢٠١٥.

**لیستی (٥-١)** ئاماری کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان

لەڕێی "ژوانی ئەوین و خۆشەویستی" بەپێی ساڵ[١]


| ساڵ | بڕی پارەی لەدەست دراو بە دۆلار | ژمارەی ڕیپۆرت | ڕێژەی سەدی فریوێنراوان بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نادیار |
| ٢٠١٧ | ٢٠,٥٣٠,٥٧٨ | ٣,٧٦٣ | ٪٤٥,٦ | ٪٥٢ | ٪٢,٤ |
| ٢٠١٦ | ٢٥,٤٨٠,٣٥١ | ٤,١٠٩ | ٪٤٣,٤ | ٪٤٥,١ | ٪١١,٥ |
| ٢٠١٥ | ٢٢,٥٨٧,١٦٢ | ٢,٦١٩ | ٪٣٩ | ٪٤٣,٥ | ١٧,٥ |

هەواڵنامەی کتێب

لە لیستی ژمارە (٥-١) دا، بڕی پارەی لەدەست دراو بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧، ٢٠١٦، وە ٢٠١٥ خراوەتەڕوو. لەهەمان کاتدا ئاماژە دراوە بە ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە پشتیان پێ بەستراوە بۆ دەرخستنی ئەو ئامارانە، لەگەڵ ڕێژەی بەرکەوتووان بە پێی ڕەگەز بۆ هەر ساڵێک.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە هێڵکاری ژمارە (٥-١) دا خراوەتەڕوو، لە کاری فریودان و ساختەکاری "ژوانی ئەوین و خۆشەویستی" دا لەساڵی ٢٠١٧ دا بڕی (٢٠,٥٣٠,٥٧٨) دۆلار پارە دزراوە لە هاوڵاتیان لە وڵاتی ئوستڕالیا. ئەمەش تەنها بە پشت بەستن بە (٣,٧٦٣) ڕیپۆرت. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە چۆن فریوێنەران لە زۆربەی زۆری هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوبون و توانیویانە بڕێک پارە لەو کەسانە بەدست بهێنن کە کاریان لەسەر کردون. لەکاتێکدا فریوێنەران بەڕێژەی ٢٣,٥٪ توانیویانە سەرکەوتووبن لەوەی کە بڕێک پارە بەدەست بهێنن لەڕێی کارە فریوێنەرەکانیانەوە بە پشت بەستن بەو ڕیپۆرتانەی کە ئەم کارانەیان خستۆتەڕوو.


| ٪ ڕیپۆرت کە پارە لەدەست دراوە | ژمارەی ڕیپۆرت | بڕی پارەی لەدەست دراو |
| --- | --- | --- |
| ٪٢٣,٥ | ٣,٧٦٣ | $٢٠,٥٣٠,٥٧٨ |



هەواڵنامەی کتێب

**هێڵکاری ژمارە (٥-١)** پەیوەندی پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

له هەمان ساڵدا و بە پشت بەستن بەو زانیاریانەی کە لە هێڵکاری ژمارە (٥-٢) دا خراوەتەڕوو، زۆرترین ئەو شێوازی پەیوەندیکردنانەی کە بەکارهاتوون بۆ کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "ژوانی ئەوین و خۆشەویستی" هوە و پارەی تیادا لەدەست دراوە، بە بەراوردکردنیان بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کەهەن لە وڵاتی ئوسترالیا لەڕێگای بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە بووە، پاشانیش لەڕێگای ئینتەرنێت (وێبسایتەکان) و ئیمەیڵەوە بووە.




**هێڵکاری ژمارە (٥-٢)** شێوازی پەیوەندیکردن و پارەی لەدەست دراو بە پێی ژمارەی ڕیپۆرت[١]

هەوراز نامەی کیبر


وەک دەبینین لە هێڵکاری ژمارە (٥-٣) دا هاتووە، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە فریوێندراون و پارەیان لەدەست داوە بە هۆی کاری فریودان و ساختەکاری "ژوانی ئەوین و خۆشەویستی" ەوە، زیاتر لە تەمەنی (٤٥ساڵ بۆ ٥٤ساڵ) بوون. ئەمە لەکاتێکدا ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە تۆماریشکراون بە بەراورد بە تەمەن زیاترینیان دەگەڕێنەوە بۆ تەمەنەکانی (٥٥ساڵ بۆ ٦٤ساڵ) وە تەمەنەکانی (٤٥ساڵ بۆ ٥٤ساڵ)، پاشانیش تەمەنەکانی سەروو ٦٥ ساڵ بە پلەی سێهەم دێن.




**هێڵکاری ژمارە (٥-٣)** پارەی لەدەست دراو بە پێی تەمەن و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

سەبارەت بە ڕەگەز، بە پێی ئەو ئامارانەی لە هێڵکاری ژمارە (٥-٤) دا بۆ هەمان ساڵ خراونەتەڕوو، بۆ ئەو کەسانەی کە فریوێنراون و بڕێک پارەیان لەدەست داوە لە ڕێگاکانی کاری فریودانی "ژوانی ئەوین و خۆشەویستی" هوە، ڕەگەزی مێ بە پلەی یەکەم دێت. ڕێژەی ٦٢,١٪ ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی مێن، لە کاتێکدا ٣٤,٦٪ ی ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕێگای هەمان جۆری فریودانەوە لە ڕەگەزی نێرن. لەگەڵ ئەوەشدا کە ٣,٣٪ ئەو کەسانەی کە کاری فریوێنەرانیان ڕیپۆرت کردووە و پارەیان لەدەست داوە ئامادە نەبوون کە ڕەگەزی خۆیان دیاری بکەن. هەر وەک دەبینین بە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕیپۆرتانەی هەمانە بۆ ئەم کاری فریودانە لە نێوان ڕەگەزەکانی نێرو مێدا، جیاوازیەکی کەمتر هەیە وەک لەوەی کە کەسانێک هەوڵی کاری فریوێنەرانەیان بەرامبەر کراوە و لە ئەنجامی ئەو هەوڵەدا بڕێک پارەیان لەدەست داوە. بەم پێیەش دەتوانین بڵێین کە فریوێنەران زیاتر سەرکەوتوو تر بوون لە گەڵ ئەو کەسانەی لەڕەگەزی مێن بۆ بەدەستهێنانی بڕێک پارە وەک لەو کەسانەی کە لەڕەگەزی نێرن.

**ژمارەی ڕیپۆرت** **پارەی لەدەست دراو**




هەواڵنامەی کتێب

**هێڵکاری ژمارە (٥-٤)** پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت بە پێی ڕەگەز[١]

هەواڵنامەی کتێب




# بەشی شەشەم

## فریودان و ساختەکاری لەڕێی کڕین یان فرۆشتن

هەواڵنامەی کتێب

### سەیرکردنێکی گشتی

ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "کڕین یان فرۆشتن". کڕین یان فرۆشتن جۆرێکی باوی فریودانە لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە. لەم بەشەدا چەند نمونەیەک سەبارەت بە فریودان لەڕێی کڕین یان فرۆشتن خراوەتەڕوو. هەر لەم بەشەدا باسی هەریەک لەو شێوازانە کراوە کە فریوێنەران پەنا بۆ بەکارهێنانیان دەبەن، هەروەها باسی چۆنیەتی کارکردنی هەریەک لەم شێوازی فریودانە خراوەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕوی نیشانەکانی هۆشداری چۆنیەتی خۆپاراستن. ئاماری پێویست سەبارەت بە کاری فریودان لەڕێی کڕین یان فرۆشتن لە کۆتایی ئەم بەشەدا خراوەتەڕوو. هەروەها تیشک خراوەتەسەر تێکڕای پارەی لەدەستدراو بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کە بۆ ئەو مەبەستە بەرزکراونەتەوە، هەروەک چۆن جۆرەکانی پەیوەندی و ڕێژەی پارەی لەدەستدراو بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەڕێی ئەو ئامارانەوە خراونەتەڕوو.




## ١-٦)   شێوازەکانی فریودان لەڕێی کڕین یان فرۆشتن

فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەبەرداوامی هەوڵی قۆستنەوەی هەلێک دەدەن تا بتوانن کڕیاران و فرۆشیارانی ئۆنلاین بکەنە نێچیرێکی خۆیان بۆ فریودانیان و بەهەڵەبردنیان لەکاتی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریەکانی کڕین و فرۆشتنی ئۆنلاین. مەرج نیە هەموو خزمەتگوزاری یەکی کڕین و فرۆشتنی ئۆنلاین دروست بێت.

فریودان لەڕێی کڕین یان فرۆشتن چەندین شێوازی هەیە، باوترینیان ئەم شێوازی فریودانانەیە:

- ساختەکاریی وێبسایتە پۆلێنکراوەکان
- ساختەکاریی پارە زۆر دان
- ساختەکاریی گەیشتنی دوور
- تەندروستی و بەرهەمی پزیشکی
- پسوڵەی هەڵە
- ساختەکاریی بازاڕ کردنی ئۆنلاین
- دەروونی یان گیانی و ساختەکاری ڕۆشنبین
- خزمەتگوزاری پریمیوم

هەوڵنامەی کتێب

نمونەیەکی باوی کەوتنە داوی فریوێنەرانی کڕین یان فرۆشتن، کەوتنەداوی چاوی سەگی توتەڵە Puppy یە[١]. فریوێنەر لەڕێی بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە هەوڵ دەدەن کە کەسانێک بخەڵەتێنن بۆ بەدەستهێنانی بڕێک پارە لەڕێی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و پڕوپاگەندەی ساختەوە. لەم ڕێگایەوە دەیانەوێت ئەوە پیشان بدەن کە ئەوان لەڕێی ئەو وێنە جوان و سەرنج ڕاکێشانەی کە تایبەتن بە سەگی توتەڵە و لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ناردنی ئیمەیڵ و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە دەیخەنەڕوو خەڵکان فریوبدەن. هەر لەو ڕێگایەوە لە ساڵی ٢٠١٧ دا زیاتر لە ٣١٠,٠٠٠ دۆلار بەفیڕۆدراوە لە لایەن ئەو کاسانەی کە بەو ڕێگایە فریوێنراون، ئەمەش بەپشتبەستن بە ٥٨٤ ڕیپۆرت کە لە لایەن ئەو کەسانەی ئەم کارەیان دەرهەق کراوە بەرزکراونەتەوە بۆ لایەنی چاودێری کاری فریودان لە وڵاتی ئوسترالیا[١].

فریوێنەران هەوڵدەدەن لەم ڕێگایەوە هەست و سۆزی ئەو کەسانە بقۆزنەوە کە تەنها بەبینینی بابەتێکی لەو جۆرە ئەوەیان لەبیربچێت کە دەشێت ئەم پەیامانە شتێکی شاراوەیان لەپشتەوەبێت کە ئەویش هەوڵی فریودان و کاری ساختەکاریە بۆ بەدەستهێنانی بڕێک پارە. بەپێی هەمان سەرچاوە، زۆرترین ئەو کەسانەی کە بەم شێوەیە فریوێنراون و بڕێکی پارەی زۆریان لەدەست داوە لەنێوان تەمەنەکانی (٢٥ساڵ بۆ ٣٤ساڵ) دەبن. هەروەها لەڕوی ڕەگەزەوە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لەرەگەزی مێن و بەم شێوازە فریوێنراون سێ ئەوەندەی ئەو کەسانەن کە لە ڕەگەزی نێرن.

گەورەترین هێما کە ئەوەمان پیشان دەدەن کە ئەم جۆرە کارانە کاری فریوینەران و ساختەکاران بێت، ئەوەیە کە فریوێنەران ئەوە دەخەنەڕوو کە بە هۆکاری ئەوەی کە پێویست دەکات ئەو سەگە توتەڵانە بگوازرێنەوەو بگات بەدەستت پێویستیان بە پێدانی پارەی گەیاندن، یان پارەی پێدانی چارەسەری پزیشکی هەیە. هێمایەکی تری ئەم فریودانە ئەوەیە کە فریوێنەران ئەوە دەڵێن کە پێویست دەکات پێشەکی پارەکە بدرێت لەبەر کاری گومرگی و تەواوکردنی ئەو پێداویستیانەی کە پەیوەستن بە لایەنی تەندروستی یەوە. هەندێک جار بوونی نرخێکی زۆر کەم لەسەر سەگێکی توتەڵەی ئاوەها هێمایەکی تری کاری فریوێنەرانەیە.

هەرکات چیرۆکێکی لەم جۆرەت بەرگوێ کەوت، پێویست دەکات ڕاستەوخۆ واز لەو مامەڵەیە بهێنیت. لەبەرئەوەی کە ئەو مامەڵەیە تەندروست نیەو ئەمە کاری فریودانە. بەدواداچوون بۆ ئەم جۆرە کارانە ئەنجامەکەی تەنها لەدەستدانی بڕێک پارەیە بەبێ ئەوەی ئەو سەگە توتەڵەیەت بەدەست بگات. باشترە بۆ هەر کارێکی لەم جۆرە کە خوازیاریت گەڕانی تەواوی بۆبکەیت و دڵنیاببیت لە دروستی ڕاگەیاندن یان پەیامەکە پێش ئەوەی هەوڵی پەیوەندی پێوەکردنیان بدەیت.



**وێنەی ژمارە (٦-١)** وێنەی سەگی توتەڵە کە بۆ کاری فیرودان بەکارهاتووە[١]

هەواڵنامەی کتێب

## ٦-٢) ساختەکاریی وێبسایتە پۆلێنکراوەکان

لە فریودانی "ساختەکاری وێبسایتە پۆلێنکراوەکان" دا، فریوێنەران هەوڵ دەدەن وا پیشان کڕیاران یان فرۆشیاران بدەن کە ئەوان لەگەڵ شوێنێکی باوەڕپێکراودا مامەڵەدەکەن. بەڵام لەڕاستیدا ئەوان کەوتوونەتە داوی فریوێنەرانی ساختەکاری وێبسایتە پۆلێنکراوەکانەوە.

### ٦-٢-١) چۆن فریودان و ساختەکاری وێبسایتە پۆلێنکراوەکان کار دەکات؟

**أ. بۆ کڕیاران**

فریوێنەران وادپیشان دەدەن کە فرۆشەری ڕاستەقینەن و ڕیکلامی ناڕاست بڵاو دەکەنەوە لە ڕێی وێبسایتە پۆلێنکراوەکان بۆ مەبەستی فرۆشتن. هەندێک جار پەنا بۆ بڵاوکراوە پۆلێنکراوە چاپ کراوەکانیش دەبەن هەروەک چۆن زۆرجار لەڕێی ناردنی ئیمەیڵ یان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە پەنا بۆ فریودانی خەڵکی دەبەن. ڕیکلامەکانیان دەشێت بۆ هەر شتێک بێت، وەک فرۆشتن و بەکرێدانی خانوبەرە، ئۆتۆمبیل، گیانەوەری ماڵی، پایسکیل و ماتۆڕسکیل، هۆکارەکانی پەیوەندی، لاپتۆپ، وە هەرشتێکی تر. تەنانەت وێنەو زانیاری دروست لەسەر کەل و پەلەکان دەخەنەڕو کە لە وێبسایتە دروستەکانی ئەو بوارانەوە وەرگیراون. بۆ ئەوەی خەڵکانێک فریوێنن و بە هەڵەیانا بەرن، هەوڵ دەدەن کەل و پەلەکان بەکەمترین نرخ پیشان بدەن، زۆر جار زۆر کەمتر لەو نرخانەی کە لەسەر هەمان وێبسایتە ڕەسمیەکانی ئەو جۆرە خزمەتگوزەریانە پیشان دراون.

کاتێک کە ویستی خۆت پیشان دەدەیت بۆ کڕینی ئەو کەل و پەلانە، فریوێنەران وا پیشان دەدەن کە لە سەفەرێکن یان گواستویانەتەوە بۆ شوێنێکی تر، هەربۆیە ئەوەت پێ ڕادەگەیەنن کە وەکیلێکی تر هەڵ دەستێت بە ناردنی کەل و پەلەکان پاش وەرگرتنی پسوڵەی پارەدانەکە. پاش ئەوەی کە کاری پارەدان ئەنجام دەدەیت، پسوڵەیەکت لەڕیی ئیمەیلێکی ساختەوە پێدەگات کە گوایە لەلایەن بەشی پارێزراوی پارەدانی ئەو وێبسایتەوە هاتووە. لە کۆتایدا نە هیچ کەل و پەلێکی کڕدراوت پێدەگات وە نە دەتوانیت پەیوەندی بکەیتەوە بە فرۆشیارەکەوە. بەمەش تۆ فریودراویت بە کارێکی ساختە و ئەو بڕە پارەیەی کە داوتە لەدەستت دەچێت.

له حاڵەتی بەکرێگرتنی خانوبەرەدا. فریوێنەران هەڵ دەستن بە دروستکردنی کۆپیەکی ساختەی ڕیکلامی خانوبەرەیەک کە هەیە بۆ مەبەستی بەکرێ دان. کاتێک کە تۆ ویستی خۆت پیشان دەدەیت بۆ بەکرێ گرتنی، فریوێنەران بیانویەک دەدۆزنەوە تا وا پیشان بدەن ئەوە هۆکارە کە ڕەنگە لەو کاتەدا نەتوانیت سەردانی شوێنەکە بکەیت و بە چاوی خۆت شوێنەکە بپشکنیت و دڵنیابیت لە دروستی و گونجاوی شوێنەکە. گەر پاش ئەوەش ویستت هەبوو بە بەکرێگرتنی ئەوا داوای بڕێک پارەت لێ دەکەن وەک پێشەکی تا ئەو شوێنە بۆتۆ بپارێزرێت و پاشان بەکارە یاسای یەکانی تر هەڵسن. بەڵام پاشان تۆ نە کلیلی شوێنەکەت پێ دەگات وە نە شوێنەکەش بۆ تۆ دەبێت و نە پارەکەی وەک پێشەکیش داوتە بەدەستت دەگاتەوە.

**ب. بۆ فرۆشیاران**

گەر تۆ ڕیکلامت کردبێت بۆ کەل و پەلێکت لەڕێی وێبسایتە پۆلێن کراوەکان، یان بڵاو کراوە چاپکراوەکان، پێویست دەکات کە وریا بیت لە فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت کە وەک کڕیاری ڕاستەقینە خۆیان پیشان دەدەن. فریوێنەران چەندین چیرۆک دروست دەکەن بەوەی کە گوایا پێویستیان بە بڕێک پارە هەیە بۆ لایەنی سێهەم تا لەبری پێشەکیەک بیدەنەوە، یان بۆ کرێی گواستنەوە، یان وەک پارەی دڵنیایی بیدەن. لە بەرامبەریدا دڵنیایی دەدەن کە گوایا دواتر لەگەڵ نرخی ئەو کەل و پەلەی تودا دەی گێڕنەوە بۆت.

هەندێک جار فریوێنەران هەڵ دەستن بە ناردنی چەک بە بڕێکی زیاتر لەو نرخەی کە تۆ دیاریت کردووە وەک ئەوەی تا بتوانن گەر پارەیەکی تر زیادی کرد لە ئەنجامی گواستنەوەی کەل و پەلەکان، یان وەک بڕە پارەیەک بۆ لایەنی سێهەم گەر هەبێت. پاشان بیانویەک دروست دەکەن کە گوایا بڕە پارەیەکی زیاتریان داوە لەوەی کە نرخی ڕاستەقینەی کەل و پەلەکە بووە، هەر بۆیە داوای گەڕاندنەوەی ئەو بڕە پارە زیادەیە دەکەنەوە. زۆر جار ئەمەش لەڕێی یەکێک لە خزمەتگوزاریە کانی گواستنەوەی پارە دەبێت لەڕێی سیستمی بانکیەوە. لە کۆتایدا بۆت دەردەکەوێت کە چەکی پارەکەی ئەوان بەتاڵ کراوەتەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، تۆ ئەو بڕە پارەیە لەدەست دەدەیت کە گەیشتۆتە دەست فریوێنەران. گەر کەل و پەلێکیشت فرۆشتبێت و ناردبێتت بۆ فریوێنەران ئەوا ئەویش لە دەست دەدەیت.

**٦-٢-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری وێبسایتە پۆلێنکراوەکان**

**أ. بۆ کڕیاران**

- ئەو کەل و پەلانەی لە وێبسایتە پۆلێنکراوە ساختەکانی کە خزمەتگوزاری کڕین و فرۆشتن پێشکەش دەکەن نرخەکانیان زۆر هەرزانترە لە نرخی هەمان کەل و پەل لەسەر هەمان وێبسایتی هاوشانی خۆیان یان وێبسایتەکانی تر. هەندێک جار فرۆشیاران ئەوە دەخەنە ڕو کە سەفەریان کردووە یان گواستویانەتەوە. هەربۆیە داوای بڕێک پارە وەک پێشەکی دەکەن بۆ تەرخانکردنی ئەو کەل و پەلە بۆ تۆ، پێش ڕێکخستنی کاری گواستنەوەی کەل و پەلەکان بۆت.
- کاتێک کە تۆ ویستی خۆت پیشان دەدەیت بۆ بەکرێ گرتنی خانوبەرە، فریوێنەران بیانویەک دەدۆزنەوە تا نەتوانیت پێش بەکرێگرتن شوێنەکە ببینیت. داوای بڕێک پارەت لێ دەکەن وەک پێشەکی لە بری تەرخانکردنی ئەو شوێنە بۆ تۆ. پاشان پسوڵەیەکت لەڕێی ئیمەیڵێکی ساختەوە پێدەگات کە گوایە لەلایەن بەشی پارێزراوی پارەدانی ئەو وێبسایتەوە هاتووە.

**ب. بۆ فرۆشیاران**

- کڕیار ویستی خۆی پیشان دەدات بۆ کڕینی کەل و پەلەکەت بەبێ ئەوەی بیەوێت کەل و پەلەکە ببینێت، تەنانەت گەر تۆ ئۆتۆمبێلێکی بەنرخیشی پێ بفرۆشیت.
- بەزۆری کڕیارێک ویستی خۆی پیشان دەدات بۆ کڕینی کەل و پەلێک لەدەرەوەی وڵاتەکەی یان شارەکەی خۆی (وەک ئۆتۆمبیل) لە کاتێکدا هەمان کەل و پەل لە شارەکەی خۆی لەهەمان نرخ یان هەرزانتر لەو نرخە هەیە. هەندێک جار کرێی گواستنەوە لە نرخی کەل و پەلەکە زیاتر دەکەوێت. هەندێک جار کڕیار چەکی پارەت بۆ دەنێرێت زیاتر لەوەی کە داوا کراوە، پاشان داوای گەڕانەوەی بڕە پارە زیادەکە دەکاتەوە.

## ٦-٣)   ساختەکاریی پارە زۆر دان

هەندێک لە فریوێنەران لەڕێی ساختەکاریی پارە زۆر دان کار دەکەن بۆ خەڵاتاندنی فرۆشیاران. ئەمەش بەوەی کە پاش کڕینی کەل و پەلێک چەکێک دەنێرن بە بڕێکی زیاتر لە نرخی کەل و پەلە کڕدراوەکە، پاشان داوای گەڕانەوەی بڕە پارە زیادەکە دەکەنەوە.

### ٦-٣-١)   چۆن فریودان و ساختەکاری پارە زۆردان کار دەکات؟

گەر تۆ هەوڵت دابێت کەل و پەلێک لەڕێی ئۆنلاینەوە بفرۆشیت، ڕەنگە هەندێک جار توشی ئەوە بوبێتیت کە کڕیارێک بڕێک پارەی زیاتر لە نرخی فرۆشراو بنێرێت ئەویش بە ناردنی چەکێک بە بڕێک پارە زیاتر لە پارەی داواکراو. زۆر جار فریۆێنەران پەیوەندیت پێوەدەکەن بۆ کڕینی شتێک، پاش پێشکەش کردنی ئۆفەرێک کە زۆر جار زۆر باشە بەلای فرۆشیارەوە. پاشان چەکێک دەنێرێت بە بڕە پارەیەک زیاتر لەوەی لەسەری ڕیک کەوتون. پێش ئەوەی ئەو چەکە لە لایەن بانکەکەی تۆوە بەتەواوی وەربگیردرێت و پارەکەی لەسەر نەمێنێت. فریوێنەر پەیوەندی دەکات و داوای گەڕانەوەی ئەو بڕەپارە زیادەیە دەکاتەوە. بیانویەکی بێ بنەما دەخاتە ڕو کە هۆکار بووە بۆ ناردنی ئەو چەکە بە بڕیکی زیاتر لەوەی کە داواکراوە. دەشێت بڵێت لەبەر کاری نرخی گواستنەوە، وا تێگەیشتووە کە نرخی گواستنەوە کەوتۆتە سەر ئەو، یان هەر نەبێت دەڵێت لەکاتی نوسینی چەکەکەدا بەهەڵە ئەو بڕەی نوسیوە. فریوێنەر پاشان داوا دەکات کە ئەو بڕەپارە زیادەیەی بۆ بگێڕدرێتەوە. لەڕێی یەکێ لە خزمەتگوزەریە بانکیەکانەوە، ئەمەش پێش ئەوەی تۆ درک بەوە بکەیت کە ئەو چەکەکەی پوچەڵ کردۆتەوە.

گەر پارەیەک بنێریت ئەوا ئەو بڕە پارەیەت لەدەست دەچێت و وەری ناگریتەوە. گەر کەل و پەلەکەشت بۆ ناردبێت ئەوا ئەویشت لەدەست دەچێت.  گەر فریوێنەرکە کارەکەشی سەر نەگرێت ئەوا هەر هیچ نەبێت کاتێکی زۆری لێ گرتویت و ڕەنگە لەو ماوەیەدا فرۆشیارێکی ڕاستەقینەت هەبوایە بۆ کەل و پەلەکەت، بەڵام تۆ لەدەستت داوە بەهۆی کارکردن لەگەڵ ئەو فریوێنەرە.

### ٦-٣-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری پارە زۆردان

کەسێک ئۆفەرێکی باشت پێشکەش دەکات بۆ کڕینی کەل و پەلێک کە تۆ خستوتەڕوو بۆ فرۆشتن. پاشان بڕە پارەیەکی زیاتر لەوەی کە دیاری کراوە دەنێرێت لەڕێی چەکێکی بانکی یەوە. پاشان داوات لێ دەکرێت کە ئەو بڕە پارە زیادەیە بگێڕیتەوە بۆ ئەژماری بانکێکی دیاری کراو، یان داوا دەکرێت لەڕێی گواستنەوەی بانکیەوە ئەو بڕە پارە زیادەیە بگەڕێندرێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب




## ٦-٤)   ساختەکاریی گەیشتنی دوور

لە فریودانی "ساختەکاری گەیشتنی دوور" دا، فریوێنەران هەوڵ دەدەن کەسانێک فریوبدەن بەوەی کە گرفتێک لە کۆمپیوتەرەکانیاندا هەیە، یان گرفتێک لە هێڵی ئینتەرنێتەکانیاندا هەیە. ئەوە دەخەنە ڕوو کە بۆ چاککردنی ئەو گرفتە پێویست دەکەت بە کڕینی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە.

هەواڵنامەی کتێب

<u>نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری گەیشتنی دوور</u>

یەک لەو نمونانە بینینی پەنجەرەیەکی لەو شێوەیەی لە وێنەی ژمارە (٦-٣) دا پیشاندراوە. هەروەک دەبینرێت لە وێنەکەدا پێشنیازی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەو بەرنامەی دژە ڤایرۆسە دابگرینە ناو کۆمپیوتەرەکەمان، لەبەر ئەوەی کۆمیوتەرەکەمان تووشی ڤایرۆس بووەو لەڕێی ئەم بەرنامەیەوە دەکرێت خۆمان بپارێزین.  بەداگرتنی بەرنامەیەکی لەم جۆرە سکانی کۆمپیوتەرەکەمان دەکات و چەندین جۆر ڤایرۆس و بوونی چەندین جۆر کێشە لە کۆمپیوتەرەکەمان دەخاتە ڕوو. کاتێک کە هەوڵی چاککردنیان دەدەین لەڕێی ئەم بەرنامەیەوە ئەوا داوا دەکات کە پێویست دەکات ئەو جۆرە بەرنامەیە بکڕیت تا بتوانیت کێشەکانی کۆمپیوتەرەکەتی پێ چارەسەر بکەیت. لەکاتێکدا ئەمانە تەنها بەرنامەن بۆ زەرەر گەیاندن پێمان و بردنی زانیاری کەسیەتیمان و بەدەستهێنانی  بڕێک پارە بۆ فریوێنەران لەم ڕێگایەوە.




**وێنەی ژمارە (٦-٣)** بەرنامەیەکی دژەڤایرۆسی ساختە[٤]

هەواڵنامەی کتێب

### ٦-٤-١) چۆن فریودان و ساختەکاری گەیشتنی دوور کار دەکات؟

فریوێنەران پەیوەندیەکی تەلەفونیت پێوەدەکەن، وا خۆیان دەناسێنن کە فەرمانبەری کۆمپانیایەکی گەورەی دابینکردنی خزمەتگوزاری پەیوەندین، یان خزمەتگوزاری کۆمپیوتەرن وەک مایکرۆسۆفت، یان هەر کۆمپانیایەکی تری لەو جۆرە. دەشێت بڵێن کە ئەوان لە بەشی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەشداربوان، یان تەکنیکی کار دەکەن. دەشێت پێت بڵێن کە کۆمپیوتەرەکەت میسجی هەڵە ئەنێرێت، یان گوایە کۆمپیوتەرەکەت ڤایرۆسی تیادایە. دەشێت ئاماژە بە بونی کێشە لە هێڵی ئینتەرنێتەکەتدا بکەن و بڵێن کە ناتوانێت وەک پێویست بێت، یان وا پیشان بدەن کە کێشە لە هێڵی تەلەفونی دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتەکەتدا هەیە. بیانویان بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەو کێشانە کاریگەری خراپیان کردۆتە سەر کۆمپیوتەرەکەت. دەشێت هەندێک جار بۆ کاری فریودان بڵێن کە برۆدباندی بەستنەوەکەت هاک کراوە. هەربۆیە فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت، داوا دەکەن کە لە دورەوە بە شێوەی خزمەتگوزاری گەیشتنی دوور بتوانن بێنە ناو کۆمپیوتەرەکەت تا بزانن هۆکاری کێشەکەت چیە.

فریوێنەران هەندێک جار هەوڵ دەدەن کە پێشنیاری ئەوە بخەنەڕوو کە بە کڕینی بەرنامەیەکی تایبەت کە خۆی پێویست نیە تۆ بتوانیت ئەو گرفتانە چارە سەر بکەیت کە لە کۆمپیوتەرەکەتدا هەیە. دەشێت هەندێک جار داوای چەند زانیاریەکی کەسیەتیت بکەن لەگەڵ زانیاری لەسەر ئەژماری بانکی، یان کارتی متمانە گەر هەت بێت. فریوێنەران لەڕوی کاری خۆیانەوە وا دەردەکەون کە پرۆفیشناڵن و شارەزای تەواویان هەیە لە کارەکەی خۆیاندا. بەڵام کاتێک هەست بکەن کە هاوکار نیت دەشێت بەڕاستی کێشە بۆ کۆمپیوتەرەکەت دروست بکەن.

پێویست ناکات کە تۆ بەشداربیت لە یەکێک لە خزمەتگوزاریەکانی ئەو کۆمپانیایانەدا بۆ نمونە مایکرۆسۆفت تا ئەو فریوێنەرانە بۆ کاری فریودان پەیوەندیت پێوەبکەن. هەندێک جار دەشێت تەنانەت تۆ هەر کۆمپیوتەرت نەبێت کاتێک فریوێنەرێکی لەوجۆرە هەوڵی پەیوەندیکردن دەدات پێتەوە و جۆرە داوایەکی لەوجۆرە دەخاتەڕوو بۆ فریودانت!

### ٦-٤-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری گەیشتنی دوور

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- پەیوەندیت پێوە دەکرێت بەناوی بەشی خزمەتگوزاری یان تەکنیکی یەکێک لە کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاری کۆمپیوتەر یان پەیوەندی. پێت دەڵێن کە کۆمپیوتەرەکەت چەند گرفتێکی تیادایە هەربۆیە پێویست دەکات ئەوان لەڕێی خزمەتگوزاری گەیشتنی دوورەوە بچەنە ناو کۆمپیوتەرەکەتەوە و جۆری گرفتەکان بزانن بە مەبەستی چاک کردنیان.
- داوات لێ دەکرێت کە جۆرە بەرنامەیەک بکڕیت بۆ چاکک کردنی ئەو گرفتانەی کە لە کۆمپیوتەرەکەتدا هەیە، یان خۆت تۆمار بکەیت بۆ جۆرە خزمەتگوزاریەکی پێشنیارکراو بۆ چاک کردنی ئەو گرفتانەی کە لە کۆمپیوتەرەکەتدا هەیە. هەندێک جار دەپرسن سەبارەت بە هەندێک زانیاری کەسیەتیت، هەروەها زانیاری لەسەر ئەژماری بانکیت یان کارتی متمانە گەر هەتبێت. بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیکاران وا دەردەکەون کە توانای چارە سەری کێشەکانیان هەیە و زیاد لە پێویست هەوڵ دەدەن کە بمێننەوە و هەندێک جار بێزارکەر دەبن[١].

هەواڵنامەی کتێب



### ٦-٥)   تەندروستی و بەرهەمی پزیشکی

فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت، هەندێک جار پەنا بۆ لایەنی تەندروستی و بەرهەمە پزیشکی یەکان دەبەن بۆ کاری فریواندن و دەستکەوتنی بڕێک پارە. ئەمەش بەوەی هەندێک بەرهەمی پزیشکی بەنرخێکی زۆر هەرزان دەخەنە بەردەست کڕیاران لەڕێی ڕیکلام و ناردنی پەیامی ئاگادارکردنەوە بەشێوەی ئۆن لاین لەڕێی هەندێک وێبسایتی تایبەت، یان لەڕێی ناردنی ئیمەیل، یان لەڕێی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە. هەندێک جار هەندێک بەرهەمی پزیشکی دەخەنەڕو، وە ڕیکلامی بۆ دەکەن کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەری هەندێک گرفتی تەندروستی دەکات بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوە دورە لەڕاستیەوە.

#### ٦-٥-١)   چۆن فریودان و ساختەکاری تەندروستی و بەرهەمی پزیشکی کار دەکات؟

لە نمونە باوەکانی خەڵەتان و فریودان لەڕێی تەندروستی و بەرهەمە پزیشکیەکان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەرهەمە پزیشکیەکانە لەڕێی دەرمانخانەی ئۆنلاینەوە بەشیوەی ساختە. فریوێنەران بەرهەمەکانیان بە نرخێکی زۆر هەرزان دەخەنەڕوو ئەویش لەڕێی ناردنی ئیمەیل، یان وێبسایتی تایبەت بەکارەکانیان. لەکاتێکدا گەر بکەویتە داوی ئەم فریوێنەرانەوە و بەرهەمەکانیان بەکار بهێنیت ڕەنگە نەک سوود بەڵکو زەرەر بە تەندروستیت بگەیەنێت.

خستنەڕوی چەند بەرهەمێکی پزیشکی کەوا بۆ زۆرێک چارەسەری پزیشکی دەبێت. بۆ ئەم کارانەش چەندین بەڵگەو نمونە دەخەنەڕو. زۆرجار وتەی کەسانێک دەخەنەڕو کە گوایا بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە بەرهەمانە وا پیشان دەدەن چارەسەری تەواویان وەرگرتووە.

بە کڕین و بەکارهێنانی ئەم بەرهەمانە، جگە لەوەی دەشێت کاریگەری خراپی هەبێت بۆ تەندروستیت لەهەمان کاتدا زەرەرمەند دەبیت لەڕوی دارای یەوە لەبەر ئەوەی کەسی بەرامبەر کە فرۆشیارە لەڕێگای کڕینی ئۆن لاینەوە نادیارە. هەندێک جار بڕە پارەیەکی شاراوە لەپشت ئەو جۆرە مامەڵەیەوە هەیە.

**٦-٥-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری بواری تەندروستی و بەرهەمە پزیشکیەکان**

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- ئیمەیڵێکت پێ دەگات کە پەسەندکراو نیە، کە تیایدا بەرهەمی پزیشکی دەخرێتە ڕوو بە نرخێکی زۆر هەرزان کە ئاسان نیە لە بازاڕدا یان لە شوێنە فەرمیەکان بەو نرخە دەستت بکەوێت. لە ڕێی ئەم ئیمەیڵانەوە پروپاگەندە دەکەن بۆ چەندین چارەسەر پزیشکی وەک Prozac یان Viagra ، یان چەندین سوودی نا واقعی ئەو بەرهەمە پزیشکیانە دەخەنە ڕوو کە لە ڕاستیدا ئەوە بوونی نیە. ئەو بەرهەمانەی کە خراونەتە ڕوو گەر لە پێگەیەکی دروستەوە بێت بە بێ ڕەچەتەی پزیشک پێشکەش ناکرێت. هەروەها ئەو دەرمانخانانە دەکەونە دەرەوەی وڵات، یان هیچ جۆرە ناونیشانێکی دروستیان لەسەرنیە.
- ئەو چارەسەرانەی خراونەتە ڕوو هۆکارن بۆ چارەسەرکردنی چەندین جۆرە نەخۆشی، لە کاتێکدا لە ڕووی زانستی یەوە هیچ بنەمایەک نیە کە ئەوە بسەلمێنێت جۆرە چارەسەرێک هەبێت بۆ چارەسەرکردنی چەندین نەخۆشی وەک موعجیزە. هەرەها ئەو بەرهەمانەی کە خراونەتە ڕوو بەڵگەی پێویستیان لەگەڵ نیە لەسەر دەرئەنجامەکانی و کاریگەریەکانی لەسەر نەخۆشەکە لە کاتی بەکارهێنانی وەک ئەوەی کە لە پروپاگەندەکەدا کە بۆی خراوەتە ڕوو.

### ٦-٥-٣) چۆن خۆمان بپارێزین لە بەرامبەر فریوێنەران و ساختەکارانی بواری تەندروستی و بەرهەمە پزیشکیەکان

بەهۆی بەرەو پێشچونی تەکنەلۆجیا زۆربەی کارەکانی ڕۆژانە لەڕێی ئۆنلاینەوە بەڕێوە دەبردرێت. بۆ ئەوەی خۆمان لە کاری فریودان و ساختەکاری بپارێزین دەبێت زۆر بە وریای یەوە مامەڵە لەگەڵ کڕینی بەرهەمە پزیشکی و وەرگرتنی چارەسەرە پزیشکیەکان لەڕێی ئۆنلاینەوە بکەین. باشتر وایە تەنها مامەڵە لەگەڵ شوێنە ناسراو و ڕێپێدراوە دروستەکاندا بکەیت. هەرگیز شوێنی ئاگادارکردنەوەیەکی ئیمەیڵ نەکەویت کە لە شوێنێکی نادیارەوە پێت دەگات، لە کاتێکدا تۆ هیچ مامەڵەیەکت لەگەڵ نەکردووە.

بەردەوام بۆ یەکەم جار کە خوازیاریت جۆرە چارەسەر، یان بەرهەمێکی پزیشکی بەکار بهێنیت هەوڵ بدە لەڕێی پزیشکی تایبەت بە نەخۆشیەکەت، وە دەرمانخانە بەردەستەکانی دەورو بەری خۆت مامەڵە بکەیت. ئەوان دەکرێ دڵنیایت بدەنێ لەوەی کە ئەو جۆرە چارەسەرە گونجاوە بۆ بەکارهێنان لەگەڵ پێداویستیە پزیشکیەکانی تۆ یان نا؟ بۆ هەر چارە سەرێکی پزیشکی هەوڵ بدە کە لەسەر ڕێنمای پزیشکی تایبەت بەو چارەسەرە، بەرهەمە پزیشکی یەکان بەکار بهێنیت.

هەوڵ بدە کە بزانیت ئەو کەسانەی ئەو خزمەتگوزاریانە لەڕێی ئۆنلاین پێشکەش دەکەن بەکرداری شوێنی تایبەت بەخۆیان هەیە، وەک بونی دەرمانخانە لە شوێنێکی تایبەت، ئەویش بە چێک کردنەوەی ناونیشانی ئەو شوێنەی کە خستویانەتە بەردەست.

هەر لەکاتی داواکاریت بۆ کڕین، هەر بەرهەمێکی پزیشکی بە ئۆنلاین، گەر پرسیاری ئەوەت لێ نەکرا کە تۆ ئەو بەرهەمە بۆ چ مەبەستێک بەکار دەهێنیت، ئەوا گومانت هەبێت لە دروستی ئەو شوێنە. مەرجە لەکاتی داواکاری هەر بەرهەمێکی چارەسەری پزیشکی فۆڕمێک هەبێت لە ئونلاین کە تۆ پڕی بکەیتەوە و پیشانی بدەیت کە ئەو چارەسەرە دروست و گونجاوە بۆ بەکارهێنان بۆ ئەو گرفتەی کە تۆ هەتە لەڕوی تەندروستیەوە.

بەوردی هەمو مەرج و ڕێنمای یەکانی هەر ئۆفەرێک بخوێنەوە، تا لەوە تێبگەیت هیچ بڕە پارەیەکی شاراوە لەپشت ئەو ئۆفەرەوە نیە؟ هەمیشە دڵنیابە لە هەبوونی هۆکارێک لە پشت ئۆفەرێکی هەرزان، بەبەردەوامی بە گومانەوە بڕوانە هەر ئۆفەرێکی زۆر هەرزان، گەر خۆی لە بنەڕەتدا و لە بازاڕدا ئەو نرخەی نەبوو.

هەرکات هەوڵت دا لەڕێی خزمەتگوزاری ئۆنلاینەوە ئەو کارانە بکەیت ئەوا هەوڵ بدە خۆت بە دور بگریت لە ناردنی پارە لەڕێی تەحویلکردنی بانکیەوە. ئەو جۆرە مامەڵانە دروست و سەلامەت نین. هەروەها هەوڵ بدە وریا بیت لە کاتی بەکارهێنانی پارەدان بەشێوەی ئۆنلاین، گەر ئەو وێبسایتەی بەکاری دەهێنیت هەموو ئەو ئاماژانەی تیادا نەبوو بۆ بەکارهێنانی تەندروست و پارێزراو، هەرگیز زانیاری هەستیاری کەسی، یاخود زانیاری سەبارەت بە باری دارایت لەڕێی ئیمەیلەوە مەنێرە.

هەوڵ بدە کە لەڕێی ئینتەرنێتەوە گەڕان بۆ ئەو وێبسایتە بکەیت بە بەکارهێنانی ئەو ناوەی بەکاریان هێناوە لەگەڵ ئەو ئیمەیل و ئەدرەسەی داویانە. زۆرجار کەسانێکی تر گەر توشی هەڵخەڵەتان بوبن لەڕێی پێگەیەکی ئۆنلاینەوە دەشێت ئەو کارە لە شوێنێکی تایبەت ڕیپۆرت بکەن. ئەوەش سودی دەبێت بۆ کەسانێکی تر تا نەکەونە هەمان هەڵەوە.

<u>نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری بواری تەندروستی و بەرهەمە پزیشکیەکان</u>


وێنەی ژمارە (٦-٤)بریتیە لە وێنەیەکی چارەسەری پزیشکی ساختەکراو کە ڕیکلامی یەکێک لە دابینکەری چارەسەرە پزیشکیە خەڵەتێنەرەکانە. تەنها بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە وێنەکە فریوێنەرەو ساختەکراوەو دروست نیە.




**وێنەی ژمارە (٦-٤)** وێنەیەکی چارەسەری پزیشکی ساختەکراو[١٠]

وێنەی ژمارە (٦-٥) بریتیە لە وێنەی پێگەیەکی ساختەکراو. لەم پێگە ساختەکراوەدا ڕیکلام بۆ بەرهەمێکی پزیشکی دەکرێت بەحساب لە پێگەی فەرمی NBC News بێت. بەڵام لەڕاستیدا گەر ورد بیتەوە لە ناوی پێگە ئەلیکترۆنیەکە ئەوە ڕاست نیە و پێگەیەکی دروستکراوی ساختەکراوە.

هەواڵنامەی کتێب




**وێنەی ژمارە (٦-٥)** وێنەی پێگەیەکی ساختەکراو[١٠]

هەواڵنامەی کتێب



## ٦-٦) پسوڵەی هەڵە

بەکارهێنانی پسوڵەی هەڵە یەکێکی ترە لەو ڕێگایانەی کە فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت هەوڵ دەدەن لە ڕێگایەوە کەسانێک بخەڵەتێنن بۆ بەدەستهێنانی بڕێک پارە. ئەمەش بەوەی کە تۆ خاوەن کارێکیت و کاتێک ئەزانیت پسوڵەیەکت بۆ دێتەوە سەبارەت بە پێدانی بڕێک پارە لە پای یەکێک لە خزمەتگوزاریەکان، بۆ نمونە تازەکردنەوەی ڕێپێدانی ئەو شوێنەی کە بەکاری دەهێنیت، یان لە بری کرێی ڕیکلامێک، هەروەها تازەکردنەوەی پارەی دۆمەینی وێبسایتی تایبەت بە کارەکەت، لەگەڵ هەر بابەتێکی تر. لەکاتێکدا تۆ ئەو شتەت نەکردووە یان پێویستت نیە لەو ساتەدا. بەشێوەیەکی بەربڵاو لە وڵاتانی دەرەوە ئەم جۆرە فریودانە ڕوو دەکاتە ئەو شوێنانەی کە شوێن کارێکی بچوکیان هەیە و شوێنێکی زۆر بەناوبانگ و گەورە نین.

### ٦-٦-١) چۆن فریودان و ساختەکاری پسوڵەی هەڵە کار دەکات؟

هەندێک جار بانگێشت نامەیەکت بۆ دێت بەمەبەستی تۆمارکردنی ناوی بازرگانی کارەکەت لە ڕێبەری ناڕاست (فەیک)، یان بەمەبەستی تازەکردنەوەی ساڵانەی دۆمەینی وێبسایتی تایبەت بە کارەکەت. هەندێک جار فریوێنەران پەیوەندیەکی تەلەفونیت بۆ دەکەن سەبارەت بە دڵنیابوون لە وردەکاری داواکاریەکەت بۆ کردنی ڕیکلامێک لە شوێنێکی تایبەت بۆ کارەکەت، یان بۆ مەبەستی دابینکردنی هەندێک کەل و پەلی داواکراو تایبەت بە ئەو کارەی دەیکەیت. فریوێنەران بەزۆری سود لەوە دەبینن کە زۆرجار ئەو کەسەی ئەو داواکاریەی پێ دەگات ئاگاداری ئەوە نیە کە داخوازی یەکی لەو جۆرە کرابێت، یان نا لە لایەن ئەو شوێنەی کاری تیادا دەکات.

فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەم جۆرە فریودانەدا، هەوڵ دەدەن لەڕێی فۆڕمێکەوە کە پێویست دەکات پڕ بکرێتەوە لەسەر جۆری ئەو کارەی ئەو شوێنە پێشکەشی دەکات، زانیاری تەواو لەسەر ناو و ناونیشان و ئیمەیل ئەدرەسی تۆ بەدەست بهێنن. هەندێک جار داوای وەرگرتنی واژوش دەکەن بۆ پیشان دانی ڕەزامەندی دان بە پێدانی ئەو زانیاریانە بۆ ئەو کارە. ئەشێت کە وا بڕوات پێ بهێنن کە داواکاریەکە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیە بۆ پێشکەش کردنی جۆرێک لە خزمەتگوزاری بە شوێنی کارەکەت بە خۆڕایی، بەڵام لەڕاستیدا کارەکە بەو شێوەیە نیە، مەبەست لێی بەدەستهێنانی زانیاریە بۆ جێ بەجێکردنی کاری فریوێنەرانە. دەشێت هەندێک جار ڕاستەوخۆ بڕێک پارەی شاراوە لەپشت ئەو خزمەتگوزاریانەوە بێت کە ئەوان دەخوازن پێشکەشتی بکەن. لەبەرامبەردا، هەر هیچ نەبێت فریوێنەران پڕۆپۆزەڵی گۆڤارێک یان ڕۆژنامەیەک دەخەنە بەردەستت کە زۆر لەوە دەچێت کە لە لایەن شوێنێکی پڕۆفیشناڵەوە بەڕێوە ببردرێت. لە پای بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر شوێنی کارەکەت و ناوی کارەکەت داوای پێدانی بڕێک پارە دەکەن.

هەندێک جار فریوێنەران لەڕێی تەلەفونەوە پەیوەندی دەکەن، لەوە دەپرسن کە تۆ ئەو زانیاریانە پشت ڕاست بکەیتەوە کە ناردوتە بۆ بڵاو کردنەوە یان بۆ کردنی ڕیکلام، کە لە ڕاستیدا تۆ نەت کردووە. بەڵام ئەوان بە شێوازێکی وەها داواکاریەکانیان دەخەنەڕوو کە بتکەنە گومانەوە لەوەی کە بەڕاستی بشێت کە یەکێک لە فەرمانبەرەکانی تۆ ئەو داوایەی کردبێت، یان هەر هیچ نەبێت بە باشی بزانیت کە کارێکی وات بۆ بکرێت. هەندێک جار دەشێت بە ڕاستی تۆ خواستت بۆ کارێکی لەوجۆرە پیشان دابێت یان پێشتر لەگەڵ شوێنێکی تر ئەو کارەت کردبێت، بەڵام فریوێنەران سودیان لەو زانیاریانە وەرگرتووە کە تۆ پێشتر داوتە یان کردوتە. ئەوان بەشێوەیەک ئەو زانیاریانە پیشان دەدەنەوە کە داواکاریەکی نوێ بێت و لەوان کرابێت، یان ئەوان نوێنەرایەتی ئەو شوێنە بکەن.

گەر لە ئانجامی داواکاریەکانیاندا ڕازی نەبیت بە پێدانی ئەو برە پارەیەی کە داوای دەکەن، ئەوا ئەوان هەوڵ دەدەن کە بەوە بت ترسێنن کە پەنا دەبەنە بەر ڕێکاری یاسایی بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافەیان.

گەر بۆ کارەکەت دۆمەینت هەبێت و وێبسایتی تایبەت بەخۆت هەبێت، ئەوا ئاشکرایە کە ساڵانە، یان بە چەندین ساڵ جارێک بەپێی ئەو شێوازەی پەیڕەوت کردووە پێویست دەکات کە مۆڵەتی بەکارهێنانی ئەو دۆمەینە تازە بکرێتەوەو لە پای ئەوە بڕێک پارە بدرێت. یەک لەو ڕێگایانەی کە بۆ ئەم شێوازە فریوێنەران دەی کەن ئەوەیە کە پسوڵەیەکت بۆ دەنێرن کە تیایدا ئەو بڕە پارەیە داواکراوە کە پێویست دەکات بۆ نوێ کردنەوەی. فریوێنەران خوازیارن کە تۆ درک بەوە نەکەیت کە ئەو داواکاریە لە شوێنی ڕاستی خۆیەوە نەهاتووە، بەو هیوایەی کە ڕاستەوخۆ هەستیت بە بەدواداچونی ڕێنمای پارەدانەکە، لەڕێی ئەو لینکەی بۆیان ناردویت پارەکە بدەیت. دەشێت هەمان ناوی دابینکەری خزمەتگوزاریەکە بەکار بهێنن بەڵام بە پاشگرێکی جیاواز بۆ نمونە لە بری www.godaddy.com ئەوان www.godaddy.co بەکار بهێنن. کەئەمەش کارێکی ئاسان نابێت بۆ هەندێک کەس کە درکی پێبکات بەتایبەت لەکاتەکانی کارو سەرقاڵی دا.

هەندێک جار فریوێنەران بەشێوەیەک داوا دەکەن کە گوایا ئەو شوێنەی کە دۆمەینەکەت لێ کڕیوە هەڵ دەستێت بە گۆڕینی ناوەکەی هەر بۆیە پێویست دەکات بە زوترین کات بەو ڕێنمای یانەدا بڕۆیت بۆ تۆمارکردنەوەی ناوەکەت تا بۆت بگوازرێتەوە و لە کاتی ئەو گواستنەوەیەدا زانیاریەکانت نەفەوتێت و پێگە ئەلەکترۆنیەکەی کەهەتە لەدەستی نەدەیت.

هەندێک جار فریوێنەران پاش هاککردنی کۆمپیوتەرەکەت پەنا بۆ جێ بەجێکردنی پلانەکانیان دەبەن (بەزۆری لە کاتی تازەکردنەوەی خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت و دۆمەینی وێبسایتەکەت) داواکاریەکت ئاراستە دەکەن بۆ نوێکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان، یان لێت دەپرسن بۆ تا ئێستا پارەی نوێکردنەوەی خزمەتگوزاریەکانیانت نەداوە؟ فریوێنەران هەوڵ دەدەن بەناوی ئەو شوێنەی کە خزمەتگوزاریەکەی بۆ دابینکردویت ئاگادارت بەکەنەوە لەڕێی ئیمەیڵەوە (کە ناونیشانی بانکیەکەیان گۆڕاوە) بۆ کاری نوێکردنەوەی خزمەتگوزاریەکان پێت دەڵێن کە وا پێویست دەکات لەڕێی ئەم ناونیشانی بانکیە تازەیەوە (کە بە ئیمەیڵێک بۆت دەنێرن) پارەکە بدەیت. لەکاتێکدا ئەو ناونیشانی بانکیە هی فریوێنەرەکانەو لەکاتی دانی پارەکە، ئەو بڕەپارەیە دەچێتە سەر ئەو ئەژماری بانکیەو بۆ شوێنە سەرەکیەکە ناچێت.

نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری پسوڵەی هەڵە

نمونەیەک لە نمونەکانی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی بەکارهێنانی پسوڵەی هەڵە هەروەک لە وێنەی ژمارە (٦-٦) دا پیشاندراوە. بەڕێوەبەرێکی ژمێریاری لە یەکێک لە کۆمپانیاکان بەناوی "جۆن" کە لەڕێی داواکاری بۆ گۆڕینی ئەژماری بانکی لایەنی دابینکاری خزمەتگوزاری بڕی (١٧٠٠٠) حەڤدە هەزار دۆلاری بەهەڵە بۆ فریوێنەران نارد، لەبری لایەنی دابینکاری خزمەتگوزاریەکان بۆ ئەو کۆمپانیایە[١]. لەم چیرۆکە ڕاستەقینەیەدا کاتێک دەر دەکەوێت کە فریوێنەران بەناوی فەرمانبەری لایەنی پێشکەش کاری خزمەتگوزاریەکە ئەو بەڕێوەبەری ژمێریاریەیان لە خشتە بردووە، جگە لە لەدەست چوونی ئەو بڕە پارەیە "جۆن" ناچار کرا کە کرێی خزمەتگوزاریەکەو پارەی دواکەوتنیش بدات لەبەر ئەوەی یاسای شکاندووە لە پێدانی پارەکە لەکاتی خۆیدا (دواکەوتن). کۆمپانیاکە زەرەرو زیانەکان لەپای ئەو فریودانە بە زیاتر لە بڕی (٣٠٠٠٠) سی هەزار دۆلار خەملاند[1].

هەواڵنامەی کتێب

# John updated supplier details and it ended up costing thousands



John worked as an accounts manager for a local manufacturing business. Late on a Friday afternoon, he received an email which appeared to be from one of his regular suppliers, Mr Liu from Zhang-Fei Industries, a ball bearings supplier in Asia. Mr Liu's email explained that due to a change in their internal finance system, he needed John to update their banking details, including a new account number.

> ⚠ If you receive an email with a request involving financial details that you know nothing about, **don't action it** until you are sure it's the real deal.

John took the email at face value and changed the banking information in his company's database. A few days later, John made a scheduled payment to Zhang-Fei Industries for $17 000.

**وێنەی ژمارە (٦-٦)** کێشەی ژمێریارێک[١]

### ٦-٦-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری پسوڵەی هەڵە

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- داواکاری بۆ پێدانی پسوڵەیەکی پارەدانت پێ دەگات لە لایەن بەڕێوەبەری شوێنێکی دابینکردنی خزمەتگوزاری یەوە بەمەبەستی پێدانی پارەی خزماتگوزاریەک کە تۆ داوات نەکردووە. دەشێت ئەم داواکاریە لە هەمان داواکاری پێشوترت بچێت کە پێشتر داوات کردبێت بۆ دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریە، یان جۆرە خزمەتگوزاریەکی تر، بەڵام لە شوێنێکی تر. هەندێک جار پەیوەندیکار وا پیشان دەدات کە لایەنی حکومی داوای کردووە کە تۆ تۆمار بکرێیت لەو بواری خزمەتگوزاریەدا کە پێشکەش بە تۆیان کردووە.
- ئیمەیڵێکت پێ دەگات سەبارەت بە پێدانی پارە لەبری تازەکردنەوەی خزمەتگوزاری تۆمارکردنی دۆمەینی وێبسایتی تایبەت بەخۆت یان کارەکەت. ئەو بڕە پارەیەی داواکراوە دەشێت زیاتر یان کەمتر بێت لەوەی کە پێویستە بدرێت. ناوی شوێنی داواکار لەیەکچووە لەگەڵ هەمان شوێنی دابینکاری خزمەتگوزاری یەکە تەنها جیاوازی لە پاشگری ناوی بەکارهاتوودا هەیە.
- داواکاری دانی پارەی خزمەتگوزاریەکت پێدەگات کە تۆ بەشدار نیت تیایدا، یان پەیوەندیەکت پێوە دەکرێت کە تیایدا وا پیشان دەدەن کە تۆ داوای پێداویستیت کردووە، یان ئوفەری کەل و پەلێکت بۆ دەکەن کە تۆ پێشتر داوات کردووە.
- یەکێک لە فەرمانبەرەکانت دەشێت دیاریەکی پێشکەش کرابێت بە خۆڕایی لە لایەن کەسێک کە پێشتر نەت ناسیوە. ئەو دیاریە ئەشێت بگات بەڵام لەگەڵ هەندێک کەل و پەلی تردا کە فەرمانبەرەکەت داوای نەکردووە بەمەبەستی کڕینی بۆ شوێنی کارەکەت.


## ٦-٧) ساختەکاریی بازاڕکردنی ئۆنلاین

لەم جۆرەدا، فریوێنەران هەوڵ دەدەن کەسانێک بخەڵەتێنن لەڕێی وێبسایتی بازاڕکردنی ئۆنلاین. هەندێک جار فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەڕێی دروستکردنی وێبسایتی بازاڕکردنی ساختە و بەکارهێنانی ڕیکلامی ساختە وە، هەوڵ دەدەن کە سەرنجی کڕیاران بۆ وێبسایتە ساختەکانیان ڕابکێشن بەمەبەستی بازاڕکردن.

<u>نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری بازارکردنی ئۆنلاین</u>

وێنەی ژمارە (٦-٧) نمونەی وێبسایتێکی بازاڕکردنی ئۆنلاینی ساختەیە. ئەم جۆرە وێبسایتە ساختانە بەمەبەستی بازاڕکردنی ئۆنلاین بۆ کاری فریودان و ساختەکاری بەکار دەهێنرێت لە لایەن فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

هەواڵنامەی کتێب




**وێنەی ژمارە (٦-٧)** وێبسایتێکی بازاڕکردنی ئۆنلاینی ساختە[٤] [١١]

## ٦-٧-١)   چۆن فریودان و ساختەکاری بازاڕکردنی ئۆنلاین کار دەکات؟

لەکاتێکدا شێوازی بازاڕکردن بەشێوەیەکی گشتی بەرەو ئۆنلاین دەچێت و بەشێوەیەکی یاسایی و دروست زۆرێک لە کۆگاکان وێبسایتی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ مەبەستی بازاڕکردن لەلایەن کڕیارانەوە. فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت ئەم هەلەیان قۆستۆتەوە بەوەی کە چەندین وێبسایتی ساختە دروست بکەن بۆ مەبەستی بازاڕکردنی ئۆنلاین.

### ٦-٧-١-١)   چۆنیەتی کارکردنی فریوێنەران و ساختەکارانی بازاڕکردنی ئۆنلاین لە ڕێی بەکارهێنانی وێبسایتی دوکانداری ساختەوە:

فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە نوێترین تەکنەلۆجیا بەکار بهێنن بۆ دروستکردنی وێبسایتی دوکانداری ساختە کە لە وێبسایتی دوکانداری ڕاستەقینە بچێت بۆ بازاڕکردنی ئۆنلاین. هەوڵ دەدەن ڕوکارێکی زۆر پرۆفیشناڵانە بەکار بهێنن بۆ وێبسایتەکانیان، هەندێک جار لۆگۆی تایبەت بە وێبسایتی دوکانداری ناسراو و بەناوبانگ ساختە دەکەن و بەکاری دەهێنن بۆ فریودانی کڕیاران. بۆ دروستکردنی وێبسایتی ساختە هەوڵی بەکارهێنانی پاشگری (.com) دەدەن، وە هەندێک جار لەگەڵ ئەم پاشگرانەدا کورتکراوەی هێمای ئەو وڵاتەش لە پاش پاشگرەکەوە بەکاردەهێنن بۆ وێبسایتەکانیان تا گومان لەسەر ساختەیی وێبسایتەکانیان کەم بکەنەوە. زۆرجار گەر پێویست بکات هەڵ دەستن بە ساختەکردنی ژمارەی بازرگانی.

گەورەترین هێما بۆ دوکانداری ساختە ئەوەیە کە لەکاتی کڕینی پێداویستیەکانت بە ئۆنلاین بەزۆری شێوازی پارەدان بە یەکێک لەم شێوازانەیە (Money order یان Pre-loaded money card یاخود Wire transfer). گەر پارەکەت بەم شێوەیە نارد ئەوا پاشان مەحاڵە دەستت بە پارەکەت بگاتەوە. گەر بەخت یاوەرت بێت ئەوە شتێکی بێکەڵکت داگاتە دەست لەبری ئەوەی کەخۆت کڕیوتە! گەر نا، ئەوا جگە لە تیاچوونی پارەکەت هیچ شتێک بەدەستت ناگات لەبەرامبەر پارەدان و کاری بازاڕ کردنت لەو وێبسایتی دوکانداریە ساختانە.

**٦-٧-١-٢) چۆنیەتی کارکردنی فریوێنەران و ساختەکارانی بازاڕکردنی ئۆنلاین لە ڕێی بەکارهێنانی وێبسایتی مەزاتکردنی ئۆنلاینی ساختەوە:**

زۆربەی زۆری وێبسایتی مەزات کردنی ئۆنلاین بەنمونە ئی بەی (ebay) ڕێساو یاسایەکی زۆر توندو تۆڵی خۆیان هەیە تا دڵنیا بن لەوەی کە کڕیارەکانیان ناخەڵەتێنرێن. فریوێنەران زۆر باش ئەمە دەزانن، هەربۆیە زۆر دەگمەنە شتێک بکەن کە ئۆفەرێک بدەن لەدەرەوەی وێبسایتی مەزات. بەڵام فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە واخۆیان دەربخەن کە ئەوان براوەی مەزاتێکن کە تۆ نرخت پێشکەش کردووە تیایداو بۆت دەرنەچووە. هەربۆیە پێشنیاری ئەوە دەخەنە بەردەستت کە ئەو کەل و پەلەی لەو مەزاتەدا بۆیان دەرچووە بیفرۆشنەوە بەتۆ. کاتێک کە پارەکەیان بەدەست گەیشت لە لایەن تووە، ئەوا مەحاڵە ئەو پارەیەت بگاتەوە دەست. پاشان تۆ ئەو خەڵەتێنەرانە نابینیتەوە و وێبسایتی مەزاتەکەش ناتوانێت هیچ یارمەتیەکت بدات لەو بارەیەوە.

**٦-٧-١-٣) چۆنیەتی کارکردنی فریوێنەران و ساختەکارانی بازاڕکردنی ئۆنلاین لە ڕێی بەکارهێنانی وێبسایتی پۆلێنکراوی ئۆنلاینی ساختەوە:**

هەواڵنامەی کتێب

لە وێبسایتی پۆلێنکراوی ئۆنلایندا کە خزمەتگوزاریەکانی بانگەشەیە بۆ کڕین و فرۆشتنی شت و مەکەکانت، ڕێگا دەدات لە دەرەوەی وێبسایتەکەدا کڕیارو فرۆشیار گفتوگۆ بکەن لەسەر نرخەکان و لەسەر نرخێک ڕێک بکەون بە پێی ویستی خۆیان بەدەر لەو نرخەی لە وێبسایتە پۆلێنکراوەکەدا خراوەتە ڕوو.

فریوێنەران هەندێک جار وەک فرۆشیارێک خۆیان دەخەنە ڕوو. هەڵدەستن بە ڕیکلام کردن لەڕێی وێبسایتەکانیانەوە بۆ هەر شتێک بێت، وەک فرۆشتن و بەکرێدانی خانوبەرە، ئۆتۆمبیل، گیانەوەری ماڵی، پاسکیل و ماتۆڕسکیل، هۆکارەکانی پەیوەندی، لاپتۆپ، وە هەرشتێکی تر. هەوڵ دەدەن کەل و پەلەکان بەکەمترین نرخ پیشان بدەن، زۆر جار زۆر کەمتر لەو نرخانەی کە لەسەر هەمان وێبسایتە ڕەسمیەکانی ئەو جۆرە خزمەتگوزاریانە پیشان دراون. کە ئەمانە بە ساختەکاری پۆلێنکراو ناسراون.

فریوێنەران هەندێک جار وەک کڕیار خۆیان دەردەخەن تا بە کارە فریوێنەرەکانیان هەڵبستن. ئەمەش لەڕێی ناردنی چەکێکی بانکی بە بڕێکی پارەی زیاتر لە پارەی ئەو کەل و پەلەی کە مەبەستیانە بیکڕن. پاشان داوای گەڕانەوەی ئەو بڕە پارە زیادەیە دەکەن. ئەم فریودانەش ناسراوە بە ساختەکاری پارە زۆردان.

### ٦-٧-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری بازاڕکردنی ئۆنلاین

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- بەرهەمێک کە بە نرخێکی زۆر هەرزانتر لەوەی کە لە بازاڕدا، یان لە هەمان وێبسایتی هاوشانی خۆی خراوەتەڕوو. یان داوات لێبکرێت کە بەزووی هەڵبستیت بە پێدانی پارەی ئەو کەل و پەلەی کە ویستی خۆت پیشان داوە بۆ کڕینی تا لەدەستت نەچێت.
- فرۆشیارێکی وێبسایتی مەزادی ئۆنلاین کە باکگراوندێکی باشی نەبێت بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنانەی بۆی کراوە لە لایەن کڕیارەکانی پێشوو ترەوە. یان فرۆشیارێک کە دەیەوێت لەدەرەوەی پڕوسەی مەزاتکردنی ئۆنلاینەکە مامەڵەکەت لەگەڵ تەواو بکات. گەر کارێکی وات کرد ئەوا هەموو ئەو مافی پارێزگاری لێکردنە لەدەست دەدەیت کە لە لایەن خاوەن وێبسایتی مەزاتەکەوە بۆت دابینکراوە.
- دوکانداری ئۆنلاین کە زانیاری تەواو نادات لەسەر بڕگەکانی بەڵێن نامەی کارو مافەکانی تاکەکەسی بۆ بەکارهێنانی ئەو خزمەتگوزاریانە. نەبوونی زانیاری تەواو لەسەر هۆکاری پەیوەندی. یان فرۆشیارێک کە لەدەرەوەی وڵاتەکەی تۆیەو لە کاری مەزاتێکی ئۆنلایندا بەشدارە کە بنکەی ئەو وێبسایتی مەزاتە زیاتر بۆ وڵاتەکەی تۆیە. یان فرۆشیارێک کە ڕێگانادات سەلامەتترین ڕێگای پارەدانی ئۆنلاین تا ئێستا کە ئەویش بەکارهێنانی PayPal یان گواستنەوەی پارەیە لەڕێی کارتی متمانەوە بەکار بهێنیت.

### ٦-٧-٣) چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری فریودان و ساختەکاری بازاڕکردنی ئۆنلاین؟

هەوڵ بدە کە دڵنیا ببیتەوە لەوەی کە وێبسایتی مەزادی ئۆنلاین یاسای گەڕانەوەی پارەی هەبێت و ئەو یاسایەی کە هەیەتی لاواز نەبێت. وێبسایتە باشەکانی مەزادکردنی ئۆنلاین، یاساو ڕێساو زانیاری وردیان هەیە لەسەر بوونی هەر گلەیی و گازندەیەک سەبارەت بە پرۆسەی ئامادەکردن و ناردن، یاخود گەر هەڵەیەک ڕوبدات بۆ دەستەبەرکردنی مافی هەردوولا.

کاتێک کە بڕیار دەدەیت لە بەکارهێنانی وێبسایتێکی دوکانی ئۆنلاین بە مەبەستی بازاڕکردن، هەوڵ بدە ئەوە بزانی لەگەڵ چ شوێنێک مامەڵە دەکەیت. لەهەر وڵاتێکیت، هەوڵ بدە ئاشنابیت لەگەڵ ئەو کێشانەی دەشێت بێنەڕێت وە چۆنیەتی چارەسەرکردنیان بەپێی ستانداردی ئەو وڵاتە.

کاتێک کە لەڕێی ئۆنلاینەوە پارە دەنێریت هەوڵ بدە تەنها ئەو ڕێگا تەندروستانە بەکار بهێنیت کە هەن بۆ گواستنەوەی پارە لەڕێی ئەژماری بانکیەوە کە ئەوانیش PayPal یان کارتی متمانەیە بە هەموو جۆرەکانیەوە تا ئەم ساتە. هەمیشە پێش جێ بەجێکردنی هەنگاوەکانی پارەدان دڵنیابەرەوە لەوەی کە ئەو وێبسایتەی مامەڵەکەی بە ئۆنلاین لەگەڵ دەکەیت URL ەکەی بە "https" دەستی پێکردبێت و هێمای قفڵێکی داخراوی لەگەڵ بێت. پێویستە کە دوجار بیربکەیتەوە و زۆر وریا بیت کاتێت کە سیستمی پارەی Virtual بەکار دەهێنیت وەک Bitcoin لەبەر ئەوەی ئەم سیستمە هەمان مافی پاراستنی نیە کە سیستمەکانی تر هەیانە. کاتێک کە پارەکەت نارد بەهیچ جۆرێک تا ئێستا لەم سیستمەدا مافی گەڕانەوەی پارەت بۆ نیە.

کاتێک شتێک دەکڕیت لەڕێی وێبسایتی پۆلێنکراوی ئۆنلاینەوە، کاتێک پارە بدە کە شتەکەت بە کرداری بینیبێت یان بەدەستت گەیشتبێت. گەر هەر دودڵی یەکت هەبوو لە کەل و پەلەکەی دەی کڕیت، یان لە فرۆشیارەکە ئەوا بەردەوام مەبە لەو مامەڵەیە. کاتێک کە وێبسایتێکی مەزادی ئۆنلاین بەکار دەهێنیت، هەوڵ بدە بە وریای یەوە هەموو ئەو تێ بینییانە بخوێنیتەوە کە خراونەتە ڕوو سەبارەت بە ئەو فرۆشیارەی تۆ خوازیاریت شتێکی لێ بکڕیت. هەرگێز لەدەرەوەی وێبسایتی مەزادەکە مامەڵە مەکە.

کاتێک کە دەتەوێت کەل و پەلێک لە ڕێی وێبسایتی مەزادی ئۆنلاینەوە بکڕیت، دەشێت کە خوازیاربیت بەوەی کە خزمەتگوزاری "escrow" بەکار بهێنیت. خزمەتگوزاری "escrow" پارەدانەکەت وەردەگرێت وە هەڵدەستێت بە گەیاندنی ئەو بڕە پارەیەی کە داوتە بەرامبەر ئەو کەل و پەلەی کڕیوتە بە فرۆشیار، کاتێک کە تۆ دڵنیای دەدەی بەوەی کە کەل و پەلەکان بەدەستت گەیشتوون. بەگشتی بڕێک پارەی زۆرکەم لەبری بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزاری یە هەیە.

خۆت بەدور بگرە لەگەڵ هەر کەسێکی نەناسراو کە داوای دانی پارە دەکات وەک پێشەکی لەڕێی یەکێک لە شێوازەکانی گواستنەوەی بانکی وەک Money order یان Wire transfer یان International funds transfer یان پارەی ئەلەکترۆنی. زۆر دەگمەنە پارە بە یەکێک لەو شێوازانە بدرێت و پاشان بگەڕێندرێتەوە. هەرگیز پارە مەنێرە یان زانیاری لەسەر ئەژماری بانکیەکەت مەدە بەکەسێک کە نەی ناسیت و جێی باوەڕت نەبێت، وە هەرگیز ئەم کارە لەڕێی ئیمەیلەوە مەکە.

هەواڵنامەی کتێب



## ٦-٨) دەروونی یان گیانی و ساختەکاری ڕۆشنبین

فریودانی دەروونی یان گیانی و ساختەکاریی ڕۆشنبین شێوازێکی ترە لە شێوازەکانی فریودان تا لەو ڕێگایەوە بخەڵەتێندرێیت و فریوێنەران دەستیان بگات بە بڕێک پارە. بەگشتی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە وەک 'یارمەتی' پێشکەشتی دەکەن لەبری بڕێک پارەیە، جا دەکرێت ئەمە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت، یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. لە کوردستاندا زۆر جار هەموو ئەم خزمەتگوزاریانەی لەم ڕێگایەوە پێشکەش ئەو کەسانە دەکرێت کە فریوێنراون بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پارەکانیان لێ دەکێشنەوە، تا ئەو بڕوایە بۆ ئەوکەسانە دروست بکەن کە کاریان لەسەر دەکەن ئەوان بە بێ بەرامبەر ئەو خزمەتگوزاریانە پێشکەش دەکەن. ئەمە هۆکارێکە وای کردووە فریوێنەران و ساختەکاران لەم کۆمەڵگایەدا نەک بە فریوێنەرو ساختەکار نادەبرێن، بەڵکو بەگشتی خۆیانی پێوە بە کەسێکی بەخشندەو خێرخواز پیشان بدەن. بەگشتی تا ئێستاش لە کوردستاندا بۆ ئەم جۆرە فریودانە بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت نەبووەتە دیاردە، بەڵکو هەر لەڕێگا کلاسیکی یەکەوە دەکریت.

## ٦-٨-١)  چۆن فریودان و ساختەکاری دەروونی یان گیانی و ڕۆشنبین کار دەکات؟

فریوێنەرانی دەروونی یان گیانی و ساختەکاریی ڕۆشنبین هەوڵ دەدەن کە لەڕێگای ناردنی نامە، یان ئیمەیڵ، یان تەلەفون، یان بەشێوەیەکی ڕووبەڕوو، یان لە ڕێگای کەسانی ترەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوە بخەنە ڕوو کە ڕوداوێک لە ژیانتدا ڕوو دەدات لە داهاتوودا. ئەوە دەخەنەڕوو کە هەر بەهۆی ئەوەوە تۆ لە کێشەدایت و ئەوان دەتوانن یارمەتیت بدەن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا.

ئەو چارەسەرانەی فریوێنەران دەیخەنەڕوو دەشێت بۆ یارمەتی دانت بێت لە هەوڵی بردنەوەی ژمارەی یاری بەخت، یان هەوڵدان بۆ هەبوونی بەختێکی باش، یان هەوڵ دان بۆ لابردنی بێ بەختی و نەفرەت لێکردن، یان هەندێک جار ئەوە دەخەنەڕوو کە تۆ پێویستت بە پاراستنی بەردەوام هەیە لەڕێی دوعاو نزاوو کارەکانی ئەوانەوە. هەموو ئەم یارمەتیانەی پێشکەش بەو کەسانەی دەکەن لە بەرامبەر وەرگرتنی بڕێک پارەدا دەبێت.

ئەوەت بیربێت ئەم جۆرە ساختەکارانە هەوڵ دەدەن کە باوەڕت پێبهێنن لەڕێی وتنی چەند زانیاریەکی گشتی لەسەرت. بەردەوام بیر لەو شتانە بکەرەوە کە ئەو فریوێنەرانە دەی خەنەڕوو تا بزانیت شتی گشتین یان نا؟ دەبێت لەخۆت بپرسیت ئایە ئەو شتانە شتێک نین کە بۆ هەرکەسێکی تر بووترێت و گونجاو و باوەڕ پێهێنەر بن؟ یاخود زۆرترین ئەو شتانە تایبەتن بەزانیاری کەسیت، کە دەکرێت لە کەسێکی نزیکت، یان لە ڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتی یەکانەوە دەست کەوتبن.

## ٦-٨-٢)   نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری دەروونی یان گیانی و ڕۆشنبین

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- ئیمەیڵێکت پێ دەگات لە لایەن کەسێکەوە کە خۆی دەناسێنێت بە کەسێکی شارەزا لە بواری چارەسەری دەروونی یان گیانی و ڕۆشنبین. ئەم کەسە وا پیشان دەدات گە جۆرێک تێگەیشتنی تایبەتی هەیە بۆ ژیانی تایبەتی تۆ. ئەوە دەخەنەڕوو کە تۆ نەفرەتت لێ کراوە، یان بەدبەخت بوویت. بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەت خۆیان ئامادەیی دەر دەبڕن، یان پێشنیاری کەسێکت بۆ دەکەن کە توانای لابردنی ئەو نەفرەتی و بەدبەختیەی هەبێت.
- فریوێنەران دەشێت پێشنیازی جۆرە سحرێکت بۆ بکەن بۆ بەدەستهێنانی بەختێکی باش، یان نهێنی چۆنیەتی بەدەستهێنانی سامانێکی زۆرت بۆ پێشنیار بکەن، یان پێشنیاری جۆرە جادویەکت بۆدەکەن کە ببێت بە هۆکاری بوونی بەختێکی باش بۆ بردنەوەی یاری بەخت. ئەم خزمەتگوزاریانەش هەموویان پێشکەش دەکرێن لە پێناوی بەدەستهێنانی بڕێک پارەدا.

<u>نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری دەروونی یان گیانی و ڕۆشنبین</u>

لیستێک بەناوی ئەو فریوێنەرانەی کە لەڕێی فریودانی دەروونی یان گیانی و ساختەکاریی ڕۆشنبینەوە هەوڵی بەدەستهێنانی پارەیان داوە لە زۆرێک لە وڵاتاندا:

گروپی جوپیتەر (Jupiter Group)، بە پێی وێبسایتێکی ئوسترالیا سەبارەت بە کاری فریودان لەو وڵاتەدا بەناوی (http://www.scamnet.wa.gov.au)، ئەوە خراوەتەڕوو کە بنکەیەکی سەرەکی بڵاوکردنەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە بەناوی گروپی جوپیتەر لەپشت زۆرێک لەو فریودانانەوە یە کە بە فریودانی دەروونی یان گیانی و ساختەکاریی ڕۆشنبینی ناسراوە، ئەمەش لەڕێی گەیشتنی پۆستەکانی بە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە.

نوسراوەکانیان لەسەر کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگ چاپکراون کە ناونیشانێکی دیاریکراو پێشنیار دەکەن بۆ پەیوەندیکردن پێیانەوە بەمەبەستی وەرگرتنی خزمەتگوزاری دەروونی یان گیانی و ساختەکاریی ڕۆشنبین.




**وێنەی ژمارە (٦-٨)** وێنەی پۆستەیەکی گروپی جوپیتەر[١]

نمونەیەکی تر بەناوی ئێستا بانگم بکە"Call Me Now". ئەمە بەرنامەیەکی تایبەت بوو لە تەلەفزیۆنەوە شەوانە لە ساڵی نەوەدەکاندا لە درەنگانێکی شەواندا پیشان دەدرا. لەم بەرنامەیەدا پڕوپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکەیت و لە بەرامبەردا خوێندنەوەت بۆ بکات. ئەمە لە لایەن ئافرەتێکی جامایکی یەوە پێشکەش دەکرا. ئەم ئافرەتە لەڕێی بەکارهێنانی کارتەوە بەختی بۆ دەخوێندیتەوە کە ئەنجامی وەهای دەخستە ڕوو کە هەرگیز خۆت بەچاوی خۆت نەت دەبینی. بە ملیۆنان کەس پەیوەندیان دەکرد بەم بەرنامەیەوە لە هێڵە گەرمەکانەوە، جا ئەم پەیوەندیکردنە لەبەر بوونی باوەڕ پێبوون بوبێت یان تەنها بۆ بردنەسەری چەند ساتێک بێت بەمەبەستی چێژ لێوەرگرتن. بەڵام ئەم بەرنامەیە ڕێی لێگیرا لەپەخش کردنی لە لایەن لیژنەی بازرگانی فیدراڵی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا. ئەمەش بەبیانووی ئەوەی کە خاوەنەکەی هەڵساوە بە بازرگانیکردنێکی ناداد پەروەرانە. هەربۆیە

خاوەندارەکانی ڕەزامەند بوون بە خۆش بوون لە (٥٠٠) ملیۆن دۆلار لە ڕسوماتی تەلەفونی وە بڕی پێنج ملیۆن دۆلار وەک سزا بدەن بە لیژنەی بازرگانی فیدڕاڵی.




**وێنەی ژمارە (٦-٩)** وێنەی بەرنامەی ئێستا بانگم بکە[١٢]

هەروەها هەریەک لە بەرنامەکانی Ask Billy و Curses, Foiled again و Crossroads of the World لەڕێی فریودانی دەروونی یان گیانی و ساختەکاریی ڕۆشنبینەوە هەوڵی بەدەستهێنانی پارەیان داوە[١٢]. کە بۆ هەریەک لەمانە دەکرێت خوێنەری بەڕێز لەڕێ سەرچاوەکانەوە زانیاری وردیان لەبارەوە بزانێت.

هەواڵنامەی کتێب




## ٦-٩) خزمەتگوزاریی پریمیوم

ئەم جۆرە فریوێنەرانە لەژێر ناوی خزمەتگوزاری کات بەسەربردندا داوا لەبەشداربوان دەکەن لە SMS، MMS، IVR، و کێبڕکێی جیاجیا و دانگداندا بەشداربن. هەندێک جار داوادەکەن کە لەو کێبڕکێ یانەدا بەشداربن کە لەڕێی ساختەکاریی trivia وە ئەنجام دەدرێت. لێرە داوا لەکەسانێک دەکەن کە وەڵامی پەیوەندیەکانیان بدەنەوە. بەمەش کاتێک کە پەوەندیەکت لە لایەن ئەم فریوێنەرانەوە پێدەگات و هەڵ دەستیت بە وەڵام دانەوەیان، یان پەیوەندی کردن پێیانەوە لەڕێی پەیوەندی ڕاستەو خۆ، یان SMS ئەوا بڕەپارەیەکی زۆر لە حسابەکەت دەڕوات.

بۆ نمونە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی، یان ڕادیۆ لە یەکێک لە بەرنامەکانیدا پرسیارێک یان چەند پرسیارێک بڵاو دەکاتەوە کە پێویستی بە وەڵام دانەوە هەیە لە ڕێی پەیوەندیەکی تەلەفونیەوە، یان ناردنی نامەیەک لەڕێی تەلەفونەکەتەوە، لەبەرامبەردا ئەوە دەخرێتەڕوو کە خاوەنی وەڵامە ڕاستەکە خەڵاتێکی گەورەی بۆ دەردەچێت کە زۆرجار خۆی لە بڕێک پارەدا دەبینێتەوە. لەبەرامبەر هەر پەیوەندیەکدا بڕێک پارە لە پەیوەندی کەرەکە دەڕوات. ئەوە ئاشکرایە کە ئامانج لەم جۆرە بەرنامانە بەدەست هینانی بڕێک پارەی زۆرە کە زۆر زیاترە لە بڕی ئەو خەڵاتەی کە بۆ کەسێک دەردەچێت. ئەمەش بە ڕێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیاکانی پەیوەندی، کە ئەمە هیچ بەدەر نیە لە کاری فریودان و ساختەکاری. شێوازێکی تری ئەم فریودانە ئەوەیە کە نامەیەکت پێدەگات لە لایەن ژمارەیەکەوە، لەپای گەیشتنی ئەو نامەیە بڕیک پارە لە حسابەکەت دەبات.

نمونەی خزمەتگوزاری پریمیوم

چەند نمونەیەک لەسەر ئەو شێوازانەی کە زۆرێک لە بەشداربوانی هێڵەکانی مۆبایل توشی دەبن و بڕێک پارە لە ئەژمارەکانیاین دەڕوات، بەهۆی بەشداربونیان لەو جۆرە خزمەتگوزاریە کە دابینکەرانی ئەو هێڵانە دەیخەنە بەردەست بەشداربوانیان.


یەک لەو نمونانە ناردنی پەیامێکی لەو جۆرەیە کە لە وێنەی ژمارە (٦-١٠) دا خراوەتەڕوو:




**وێنەی ژمارە (٦-١٠)** ناردنی نامە بۆ پارە بەدەست هێنان

لەم جۆرە پەیامانەدا، داوا لە بەشداربوان دەکرێت کە بە ناردنی نامەیک بۆ ئەو ژمارە دیاریکراوە بۆ ئەوەی بەشداربیت لە پێشبڕکێیەکی هەفتانەدا تا خەڵاتێکی دیاریکراو بەدەست بهێنیت بە بڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار. زۆرجار بەشداربوو لەوە بێ ئاگایە کە ئەو ئۆفەرە تەنها بۆ سێ ڕۆژەو پاشان ڕۆژانە بڕێک پارە لە حسابەکەت دەڕوات (کە لەم پەیامەدا لەتۆ شاراوەیە). ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی بە پێی ویستی خۆت فریوێندراویت و

ڕێگات داوە کە بڕێک پارە بدەیت لە پێناوی بەشداربوونی ئەم خزمەتگوزاریەدا. ئەگەر وردتر سەیربکەین لەو جۆرە پەیامەی لە وێنەی ژمارە (٦-١١) دا هاتووە ئەو بڕەپارەیەی کە لە پەیامی وێنەی ژمارە (٦-١٠) شاراوەیە ئاماژەی پێکراوە.




**وێنەی ژمارە (٦-١١)** پەیامێک کە ڕوونە تیایدا ڕۆژانە بڕێک پارەت لێ دەڕوات

هەروەک دەبینین لەم نمونەیەدا، ئەو شێوازەی کە بەکار هاتووە بەسە بۆ ئەوەی کە چەندین بەشداربوو بەهەڵەداببرێت و بەشداربێت بەپێی ڕەزامەندی خۆی کە ئەمەش وادەکات لەڕووی یاساییەوە لایەنی دابینکاری ئەو خزمەتگوزاریە پارێزراوبێت بەبێ ئەوەی بەشداربوو درک بەوە بکات کە دوای ئەو ماوە دیاریکراوە ڕۆژانە بڕێک پارە لە حسابەکەی دەبرێت لە پای بەشداربوونی لەم خزمەتگوزاریەدا (دەشێت کەسانێک بەمەبزانن و بەویستی خۆیان ئارەزوی بەشداربوون لە پێشبڕکێ یەکی ئاوەهادا بکەن).

نمونەیەکی تر، بوونی تێکست میسجێکی ئەو وێبسایتانەیە کە پایام دەنێرن بە مەبەستی بەدەست هێنانی پارە، هەروەک لە وێنەی ژمارە (٦-١٢) دا خراوەتەڕوو. ئەم تێکست میسجە بۆ ژمارەی زۆرێک لە بەشداربوانی خزمەتگوزاری بەکارهێنانی مۆبایل دەچێت. وەک دەبینین لە پەیامەکەدا سوپاست دەکات بۆ بەشداربوونت لەو خزمەتگوزاریەدا، لە کاتێکدا تۆ هەرگیز ڕاستەوخۆ ئەو داوایەت نەکردووە. ئەو وێبسایتە لەڕێی ئەو کۆدەوە یان چەندین جۆر کۆدی ترەوە هەڵدەستێت بە ناردنی تێکست میسج و لە پای ناردنی هەر تێکست میسجێک بڕێک پارە لەو بەشداربووە دەڕوات. ئەمە ڕودەدات زۆرجار بەبێ ئەوەی ئەو کەسە هەڵسابێت بە بەشداریکردن لە خزمەتگوزاری ئەم وێبسایتەدا. کاتێک کە هەوڵدەدەیت کە "STOP" بنێریت تا ئەو خزمەتگوزاریە بوەستێت، ئەم سایتە هەڵدەستێت بە پشتگوێخستنی ئەو داواکاریە، یان لە وەڵامدا دەڵێت کە کۆدێکی هەڵەت ناردووە، لە کاتێکدا بەرامبەر هەر ناردنێک بڕێک پارەشت لەسەر حساب دەکرێت.

هەواڵنامەی کتێب




**وێنەی ژمارە (٦-١٢)** وێبسایتی پەیام نێر بۆ بەدەست هێنانی پارە

بەڵام هەروەک لە وێنەی ژمارە (٦-١٣) دا خراوەتەڕوو، بەناردنی نامەی "0" بۆ هەمان وێبسایتی پەیامنێر ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو خزمەتگوزاریە دەوەستێنێت.




**وێنەی ژمارە (٦-١٣)** بەناردنی نامەی "0" وێبسایتی پەیام نێر خزمەتگوزاریەکەی دەوەستێنێت

### ٦-٩-١)   چۆن فریودان و ساختەکاری خزمەتگوزاری پریمیوم کار دەکات؟

لەڕێی نامەیەکەوە داوات لێ دەکرێت کە بەشدار بیت لە پێشبڕکێ یەکدا کە لێ یەوە بتوانیت خەڵاتێکی بەنرخ بەدەست بهێنیت. پاشان نامەیەکی ترت پێ دەگات کە لینکی وێبسایتێکی تیادایە کە داوات لێ دەکات لەڕێی ئەو لینکەوە ژمارەی مۆبایلەکەی خۆت تۆمار بکەیت بەمەبەستی داواکاری بۆ ئەو خەڵاتەی بەحساب بۆت دەرچووە.

هەندێک جار لە و نامەیەدا کە بۆت نێردراوە داوات لێ دەکات کە بەشداربیت بە وەڵام دانەوەی چەند پرسیارێکی زۆر بێ بنەماو ئاسان کە هەموو کەس پێویستە بیزانێت. فریوێنەران ئەم ڕێگایە دەگرنەبەر تاوەکو وا لە هەموو کەسێک بکەن بتوانێت وەڵام بداتەوەو بەردەوام بێت لەو یاریە. هەندێک جار دواین پرسیارەکان بەشێوەیەک گران دەکەن، یان نادیار دەکەن کە ئاسان نەبێت هەمووکەس بیزانێت، تا دەگاتە ئەو ئاستەی داوات لێ دەکەن تەنانەت هەوڵی پێدانی ژمارەیەک بدەی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.

فریوێنەران هەوڵی بەدەستهێنانی  بڕە پارەیەک دەدەن لەم ڕێگایەوە بەوەی کە نرخێکی زۆر دەخەنە سەر هەر نامەیەک کە تۆ وەڵامی پرسیارەکانی پێ دەدەیتەوە. بەمەش زۆر جار وا لە بەشدار بووەکانیان دەکەن کە ژمارەکانیان تۆمار بکەن بۆ پێشبڕکێکانی داهاتووش.

### ٦-٩-٢)   نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری خزمەتگوزاری پریمیوم

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- نامەیەکت پێدەگات کە لە ڕیکلام دەچێت، چانسی ئەوەت پێ دەدات بەشدار بیت لە بەدەستهێنانی  خەڵاتێکی بەنرخ بە وەڵامدانەوەیان ئەویش بە ناردنی نامەیەکی بەتاڵ یان هەر وەڵامێک.
- نامەیەکت پێدەگات کە داوات لێ دەکات بەشدار بیت لەوەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی زۆر بێ بنەماو ئاسان لەڕێی کورتە نامەوە کە پرسیارە سەرەتایەکان ئەوەندە ئاسانە کە هەموو کەس دەیزانێت تا ئەو بڕوایەت پێ بهێنن کە بەشدار بیت.

- کورتەنامەت پێدەگات بەمەبەستی داواکاری بۆ بەشداربوونت لە خزمەتگوزاریەکی پێشنیارکراو بۆت. ئەو کورتە نامانە هیچ پەیمان نامەیەکی بەشدار بوونی تیادانیە کە شێوازی بەشداری کردنی تیا ڕونکرابێتەوە، هەروەها هیچ ڕونکردنەوەیەکش بەردەست نیە لە شێوازی وازهێنان و ڕێگا نەدان تا لە دواتردا ئەو کورتە نامانەت بەدەست نەگات.

### ٦-٩-٣) چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری فریودان و ساختەکاری خزمەتگوزاری پریمیوم؟

گەر نامەیەکت بۆ هات لەو جۆرەی باسکرابوو لە (٦-٩-٢) ئەوا پێویستە ڕاستەو خۆ دڵنیابیت لەوەی کە پارەی لە حسابەکەت بردووە یان نا؟ گەر ڕاستەوخۆ نەت توانی بزانیت، ئەوا دەکرێت ڕاستەخۆ پەیوەندی بە کۆمپیانیای دابینکەری خزمەتگوزاری هێڵەکەتەوە بکەیت تا دڵنیابیتەوە لەوەی کە ئەو نامەیە هۆکاربوو بۆ ئەوەی بڕیک پارە لە ئەژمارەکەت بروات یان نا؟

هیچ کات وەڵامی ژمارەی نەناسراو مەدەرەوە. هەوڵبدە کە وەڵامی نامەیەک نەدەیتەوە کە دەزانیت ئەوە نامەیەکی فریوێنەرە. ئەگەر زانیت کە ئەو نامەیە لە لایەنێکی دروستەوە هاتووە ئەوا دەتوانی وەڵام بدەیتەوە بە ناردنی نامەیەک کە تیایدا بنوسیت ( 'STOP' یان'STOP ALL' ، یاخود '0' سفر بە ئینگلیزی کە لە کوردستان بەزۆری ئەم هەڵبژاردەیان کاردەکات). وەڵامی ئەو نامانە بەهیچ شتێکی تر مەدەرەوە. بۆ گرتنەبەری ڕێکارە یاسای یەکان، باشترە ئەو نامانە بهێڵیتەوە وەک بەڵگەیەک نەک بیان کوژێنیتەوە. گەر ئەو کارە هەر بەردەوام بوو، ئەوا پێویستە تانە لەو کارە بدەیت گەر کۆمپانیاکە ناسراو بوو. وە گەر زانیت کە ئەو کارە کارێکی فریوێنەرانەیە ئەوا باشترە کە ئەو کۆمپیانیایەی لێ ئاگادار بکەیتەوە کە خزمەتگوزاری پەیوەندیەکەی بۆ دابینکردویت.

هەندێک شوێن کە لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاریەوە بەناردنی نامە پارە دەبەن لەو بەشداربووە، بە ناردنی تێکست میسجی "STOP" یان "0" ئەو خزمەتگوزاریە ناوەستێنن، وە وەڵامشیان بۆت نابێت. گەر لەڕێی وێبسایتەکەشیانەوە پەیوەندیان پێوەبکەیت و داوای وەستانی ئەو خزمەتگوزاریە بکەیت، ئەوا ئەو داواکاریە پشتگوێ دەخەن. لە حاڵەتێکی ئاوەهادا پێویست دەکات کە پەیوەندی بەلایەنی دەبینکەری خزمەتگوزاری ئەلەفونەکەتەوە بکەیت و داوایان لێبکەیت کە ئەو کارە ڕابگرن کە لایەنی سێهەم هەڵساوە بە کاری ناردنی تێکست میسج و بردنی پارە لە ئەژمارەکەت. گەر ئەوانیش نەیانتوانی ئەو کارە بوەستێنن، ئەوا داوایان لێبکە کە خزمەتگوزاری لایەنی سێهەم کە بتوانێت پارە لە ئەژمارەکەت ببات بوەستێنن.

لە وڵاتێکدا گەر ڕێساو یاسا هەبێت، پێویستە بتوانیت داوای قەرەبووی ئەو بڕە پارەیە بکەیت کە بەو شێوازی فریودان و ساختەکاریە لە ئەژمارەکەت دەبردرێت، گەر نەت توانی دەستت بەو لایەنە بگات کە کارەکەی کردووە ئەوا دەبێت داوای قەرەبوو لەڕێگای کۆمپانیای دابینکەری خزمەتگوزاری پەیوەندیەکەوە بکەیت. گەر ناش ئەوا دەبێت بتوانیت لەڕێی ئەو دەزگایەوە داوای قەرەبوو بکەیت لە بەرپرسی کاری مۆڵەتپێدان و ڕێکخستنی کۆمپانیاکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری پەیوەندیەکان.

**٦-٩-٤) هۆکاری ئەژمارکردنی خزمەتگوزاری نادروست**

لە خوارەوە هەندێک هۆکاری لەدەست دانی پارە پێناسە دەکەین:

**<u>وەڵام دانەوەی نامەی ریکلام:</u>** تۆمارکردنی ژمارەی مۆبایلەکەت لە یەکێک لە وێبسایتەکانی کە هەڵ دەستن بەم کارانە.

**<u>وەڵام دانەوەی پەیوەندی دەنگی ڕاستەوخۆ</u>:** تۆ خزمەتگوزاری دەنگی ئۆتۆماتیکی مۆبایل داوا دەکەیت تا خزمەتگوزاری پارەی مانگانەی مۆبایل داوا بکات! لەپای ئەم جۆرە خزمەتگوزاریانە دەشێت تۆ بڕێک پارە بدەیت تەنها بۆ یەک جار، یان بڕێک پارە هەر یەک هەفتە یان یەک مانگ جارێک بدەیت. پێویستە ئەو خزمەتگوزاریانە ڕاستەوخۆ بوەستێ بەناردنی نامەی ‘STOP’ یان '0' بۆ ژمارەکە، گەر ئەو خزمەتگوزاریە بەویستی خۆت یان بە شێوەیەکی هەڵە داوا کرابێت. گەر بەم شێوەیە ئەو خزمەتگوزاریە نەوەستا، ئەوا دڵنیابە هۆکارێکی تری فریودانی لە پشتەوەیەو پێویستە لایەنی دابینکاری خزمەتگوزاری پەیوەندیەکانتی لێ ئاگادار بکەیتەوە.




## ٦-١٠)   شرۆڤەی ساختەکاری کڕین و فرۆشتن

داتای لیستی (٦-١) تایبەتن بەئاماری کاری فریوێنەرو ساختەکاری لەڕێی "کڕین یان فرۆشتن"ەوە کە ڕویان داوە و تۆمارکراون لە وڵاتی ئوسترالیا بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٦ و ٢٠١٥.

**لیستی (٦-١)** ئاماری کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان


لەڕێی " کڕین یان فرۆشتن" بەپێی ساڵ[١]

| ساڵ | بڕی پارەی لەدەست دراو بە دۆلار | ژمارەی ڕیپۆرت | ڕێژەی سەدی فریوێنراوان بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نادیار |
| ٢٠١٧ | ١٢,٧٢٥,٦٤٤ | ٤٨,٠٦٧ | ٪٤٤,٣ | ٪٥٣,٥ | ٪٢,٢ |
| ٢٠١٦ | ٩,٢٨٣,٨٨٢ | ٤٥,٥١١ | ٪٤١,٣ | ٪٤٥,٩ | ٪١٢,٨ |
| ٢٠١٥ | ٨,٣٣٠,٨٦٦ | ٢٧,١٤٨ | ٪٣٦,٥ | ٪٤٠,٨ | ٪٢٢,٧ |

لە لیستی ژمارە (٦-١) دا، بڕی پارەی لەدەست دراو بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧، ٢٠١٦، وە ٢٠١٥ خراوەتەڕوو. لەهەمان کاتدا ئاماژە دراوە بە ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە پشتیان پێ بەستراوە بۆ دەرخستنی ئەو ئامارانە، لەگەڵ ڕێژەی بەرکەوتووان بە پێی ڕەگەز بۆ هەر ساڵێک.


هێڵکاری ژماره (٦-١) کاری فریودان لەڕێگای "کڕین یان فرۆشتن" موه دەخاتەڕوو. وەک دیاره بڕی (١٢,٧٢٥,٦٤٤) دۆلار پاره دزراوه لە هاوڵاتیان لە وڵاتی ئوستڕالیا لە ساڵی ٢٠١٧دا، ئەمەش تەنها بە پشت بەستن بە (٤٨,٠٦٧) ڕیپۆرت. ئەمە لەکاتێکدا فریوێنەران توانیویانە بەڕێژەی ١٨,٥٪ سەرکەوتووبن لەوەی کە بڕێک پاره بەدەست بهێنن لەڕێی کاره فریوێنەرەکانیانەوە بە پشت بەستن بەو ڕیپۆرتانەی کە ئەم کارانەیان خستۆتەڕوو.

| ٪ ڕیپۆرت کە پاره لەدەست دراوه | ژمارەی ڕیپۆرت | بڕی پارەی لەدەست دراو |
| --- | --- | --- |
| ٪١٨,٥ | ٤٨,٠٦٧ | $١٢,٧٢٥,٦٤٤ |





**هێڵکاری ژماره (٦-١)** پەیوەندی پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

هێڵکاری ژماره (٦-٢) شێوازی ئەو پەیوەندیانەی کە بەکارهاتوون بۆ فریودانی هاوڵاتیان لەڕێگای فریودان و ساختەکاری "کڕین یان فرۆشتن" ەوە دەخاتەڕوو. ئەو پارەیەی کە تیادا لەدەست دراوە بە بەراوردکردنیان بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کەهەن بە پلەی یەکەم لەڕێگای ناردنی ئیمەیڵەوە بووە، پاشانیش لەڕێگای تەلەفون و ئینتەرنێت (وێبسایت)ەکانەوە بووە.




**هێڵکاری ژماره (٦-٢)** شێوازی پەیوەندیکردن و پارەی لەدەست دراو بە پێی ژمارەی ڕیپۆرت[١]


هەروەها وەک هێڵکاری ژمارە (٦-٣) پیشانی دەدات، زۆرترین کەسان کە پارەیان لەدەست داوە لە نێوان تەمەنی (٤٥ بۆ ٥٤ساڵ) دان. ئەمە لەکاتێکدا ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە تۆماریشکراون بە بەراورد بە تەمەن زیاترینیان لەسەروو ٦٥ ساڵەوە بووە، پاشانیش تەمەنی (٥٥ بۆ ٦٤ ساڵ) بە پلەی دووەم و تەمەنی (٤٥ بۆ ٥٤ساڵ) بە پلەی سێهەم دێت.




**هێڵکاری ژمارە (٦-٣)** پارەی لەدەست دراو بە پێی تەمەن و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

ڕەگەزی نێر، لە کاری فریودان و ساختەکاری "کڕین یان فرۆشتن" کە بڕێک پارەیان لەدەست داوە پشکی شێریان بەردەکەوێت. بەپێی ئەو زانیاریانەی لە هێڵکاری ژمارە (٦-٤) دا هاتووە، بەڕێژەی ٥٤,٢٪ لە ڕەگەزی نێرن، لە کاتێکدا ٤٣,٨٪ ی ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی مێن. بەڵام تەنها ٢٪ ئەو کەسانەی کە کاری فریوێنەرانیان ڕیپۆرت کردووە و پارەیان لەدەست داوە ئامادەنەبوون کە ڕەگەزی خۆیان دیاری بکەن.

**ژمارەی ڕیپۆرت** **پارەی لەدەست دراو**




هەواڵنامەی کیبر

**هێڵکاری ژمارە (٦-٤)** پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت بە پێی ڕەگەز[١]

هەواڵنامەی کتێب



# بەشی حەوتەم

## فریودان و ساختەکاری لەڕێی کارو وەبەرهێنان

هەواڵنامەی کتێب

### سەیرکردنێکی گشتی

ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "کار و وەبەرهێنان". ئەمە جۆرێکی تری باوی فریودانە لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە. لەم بەشەدا باسی هەریەک لەو شێوازانە کراوە کە فریوێنەران بەکاری دەهێنن، لەگەڵ خستنەڕووی چەند نمونەیەکی ڕاستەقینەی فریودان و ساختەکاری کار و وەبەرهێنان. هەروەها باسی چۆنیەتی کارکردنی هەریەک لەم شێوازی فریودانە خراوەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕوی نیشانەکانی هۆشداری. ئاماری پێویست سەبارەت بە کاری فریودان لەڕێی وەبەرهێنان لە کۆتایی ئەم بەشەدا خراوەتەڕوو. هەروەها تیشک خراوەتەسەر تێکرای پارەی لەدەستدراو بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کە بۆ ئەو مەبەستە بەرزکراونەتەوە، هەروەک چۆن جۆرەکانی پەیوەندی و ڕێژەی پارەی لەدەستدراو بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەڕێی ئەو ئامارانەوە خراونەتەڕوو.



## ١-٧)   شێوازەکانی فریودان لەڕێی کار و وەبەرهێنان

ئەگەر تۆ دەگەڕێیت بۆ ڕێگایەکی خێرا بۆ بەدەست هێنانی بڕێک پارەی باش، ئەوا زۆر بە ئاگابە لەوەی فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت هەموو جۆرە دەرفەتێکی ساختەکاریان داهێناوە تا کەسانێکی لێ وە فریوبدەن لەبەر پەرۆشیان بۆ ئەو هەنگاوە خێرایە بۆ بەدەستهێنانی بڕێکی پارەی زۆر لە ماوەیەکی زۆر کەم دا. بەڵام دەرئەنجام کەسانێک کە بەو شێوازە هەوڵی بەدەستهێنانی بڕەپارەیەک دەدەن، نەک هیچ بڕەپارەیەک بەدەست ناهێنن، بەڵکو ئەو پارەیەی کە هەیانە لەدەستی دەدەن و دەیخەنە ناو دەستی فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

هەواڵنامەی کتێب

فریودان و کاری ساختەکاری لەڕێی کارو وەبەرهێنان چەندین شێوازی هەیە، باوترینیان ئەمانەن:

- گرەو و یاری بەرنامەی وەبەرهێنان
- بەرنامەی وەبەرهێنان
- بەرنامەی هەرەم (قووچەك)
- کار و دامەزراندن

## ٢-٧) گرەو و یاری بەرنامەی وەبەرهێنان

لە فریودانی "گرەو و یاری بەرنامەی وەبەرهێنان" دا، فریوێنەران هەوڵ دەدەن بە فریودانی خەڵکانێک کە بڕێک لە پارەکانیان بەکار بهێنن بەمەبەستی وەبەرهێنان لەو بەرنامەو پێشبڕکێ وەرزشیانەدا کە وای پیشان دەدەن بردنەوە تیایاندا مسۆگەرەو مەترسی ئەوەی تیادا نیە کە براوە نەبیت و بڕێک پارەی لێوە بەدەست نەهێنیت.

<u>نمونە باوەکانی فریودان لەڕێی گرەو و یاری بەرنامەی وەبەرهێنان</u>

ئەم جۆرە فریودانە جۆرێکە لە جۆرەکانی قومارکردن بەڵام بەشێوەی هاوبەشی کردن وەک وەبەرهێنان دەخرێتە ڕوو تاوەکو بەشێوەیەکی دروست دەرکەوێت. زۆرێک لەم بەرنامانە بەو شێوەیە کارناکات کە بەڵێن بە بەشداربووەکانی دەدرێت، لە کۆتادا بەشدار بوان ناتوانن ئەو برە پارەیەی خۆیانیان دەست بکەوێتەوە کە پێی بەشدار بوون. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دابینکەرەکە خۆی ون دەکات.

### أ. بەرنامە کۆمپیوتەریەکانی پێشبینی کردن

هەولنامەی کتێب

فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە ئەو بەرنامە کۆمپیوتەریانە بفرۆشن کە بەڵێنی ئەوەی پێدەدەن بە کڕیارانیان کە بژاردەیەکی تەواو ڕاستیان پێ دەدات لە پێشبینی کردنی براوەی یاریە وەرزشیەکان، بەزۆری بۆ یاریە هاوبەشەکان و پێشبڕکێی ئەسپ سواری[١]. بەڵێنی ئەوە دەدەن بە کڕیاران کە لە پای بەکارهێنانی ئەو بەرنامە کۆمپیوتەریانە بڕێک پارەی باش بەدەست بهێنن.

لە بەرنامەی "پێشبینی کەر بۆ یاریە هاوبەشەکان بە تیم"، وەک یاری پێشبڕکێی ئەسپ سواری، ئەوەت پێدەڵێن (تا دەرفەت دیاری بکەیت لەسەر بنەمای ئاراستەی مێژووی و ئاراستە جیا جیاکانی تر) کە بەرنامە جیا جیاکانی مسۆگەر کردنی بردنەوەکان بۆت دیاری دەکەن. لەبەرنامەی پێشبڕکێی ئەسپ سواریدا زۆر جار ئەوە دەڵێن کە پێشبینیەکانیان لەسەر بنەمای ڕەوشی ئاو و هەوایە، باری ئەسپەکەیە، ڕاکێشانەکانە، وە حاڵەتی ئەسپ سوارەکەیە. زۆر جار ئەوەت پێدەڵێن کە پارەکەت لەو شوێنە دابنێ کە کەسە لێهاتووەکان تیایدا بەشدارن لەو پێشبڕکێ یەدا. زۆر جار ئەو زانیاریانەی لەم بەرنامە کۆمپیوتەریانەوە پێت دەدرێت دەکرێت لە ڕێگای ئەو ڕۆژنامە ناوخۆی یانەوە دەستت بکەوێت کە تایبەتن بەم جۆرە پێشبڕکێیانە بە پارەیەکی زۆرکەم کە تەنیا نرخی کڕینی ڕۆژنامەکەیە.

**ب. گرەو لەڕێی سەندیکاکانەوە**

فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە کەسانێک فریوبدەن بەوەی کە ببن بە ئەندام لە سەندیکای گرەوکردن (ڕهن)[١]. بۆ بەشداریکردن لەم سەندیکایانەدا پێویست دەکات کە بڕەپارەیەک بدەیت لەبری بوون بە ئەندام و کردنەوەی ئەژماری گرەوی یاریە وەرزشی یەکان. زۆرجار بۆ کردنەوەی ئەم ئەژمارە تایبەتە پێویست دەکات کە بەردەوام بڕە پارەیەک لەسەر ئەژمارەکەت بێت تا پارێزگاری لە ڕاگرتنی باڵانسی ئەژمارەکەت بکات.

فریوێنەران ئەوە بە شداربووان دەڵێن کە ئەو بڕە پارەیەی لەسەر ئەژمارەکەیانە بەکاری دەهێنن بۆ گرەوکردن لەسەر بردنەوە لەبری سەندیکاکەی، لەبری ئەوە لە هەر بردنەوەیەک ئەوا بەڵێنی ڕێژەی سەدیت پێ دەدرێت لەو قازانجەی بەدەست دەهێنرێت.

**ج. وەبەرهێنان لە یاری یە وەرزشیەکاندا**

فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە ئەو توێژە بفریوێنن کە خاوەنی کارێکی بچوکی تایبەت بەخۆیانن، کەسانی خانەنشینن، یان کەسانێکی تر کە ئامادەن وەبەرهێنان لەو بوارەدا بکەن[١]. بەگشتی فریوێنەران لەسەرەتادا هەڵ دەستن بە بانگەوازو ڕیکلام کردن بۆ کارەکانیان وەک هەلێکی بازرگانی بۆ وەبەرهێنەران، ئەمەش لەڕێی پێشانگا بازرگانیەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئینتەرنێت. وە زۆر جار هەڵ دەستن بە پەیوەندی کردن بە هاووڵاتیانەوە لەڕێی پەیوەندی تەلەفونی و ئیمەیڵ، یان ناردنی پەیام لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

فریوێنەران لەم هەوڵانەیاندا زاراوەی دارای تایبەت بەکار دەهێنن وەک مراهناتی وەرزشی یان نێوەندگری وەرزشی یان ئاڵوگۆڕی وەرزشی یان هەر زاراوەیەکی تر، ئەمەش بەو مەبەستەی کە وا پیشان بدەن کە ئەم کارەی دەیکەن کارێکی وەبەرهێنانی دروستە. کاری پڕوپاگەندەکاری بۆ کارەکانیان دەکەن و خۆیان لە وێبسایتەکاندا دەبیننەوە، بەشێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو چەندین شیکردنەوەی دارایی لەڕێی هێڵکاری جیا جیاوە دەخەنەڕوو کە ئەمانە ببنە پێشاندانی ئەگەری بەدەستهێنانی داهاتی باش لە پای بەشداری کردن بە بڕەپارەیەکی زۆر کەم لەڕێی ئەو زانیاریە نادروست و بریقەدارانەوە کە لەو پێگانەدا دەی خەنە ڕوو.

تەنانەت فریوێنەران ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەو دامەزراوانە تۆمارکراون لە لایەنە فەرمیەکان و ژورە بازرگانیەکان و دۆکۆمێنتی دروست دەخەنەڕوو، زۆرجار دەشێت ئەوە ڕاست بێت لەبەر ئەوەی وەک لەسەرەتادا ئاماژەمان پێکرد بەزۆری ئەم جۆرەکارانە

بەشێوەیەک دەخرێنەڕوو کە شێوازێکی دروست وەربگرێت و ئەو هەنگاوانەش هەندێک جار وا دەکات لەگەڵ یاساو ڕێساکانی ژورە بازرگانیەکان و لایەنە پەیوەندی دارەکان خۆی بگرێتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا کاری فریواندن و ساختەکاری یە.

### ٧-٢-١) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری گرەو و یاری بەرنامەی وەبەرهێنان

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- داوات لێ دەکرێت بۆ بەشداربوون لە هەلێکی بەدەستهێنانی بڕە پارەی باش لە پای پێدانی بڕەپارەیەکی زۆر کەم بەمەبەستی وەبەرهێنان. ئەمەش بەوەی کە بەڵێنی گەورەت پێدەدرێت بۆ بەدەستهێنانی داهاتێکی باش لەئەنجامی ئەم کارەت، وە گەرەنتی ئەوەت پێدەدرێت کە هیچ جۆرە مەترسیەکی ئەوتۆ لەپای ئەم کارەت نەیەتە ڕێت. فرۆشیار لەپای ئەو فرۆشەدا بەڵێنی بەدەستهێنانی داهاتێکی زۆرت پێ دەدات. هەروەها فرۆشیار هەوڵ دەدات کە زاراوەی تەکنیکی و دارایی بەکاربهێنێت بۆ فرۆشتنی کاڵاکەی یان پلانەکانی.
- ئەوەت پێ ڕادەگەیەنرێت کە ژمارەی بەشداربوان دیاری کراوەو پێویست دەکات پەلە بکەیت لە بەشدار بوون تا ئەو هەلەت لەکیس نەچێت بۆ کڕینی ئەو بەرنامە کۆمپیوتەریە، یان دابینکردنی شوێنێک بۆ خۆت لەو بەرنامەیەدا کە بەشێوەی پلانی جیا جیا دەیخەنە ڕوو.
- بەردەوام ئەو داواکاریەت لێ دوپات دەکرێتەوە بۆ مەبەستی بەشداربوون لەڕێی نوێنەرەکانی فرۆشیانەوە، ئەوەش بەمەبەستی زۆرلێکردن و چاوبەست کردنت بۆ بڕوا هێنان بەوەی کە ئەو بەرهەمەیان لێ بکڕیت، یان بەشداربیت لەو پلانەیاندا.

هەواڵنامەی کتێب



## ٧-٣)   بەرنامەی وەبەرهێنان

لەڕێی بەرنامەی وەبەرهێنان هەوڵی ئەوە دەدرێت کە بڕوات پێبهێنرێت کە خۆت یان کۆمپانیاکەت دەست بەرداری بڕێک پارە ببێت لەسەر بنەمای پێدانی چەن بەڵێنێک بەوەی کە دەرفەتێکی دارایی هەبێت بۆت، لە کاتێکدا ئەو بەڵێنانە جێی گومانن.

<u>نمونە باوەکانی فریودان و ساختەکاری لەڕێی بەرنامەی وەبەرهێنان</u>

### أ. داواکاری بۆ سەرمایەی وەبەرهێنان

فریوێنەر ئەوەت پێ ڕادەگەیەنێت کە ئەو بەرپرسی کۆگایەکە یان بەڕێوەبەری بەشێکە، کە ئامۆژگاری دارایی و وەبەرهێنان پێشکەش دەکات. ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو ئامۆژگاریت پێشکەش دەکات لەسەر بابەتێک کە مەترسی زۆر کەمە، وە لە پای ئەوەشدا دەکرێت کە داهاتێکی زۆر بەدەست بهێنیت. یان ئەوەتا هانت دەدەن کە وەبەرهێنان بکەیت لە کۆمپانیا بیانیەکاندا. لەم بوارانەدا ئەو پێشنیارانەی کە ئەو فریوێنەرانە پێشکەشی دەکەن دروستە لەڕووی یاسای یەوە، وە دەشێت کە سەرچاوەی دروستیان لە بەردەست بێت بۆ پاڵپشتی کارەکانیان. ئەم فریوێنەرانە لە هەوڵەکانیان بەردەوام دەبن لەگەڵت، وە چەندین جار هەوڵی پەیوەندی کردن پێتەوە دەدەن بۆ پێشکەش کردنی هەمان پێشنیار بۆت.

فریوێنەران هەندێک جار ئەوە پیشان دەدەن کە پێویستیان بە نوسراوی ڕێگا پێدان نیە لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارە ناوخۆی یەکانی ئەو شوێنەی تۆ تیایدا نیشتەجێیت بە بیانووی ئەوەی کە ئەوان لە لایەن ئاستی باڵاوە (کە لایەنە پەیوەندی دارە حکومیەکانە لەسەر ئاستی مەرکەز) ڕێگا پێدراون، یان گوایا ئەوان سەر بە کۆمپیانیایەکی ڕاستەقینەن.

کاری فریودان لەڕێی داواکاری بۆ سەرمایەی وەبەرهێنان زۆرتر بریتین لە بەشداری کردن بە بەش، ڕەهن، یان زەوی و زار کە لێوەی داهاتێکی باشت دەست بکەوێت. یان خۆیان لە ئاڵوگۆڕکردنی بژاردەی بازرگانی یان دراوە بیانیەکاندا دەبیننەوە. بەزۆری ئەم فریوێنەرانە خۆیان لەدەرەوەی سنورەکانن لە وڵاتەکانی تر و تەنانەت ڕێگا پێدراو نیین لەو وڵاتەی کە تۆ تیایدا دەژیت.

### ب. هاوبەشی پێکردنی بەشداریکردن و پێدانی ئامۆژگاری

فریوێنەران هانت دەدەن کە هەڵبستیت بە کڕینی بەش لە کۆمپانیایەک کە ئەوان پێشبینی بەرزبوونەوەی نرخی بەشەکانیان دەکەن. لەڕێی ئیمەیڵ، یان پەیوەندی تەلەفونی، یان تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە پەیوەندیت پێوە دەکەن، یان پەیامەکانیان لە پێگە ئەلیکترۆنیەکانیاندا بڵاو دەکەنەوە. وا دەردەکەوێت کە ئەو ئامۆژگاریانە ئامۆژگاری ناوخۆیین و هانی ئەوەت دەدەن کە بەزوترین کات هەڵبستیت بەو کارە. فریوێنەران هەوڵی بەرزکردنەوەی بەشەکان دەدەن و ئەوە دەخەنە ڕوو کە چەند چانسی بەرزبوونەوەی زیاتری بەشەکانی ئەو کۆمپانیایە بەردەستە. بەمەش ئەوە دەخەنە ڕوو کە دەکرێت تۆ چ سوودێکی گەورە ببینیت لەپای کڕینی ئەو بەشانە. بەڵام لە دواتردا کە تۆ هەڵ دەستیت بە کڕینی ئەو بەشانە ئەوا نرخی بەشەکانی ئەو کۆمپانیایە بە پێچەوانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت.

گەر تۆ فریوێنرابیت و بەشداریت کردبێت، ئەوا لە دەرئەنجامدا زەرەرێکی زۆر دەکەیت، یان ئەوەتا هەموو ئەو پارەیە لەدەست دەدەیت کە پێی بەشدار بوویت.

## ج. سیمیناری وەبەرهێنان

پڕو پاگەندە بۆ ئەوە دەکرێت کە سیمیناری تایبەت بە وەبەرهێنان هەیە لە لایەن قسەکەرانی شارەزاو سەرکەوتوو لەو بوارەدا کە خاوەنی ملیۆنەها دۆلارن. فریوێنەران ئەوە دەخەنە ڕوو کە لەو سیمینارانەدا ئامۆژگاری دەکرێیت لەڕوی وەبەرهێنانەوە. ئەم بەرنامانە بەشێوەیەک ڕێکخراوە بڕوات پێ دەهێنێت، کە دەکرێت لەڕێی ئەو سیمینارانەوە ئاشنا بکرێیت بە ستراتیجیەتی وەبەرهێنانی زۆر مەترسیدار، وەک وەرگرتنی بڕە پارەیەکی زۆر لە بانک بە مەبەستی کڕینی زەوی و زار، یان وەبەرهێنان کردن لە بەگەڕخستنی سەرمایەکەت لە پێدانی قەرز لەسەر ئەساسێک کە بنەمایەکی دروستی نەبێت.

ڕێکخەرانی ئەم سیمینارانە بڕە پارەیەک بەدەست دەهێنن لەبری بەشداریکردن، یان لەبری کڕینی چەند ڕاپۆرت و کتێبێکی زۆر گران بەها، یان لەڕێی کڕینی زەوی و زار بە بێ ئەوەی کە ڕاویژی تەواو بکەیت لە لایەن خۆتەوە. ئەو هەلی وەبەرهێنانانەی لەم کۆنفرانسانەدا دەخرێتەڕوو ئەوە دەخوازێت کە بڕە پارەیەکی زۆر کە پێشتر ئاماژەی پێ نەکراوە لەبری ئەو ڕەسم و کارە ئیداریانە بدەیت کە بۆ ڕاپەڕاندی کارەکان پێویستە. بەشێوەیەکی گشتی لەم جۆرە کارانەدا هەوڵ دەدەن بەشێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو فشار بکەن بەوەی کە چاوبەستت بکەن بەو درۆ و دەلەسانەی کە دەیخەنە ڕوو، ئەوەش بەوەی کە ئەوە دەخەنەڕوو کە بە گەرەنتی دەتوانن بۆت بدەن بەکرێ یان کڕیاری ترت بۆ بدۆزنەوە کە لەپای ئەوە بڕە پارەیەکی زۆرت لێوەی دەست بکەوێت.

هەدا نامەی کتێب

گەر وەبەرهێنان لەم شوێنانەدا بکەیت ئەوا چانسێکی زۆرت هەیە کە ئەو پارەیەی خستوتەتە ئەو کارەوە لەدەستی بدەیت.

! هەمیشە ئەوەت لەیاد بێت بەڵێنی گەورە مەترسی گەورەی لە پشتەوەیە!

**د. خانەنشینکردن**

فریوێنەران هەوڵ دەدەن لەڕێگای بەکارهێنانی فڕوفێڵ و ساختەکاری بۆ بەدەستهێنانی خانەنشینی پێشوەخت کەسانێک بفریوێنن بۆ بەدەستهێنانی بڕێک پارە. ئەم کارانە زیاتر لە لایەن ڕاوێژکارەکانی دارای یان کەسانێک کە وا پیشان دەدەن ئەو شارەزای یەیان هەیە پێشکەش دەکرێت. (*بێگومان ئەمە لە وڵاتی خۆمان زۆر جار بە شۆفێری بەرپرسان دەکرێت نەک شارەزایانی بواری دارایی. ڕونتر بڵێم ئەم جۆرە ساختەکاری یە لە وڵاتی خۆماندا ئەو هەموو پێچوو پەنایەی ناوێت و بووە بەکاری فەرمی زۆرێک لە بەرپرسان، هەڵبەتە ڕەنگە لەبری وەرگرتنی بڕێک پارەدا نەبێت بەڵکو لە بری ڕازیکردنی پارتە سیاسیەکان یان پەیداکردنی لایەنگروو کڕینی دەنگی دەنگ دەرانە*). ئەوان دەخوازن کە ڕەزامەندی بدەیت بە نوێنەرایەتی کردنیان بۆ پێشکەش کردنی چیرۆکێکی دروست کراو بۆ کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری خانەنشینی تایبەت. بەمەش هەوڵ دەدەن کە ئەو کۆمپانیایانە بخەڵەتێنن لەڕێی ئەو چیرۆکە دروستکراوەوە. بەکردنی ئەم کارەش ئەوا فریوێنەران بڕە پارەیەکی زۆر لەو کەسانە وەردەگرن کە کاریان لەسەر دەکەن.

! بە پێی یاسا، ناتوانرێت کەسێک خانەنشین بکرێت تا تەمەنی نەگاتە ئەوەی بۆی دیاری کراوە، بەڵام هەندێک بوار هەیە کە وا دەکات ڕەچاوی تەمەن نەکرێت بۆ خانەنشینکردنی کەسێک. بەدەر لەمانە هەرکەسێک لە پێش گەیشتن بە ئەو تەمەنە خانەنشین بکرێت ئەوا کاری ساختەکاری یە.

نمونەیەکی باوی کەوتنە داوی بەرنامەی وەبەرهێنان:

ستیڤ تەمەنی ٦٥ ساڵ بوو، خۆی بەتەنها لە خانەی بەساڵاچوان ژیانی دەبردەسەر. ئەوەندە بەسەر لەدەستدانی هاوسەرەکەیدا نەڕۆیشتبوو کاتێک کە پەیوەندیەکی پێوەکرا سەبارەت بە هەلی وەبەرهێنان. کەسی پەیوەندیکار زۆر لیهاتووبو لە وەڵامدانەوەی سەرجەم ئەو پرسیارانەی کە ستیڤ لای دروست ببوو سەبارەت بە ئەو هەلی وەبەرهێنانەی کە خرابووە بەردەستی. وێنەی ژمارە (٧-١) چیرۆکی ستیڤ کە بڕی ٢٠٠,٠٠٠ دۆلاری بەفیرۆدا لەڕێی فریودانی وەبەرهێنانەوە[١].

هەرگیز ئەو بڕوایەت لادروست نەبێت کە ڕێگایەکی کورتکراوەی دروست هەبێت بۆ دەوڵەمەندبوون.

لەبەر ئەوەی ستیڤ ئەو بڕەپارەیەی لە کاتی خانەنشینیدا وەریدەگرت وەک پێویست نەبوو بۆی، هەربۆیە بڕیاری دا کە بەدەم ئەم داوایەوە بچێت و بیری لەوە نەکردەوە کە ڕاوێژ بەکەسانی تربکات تا پشتڕاستی ڕاست و دروستی ئەو بابەتە بکاتەوە.

لەماوەی ١٢ مانگی داهاتودا، ستیڤ هەڵسا بە ناردنی بڕێک پارە، سەرەتا بە ناردنی ١٠,٠٠٠ دۆلار دەستی پێکرد. ئەم کارەی لەڕێگای وێبسایتێک کە زۆر لە پرۆفیشیناڵ دەچوو ئەنجام دا. سەرەتا ئەژماری تایبەتی بۆخۆی کردەوەو بەردەوام چاودێری دەکرد و تێبینی ئەوەی دەکرد کە ئەو پارەیەی لەو پرۆژەیەدا وەبەرهێنانی پێوەکردبوو بەردەوام لەزیادبووندابوو. ئەمەش ئەو بڕوایەی پێدا کە ئەو کارەی دەیکات دروستە، هەربۆیە بڕیاریدا بە بڕێک پارەی زیاتر بەشداربێت هەتا گەیشتە بڕی ٢٠٠,٠٠٠ دۆلار.

! بەردەوام هەوڵ بدە کە ڕاوێژ بەکەسانی شارەزابکەیت پێش بڕیاردانت لە بەشداربوون بۆ هەرکارێکی وەبەرهێنان.

ستیڤ کاتێک ئەوەی بۆدەرکەوت کە ئەو کاری وەبەرهێنانەی کە ئەو بەشداره تیایدا و دەیکات کارێکی فریوینەرانەو ساختەکارانەیە کە ئەو وێبسایتەی بەکاریدەهێنا بوونی نەما لە ئینتەرنێتداو بەهیچ شێوەیەکیش نەیتوانی پەیوەندی بکات بەو کەسانەوە لەڕێگای پەیوەندی تەلەفونیەوە. هەربۆیە ستیڤ هەڵسا بەکاری گەڕان و بەدواداچون بۆ ئەو کارەی دەیکرد، لە ئەنجامدا زانیاری کەوتەبەردەست کە ئەو گروپەی بەو جۆرەکارانە هەڵساون کاریان فریودان و ساختەکاریبووە لەڕێی بەرنامەی وەبەرهێنانەوە و بەهیچ جۆرێک لە دەزگاکانی دەستەی وەبەرهێنانی ئەو وڵاتە تۆمار نەکراون. بەڵام ستیڤ لەو کارەی ئەوەندە شەرمەزاربوو کە هەوڵی شاردنەوەی فریودانەکەی داو ویستی کەسی لێ ئاگادارنەکاتەوە. بەڵام لە کۆتایدا پۆلیسی ئەو وڵاتە پەیوەندیان بە ستیڤەوەکرد لەبەر ئەوەی ناوی لە لیستی ئەو کەسانەدا دەرکەوتبوو کە هەڵسابوون بە گواستنەوەی پارە بۆ ئەو کەسە فریوێنەرانە.

پاش ئەوەی ستیڤ بەو کارە فریوێنەرەی زانی، چەندین جار پەیوەندی پێوەکراو هەوڵ درا لەلایەن کاسانێک کە بواری بەدەستهێنانی پارەی بخەنەبەردەست لەڕێی کاری وەبەرهێنانەوە، بەڵام ستیڤ هەڵسا بە ئاگادارکردنەوەی پۆلیس لەم بابەتە، پاشانیش ئەوەی بۆ پشتڕاستکرایەوە کە ئەو پەیوەندیانە کاری فریوینەرانەیە لە لایەن کەسانی تری فریوێنەرەوە، لەبەر ئەوەی زانیاری کەسی کەوتۆتە بەردەست چەندین فریوێنەری تر (لەڕێی ئەوکەسانەی کە بۆیەکەم جار توانیان بیفریوێنن و ئەو بڕە پارەیەی لەدەست بدەن).

هەولێرنامەی کتێب

لەم چیرۆکەدا وێنەو ناوی ڕاستەقینەی کەسەکە بەدروستی نەهاتووە لەبەر تایبەتمەندی بابەتەکە.



**وێنەی ژمارە (٧-١)** چیرۆکی ستیڤ کە بڕی (٢٠٠،٠٠٠) دۆلاری بەفیڕۆدا لەڕێی فریودانی وەبەرهێنانەوە[١]

### ٧-٣-١) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری بەرنامەی وەبەرهێنان

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

پەیوەندیەکت پێوەدەکرێت یان چەندین جار هەمان پەیوەندی پێوەکردن دووبارە دەبێتەوە لە لایەن کەسێکەوە کە هەڵ دەستێت بە پێشکەش کردنی ڕاوێژ بەشێوەیەک کە خوازراو نیە سەبارەت بە کاری وەبەرهێنان. هەوڵ دەدرێت کە لەسەرهێڵەکانی تەلەفون بۆ ماوەیەکی زۆر بهێڵدرێیتەوە لەکاتی پەیوەندی کردنەکاندا، یان هەوڵ دەدرێت کە ئاراستەی کەسێکی تر بکرێیت کە بەحساب ئاستێکی بەرزتر و لە پێش تری هەیە لە کۆمپانیاکەدا. پێت ڕادەگەیەنرێت کە پێویست دەکات پەلەبکەیت لە بڕیاردان و وەبەرهێنان بکەیت لەو بوارەی کە بۆت پێشنیار دەکرێت گەر نا ئەوا ئەو هەلەت لە دەست دەچێت.

کەوا کتێب

- ئیمەیڵێکت پێ دەگات لە کەسێکی نەناسراوەوە، سەبارەت بە پێشکەش کردنی ڕاوێژ بۆ کڕینی بەش لە کۆمپانیایەکی دیاری کراودا. دەشێت کە ئەو ئیمەیڵە ڕاستەوخۆ بەناوی خۆتەوە نەهاتبێت و هەندێک جار وا پیشان دەدرێت کە بەهەڵە ئەو ئیمەیڵەت بۆ هاتبێت.
- ڕاگەیاندنێک، یان پڕوپاگەندەیەکت پێدەگات سەبارەت بە بوونی سیمینارێک بۆ نمونە سەبارەت بە "وەبەرهێنانێکی بێ مەترسی"، یان "چۆن بتوانیت کە ببیت بە ملیۆنێر لە ماوەی چەند ساڵێکدا"، یان "چۆن بتوانیت دەوڵەمەند ببیت لەماوەیەکی کورتدا".
- تۆ داواکراویت بۆ بەشدار بوون لە سیمینارێکی خۆڕایدا، بەڵام داوای بڕە پارەیەکی زۆرت لێ دەکرێت گەر بەردەوام بیت لە بەشەکانی تری سیمینارەکەدا. فریوێنەران، پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە ئەتوانن بڕە پارەیەکت وەک قەرز پێشکەش بکەن بۆ تێچووی بەشداریکردنت لە سیمینارەکانی تردا یان کاری وەبەرهێنانی داهاتوتدا.
- پڕوپاگەندەیەک دەبینیت تیایدا ئەوە خراوەتەڕوو کە دەتوانن لە ماوەیەکی کەمدا پێش گەیشتنت بە تەمەنی خانە نشینی خزمەتی خانە نشینیت بۆ دەستە بەر بکەن.

هەواڵنامەی کتێب



## ٧-٤) بەرنامەی هەڕەم (قووچەك)

بەرنامەی هەڕەم وەک کارێکی بازرگانی وا پیشاندراوە کە ڕێگایەکی خێرابێت بۆ دەوڵەمەند بوون. بەڵام لەڕاستیدا ئەم جۆرە بازرگانیەش کارێکی فریودان و ساختەکاری یەو کۆتاییەکەی لەدەستدانی بڕێک پارەی زۆرەو هیچی تر.

فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت کەسانێکن لەپشت بازرگانی بەرنامەی هەڕەمەوە. ئەمەش بە چەندین ناوی جیاواز خۆیان ڕێک دەخەنەوە، تا بتوانن لەژێر ناوی جیا جیاو شێوازی جیا جیا خەڵکی فریو بدەن. هەربۆیە دەکرێت بڵێین بەرنامەی هەڕەم هەر هەلێکی بازرگانیکردنە کە تاکە هۆکاری ڕاستی لە پشت بەدەستهێنانی پارە ئەوەیە کە کەسانێکی زیاتر بهێنیتە ناو ئەم بەرنامەیەوە (لەم جۆر بازرگانیەدا بۆ ئەوەی بڕێک پارە بەدەست بهێنیت ئەوا پێویست دەکات کە کەسانی تر هان بدەیت ئەم کارە بکەن و بەشداربن. لەبەر ئەوەی تاکە هۆکاری بەدەستهێنانی پارە بۆ بەشداربوانی ئەم بەرنامەیە ئەو بڕە پارەیە کە کەسانێکی تر دەیبەخشن لەبری بەدەست هێنانی پاکێجێکی فێرکاری، یاخود بەدەست هێنانی هەر کەل و پەلێکی تر کە لەڕێی ئەم بەرنامەیەوە دابین دەکرێت). بەدەر لەم هۆکارە، هۆکارێکی تر نیە تا بەشداربوانی بەرنامەی هەڕەم بتوانن بڕە پارەیەکیان دەست بکەوێت.

گەر هێنانی کەسانی نوێ بۆ ناو بەرنامەی هەڕەم تاکە هۆکاربێت بۆ بەدەستهێنانی پارە، ئەوا ئەو کەسانەی کە درەنگ تر دێنە ناو ئەم گەمەیەوە، هەرگیز ناتوانن ئەو بڕە پارەیە بەدەست بهێننەوە کە پێی بەشدار بوون. لەڕاستیدا گەر کەسانێکی سەرەوەی ئەم بەرنامەیەش بڕێک پارەیان دەست کەوتبێت ئەوا هۆکارەکەی تەنها لەدەست چوونی ئەو بڕەپارەیەی کەسانی خوار خۆیانە کە هاتوونەتە ناو بەرنامەکەوە نەک هۆکاریکی تر.

لە و بەرنامە هەرەمیانەی کە هەن تەنانەت ئەوانەشی کە بنکەکەیان کڕینی پارچە شتێکە، یان پاکێجێکی فێرکاری، یان هەرشتێکی لەو بابەتەیە لەپای ئەو پارەیەی کە دەی دەی بۆ بەشداربوون، بەپێی سەرچاواکانی چاودێری فریوێنەران[١٣] لە سەدا ٩٩,٨٨٪ لە بەشداربوانی ئەم بزنسە هەرگیز هیچ بڕەپارەیەک بەدەست ناهێنن. هەرەها لەهەر جۆرە کارێکی بازرگانی لەم جۆرە فریودانەیا بە لێکدانەوەی بیرکاریانە سەلمێنراوە کە لە سەدا ٨٨٪ ی بەشداربوان لە بەشی ژێرەوەی هەرەمەکەدا دەبن.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە لایەن ( Robert L. FitzPatrick, Pres. Pyramid Scheme Alert) کراوە[١٣] سەبارەت بەوەی ئاخۆ هەموو ئەو جۆرە بازرگانیەی لەسەر بنچینەی بەرنامەی هەرەم کاردەکەن خەڵەتێنەرن؟ لەوەڵامدا دەڵێت ئەوان نەهاتوون یەک بەیەک هەرچی جۆرە بازرگانیەک لەسەر ئەم شێوازە کاربکات تاقیبکەنەوە بەڵام لەو سەدان جۆرەی کە ئەمان کاریان لەسەر کردون یەک دانەیان بەردەست نەکەوتووە کە کارێکی دروست و یاسایی بێت. ئەوەش لەبەر ئەم هۆکارانە:

**أ. ڕاستەوخۆ فرۆشیان نیە**

لەو لێکۆڵینەوەیەی کە کراوە[١٣]، ئەوە دەرکەوتووە کە بەرنامەکانی هەرەم ڕاستەوخۆ فرۆشیان نیە. تەنانەت یەک لەو جۆرە بازرگانیانە ڕاستەوخۆ سوود وەرناگرن لە فرۆش بە شێوازێکی ئاشکرا.

**ب. پارەدان بۆ بەشداربوون**

لە سەرجەم بەرنامەکانی هەرەم پێویستە پارە بدەیت، یان خاڵ لە کەسانی ترەوە وەربگریت بۆ بەشداربوون، یاخود بۆ چونە پێشەوە. جا ئەم پارەدانە هەر چی بەرگێکی کرابێت بەبەردا تەنها بۆ ئەوەیە کە ئەوە پیشان بدەن تۆ لە بەرامبەردا شتێکت وەرگرتووە.

هەواڵنامەی کتێب

### ج. هێنانی کەسانی تر بۆ ناو بەرنامەکە تاکە هۆکاری بەدەستهێنانی دەست کەوتە

لەسەرجەمیاندا دەرکەوتووە کە تاکە هۆکار بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت هێنانی بەشداربوی نوێ یە بۆ ناو بەرنامەکە. گەر کەسانێکیش ئێستا لە ئاستە بەرزەکاندا بن ئەوا هۆکارەکەی تەنها هێنانی کەسانێکە بۆ ناو بەرنامەکەو پاشانیش ئەوان بەهەمان شێوە کەسانی تریان هێناوە و تا وای کردووە ئەم کەسانە چونەتە ئاستە بەرزەکانی ئەم بازرگانی یە.

### د. قازانج تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە لە پلە باڵاکاندان

زۆر کارێکی زەحمەتە ئەوە بۆ کەسانێک ڕونبکەیتەوە کە وەک وایە چاویان نوقاندبێت و دوای بەڵێنێکی فریشتە ئاسا کەوتبن بۆ دەوڵەمەند بوون بەو شێوە خێرایەی کە پێ یان دراوە لە لایەن ئەم فریوێنەرو ساختەکارانەوە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە سەرجەمیاندا ڕاستە بەرهەم بەهۆی ئەو کەسانەوە پەیدا دەبێت کە لە هێڵەکانی خوارەوەن بەڵام سودەکەی تەنها و تەنها بۆ ئەو کەسانە دەبێت کە لە پلە باڵاکاندان.

نهێنی ئەم جۆرە بازرگانیە، فریودانە بەوەی کە دەستکەوتی زۆر باشت دەبێت تا کەسانی تر زیاد بکەیت و ئاستەکەت بەرز ببێتەوە بەشێوەیەک کە بێ کۆتاییە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەمە بەس بەڵێنەو هیچی تر. ئەو پرۆسەیەی زۆر بە ئاسانی ئەدرێت بە گوێی بەشداربووواندا بۆ پەیداکردنی بەشداربووی نوێ، جێ بەجێ کردنی کارێکی مەحاڵە. هەرئەمەش هۆکارە کە هەموو ئەو بەڵێن و پاڵپشتیەی پێت دەدرێت تەنهاو تەنها درۆیەکی گەورەیەو هیچی تر.

### ٧-٤-١) چۆن فریودان و ساختەکاری بەرنامەی هەرەم کار دەکات؟

دەشێت جۆرە بازرگانیەکت لە کەسێک، یان برادەرێک بیستبێت کە بنچینەکەی بەرنامەی هەرەمی یە. بەزۆری لە بازرگانی بەرنامەی هەرەمی دا بۆ هەوڵدانی پەیداکردنی بەشداربووی نوێ لەڕێی ڕێکخستنی سیمینار، یان کۆبونەوە و بینین لە ماڵەکاندا، یان لەڕێی پەیوەندی تەلەفونی یەوە، یان لەڕێی ناردنی ئیمەیلەوە، یان لەڕیی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە کارەکانیان ڕێک دەخەن.

لەم جۆرە بازرگانیەدا لە ڕێی هەر جۆرە بیانویەکەوە بێت بڕێک پارە دەدەیت تا بەشدار بیت. وە پێویست دەکات کە تۆی بەشدار بوو هەوڵ بدەیت کە بەهەمان شێوە بەشدار بووی نویێ بهێنیتە ناو کارەکەوە. تاکە هۆکاری سودمەند بوونی تۆ هاتنە ناوەوەی بەشدار بووی نوێ یە. بەو مانایەی تا بێ کۆتا بەشدار بووی نوێ بەشدار بێت تۆش سود مەند دەبیت. بەڵام لەڕاستیدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەردەوام بڕیاری بەشدار بوونی ئەم جۆرە بەرنامانە دەدەن لەچاو هەموو بەشداربووواندا، وە ئەو بڕە پارەیەی لەڕێی بەشداربووە نوێ یەکانەوە دەست دەکەوێت زۆر کەمە. هەر ئەمەش وا دەکات ئەو بڕە پارەیە بە بەرنامەکەوە دیار نەبێت و هیچ جۆرە سودێکی بۆ زۆرینەی زۆریان نابێت.

هەندێک لە فریوێنەرانی پشت ئەم جۆرە کارانە لەڕێی پێدانی کاڵا کە نرخەکەی لەچاو هەمان کاڵا لەدەروەی ئەم بەرنامەیە زۆر گرانترە وە لە ڕوی کوالیتیەوە زۆر خراپترە دەخەنەڕوو لەبەرامبەر ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ بەشدار بوون وەر دەگیرێت. زۆر جار چەندین جۆر دۆکۆمێنت و بەڵگەی بەناو یاسایی ئامادە دەکەن تا بەخەڵکی پیشان بدەن کە ئەم کارە کارێکی یاسایی یەو لەڕوی دینیشەوە دروستە بۆ ئەوانەی باوەڕدارن. ئەم فریوێنەرانە هەوڵ دەدەن سەرنجی بەشداربوان بۆخۆیان ڕابکێشن و فریویان بدەن بۆ بەشدار بوون.

ئەو بەشداربوانەی کە لەسەرەوەی هەرەمەکەن (لەڕێی بەشداربوان) و ئەوانەی لە خوارەوەی هەرەمەکەن پارە پەیدادەکەن، بەڵام ئەمە هەمووی لەسەر گیرفانی ئەوانەی خوار خۆیانە. ئەم جۆرە کارە جگە لەوەی دەبێتە هۆی لەدەست دانی بڕێکی زۆری پارە، هەروەها دەبێتە هۆی تێکدانی جۆری ژیانی خەڵک و تێکدانی لایەنی کۆمەڵایەتی. دەبێتە هۆی لەیەک کردنی هاوڕێ و هاوڕێ، وە برا لە برا دەکات، هەروەک چۆن خێزانەکانیش لەبەر یەک هەڵ دەوەشێنێت. بەپێی هەندێک سەرچاوە، بەشداربوون و کردنی کاری لەم جۆرە بەگشتی نایاساییە [١].

## ٧-٤-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری بەرنامەی هەڕەم

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- داوات لێ دەکرێت کە بەشداربیت لە گروپێک، یان بەرنامەیەک، یان هەر جۆرە بازرگانیەک کە پێویست دەکات کەسانی تر هانبدەیت و بیان هێنیتە ناو هەمان بەرنامەوە تا پارەت دەست بکەوێت. زۆرجار لە بەرنامە هەڕەمیەکاندا ئەوەت پیشان دەدرێت کە جۆرێک لە خزمەتگوزاریت پێشکەش دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا تەنها بۆ خزمەتی بەرنامە هەڕەمیەکەیە.
- لەکاتی داواکاری بۆ بەشداربوونت لە بەرنامەیەکی ئاوەهادا، بڕە پارەیەکی زۆر دەخرێتە بەرچاوت بەهیوای ئەوەی بتوانیت کە تۆش بەدەستی بهێنیت. لەهەمانکاتدا، بەڵێنی بەدەستهێنانی  بڕێک پارەی زۆرت پێ دەدرێت لە ماوەیەکی کەمدا.
- هەرچەندە ئەو کارەی بۆت خراوەتەروو لە چوارچێوەی بازرگانیە هەڕەمیەکانە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، فریوێنەران وا پیشان دەدەن کە ئەم کارەی ئەوان دەی کەن بەرنامەی هەڕەمی نیەو تەواو یاسایی یە.

### ٧-٤-٣)   چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری فریودان و ساختەکاری بەرنامەی هەڕەم؟

بەئاگابە لە هەر جۆرە کارێک، یان بەرنامەیەک کە وا پیشان دەدەن و بەڵێنی داهاتێکی دڵنیایی سەد لە سەدت پێ دەدەن. هەروەها پێویست دەکات کە بە ئاگا بی لەوەی کە دەشێت هاوڕێیەکت یان کەسێکی خێزانەکەت هەوڵ بدات کە لە کارێکی بەرنامەی هەڕەمیتەوە بگلێنێت لە کاتێکدا ئەو خودی خۆی نازانێت کە ئەو کارە (ساختەکاری یە) و جۆرێکە لە جۆرەکانی بازرگانی لەڕیی بەرنامەی هەڕەمی یەوە.

ئەوە بزانە کە بەشێوەیەکی گشتی دژی یاسایە نەک تەنها بانگەشە بۆ کاری بەرنامەی هەڕەمی بکەیت بەڵکو بەشداریش بیت تیایدا[١]، هەرچەندە زۆرجار بەهۆی ئەو بێ سەرەو بەرەی یەی لە وڵاتەکانماندا هەیە ئەبێتە ئەوەی کە کەسانێک بەئاشکرا پروپاگەندەی بۆ بکەن و تەنانەت هەندێک جار لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشەوە کەسانێک پاساو بۆ دروستی ئەم جۆرە بازرگانیە بهێننەوە.

! هەوڵ بدە کە هەرگیز خواستت نەبێت لە بەرنامەیەک، یان بازرگانیەک، یاخود لە جۆرە وەبەرهێنانێک دا بەشدار بیت کە لە بنەڕەتدا پشت دەبەستێت بەوەی کەسانی تر هانبدەیت و بیان هێنیتە ناو هەمان بەرنامەوە تا پارەت دەست بکەوێت.




### ٧-٥)   کارو دامەزراندن

فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەڕێی دۆزینەوەی کار و دامەزراندن هەوڵ دەدەن کە کەسانێک بفریوێنن، ئەوەش بەوەی کە ئۆفەری کارێکت پێشکەش دەکەن لەڕێی ناردنی ئیمەیڵ، یان ناردنی نامە، یان پەیوەندی تەلەفونیەوە. لە پێشنیاری کارەکەدا وا پیشان دەدەن کە کارەکە گونجاوە بۆ تۆ وە ئاستەنگیەکی وا نیە کە وات لێبکات ئەو کارە لە توانەی تۆدا نەبێت. هەروەها وا پیشانی دەدەن کە لە ئەنجامی گرتنە دەستی ئەو کارە بڕێک پارەی باشت لێ وەی دەست بکەوێت.

### ٧-٥-١)   چۆن فریودان و ساختەکاری کارو دامەزراندن کار دەکات؟

فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە لەڕێی ئیمەیڵ، یان ناردنی نامە، یان پەیوەندی تەلەفونی ئۆفەری کارێکت پێ بدەن. هەوڵ دەدەن کە بڕوات پێ بهێنن کە لە ئەنجامی وەرگرتنی ئەو کارە مووچەیەکی مانگانەی زۆر باشت پێ دەدەن. فریوینەران زیاتر پەنا بۆ ئەو کەسانە دەبەن کە لەڕێی وێبسایتەکەنی دابینکردنی هەلی کار زانیاری کەسی خۆیان داناوە. پاش پەیوەندی کردنیان پێتەوەو وەرگرتنی وەڵام زۆرجار گەر بزانن پێویست دەکات هەلی چاوپێکەوتنی ساختە لەڕێی سکایپ و شێوازی تری ئۆنلاین ڕێک دەخەن. هەروەها وێبسایتی ساختەی تایبەت بە خاوەن کار دروست دەکەن و لینکەکەی ئەنێرن بۆ ئەو کەسانەی کاریان لەسەر دەکەن تا وا پیشان بدەن هەموو شتێک ئاسای و دروستە.

جۆری ئەو هەلی کارەی پێت دەدەن تا رادەیەک ئاسان دەبێت و لەگەڵ سی ڤی کەسەکەدا دەی گونجێنن تا وا پیشان بدەن کە ئەو هەلی کارە تەواو گونجاوە لەگەڵ تواناکانی تۆ دا. پاش ڕەزامەندیت لەسەر وەرگرتنی کارەکە، بە شێوازێک هەول دەدەن کە برێک پارە بدەیت لەبری جێ بەجێ کردنی کاری تەواو کردنی دۆکومێنتی سەفەرکردنت، یان وەک جۆرێک لە گەرەنتی بۆ پێدانی ئەو پۆستە بە تۆ. بەڵام گەر ئەو بڕە پارەیەت دا ئەوا تەنها پارەکەت لەدەست دەچێت و کارێک نابینیت لەو شێوەیە. لەوانەیە لە بری ئەوە تەنها هەلی ئەوەت بخەنە بەردەست گەر بە هاوڕێیەکت بڵێیت بۆ ئەو کارە ئەوا تۆش سوود مەند دەبیت بە برێک لە پارە کە لەڕاستیدا ئەوەش نابینیت.

هەندێک جار لەهەندێک شوێن دەشێت کارێکی لەو جۆرەت بۆ دابین بکرێت بەڵام پاش ئەنجامدانی کارەکە ئەو بڕە پارەیەت پێ نادرێت کە بەڵێنت پێدرابوو. ئەمەش زیاتر ئەو کەسانە پێی هەڵدەستن کە کاریان دابینکردنی دەستی کارە بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستیان پێ یەتی. فریوێنەران لە پای ئەم کارە بڕێکی باش لە مووچەی مانگانەت دەبەن بۆ خۆیان بەبێ ئەوەی لەسەرەتاوە ئەوەت پێ ڕاگەیەنرابێت.

یەکێک لەو هەلی کارانەی بەم شێوەیە پێشکەش دەکرێت، داواکاریە بۆ بەکارهێنانی ئەژماری بانکیەکەت بۆ گواستنەوەی پارە بۆسەر ئەژماری بانکیەکی تر کە ئەمەش بە کارێکی نایاسایی دا دەنرێت لەبەر ئەوەی بەکاری پارە سپیکردنەوە ناودەبرێت و پێویستە خۆتی لێ بەدوور بگریت. گەر ئەژماری بانکی خۆت پێدان ئەوا فریوێنەران ئەشێت بەکاری بهێنن بۆ بردنی پارەکەت، هەروەها بەکارهێنانی بۆ ئەنجامدانی کاری تری نایاسایی.

## ٧-٥-٢)   نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری کارو دامەزراندن

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- پەیوەندیەک، یان بانگەوازێکت پێ دەگات لەڕێی ئیمەیل، یان نامە، یان پەیوەندیەکی تەلەفونی بۆ پێدانی هەلێکی کار. ئەو پەیوەندیەی کە پێت دەگات لەوانەیە بڕێکی زۆری پارەی بۆ پێشنیار کردبێتی لە پای کارێکی کەم کە شایەنی ئەو پارەیە نیە.
- پەیوەندیەکت پێدەگات بۆ بەردەستخستنی کارێک، بەڵام پەیوەندیەکە بۆ یەکەم جار ڕاستەوخۆ ئاراستەی تۆ نەکراوە بە ناوی تایبەتی خۆت، لەبەر ئەوەی ئەمە کاری فریوێنەرانەو لەهەمانکاتدا بۆ چەندین کەسی دەنێرن، هەر بۆیە شێوەیەکی گشتی وەرگرتووە. پاش وەڵام وەرگرتن دەبینیت لەسەر تاکەکان ئیش دەکەن و بە ناوی تایبەتی خۆت ئەدوێنرێیت.
- بەگشتی لە پەیوەندیەکاندا داوای زانیاری کەسی و ناردنی سی ڤی نوێت لێ دەکرێت. لە پاشانیشدا داوای دانی بڕێک پارە لەپای پێدانی کارەکە، یان جێ بەجێ کردنی کاروبارەکانی گواستنەوەت بۆ شوێنی کارەکەت، بابەتێکە کە دەشێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ داوابکرێت.

<u>نمونەی کاری فریودان و ساختەکاری کارو دامەزراندن</u>

لێرەدا من دەمەوێت نمونەیەک باس بکەم کە بە تایبەت بۆ نووسینی ئەم کتێبە بەدواداچوونم بۆ کرد تا هەنگاوەکانی تۆمار بکەم و نمونەیەکی زیندو بخەمە بەردەست خوێنەرانی ئازیزی ئەم کتێبە.

ئەم نمونەیە لەسەر فریودانە لەڕێی پێدانی هەلی کار. لەبەر ئەوەی من سی ڤی خۆم لە چەند وێبسایتێکی دابینکردنی هەلی کاردا داناوە، زۆرجار ئۆفەرم بۆ دێت لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشوێن کەسانێک دا دەگەڕێن کە ئەو شارەزاییە یەیان هەیە کەمن لە سی ڤی یەکەم دا خستومەتە ڕوو. چەندین جار بە پرۆسەی بەدواداچون دا ڕۆیشتووم، هەندێک جار هەر لەسەرەتادا کە زانراوە من لە کوردستانم، لە عێراق ڕاستەوخۆ پاشەکشە کراوە لە داواکان لەبەر ئەوەی ئەو کۆمپانیایانە ویستیان ئەوە بووە کەسێک وەربگرن کە دانیشتوی ئەو وڵاتە بێت کە خۆیان کاری تیادا دەکەن. بەڵام هەندێک جار لەبەر ئەوەی ئەو کۆمپانیایانە بەدوای کەسانێکدا دەگەڕێن کە لە دەرەوەی وڵاتەکانیان بێت لەبەر پێویستیان بە شارەزایی ئەو کەسە، ئەوا خۆیان ئامادەن بەو ڕێگا یاسای یانەی کە ئەو وڵاتە پەیڕەوی دەکات، کارە یاسای یەکانی وەرگرتنی ڤیزای کارکردنت بۆ تەواو بکەن و بت گوازنەوە بۆ ئەو وڵاتە، بەپێی ئەو گرێبەستەی کە لەگەڵتی واژوو دەکەن.

من چەند جارێک بە پرۆسەی چاوپێکەوتندا ڕۆیشتووم بەشێوازی ئۆنلاین لەڕێگای سکایپەوە، بەڵام لەوە زیاتر نەچومەتە پێشەوە و بەهەر هۆکارێک بێت نەم توانیوە سەرکەوتوبم لەوەی کە پیشانی بدەم لە هەموو ڕویەکەوە من کەسێکی شیاوم لەو کۆمپانیایانە کار بکەم کە لەڕێی سی ڤی یەکەمەوە منیان پەسەند بووە. ئەتوانم ئەوە بڵێم زۆرجار هۆکاری سەرەکی ئەو وڵاتە بووە کە من ئێستا لێی نیشتەجێم. لەبەر ئەوەی من خوێندنی ماستەرم لە وڵاتی ئەمەریکا بەدەست هێناوە و ماوەی دووساڵ شارەزایی کارکردنم هەیە لەو وڵاتە لە دوو شوێنی جیا، بە بۆ چونی من ئەمانە هاندەری سەرەکین کە زۆر جار لە لایەن کۆمپانیاکانی ئەمەریکاوە بەزۆری ئۆفەری کارم پێشکەش دەکرێت.

بە هەر حاڵ، کاتێک ئیمەیڵێکم بینی لە مەیڵ بۆکسەکەمدا کە بەناو لە لایەن کۆمپانیایەکی بەریتانیەوەیە لە ئوسکتلەندا بەناوی Drilling Excellence Limited لەبەر ئەوەی ئیمەیڵی ناردنی داواکاری یەکە بە Gmail بوو، وە من بەهیچ جۆرێک پەیوەندیم لەگەڵ ئەم کۆمانیایەدا نەبووەو ڕۆژێک لە ڕۆژان، سی ڤیم پێشکەش نەکردون بە مەبەستی بەدەستهێنانی کار، بەرچاویشم نەکەوتووە لەو وێبسایتانەی کە هەلی کار پێشکەش دەکەن. هەر بۆیە من بە پێی شارەزایی خۆم تەواو دڵنیابووم کە ئەمە ئیمەیڵێکی فریوێنەرانەیە. بۆیە بڕیارم دا کە وەڵامم هەبێت بۆ ئەم ئیمەیڵەو هەنگاوەکانی بکەم بە بابەتێک بۆ ئەم کتێبەم.

لە ناوەڕۆکی ئیمەیڵەکەدا هاتووە کە ئەوان وایان پیشان دابوو کە لە کۆمپانیاکەیان Drilling Excellence Limited لە سکۆتلەند لە هەنگاوەکانی دابینکردنی کەسێک بۆ پۆستێک لەو کۆمپانیایە وا ڕەچاو دەکەن کە ئەو شارەزای یەی من هەمە گونجاوە بۆ کارکردن لەگەڵیان. بۆ پێدانی دڵنیایی لەوەی کە ئەمان بەشێوەیەکی دروست زانیاریان لەسەر من هەیە، ئەوەیان خستبووە ڕوو کە سی ڤی منیان لە وێبسایتی دابینکردنی هەلیکار بەناوی Naukri.com دەست کەوتووە. هەر بۆیە داوایان کردبوو کە من سی ڤی یەکی نوێ بنێرم بۆیان بۆ ئیمەیلی بەشی هەلی کار لە کۆمپانیای ناوبراو، تا ئەوان دڵنیابن لەو زانیاریانەی لەڕێی ئەو وێبسایتەوە کە ڕێکخراوێکی دابینکاری دەستی کارە بۆ کۆمپانیاکەیان بەردەستیان کەوتووە.

لێرەدا نامەوێت ئەوە بشارمەوە کە لە ناوەڕۆکی ئیمەیڵەکەوە کەمێک دودڵیم بۆ دروست بوو کە ئەشێت ئەمە ڕاستیەکی تیا بێت. من کە خۆم لە پرۆسەی نووسینی کتێبێکم لەسەر شێوازەکانی فریودان و ساختەکاری لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنیتەوە، لەسەرەتادا بە پێی ئەو دوو هۆکارەی باسم کرد، سەد لەسەد دڵنیا بووم کە ئەم داواکاریە فریوێنەرانەیە بەڵام لەبەر ئەوەی بە کرداری بە پرۆسەیەکی وادا نەڕۆیشتبووم دوو دڵیم بۆ دروست بوو. ئەی ئاخۆ بۆ کەسێک کە هیچ شارزایی یەکی نەبێت، ئەبێت ئەمە چۆن بێت؟

سەرەتا هەستام بە کاری چێک کردن و گەڕان بە دوای ناو و ئەدرەسی ئەو کۆمپانیایەدا. بینیم بەڕاستی کۆمپانیایەکی لەو جۆرە هەیە و چالاکە. هەروەها ناوی بەڕێوبەرو چەند زانیاری یەک لەسەر توانای دارایی کۆمپانیاکە هەبوو. بۆیە سی ڤی خۆمم ئاڕاستەکردن. بەهۆی بوونی دودڵیەکە هەستام بە ناردنی سی ڤی خۆم نەک دروستکراو. ترسێکی وام نەبوو، لەبەر ئەوەی هەمان سی ڤی لەو وێبسایتە پێشتر دام نابوو. وێنەی ژمارە (٧-٢) وێنەی ئەو ئیمەیڵەیە کە تیادا داواکرابوو سی ڤی نوێی خۆم بنێرم (بۆ فریوێنەران). دەکرێت بگەڕییتەوە بۆ پاشکۆی (ب) لە کۆتای ئەم کتێبەدا بۆ بینینی تەواوی ناوەڕۆکی ئەم ئیمەیڵە.

SEND YOUR CV Inbox x

**Drilling Excellence Limited** <career.drillingexcellen

11/12/17

to

ATTN: Job Applicant

We are pleased to announce to you the recruitment process going on now in our company at Drilling Excellence Limited, Scotland, we belive that your expirenece will be of a valuable assets to us. We ill be responsible for the processing of your traveling document papers, if you are found successful.

Mail: career.drillingexcellenceltd@gmail.com

kindly send a copy of your updated resume/CV to our above career department email, so that we can re-confirm the details we found in your Resume/CV posted to us by Naukri.com, our recuritment agency.

Regards,
Recruitment Manager.

**وێنەی ژمارە (٧-٢)** ئیمەیڵی فریوێنەران بۆ بەردەستخستنی هەلێکی کار لە کۆمپانیای Drilling Excellence Limited, Scotland

پاشان لەوەڵامدا ئەم ئیمەیڵەی کە لە وێنەی ژمارە (٧-٣) دا خراوەتەڕوو نێردرا بۆمن لە لایەن فریوێنەرانەوە. لەم ئیمەیڵەشدا دڵنیام دەکەنەوە کە ئیمەیڵەکەم بەدەستیان گەیشتووە. دەکرێت بگەڕێیتەوە بۆ پاشکۆی (ج) بۆ بینینی تەواوی ناوەڕۆکی ئیمەیڵەکە.

Re: Acknowledgement of CV  Inbox x

**Drilling Excellence Limited** <career.drillingexcellen  11/17/17
to me

Dear: Applicant

Thank you for expressing your interest in working with us. This email serves as your confirmation that we have received your resume.

Your Resume/CV will be carefully reviewed against the qualifications of this open vacancy. Should your experience and skills match the role requirements we will contact you.

We will process your traveling document and will send all your traveling documents to UK consulate in your location, note that we will notify you when to go to the consulate for collection and official stamping of your 4 years visa, including your family if you are relocating with them (ONLY FOUR FAMILY MEMBERS ARE ALLOWED). This benefit will be on early notification from employee to employer.

There will be no further interview as your appointment is basically on the information/experience, which you have in your resume before screening. There will be a routine check of your credentials on arrival by the Human Resource Department to confirm validity. On your arrival.


**وێنەی ژمارە (٧-٣)** ئیمەیڵی دڵنیاکردنەوە

بەسەیرکردنی ئەم وەڵامە کە تیایدا ئاگادار کراموە لەوەی سی ڤی نوێی منیان بەدەست گەیشتووە، پرۆفیشناڵیەتی فریودانیان دەردەکەوێت. ئەویش بەوەی لەم ئیمەیڵەدا هاتوون بە پێدانی زانیاری زیاتر بەوەی کە بە وردی سی ڤی یەکەم هەڵ دەسەنگێنن تا بزانن ئەو شارەزایی و تواناییەی من هەمە لەگەڵ ئەو کارەی ئەواندا دەگونجێت. هەروەها ئەوە خراوەتە ڕوو کە ئەوان هەڵ دەستن بە پرۆسەی ئامادەکاری وەرگرتنی ڤیزاو کاری سەفەر کردن بۆم، گەر بڕیار لە بەرژەوەندی من بوو. هەندێک زانیاری تر لەسەر سودمەند بونی من و خێزانەکەم لە کاتێکدا گەر من لەو کۆمپانیایە کار بکەم خراببوە ڕوو. لە بەشێکی تردا ئاماژە بەوە دراوە لەکاتی پەسەندکردنی داواکەم بۆ کار کردن لەو ئەو کۆمپانیایە بە پرۆسەی چاوپێکەوتنی تردا ناڕۆم، بەڵام پاش گەیشتنم لەوێ ڕو بەڕو چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەکرێت و لەهەمو وردەکاریەک لەسەر جۆری ئەو کارانەی کردومە ئەو شارەزای یانەی هەمە هەڵسەنگاندنم بۆ دەکرێت.

هەروەها لە ئیمەیڵەکەدا هاتووە، گەر بە بڕوای ئەوان من لە ئاستی ئەوە دا نەبووم کە ڕاستەوخۆ کارەکە وەرگرم، ئەوا بە پرۆسەیەکی یەک هەفتەی کاری فێرکاری و ئاشنا بوون بە شێوازی کار کردن لە ناو ئەو کۆمپانیایەدا دەڕۆم. ئەوەش خراوەتە ڕو گەر دەرکەوت من زانیاری نادروستم داوە لەسەر ئەو شارەزای و توانایانەی کە هەمە ئەوا بە شێوەیەکی یاسایی مامەڵەم لەگەڵ دەکرێت و دیپۆرت دەکرێمەوە. هەروەها چەندین زانیاری تر لەسەر کۆمپانیاکە کە چۆن هەلی کار بە یەکسانی دەڕەخسێنێت و چۆن گرنگی بە سەلامەتی کارمەندەکانی دەدات و .... هتد.


هەنگاوەکانی گەڕان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کۆمپانیای ناوبراو: سەرەتا لە گوگڵ دا بە نووسینی ناوی کۆمپانیاکە، چەندین زانیاریم لەسەر ئەو کۆمپانیایە دەست کەوت، هەروەک لە وێنەکانی ژمارە (٧-٤) و (٧-٥) وە (٧-٦) دا خراونەتە ڕوو. هۆکارەکەی ئەوە بوو، کە ئەو کۆمپانیایە هەیە بەڵام بە پێی ئەو زانیاریانەی کە دەستم کەوتوون لە کۆمپیانیایەکی زۆر بچوک دەچێت و بەهیچ جۆرێک لەو قەبارەیەدا نیە کە لە ئیمەیڵەکاندا ئاماژەی پێدراوە. بەڵام ئەو ئەدرەسەی کە دراوە دروستە.

زانیاریەکانی وێنەی ژمارە (٧-٤)، ئەوە دەخەنەڕوو کە پاش گەڕانم بۆ ناو و بوونی کۆمپانیاکە، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە کۆمپانیایەکی لەو جۆرە بوونی هەیە.




**وێنەی ژمارە (٧-٤)** بەکارهێنانی گوگڵ بۆ دڵنیابوون لە ناوی کۆمپانیای
Drilling Excellence Limited, Scotland


زانیاریەکانی وێنەی ژمارە (٧-٥) ئەوە دەخەنەڕوو کە پاش کردنەوەی هەریەک لەو لینکانەی کە بەردەستم کەوتن لە ئەنجامی گەڕانم بۆ ناوی کۆمپانیاکە، چەندین زانیاری لەسەر بوونی کۆمپانیایەکی لەو جۆرە بەردەست بوو. هەروەها چەندین زانیاری سەبارەت بە ناوی بەڕێوەبەران و حساباتی ساڵانەی کۆمپانیا.



هەواڵنامەی کتێب

**وێنەی ژمارە (٧-٥)** چەند زانیاریەک لەسەر ئاستی دارایی و ناوی بەڕیوەبەرانی کۆمپانیای
Drilling Excellence Limited, Scotland

زانیاریەکانی وێنەی ژمارە (٧-٦) ئەوە دەخەنەڕوو کە کۆمپانیای ناوبراو ئەدرەس و ناونیشانی تایبەت بەخۆی هەیە.





**وێنەی ژمارە (٧-٦)** زانیاری لەسەر ناونیشانی کۆمپانیای Drilling Excellence Limited, Scotland

هەواڵنامەی کتێب

پاش چەند ڕۆژێک بە ئیمەیڵێک پیرۆزبایم لێکراو ئەوە خرایە ڕوو کە سی ڤی یەکەی من پەسەند کراوەو، بە کەسێکی تەواو گونجاوم دەزانن بۆ پێدانی ئەو کارە. پاش دوبارەکردنەوەی هەندێک زانیاری پێشوو وە پێدانی هەندێک زانیاری نوێ، نامەوێت بچمە ناوەڕۆکی هەموو بابەتەکانەوە دەکرێت ئیمەیلەکان کە وێنەیەکی دراوە وەک خۆی بخوێندرێتەوە تا سودی هەبێت بۆ هەمووان و بزانن چۆن کاری فریودانەکانیان ڕێک دەخەن. هەربۆیە لە ناوەڕۆکی ئەم ئیمەیڵەشدا ئەوە خرابووە ڕوو کە بەشی کاروباری مرۆیی HR هەڵسەنگاندنی تەواو بۆ بابەتەکە دەکەن و هەوڵ دەدەن گرێبەستێک ئامادە بکەن بە وردی و پاشان بیخەنە بەردەستم بۆ چاو پیاخشاندنەوەو پەسەند کردنی.

وێنەی ژمارە (٧-٧) وێنەی ئەو ئیمەیڵەیە کە بەمەبەستی پیرۆزبایی بەبۆنەی پەسەندکردنی داواکاریەکەم بۆ کارکردن لە کۆمپانیاکەیان لە لایەن فریوێنەرانەوە بۆم نێردرا. دەکرێت بگەڕییتەوە بۆ پاشکۆی (د) بۆ بینینی تەواوی ناوەڕۆکی ئیمەیڵەکە.



Re: Congratulations — Your CV Aced Our Offering Position  Inbox

Drilling Excellence Limited <career.drillingexcellenceltd@gmail.com>  11/21/17
to me

ATTN: Applicant,

Please accept our heartiest congratulations on your selection to work with us in the on-going recruitment process. This is such a wonderful opportunity for you. Your CV/resume really wowed the hiring manager and executives of Drilling Excellence Ltd who cross checked your CV/resume document, and they both assured you the company would be in touch soon with their decision.

You're a shoe-in for the job, and you'll probably get it. Start arranging your relocation effort to Scotland, as Drilling Excellence Ltd are preparing your contract document. For our valued employees, we strive to administer our policies, as well as our benefit and compensation programs, in a manner that is competitive, fair, and understandable.

On your arrival to Scotland, note that there will be a routine check of your credentials on arrival by the Human Resource Department to confirm validity. You will undergo an oral interview face to face with the Human Resources Executives of Drilling Excellence Ltd. Failure to pass the interview will subject you to undergo intensive orientation training for one week, in other to regularize you with our institutional working standard. Please ensure that all information provided on your documents is true and correct, as we reserve the right to investigate on all information and details given.

As an esteemed company, Drilling Excellence Ltd takes special interest in the well-being of everyone in its institution. The policies, benefits, and services that will be described in your job offer document reflect that concern. I encourage you to take advantage of the many opportunities and resources available to you for your personal growth and professional development.

I hope you will derive much satisfaction and personal fulfillment in knowing the vital contribution that you will make to the success of our company.

We will get back to you as soon as your contract document is ready. Always check your email in order to follow up your application.

Thank you once again as we remain committed to you.

Sincerely,

Dr Joaquim Renatus
Recruitment Manager
Hr. Tel: (+44) 14128 06892
Drilling Excellence Limited

**وێنەی ژمارە (٧-٧)** ئیمەیڵی پیرۆزبای بەهۆی هەڵبژاردنم تا کار بکەم لە گەڵ کۆمپانیای

Drilling Excellence Limited, Scotland

پاش چەند ڕۆژێکی تر پەیوەندیەکی ترم پێکرا لەڕێی هەمان ئیمەیڵەوە کە زانیاریەکی زۆر لەسەر بڕگە بەبڕگەی ماف و ئەرکەکانمی تیا خرابووە ڕوو، وە وێنەیەک لە گرێبەستەکە کە زۆر بە وردی و بەحساب لەسەر کلێشەی فەرمی کۆمپانیا بە واژو و مۆری فەرمیەوە هاوپێچ کرابوو. داوا کرابوو کە چاپی بکەم و بە وردی بیخوێنمەوە، پاشان گەر تێبینیم هەبوو ئاگاداریان بکەم تا چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، گەر نا ئەوا واژوی بکەم و بۆیان بنێرمەوە بە ئیمەیڵ تا ئەوان کارە یاساییە یەکانی تر تەواو بکەن بە پشت بەست بەو گرێبەستە. لەم ئیمەیلانەدا چەندین جار ئەوە خرابووە ڕوو کە من بەهیچ جۆرێک هیچ بڕە پارەیەک ناکەوێتە سەرم و هەموو کارەکان لە لایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەچێت. ئەمەش هەمووی بۆ پێدانی دڵنیایی بوو کە دودڵ نەبم و بتوانن بم فریوێنن. بێگومان لەم ئیمەیلە بەدواوە زانیاری تەواو لەسەر وێبسایتی کۆمپانیاو ئیمەیلی فەرمی تایبەت بە کۆمپانیاش خرابووە ڕوو. ئەمانەش بە هەمان شێوە بەس بۆ کاری دڵنیا کەرەوە بوون.

یەک لەو تێبینیانەی کە سودی دەبێت بۆ ئێوەی خوێنەر، لەسەرەتادا لەبەر ئەوەی ئەوان لە هەمان کاتدا لەسەر چەندین کەسی وەک من کاریان کردووە، داواکاری یەکان بەناوی خۆتەوە نی یە بەڵکو بە شێوەیەکی گشتیە. بەڵام لەم ئیمەیڵە بەدواوە بەحساب من کەسێکی فریوێنراوم و بە تاک کارم لەسەر دەکەن هەر بۆیە ئیتر بە ناوی تایبەتی خۆمەوە گفتو گۆکانم ئاراستە دەکرا.

وێنەی ژمارە (٧-٨) وێنەی ئەو ئیمەیڵەیە کە گرێبەستی کارکردنیان بۆ ناردم لە کۆمپانیای ناوبراو بەمەبەستی واژووکردن. دەکرێت بگەڕێیتەوە بۆ پاشکۆی (هـ) بۆ بینینی تەواوی ناوەڕۆکی ئیمەیڵەکە.


RE: DRILLING EXCELLENCE LTD CONTRACT AGREEMENT. Inbox x

**Drilling Excellence Limited** <career.drillingexcellenceltd@gmail.com> 11/27/17
to me

DRILLING EXCELLENCE LTD
Elevator Business Centre Admiral Court, Poyernook Road,
Aberdeen, Scotland, AB11 5QX UK
Website: www.drillingexcellenceltd.com
HR Email: hr@drillingexcellenceltd.com
HR TEL: (+44) 14128 06892


ATTN: JAMAL OMAR MOHAMMED

At Drilling Excellence Ltd, We strive to live through our mission statement: "To develop people to work together to create value for the Company, community and shareholders by doing it right with fun and integrity." As one of the leading Drilling Company in Scotland UK in petroleum and natural gas extraction, safety is a core value. We conduct all of our operations in a way that identifies, minimizes and mitigates harm to the health and safety of employees, contractors, the public and the environment. Drilling Excellence Ltd is an equal opportunity employer and does not discriminate on the basis of race, religion, color, national origin, age, sex, gender, disability or any other characteristic protected by law. It provides all of its employees with benefits that reflect today's reality. These include a competitive salary and vacation policy, as well as a flexible group insurance plan that can be adjusted to fit the needs of each employee. Working for an international Drilling Company also offers exceptional growth potential and a wide variety of Career Opportunities to keep you engaged long-term. Details about this job offer letter is attached herewith for clarifications and understanding of the information you need to know.

As a new member of our staff, you are a part of a company that is proud of its esteemed heritage and the accomplishments that have made it an outstanding national . Drilling Excellence Ltd, as an employer, is committed to providing an environment that is conducive to carrying out the company's mission.


**وێنەی ژمارە (٧-٨)** ئیمەیڵی گرێبەستی کارکردن

پاش ئەوەی لەڕێی ئەو ئیمەیڵەوە ناونیشانی وێبسایتی کۆمپانیاکەیان دابوو لەگەڵ ئیمەیڵی ڕەسمی بەشی HR. ئەمە یارمەتی دەربوو تا لەو ڕێگایەوە سایتەکەیان چێک بکەم. ئەشێت کاتێ خوێنەری بەڕێز هەوڵی چێککردنی هەمان ناونیشانی کۆمپانیا ئەدات، ئەو ناونیشانە داخرابێت یان ئاڕاستە کرابێت بۆ ناونیشانێکی تر لەبەر ئەوەی کاری فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەردەوام لە گۆڕاندایە. مەبەستی فریوێنەران بە دروستکردنی وێبسایتێکی تایبەت بەخۆیان و بەکارهێنانی ئیمەیڵی تایبەت بەو سایتە زیاتر دڵنیای دان بوو بەمن کە لەگەڵ شوێنێکی دروست کار دەکەم، بۆ ئەوەی ئەمەش وابکات کە من چیتر دودڵ نەبم لە بەدواداچونی بابەتەکە و بەردەوام چیان داواکرد ئەنجامی بدەم. هەربۆیە گەر تێبینی بکەیت چەند وێنەیەکی سایتەکەیانم داناوە تا ئاشنا بن پێی و بزانن کە چۆن فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت هەوڵ دەدەن چاو بەستت بکەن و بتخەنە ژینگەیەکی تەواو داخراوو تا بە ئاسانی بڕوا بە کارەکانیان بکەیت. هەروەک دەبینین وێنەی (٧-٩) وێبسایتی کۆمپانیای ناوبراو دەخاتە ڕوو کە بە ساختە دروستکراوە.




**وێنەی ژمارە (٧-٩)** پەیجی سەرەکی وێبسایتی کۆمپانیای Drilling Excellence Limited, Scotland کە ساختەکراوە

بەهەمان شێوە وێنەی (٧-١٠) تایبەتە بە خستنەڕووی چەند پەیجێکی تری وێبسایتی کۆمپانیای ناوبراو کە بە ساختە دروستکراوە. هەروەک دەبینین هەریەک لەم پەیجانەش تایبەتە بە بەشێک یان بابەتێکی دیاریکراوی کۆمپانیا.




**وێنەی ژمارە (٧-١٠)** چەند پەیجێکی تری وێبسایتی کۆمپانیای Drilling Excellence Limited, Scotland کە ساختەکراوە

گەر کەسێک شارەزایی لە کاری بەرنامەسازیدا هەبێت، دەکرێت لەڕێی چێککردنی ئەو سایتەوە ئەوەی بۆ دەرکەوێت کە ئەم کارە گوماناویە. لەبەر ئەوەی ناکرێت کە کۆمپانیایەکی بەو شێوەیە زەبەلاح وەک لە ئیمەیڵەکاندا هاتووە وێبسایتێکی ستاتیکی سادەی html ی هەبێت! بەڵام دەشێت ئەمە بۆ زۆرێک لە کەسەکان ڕوون نەبێت، لەبەر ئەوەی هەندێک کەس تەنها بە چێککردن و بینینی سایتێکی لەم شێوەیە لەوانەیە بەتەواوەتی بڕوا بەوە بهێنێت کە ئەو مامەڵەیەکی دروست دەکات.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ناوەڕۆکی بابەتەکە، من لێرەدا تەواوی ئەو گرێبەستە دەخەمە ڕوو، تا خوێنەران ئاشنا بن بەو شێوازانەی کە فریوێنەران بەکاری دەهێنن. زۆر جار گەر بەوریای یەوە هەڵسەنگاندنی بۆ نەکەیت، بە ئاسانی دەکەویتە داوی فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت. گەر سەیری دۆکۆمێنتەکان بکەین، گرێ بەستێکی تەواو لە فەرمی چوو ئاراستە کراوە بۆ ئەو کەسەی کە خوازیارن دای بمەزرێنن (لەم گرێبەستەدا خودی نووسەری ئەم کتێبەیە) هەربۆیە ناوەکەم لانەبردووە و وەک خۆی دەمەوێت بیخەمە بەردەست خوێنەران.

هەروەک لەو بەڵگانەی کە لە لاپەڕەکانی دواتردا خستومەتەڕوو دەی بینین لەڕوی ناو و ناونیشان و زانیاری پێویست لەسەر کۆمپانیاکە وە ژمارەی تایبەت بەو کارە کە ئەمە شێوازێکی پەیڕەوکراوە لە زۆربەی وڵاتاندا. پاشان جۆری ئەوکارەی کە خراوەتە ڕوو تەواو دروستە، ئەمەش لەو سی ڤی یەوە هێنراوە کە من ناردم بۆیان، لە سی ڤی یەکەی مندا کاری ئێستام وەک IT Manager خستبووە ڕوو هەربۆیە ئەمانیش وەک Assistant IT Manager هەلی کارەکەیان بۆ خستومەتە ڕوو. لەبەر ئەوەی لەڕاستیدا من داواکاریم بۆ کارێکی لەم جۆرە پیشکەش نەکردووە. زیاتر فریوێنەران هەوڵ دەدەن کارێک بخەنە بەردەستت کە بەڕێوەبردنی لەتواناکانی خۆتی کەمتر پێویست بێت. ئەمەش بە بڕوای من بۆ ئەوەیە کە دودڵیت لا دروست نەبێت و وا هەست بکەیت ئەو کارە وەک هەنگاوی یەکەم زۆر گونجاوە بۆت، وە باشی تواناکانی خۆتە وای کردووە کە ئەو چانسەت پێ بدرێت.

گەر تێبینی بکەیت لە بڕگەی دووەمدا سەبارەت بەم گرێبەستەی کە بۆم ئامادەکراوە هەڵەیەکی جەوهەری هەیە کە ئەشێت گەر ئەمە لە کات و ساتێکی تردا بوایا ئەمە بەهەڵە دانەنرابایا! ئەویش ئەوەیە لەبەر ئەوەی گرێبەستەکەیان لە بەرواەی ٢٠١٧/١١/٢٧ ناردووە بۆ من، وە وەک کارێکی ڕۆتینی دوای یەک مانگ پێویست دەکات کە تۆ دەست بەکاربیت. هەر بۆیە حسابی ئەوەیان نەکردووە کە ئەو شێوازە گشتیە لە کاتێکی وەک ئەمەدا کە دەکەوێتە سەری ساڵەوە پێویست بە وریایی زیاتر دەکات و دەبێت ئەو کاتە بەشێوەیەکی تربێت. هەروەک لە وێنەی ژمارە (٧-١١) پیشان دراوە، ئەمان هەر هاتوون بەو شێوازە پەیڕەوکراوە ٢٠١٧/١٢/٢٧ یان داناوە بۆ دەست بەکاربوونی من، لە کاتێکدا لەو بەروارەدا پشووە لەو وڵاتەدا.

هەواڵنامەی پێتر

تێبینیەکی تر لە بڕگەی سێهەمدا ئەویش ئەو بڕە مووچەیەیە کە دایان ناوە. پێدانی بڕی (١٨١٥٠) پاوەند بۆ یەک مانگ کارکردن وەک Assistant IT Manager، با لە کۆمپانیایەکی زەبەلاحی بواری نەوت و گازیش دابێت نەگونجاوە! پێویست دەکات کە وەرگری ئەو گرێبەستە چێکی ئەو ئاستی مووچەیە بکات کە لەو وڵاتەدا دەدرێت بە پێی ئەو ناونیشانی کارە. زۆر گرنگە لەکاتی هەوڵ دان بۆ بەدەستهێنانی کار لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆت بەئاگابیت لەو زانیاریانە. ئەمە سەرەڕای چەندین ئیمتیازاتی تر کە بۆت دەستەبەر کراوە، سەرەڕای ئەو بڕە مووچە دیاری کراوە.

هەواڵنامەی کێتێر

# DRILLING EXCELLENCE LIMITED

Elevator Business Centre Admiral Court, Poyernook Road, Aberdeen, Scotland, AB11 5QX UK.
HR Tel: (+44) 14128 06892
Email: hr@drillingexcellenceltd.com OR recruit.drillingexcellenceltd@outlook.com
Website: www.drillingexcellenceltd.com

DRILLING EXCELLENCE LIMITED AGREEMENT LETTER

TERMS OF AGREEMENT FOR CARRYING OUT EXPATRIATE SUPPORT SERVICES
BETWEEN
DRILLING EXCELLENCE LIMITED
WITH
JAMAL OMAR MOHAMMED
Job Ref Number: DEL/SC250/226/SLUK

27/11/2017

ATTENTION:

**DRILLING EXCELLENCE LIMITED CONTRACT AGREEMENT LETTER**

We are pleased to offer you a position with DRILLING EXCELLENCE LIMITED, your starting date, compensation, benefits, and other terms of employment is set forth below.

DRILLING EXCELLENCE LIMITED is pleased to offer you a job as ASSISTANT IT MANAGER. We trust that your knowledge, skills and experience will be among our most valuable assets and it will. We have in file your Resume, Job Application and other important data. After the evaluation of these documents, we found you qualified to work with our Team. We hope that you will make a significant contribution to the success of DRILLING EXCELLENCE LIMITED. The Hard Copy of your Confidential Invitation Letter and other Supporting Document have been sent to the United Kingdom Immigration Service here in the UK for their review and verification.

1. JOB LOCATION: ABERDEEN SCOTLAND, UNITED KINGDOM

2. COMMENCEMENT DATE: 27/12/2017, the work Environment will be within the work metropolis of DRILLING EXCELLENCE LIMITED, you are to report immediately to the business development manager (Yuri Dmitri) upon arrival to conclude prospects of orientation and other logistics.

3. SALARY INDICATION: You will be eligible to receive £18,150.00(GBP) per month exclusive of any taxation you will also receive salary every 28 days.

*Human Resources Department*

**وێنەی ژمارە (٧-١١)** پەیجی یەکەمی گرێبەست

گەر سەیری لاپەڕەی دووەمی گرێبەستەکە بکەین کە لە وێنەی ژمارە (٧-١٢) پیشان دراوە، چەندین زانیاری تری دڵخۆشکەر دەبینین. سەبارەت بە ڕۆژەکانی کارکردن، گەر سەیری لاپەڕەی دووەمی گرێبەستەکە بکەین کە لە وێنەی ژمارە (٧-١٢) پیشان دراوە، چەندین زانیاری تری دڵخۆشکەر دەبینین. سەبارەت بە ڕۆژەکانی کارکردن، ماوەی گرێبەستەکەت، ماوەی مۆڵەت لە ساڵێکدا، ئەو ئیمتیازاتانەی کە هەتە لە کاتی مۆڵەتەکاندا، تەنانەت کاتی دەست پێکردن و کۆتایی دەوامی فەرمی ڕۆژانە، لەگەڵ دابینکردنی تکتی فڕۆکە بۆت لە لایەن کۆمپانیاکەوە دەست نیشان کراوە. شێوازی ناردنی بۆت لەگەڵ وێنەیەکی گرێبەستە واژووکراوەکە. زانیاری سەبارەت بە ڤیزاو شێوازی ئاگادارکردنەوەت لە کات و ساتی وەرگرتنی لە سەفارەت یان قونسڵیەی ئەو وڵاتە لە وڵاتەکەت. زانیاری لەسەر ڕۆژ و شێوازی یەکتر ناسین و ئاشناکردنت بە کارمەندان و بەشەکانی کۆمپانیا. وە زانیاری لەسەر چۆنیەتی چاو پێ کەوتنت بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەپاش گەیشتنت بە شوێنی کارەکەت. ئەمانە هەموو بە شێوەیەک ڕێک خراون کە زۆر دڵ خۆش کەرن. هەر بۆیە هۆکارێکی باشن بۆ فریودانت.

هەواڵنامەی کتێب

4. **LEAVE ENTITLEMENTS:** You will work for 28 days. You are entitled to 1month Paid leave which can be taken once at a time or 2weeks apart from one different period. You will receive £6000.00GBP Take home for each leave Period. Employer for each Inter-continental trip shall pay £920.00GBP flat rate travel/entertainment Allowance to employee. Travel shall be by business class/first class if necessary. Employer shall also take care of employee's travel ticket including that of employee's, Family only on employee's early notification to employer.

5. **CONTRACT DURATION :** 4 YEARS ( Renewable)

6. **START UP DATE/HOURS OF WORK:** Startup date is flexible, general hours of work are between 8: am - 4pm. It is expected that you will work an average of 40 hours per week.

7. **FLIGHT TICKET:** Your flight ticket shall also be sent to you, four days before your departure. You are to provide a working and valid postal address where your ticket shall be delivered through a courier service agent, inclusive of the Hardcopy of your Offer Letter and Certificate of Employment.

8. **VISA:** We will be responsible for the processing of your Valid Scotland UK visa and other traveling supporting document that will aid you live/work with us here in Scotland. Your flight ticket shall also be sent to you, a week before your departure. You are to provide a working and valid postal

9. **ACCOMMODATION/FEEDING:** Newly recruited staff of DRILLING EXCELLENCE LIMITED will reside at the company's staff estate. There are single Bed-room and flat options to choose from. You shall eat at the staff canteen free of charge as there are dietary options for vegetarians and non-vegetarians.

10. **ORIENTATION PROGRAM:** Candidates are advice to arrive at least 3 or 4 days before job commencement date in order to attend the orientation seminar and also acclimatize with the working environment. On your arrival, you will undergo an oral examination (interview), failure to pass the interview will subject you to undergo intensive orientation training for one week, in order to familiarize you with our institutional standards. Note that we reserve the right to investigate all details provided. There will be a routine check of your credentials on arrival by the Human Resource Department to confirm validity.

11. **INTERVIEW:** All expatriates will be given an appointment to meet with our representatives who will be visiting the Scotland High Commission in your Country to ensure the (1) Perusal of Original Copies of Education/Academic Certificate, Awards from previous Jobs/Experiences and any other information deemed necessary (2) Chance of meeting with expatriates to facilitate a familiarization discussion and a pre-orientation on the project scope.

*Human Resources Department*

**وێنەی ژمارە (٧-١٢)** پەیجی دووەمی گرێبەست

پاشان هەواڵە دڵ خۆشکەرەکان بەردەوامن لە شێوازی پاراستن و گرنگی دانیان بە سەلامەتی کارمەندەکانیان هەروەک لە وێنەی ژمارە (٧-١٣) خراوەتەڕوو. هەروەها زانیاری لەسەر بیمەی تەندروستی بۆ خۆت و بۆ ئەندامانی خێزانەکەت. یەک لەو زانیاریانەی تری کە بۆ من زۆر باش بەرجەستەیان کردووە ئەویش دابینکردنی هەموو خزمەتگوزاریەکانە بە بیمەی تەندروستی و یارمەتی یەکانی تری پەیوەست بەژیان و خەرج کردنی سەرجەم تێچووی سەفەر و کاری وەرگرتنی ڤیزای سێ کەسی تر لە ئەندامانی خێزانێکی چوار کەسی. ئەمەش ئەشێت ستاندارد بێت وە ئەشێت کۆکردنەوەی زانیاری تەواو بێت لەسەرم لەڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان یان هەر هۆکارێکی تری بەدەستهێنانی زانیاری.

هەڵڕژاندنی بڕێک پارەی باش بۆ خەرجیەکانی تری وەک حاڵاتی کوت و پڕو چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل و دابینکردنی پێداویستی یەکانی ناو ماڵ و سەفەر کردن. بەڕاستی خۆت گرێبەستێک بۆخۆت دابنێیت بەم شێوەیە نای نووسیت. بەڵام ئەمانە هەمووی نزیکن لە ڕاستی یەوە و لە ڕاستیدا لە کاتی کارکردنت بۆ کۆمپانیایەکی بە ناو زەبەلاحی لەو جۆرەی ئەوان خستویانەتە ڕو دەشێت هەر ئاوەها بێت. بەڵام لەڕاستیدا بە پێی ئەو زانیاریانەی کە من بەدوا داچونم بۆکرد و لەسەرەوە خستومەتە ڕوو، توانای ئەم کۆمپانیایە ئەوە نیە. تە نانەت من پاش بینینی ئەم گرێبەستە دڵنیا بووم لەوەی کە ئەو وێبسایتەی بەناوی ئەمانەوە هەیە ڕاست نیەو تەنها خراوەتە پاڵیان و زانیاریەکانیان بەکار هاتووە. هەر بۆیە ڕاستەو خۆ ئەو بۆچونەم لا بەرجەستەبوو کە دەشێت ئەم کۆمپانیایە هەبێت تەنها وەک کۆمپانیایەکی لۆکاڵی وە هیچ جۆرە وێبسایتێکیان نەبێت. هەر بۆیە ئەمان هاتوون کاریان لەسەر کردووە بۆ مەبەستی فریودان لەکاتێکدا کۆمپانیاکە خۆی بە هیچ جۆرێک ئاگاداری ئەمە نیە.

12. **INTERVIEW ON ARRIVAL**: Interview on arrival is designed to facilitate a cordial relationship between expatriates and firm as well as the organizational structure with respect to the project scope. Interviews are also designed to ascertain claims on working experiences and academic/educational qualifications, and should any claim be found wanting the affected expatriate would be deported and such done in conformity with the legal provision. Among reasons for interview on arrival is to establish expatriates area of interest considering the project scope in order to facilitate an efficient division of labour on Job Locations with respect to the organization structure.

13. **SAFETY AND SECURITY**: Safety and security (local/foreign) facilities on job location and communities are not neglected and have been seriously considered to ensure and assure hitch free operations, all workers are entitled to security officers both at work locations & Residential Quarters, operations on job location are designed to adhere strictly on the Health Safety and Environmental (HSE) Policy. All expatriates are entitled to a free and mandatory safety courses on job locations to be delivered by qualified safety and environment experts. All Personal protective equipment (PPE) shall be provided by the company at job locations.

14. **MEDICAL/HEALTH SERVICE FACILITIES AND INSURANCE PLAN FOR FAMILY**:(A) All expatriates shall be entitled to a comprehensive health care service, which are to be administered by Medical Experts on Job Locations. (B) In a case of emergency situation, an expatriate will be flown to his home country or any country suitable for the best medical attention. This decision can be influenced by the findings of the company's medical experts, unless the expatriate in question states otherwise. (C) After three (3) months of service all expatriates will be entitled to a Health Service Insurance Plan (HSIP) for family. The Health Service Insurance Plan is designed to cover only three (4) members of your family. The Health Service Insurance Plan (HSIP) allowance can also be paid to the expatriates at the rate of GBP 500.00 per family member per month (GBP 2,000.00 per month) which can be transferred on monthly basis without being subjected to tax.

15. **ALLOWANCE**: Hazard/Inconveniences: £400 .00 (Monthly), Car Maintenance: £300.00 (Monthly), House & Furnishings: £2,000 (Yearly), Entertainment & Recreation: £450.00 (Monthly), Travel & Events: £920.00 (Monthly).

16. **OFFICE ASSETS TO BE PROVIDED BY EMPLOYER** : A) **Computer Resource**: Laptop computer, 1.6GHz processor, 256 MB RAM, 24XCD-RAW, 30GB Hard Drive, Floppy Drive, Integrated Network Adapter, Internal 56k Modem, Spare Battery and Necessary software. Full time Internet access is also made available. B) **Phones**: Employer will provide each employee with one (1) landline and one (1) mobile telephone. This shall have a reasonable credit limit application per month.

*Human Resources Department*

**وێنەی ژمارە (٧-١٣)** پەیجی سێهەمی گرێبەست

پاشان هەندێک زانیاری تر لەسەر دابینکردن و بەردەست خستنی هۆکارەکانی پەیوەندی کە لە وێنەی ژمارە (٧-١٤) پیشان دراوە. پاشان خستنەڕووی زانیاری لەسەر شێوازی ئاسانکاری بۆ بردنی ئەندامانی خێزانەکەت. گەر تێ بینی ئەم خاڵەش بکەیت کە خاڵی ١٩ی گرێبەستەکەیە، زۆر بەشێوەیەکی فێڵبازانە شێوازێکیان خستۆتە بەردەستت کە هەوڵ بدەن فریوت بدەن و بە بێ ئەوەی ئەوان داوای پارەت لێ بکەن تۆ خۆت بکەویتە داویانەوەو پارەیان بۆ بنێریت، کە بە دڵنیای یەوە پاشان ئەو بڕە پارەیەت لەدەست دەچێت و دەشێت داواکاری تریشی بەدوادا بێت. لەم بڕگەیەدا ئەوە خراوەتەڕو کە بۆ سێ مانگی یەکەم ئەوان خوازیارن خۆت سەفەر بکەیت و هەموو پێداویستی مانەوەت لە کۆمپانیا بۆ دابینکراوە، پاشان ئەوان هەموو ئەرکێکی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ بەدەستهێنانی ڤیزا و تێچونەکانی دابینکردنی تکتی فڕۆکە و پێداویستی یەکانی تر دەگرنە ئەستۆ بۆ سێ ئەندامی تری خێزانەکەت. بەڵام گەر خوازیاربیت ڕاستەو خۆ لەگەڵ خۆت بیان بەیت ئەوا تێچووی ئەو کارانە خۆت پێویستە بیگریتە ئەستۆ. بەدڵنیای یەوە ئەمە هۆکارێکی فریوێنەرانەی باشە لەبەر ئەوەی لە کاتی دابینکردنی ئەو هەموو یارمەتی و ئاسانکاریانەدا ئەشێت کە بە ئاسانی بخەڵەتێنرێیت و داوا بکەیت بە گرتنە ئەستۆی ئەو تێچونانە تا ئەندامانی خێزانەکەشت لەگەڵ خۆتدا ڕاستەو خۆ سەفەر بکەن.

هەواڵنامەی کتێب

17. **TELECOMMUNICATION/INTERNET FACILITIES**: There are standard Telecommunication Facilities and Internet services at the disposal of all expatriates, and same shall be accessible to all personnel (Local/Foreign) without any charge or expenses to be incurred. Cellular Phones can be obtained by expatriates from the Local dealers/Service Providers in Aberdeen Scotland UK, but must be used in accordance with the safety regulations on Job Locations.

18. **ADDITIONAL SERVICES**: Recreational/Sports facilities shall also be made available at the disposal of all expatriates with no expenses to be incurred. Laundry and Dry Cleaning Service will also be made available to all expatriates by the company's laundry and Dry cleaning unit.

19. **FAMILY STATUS ARRANGEMENTS**: Family status arrangements can only be applied after at least three (3) months of service. The Application of family status arrangement indicates that an expatriate will be entitled to a free visa and airfare for his wife or spouse or any other family member, which is to be provided by the Company. (B) Expatriates who intend to travel with their wife/spouse within the first three (3) months of contract engagement will have the cost of visa and air fare being borne by them and can only be reimburse after three (3) months of service.

20. **CONFIDENTIALITY** : The Contractor acknowledges that in the course of providing the services to the COMPANY he/she will acquire confidential information, including any information relating to:
    (I)Personal information of any of the employees, and
    (ii) The business practices, techniques or methods of operation of the COMPANY.

    The Contractor shall not during the term of this Agreement or at any time thereafter divulge to any person any confidential information except in the proper course of his/her duties or use or attempt to use any confidential information in any manner which may injure or cause loss either directly or indirectly to the COMPANY or its business or may be likely to do so.

21. **TERMINATION OF AGREEMENT**: The COMPANY may terminate this agreement by giving one month's written notice in any of the following circumstances:

    (i) The Contractor dies or becomes unable to perform their duties due to illness of incapacity;

    (ii) The Contractor is convicted of an offence, which affects the performance of his/her duties;

    (iii) The Contractor acts in a way, which the COMPANY considers materially prejudicial to its business or reputation or interests of its members;

*Human Resources Department*

**وێنەی ژمارە (٧-١٤)** پەیجی چوارەمی گرێبەست

پاشان زانیاری لەسەر ئەوە خراوەتە ڕوو کە لە چ کاتێکدا ئەم گرێبەستە پوچەڵ دەبێتەوەو چەندین زانیاری تر لەسەر ئەم لایەنە. پاشان بڕگەیەک لەسەر شێوازی گرێبەستەکە. وێنەی ژمارە (٧-١٥) وێنەی دوایین پەیجی گرێبەستی نێردراوە لە لایەن فریوێنەرانەوە کە مۆرو واژووی بەڕێوەبەری کاروباری مرۆیی لەسەرە. داواکراوە کە گرێبەستەکە واژوو بکرێت و پاشان بۆیان بنێردرێتەوە لەڕێی ئیمەیلەوە.

هەواڵنامەی کتێب

(iv) The Contractor fails to perform the services expeditiously, with reasonable diligence and in a competent manner;

(v) The Contractor commits or permits any breach of the terms of this agreement and fails to remedy the breach within 14 days of receiving notice in writing from the COMPANY requiring the breach to be remedied;

(vi) The Contractor commits an act of bankruptcy or makes or enters into any arrangement.

Where this agreement is terminated by notice by the Contractor or the COMPANY, the COMPANY shall have the option of electing that the Contractor ceases providing the services immediately or at any time during the notice period without affecting the COMPANY obligation to continue paying the Contractor's remuneration until expiry of the notice period.

22. **THE AGREEMENT:** This agreement supersedes and replaces all previous contracts, written and verbal, between the parties and constitutes the entire agreement between the parties. Neither party may assign their obligations nor rights under this agreement to any other person in any circumstances whatsoever except with the prior written consent of the other party. No waiver of any breach of this agreement shall be deemed to be a waiver of any other or subsequent breach. The failure of either party to enforce any provision of this agreement at any time shall not be interpreted as a waiver of the provision. This Agreement shall be construed in accordance with the laws of The Scotland United Kingdom. A single arbitrator agreed upon by the parties shall decide any dispute between the parties arising out of this agreement.

Yours faithfully,

DRILLING EXCELLENCE LIMITED
DR JOAQUIM RENATUS
DIRECTOR HUMAN RESOURCES DEPARTMENT

Signed by the **Contractor**

_______________________________

***Signed for and on behalf of***


DRILLING EXCELLENCE LIMITED

HR Divisional Manager

*Human Resources Department*

**وێنەی ژمارە (٧-١٥)** دوایین پەیجی گرێبەست

گەر بەوردی لە و مۆرو واژووەی سەر گرێبەستەکە ووردبینەوە دەبینین ئەم واژووە تەواو ساختە کراوەو مۆرەکە سکان کراوەو کراوە بە باک گراوند لەسەر پەیچی کلێشەکە پاشان نوسراوەکەی لەسەر چاپ کراوە. وێنەی ژمارە (٧-١٦) تایبەتە بە وێنەی ئەو مۆرو واژووەی کە بەساختە کراوەتە سەر گرێبەستی نێردراو لە لایەن فریوێنەرانەوە.


Yours faithfully,

DRILLING EXCELLENCE LIMITED
DR JOAQUIM RENATUS
DIRECTOR HUMAN RESOURCES DEPARTMENT

**وێنەی ژمارە (٧-١٦)** وێنەی مۆرو واژوی ساختە

پاشان ئەوەی کە گرێبەستی کۆمپانیای ناوبراوم پەسەندکردوو ناردمەوە بۆیان، لەوەڵامدا سەرە داوی فریودانەکان دەست پێدەکات (وێنەی ژمارە ٧-١٧، دەکرێت بگەڕێیتەوە بۆ پاشکۆی (و) بۆ بینینی تەواوی ناوەڕۆکی ئیمەیڵەکە). وەک لەم ئیمەیلەدا دەی بینین، داوا دەکەن بۆ کاری بەدەستهێنانی ڤیزای کارکردن پەیوەندی بکەم بە کۆمپیانیایەکی تایبەت کە بەرپرسە لە جێ بەجێ کردنی مامەڵەکان بەناوی Aberdeen Immigration Expert ئەمەش بەناوی ئەو شارەوەیە کە کۆمپانیاکە کاری تیادا دەکات و بەحساب من بۆی دەچم. لێرەش دا چەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەمە پرۆسەیەکی یاسایی و ڕۆتینی یە وە پێویست بە پێدانی هیچ برە پارەیەک ناکات لەبەر ئەوەی هەموو کارەکان ئەوان بەرپرسن لێی و دۆکۆمێنت و زانیاریەکانیان ناردووە بۆ یان تا کارە یاسایی یەکانم تەواو بکەن.

Re: Contact Aberdeen Immigration Expert Inbox x

**Drilling Excellence Limited** <career.drillingexcellenceltd@gmail.com> 11/29/17
to me

DRILLING EXCELLENCE LTD
Elevator Business Centre Admiral Court, Poyernook Road,
Aberdeen, Scotland, AB11 5QX UK
Website: www.drillingexcellenceltd.com
HR Email: hr@drillingexcellenceltd.com
HR TEL: (+44) 14128 06892

ATTN: Jamal Omar Mohammed

It is with great pleasure that I welcome you to Drilling Excellence Ltd. We the Human Resource Department have acknowledge the receipt of your mail and the content therein and we are glad today because you have chosen the very important step in your career to join our esteemed organization which is one of the leading Extraction of crude, petroleum and natural gas Company, here in Scotland UK, and we hope that your experience will be among our most valuable assets.

We will provide education assistance for our international expatriate and also Health, life and disability insurance shall be one included in your benefit package which will be handed over to you on your arrival for the orientation training program that is important for every of our new staff and you are expected to arrive here at least 2 to 3 days before the orientation program to enable you acclimatize with the working environment.

We advise you to make contact with ABERDEEN BORDERS IMMIGRATION LTD, whose responsibility is to assist in getting your traveling document like Valid visa, work permit, air ticket and other traveling supporting document from the head office of the UK Home Office here in Scotland UK. Contact them with their below contact details and request for their guidance in the way forward regarding obtaining your traveling papers as we have intimated them about you. All foreign employees are expected to obtain this traveling document before he/she will be allowed to work in Scotland UK. We will be responsible for the processing of all your relevant traveling document papers and other traveling supporting document.

**وێنەی ژمارە (١٧-٧)** وێنەی ئیمەیڵی ئاڕاستەکردن بۆ دەزگایەکی تر بەناوی

Aberdeen Immigration Expert


پاش وەرگرتنی ئەو زانیاریانەی ئیمەیلی سەرەوە هەستام بە گەڕان و چێک کردن لە ناوو کاری ئەو کۆمپانیایە. وێبسایتەکەیان تەواو بوو، وە چالاکیش بوو. بۆ کەسێک شارەزایی نەبێت دەشێت فریوێنراوبێت، بەڵام بۆ منێکی دەرچوی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری، وە شارەزا لە بواری بەرنامەسازیدا، ئەمە یەکێکی تر بوو لە گەورەترین هەڵەی ئەم فریوێنەرانە.

هەروەک دەبینین وێنەی (١٨-٧) پەیجی سەرەکی وێبسایتی کۆمپانیای Aberdeen Immigration Expert دەخاتەڕوو کە بە ساختە دروستکراوە. لەم وێبسایتەدا چەندین زانیاری خراوەتەڕوو کە تایبەتن بە چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دابینکردنی ڤیزاو، دابینکردنی هۆتێل و، تکتی فڕۆکەو، چەندین خزمەتگوزاریتر.





**وێنەی ژمارە (٧-١٨)** پەیجی سەرەکی وێبسایتی کۆمپانیای Aberdeen Immigration Expert کە ساختەکراوە

بەهەمان شێوە وێنەکانی (٧-١٩-آ وە ٧-١٩-ب) چەندین پەیجی تری وێبسایتی کۆمپانیای Aberdeen Immigration Expert دەخاتەڕوو. هەر پەیجە تایبەتە بە خستنەڕووی زانیاری لەسەر شێوازی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشی دەکەن، لەگەڵ چۆنیەتی بەدەستهێنانی.



**وێنەی ژمارە (٧-١٩-آ)** چەند پەیجێکی وێبسایتی کۆمپانیای Aberdeen Immigration Expert کە ساختەکراوە




**وێنەی ژمارە (٧-١٩-ب)** چەند پەیجێکی تری وێبسایتی کۆمپانیای Aberdeen Immigration Expert کە ساختەکراوە

پێویست بوو من پەیوەندی بە ئەم کۆمپانیایەوە بکەم بەمەبەستی تەواوکردنی مامەڵەی گواستنەوەم بۆ ئەو وڵاتە، تا بتوانم لەو ڕێگایەوە ڕێکارەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی مانەوەی کارم پێ بدرێت. بەڵام لەم ئیمەیڵەدا کە لە وێنەی ژمارە (٧-٢٠) دا هاتووە (دەکرێت بگەڕێیتەوە بۆ پاشکۆی (ز) بۆ بینینی تەواوی ناوەڕۆکی ئیمەیڵەکە) گەر تۆزێک وریا بیت بۆت دەر دەکەوێت کە بەتەواوی ئەوە کارێکی ساختە کاری و فریودانە و دوورە لە ڕاستیەوە. لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوای خستنە بەردەستی بڕێک پارە دەکەن. ئەوەش بەوەی کە داواکراوە کە کەسێکی دەرەجە یەکی من هەڵبستێت بە ناردنی بڕی ٧٥٠ پاوەند بۆ بانکێکی بەریتانیا لەڕێی Western Union بە ناوی خۆمەوە.

بە تێڕوانینی ئەوان داواکردنی بڕەپارەیەکی لەوجۆرە، تەنها کارێکی ڕۆتینیە و وەک گەرەنتیەک لە لایەن سیستمی کاری پەنابەرێتی ئەو وڵاتەوە داواکراوە. ئەو بڕە پارەیە بۆ هەر پێداویستیەک گەر لە هەر ساتێکدا بخوازرێت داواکراوە، تا ئەو ساتەی تۆ لە فرۆکەخانە ڕادەست دەکرێیتە ئەو کۆمپانیایە. ئەگەر بە وردی سەیرکەین هەرچەند بە حساب فریوێنەران کارەکانیان وا ڕێکخستووە کە گومان نەکەیت، بەڵام (بە بڕوای من ئەمە خاڵێکی بەهێزە تا لێ یەوە بتوانیت هەڵوێستە بکەیت) گەر تا ئەم قۆناغەش گەڕانت نەکردووە و بڕوات بەکارەکان هەیە، ئەوا کاتی ئەوە هاتووە کە هەڵوێستە بکەیت و هەوڵی بەدەستهێنانی ڕاوێژ بکەیت لە کەسانی شارەزا، گەر خۆشت نەت توانی گەڕانی پێوسیت بکەیت. گەر بەهۆی پەرۆشیت بۆ بەدەستهێنانی کار، وە هەوڵ دان بۆ قۆستنەوەی هەلێکی ئاوەها نەبێ، ئەوا زۆر ئاسانە کە گومان بکەیت و لەوە بگەیت کە شتێکی ڕاست چاوەڕێت ناکات. بەڵام بەداخەوە ئەم بۆچوونە لەکاتی پێویستی خۆیدا لە لای زۆرێک لە فریوێنراوان کار ناکات. بەڵکو وا لە کەسانێک دەکات کە تەواو باوەڕ بەو کارە بهێنێت و چی لێ داوابکرێت بیکات بۆیان. هەر بۆیە ئەمە بە یەکێک لەو ڕێگایانە دا دەنرێت کە ڕۆژانە چەندین کەسی پێ فریو دەدرێت.

لەپاش ئەم ئیمەیڵەوە ئیتر من بڕیارمدا چیتر بەدواداچون نەکەم بۆ ئەم کارە و، تا ئەم قۆناغەم بە باش زانی کە وەک نمونەیەکی زیندوو لەم کتێبەدا وەک خۆی بیخەمە بەردەستی خوێنەرانی ئازیز. بەهیوای ئەوەی کە ببێت بە هۆکارێکی باش تا لەمەترسی ئەم جۆرە کاری فریودان و ساختەکاریانە تێبگەین.

**Aberdeen Borders Immigration Ltd** <drsevendragos@aberdeenbordersimm.co.uk> Thu, Nov 30, 2017 at 11:11 AM

To: jamal mohammed <jamal.o.mohammed@gmail.com>

ATTN: Jamal Omar Mohammed


Aberdeen Borders Immigration Ltd, have an excellent track record in serving clients in all immigration related matters and services. Our success helps reunite families, facilitating skilled workers and businesses establish in UK, helping individuals with loss of status and numerous other situations. If you require a professional immigration consultant then please call Aberdeen Borders Immigration Ltd for a personal review of your matter. To live and work in Scotland, UK is a dream shared by many people. Britain is highly developed country where jobs are relatively well-paid, individual rights are respected and work conditions are subject to rules which do not exist in many other countries.

The economy (even when it is slow) is still big and full of life; Keys to working in the UK, However, the UK cannot open its borders to all people. Unfortunately, doing so would result in an influx of foreign citizens which would ultimately cause big problems.

Aberdeen Borders Immigration Ltd is one of the few specialist immigration advisers active in England, UK. Although the immigration rules and procedures for Scotland are broadly the same as for the rest of the UK, there are differences and changes are to be made to make the system different to the rest of the UK.

**وێنەی ژمارە (٧-٢٠)** وێنەی ئەو ئیمێڵەی کە Aberdeen Immigration Expert ناردی بە مەبەستی داواکاری بۆ تەواوکردنی کاری بەدەستهێنانی ڤیزا

نمونەیەکی تر لەو جۆرە ئیمەیڵانە کە وەک کاری فریودان بەناو پێشکەشکردنی هەلی کار دەنێردرێت، هاوشێوەی نمونەکەی پێشو ئیمەیڵێکە بەناوی کۆمپانیای Royal International Construction L.L.C. لەم جۆرە ئیمەیڵەدا، بەهەمان شێوە ئەوە دەخەنەڕوو کە سی ڤی تۆیان بینیوە لە ڕێی وێبسایتی www.naukri.com . داوای چەند زانیاریەک دەکەن لەگەڵ وێنەیەکی نوێ لە سی ڤی. کەسێک بەناوی (محمد ئیبراهیم) وەک بەرێوەبەری HR ی کۆمپانیای ناوبراو ئیمەیڵەکە ئاڕاستەدەکات. ئەم کۆمپانیایە بە وتەی ناوبراو لە وڵاتی ئیماڕاتی عەرەبیە، لە شاری دوبەی. هەروەک لە وێنەی ژمارە (٧-٢١) دا ئەو زانیاریەنە خراوەتەڕوو کە داواکراوە. هەرچەندە ئەم ئیمەیڵە لە فۆڵدەری Spam دا بوو، بەڵام من هەستام بە بینینی، بەمەبەستی بەکار هێنانی وەک بەڵگەیەکی تر بۆ ئاشناکردنی خوێنەران بەم جۆرە فریودانە.



RIC ENROLLMENT SCHEME  Spam x

**ROYAL CONSTRUCTIONS UAE** <royalconstructionsllc@ 3:17 PM (21 hours ago)
to bcc: me

**Why is this message in Spam?** It's similar to messages that were detected by our spam filters. Learn more

Dear Candidate,

This letter is to let you know that we have reviewed your CV from www.naukri.com.

Hence we request you to answer the questions below and email your updated CV to us directly through this below email royalconstructionsllc@gmail.com for final review and screening by Royal International Construction L.L.C Hr expert.

1. Full Name:

2. Three Positions You Target With us:
a)
b)
c)

3. Expected Monthly Salary In USD Equivalent

4. Nationality

Good luck! as you take steps in the right path to build your career with us.


--
Best regards

Dr. Mahmoud Ibrahim
Director Human Resource
Royal International Construction L.L.C
Mussafah, Abu Dhabi
United Arab Emirates

هەواڵنامەی ئیتر

**وێنەی ژمارە (٧-٢١)** وێنەیەکی ئەو ئیمێڵەی کە بەناوی کۆمپانیای Royal International Construction L.L.C نێردراوە بە مەبەستی خستنە بەردەستی هەلی کار

هەروەک دەبینین ئیمەیڵەکە بەناوی دروستی تێوە نەنێردراوە، بەڵکو بەگشتی وەک کەسێکی هەڵبژێردراو لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە. هۆکارێکی تر (کە دەکرێت سودی هەبێت بۆمان، تا ئەوە بزانین کە هەمان ئیمەیل لەیەک کاتدا بۆ چەندین کەس نێردراوە بەمەبەستی فریودان) ئەوەیە کاتێک کە بەوردی تەماشا دەکەین ئیمەیڵەکە بە bcc نێردراوە، هەروەک لە وێنەی ژمارە (٧-٢٣) دا پیشان دراوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە هامان ئیمەیڵ لەیەک کاتدا بۆ چەندین کەسی تر بنێردرێت بە بێ ئەوەی ئەو کەسانە کە ئیمەیڵەکەیان بۆ چووە بزانن ئەو ئیمەیلە بۆ کێی تر چووە.



RIC ENROLLMENT SCHEME Spam x

ROYAL CONSTRUCTIONS UAE <royalconstructionsllc@gmail.com>
to bcc: me

Why is this ... re

| | |
|---|---|
| from: | ROYAL CONSTRUCTIONS UAE <royalconstructionsllc@gmail.com> |
| reply-to: | royalconstructionsllc@gmail.com |
| to: | |
| bcc: | jamal.o.mohammed@gmail.com |
| date: | Sat, May 5, 2018 at 3:17 PM |
| subject: | RIC ENROLLMENT SCHEME |
| mailed-by: | gmail.com |
| signed-by: | gmail.com |
| security: | Standard encryption (TLS) Learn more |

Dear Candid...

This letter is ...
CV from www...

Hence we re...
your updated...
royalconstruc...
screening by...

1. Full Name...

2. Three Pos...
a)
b)
c)

3. Expected Monthly Salary In USD Equivalent

4. Nationality


Good luck! as you take steps in the right path to build your career with us.

--
Best regards

Dr. Mahmoud Ibrahim
Director Human Resource
Royal International Construction L.L.C
Mussafah, Abu Dhabi
United Arab Emirates

**وێنەی ژمارە (٧-٢٣)** وێنەی ئیمەیڵێک کە بەمەبەستی فریودان لەرێی bcc یەوە دەنێردرێت

لەکاتی بەدەستگەیشتنی ئیمەیڵێکی وەهادا، گەر ویستت هەبوو بەدواداچوونی بۆ بکەیت، لەبەر ئەوەی ئەو بڕوایەت هەیە کە لە شوێنێکی دروستەوە هاتووە، ئەوا کاری گەڕان زۆرگرنگە پێش پەیوەندیکردن پێیانەوە. کاتێک کە گەڕان بۆ ئەم کۆمپانیایە دەکەیت، کۆمپانیایەکی لەم شێوەیە هەیە بەڵام لە ئەبو ظبی. وێنەی ژمارە (٧-٢٤) ئەوە دەخاتەڕوو.




**وێنەی ژمارە (٧-٢٤)** بوونی کۆمپانیای Royal International Construction L.L.C کاتێک کە گەڕانی بۆدەکەیت لەڕێی گوگڵ

هەروەک لە وێنەی ژمارە (٧-٢٥) دا دەبینین ئەم کۆپانیایە وێبسایتی خۆی هەیە. دەشێت کاتێک کە گەڕان دەکەیت، پاش ئەم قۆناغە وا بزانیت کە تۆ شتێکی باشت کردووە و ئەمە دڵنیایت بداتێ بۆ پەیوەندیکردن بە فریوێنەرانەوە. ئەمەگرنگترین قۆناغە کە دەبێت زۆر وریابین. تەنها دەستکەوتنی زانیاری لەسەر ئەوەی کە کۆمپانیایەکی ئاوەها بوونی هەیە بەس نیە بۆ بڕوابوون بەو ئیمەیڵەی کە بۆمان هاتووە.




**وێنەی ژمارە (٧-٢٥)** وێنەیەکی وێبسایتی کۆمپانیا Royal International Construction L.L.C

گەر تێبینی بکەین ئەم کۆمپانیایە لە ئەبو ظبی یە، بەڵام فریوێنەران ناونیشانی دوبەیان داناوە! گەر وردتر کاری گەڕان بکەین و بۆ ئەو ناوە بگەڕێین کە بەکارهاتووە، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم ئیمەیڵە کاری فریودانە و، ئەم کارە پێشتر هەوڵی بۆ دراوە. هەرەک لە وێنەی ژمارە (٧-٢٦) دا ئەوە خراوەتەڕوو کە ناوی ئەو کۆمپانیایە و ناوی (د. محمد ئیبراهیم) پێشتر بەکار هاتووە بۆ کاری فریودان.


+971529624671
by NumberLover » Tue Dec 05, 2017 6:41 am

Tel. Nos.: **+971529624671 & +97126981112**
Email: **info@ricuae.com**
Domain: **ricuae.com**
Scam Type: **Employment Scam**

Fake details used as part of an Employment Scam:

> Royal International Construction L.L.C
> Mussafah, Abu Dhabi
> United Arab Emirates
> Phone: +971 529 624671
> Fax: +971 2 698 1112
> Email: info@ricuae.com
> HR Director: Dr. Mahmoud Ibrahim

هەواڵنامەی کتێب

**وێنەی ژمارە (٧-٢٦)** چەند زانیاریەک لەسەر ئەوەی کە ناوی کۆمپانیای Royal International Construction L.L.C، وە ناوی (د.محمد ئیبراهیم) پێشتر بۆ کاری فریودان بەکار هاتووە

گەر خوازیاریت خۆت لەم جۆرە فریودانە لابەریت، ئەوا پێویستە بەهیچ شێوەیەک وەڵامت بۆ داخوازی پێشکەش کردنی هەلی کار نەبێت لە کۆمپانیایەک کە پێشتر خۆت داوات بۆ پێشکەش نەکردبێت.

**٣-٥-٧)   چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری فریودان و ساختەکاری کار و دامەزراندن؟**

لەبەر ئەوەی بە بەردەوامی کاری گەڕان بۆ بەدەستهێنانی هەر کارێک بەرەو بە ئۆنلاین بوون دەڕوات، کارێکی قورسە کە بزانرێت ئەو ئیشەی پێشکەش کراوە سەرچاوەکەی دروستە یان نا؟ بەداخەوە زۆر ڕاستە گەر بڵێین کە کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی ئینتەرنێتەوە ڕۆژ بەڕۆژ لەزیادبووندان، هەر بۆیەش فریوێنەران پەنا دەبەن بۆ سوودوەرگرتن لەو هەلی کارانەی کە لە پۆرتاڵەکانی دابینکردن و پیشاندانی هەلی کار دەخرێنەڕو بۆ خوازیارانی بەدەستهێنانی هەلێکی کار. فریوێنەران هەوڵ دەدەن ئەو کەسانە بفریوێنن کە بەشوێن بەدەستهێنانی کارێکی گونجاوەوەن. مەبەستی سەرەکیان ئەوەیە گەر بڕەپارەیەکت پێشتر بەدەست هێنابێت و بەردەست بێت بەشێوەیەکی نایاسایی لەدەست دەربهێنن، یان هیچ نەبێت زانیاری وردو دروستت لەسەر کۆ بکەنەوە تا بتوانن پاشان سوودی لێببینن بۆ بەدەستهێنانی خواستێکی تایبەت کە لە کۆتاییدا خۆی لە کاری فریودان و ساختەکاری بۆ بە دەست هێنانی پارەدا دەبینێتەوە.

بۆ ئەوەی کە بتوانیت نەکەویتە داوی ئەم ساختەکارانەوە، بە پێویستی دەزانم کە ئەوەت بە بەبیر بهێنمەوە کە ئەم پەندە ئینگلیزیەت لەیاد بێت کە دەڵێت "Too Good to Be True". گەر هەلێکی بەدەستهێنانی کارت پێشکەش کرا بە جۆرێک کە ئەم پەندە بەسەریدا جێ بەجێ بکرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە بزانە کە سەرچاوەی ئەم هەلی کارە دەشێت بۆ تۆ دروست نەبێت. گەر هەلێکی لەم شێوەیەت بۆ هات لەڕێی ئیمەیڵ، یان هەر هۆکارێکی تری وەک تۆڕەکۆمەڵاتیەکان، ئەوا ڕاستەوخۆ لیستی بکە وەک Spam بەبێ هیچ دواکەوتنێک.

پێویست دەکات زۆر بەئاگابین و بە وریای یەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانە بکەین کە هەلی بەدەستهێنانی کارێکمان بۆ دەخاتە بەردەست کە دەکرێت لە ماڵەکانی خۆمان لەڕێ ئۆنلاینەوە بیکەین، یان هەلی کارێک کە دەستەبەری داهاتێکی باشمان بۆ دەکات. هەروەها ئەو کارانەی کە وا دەخوازن پێشەکی بڕێک پارە بدەین، جا ئەو پارەیە لەبری هەر جۆرە خزمەتگوزاریەک بێت. گەر بابەتی هەلی کارەکە پەیوەست بوو بە دروستکردنی جۆرێکی دیاریکراوی بەرهەم، یان خزمەتگوزاری بۆ فرۆشتن، ئەوا پێویست دەکات پێشتر دڵنیا بینەوە ئایە بۆ ئەو بەرهەمە، یاخود خزمەتگوزاریە بازاڕێک هەیە بۆی تیایدا ساغ بکرێتەوە. لەکاتی هەر داواکاری یەکی لەو جۆرە، ئەوا پێویست دەکات پێش هەر هەنگاوێک، ڕاوێژی تەواو بە کەسانی شارەزاتر بکەیت و گەڕانی تەواو بۆ سەرچاوەی بابەتەکە بکەیت.



هەوڵ بدە کە بەهیچ جۆرێک مامەڵە لەگەڵ خاوەن کارێک نەکەیت کە ناونیشانی تەواوی کارەکەی نەبێت، لەبەر ئەوەی بە بێ بوونی ناونیشانێکی دروست بۆ شوێنی کارەکەی ئەوا کارێکی ئاسان نابێت پاشان گەڕان و بەدواداچونی بۆ بکەیت. خۆت بە دوربگرە لە کردنی هەر جۆرە مامەڵەیەکی دارای لەگەڵ کەسانێکی نە ناسراو کە پێویست بکات بڕە پارەیەک وەک پێشەکی بدەیت لەڕێی حەواڵەی بانکی، یان هەر جۆرە ڕێگایەکی تری پارەدان. پێویست دەکات هەرگیز ڕێگا نەدەیت کەسانێک بەکارت بهێنن بۆ گواستنەوەی بڕە پارەیەک لەڕێی ئەژماری بانکیەکەتەوە بۆ ئەژماری بانکی کەسێکی تر، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە کارانە بە کاری سپیکردنەوەی پارە دا دەنرێت و لەڕوی یاساوە کارێکی نادروستە و لێپرسینەوەی خۆی هەیە.

هەواڵنامەی کتێب




## ٦-٧)   شرۆڤەی ساختەکاری کار و وەبەرهێنان

داتای لیستی (٧-١) تایبەتن بەئاماری کاری فریوێنەرو ساختەکاری لەڕێی "کار و وەبەرهێنان" ەوە کە ڕویان داوە و تۆمارکراون لە وڵاتی ئوسترالیا بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٦ و ٢٠١٥.

**لیستی (٧-١)** ئاماری کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان

لەڕێی " کار و وەبەرهێنان" بەپێی ساڵ[١]


هەواڵنامەی کتێب

| ساڵ | بڕی پارەی لەدەست دراو بە دۆلار | ژمارەی ڕیپۆرت | ڕێژەی سەدی فریوێنراوان بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نادیار |
| ٢٠١٧ | ٤٠,١٤٠,٦٣٧ | ١١,٢٦٨ | ٪٤٩,٨ | ٪٤٧,٦ | ٪٢,٦ |
| ٢٠١٦ | ٢٩,٥٣٤,٠٢٦ | ١١,٨٣٦ | ٪٤٤,٧ | ٪٤٨,٧ | ٪٦,٦ |
| ٢٠١٥ | ٣٣,٦٩٩,٨٢٩ | ٧,٨٠٨ | ٪٤٤,٥ | ٪٤٤,٢ | ٪١١,٧ |

لە لیستی ژمارە (٧-١) دا، بڕی پارەی لەدەست دراو بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧، ٢٠١٦، وە ٢٠١٥ خراوەتەڕوو. لەهەمان کاتدا ئاماژە دراوە بە ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە پشتیان پێ بەستراوە بۆ دەرخستنی ئەو ئامارانە، لەگەڵ ڕێژەی بەرکەوتووان بە پێی ڕەگەز بۆ هەر ساڵێک.


بە پشت بەستن بە ئەو ئامارانەی کە لە هێڵکاری ژمارە (٧-١) دا هاتووە، سەبارەت بە کاری فریودان و ساختەکاری لە ساڵی ٢٠١٧ لەڕێگای "کارو وەبەرهێنان" ەوە بڕی (٤٠,١٤٠,٦٣٧) دۆلار پارە دزراوە لە هاوڵاتیان لە وڵاتی ئوستڕالیا، ئەمەش تەنها بە پشت بەستن بە (١١,٢٦٨) ڕیپۆرت. ئەمە لەکاتێکدا فریوێنەران تەنها بەڕێژەی ١١,٦٪ سەرکەوتووبون لەوەی کە بڕێک پارە بەدەست بهێنن لەڕێی کارە فریوێنەرەکانیانەوە پشت بەست بە ئەو ڕیپۆرتانەی کە ئەم کارانەیان خستۆتەڕوو.

| ٪ ڕیپۆرت کە پارە لەدەست دراوە | ژمارەی ڕیپۆرت | بڕی پارەی لەدەست دراو |
|---|---|---|
| ٪١١,٦ | ١١,٢٦٨ | $٤٠,١٤٠,٦٣٧ |





**هێڵکاری ژمارە (٧-١)** پەیوەندی پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

بەپێی هێڵکاری ژمارە (٧-٢)، بۆ هەمان ساڵ زۆرترین شێوازی پەیوەندیکردن کە بەکارهاتوون بۆ کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "کارو وەبەرهێنان" ەوە و پارەی تیادا لەدەست دراوە (بە بەراوردکردنیان بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کەهەن) لەڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنیەوە بووە، پاشانیش لەڕێگای ئیمەیڵەوە بووە.




**هێڵکاری ژمارە (٧-٢)** شێوازی پەیوەندیکردن و پارەی لەدەست دراو بە پێی ژمارەی ڕیپۆرت[١]

سەبارەت بە تەمەن، هەروەک لە هێڵکاری ژمارە (٧-٣) دا خراوەتەڕوو ئەو کەسانەی کە فریوێندراون و پارەیان لەدەست داوە بە هۆی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "کارو وەبەرهێنان" ەوە زیاتر لە تەمەنی (٥٥ بۆ ٦٤ساڵ) بوون. ئەمە لەکاتێکدا ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە تۆمارکراون بە بەراورد بە تەمەن زیاترینیان لە تەمەنی (٢٥ بۆ ٣٤ساڵ) بووە، پاشانیش تەمەنی (٣٥ بۆ ٤٤ساڵ) بە پلەی دووەم دێت.




**هێڵکاری ژمارە (٧-٣)** پارەی لەدەست دراو بە پێی تەمەن و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

لە هێڵکاری ژمارە (٧-٤) دا خراوەتەڕوو، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە لە ڕەگەزی نێرن و پارەیان لەدەست داوە لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری "کارو وەبەرهێنان" ەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە ڕەگەزی مێن زۆر زیاترە. وەک دەبینین ٧٢,٥٪ ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی نێرن، لە کاتێکدا تەنها ٢٦,٢٪ ی ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی مێن. بەڵام تەنها ١,٣٪ ئەو کەسانەی کە کاری فریوێنەرانیان ڕیپۆرت کردووەو پارەیان لەدەست داوە ئامادەنەبوون کە ڕەگەزی خۆیان دیاری بکەن. ئەمە لە کاتێکدا ڕێژەی هەریەک لە ڕەگەزی نێر و مێ کە ڕیپۆرتی کارە فریوێنەرەکانیان کردووە زۆر لەیەک نزیکن. بە پشت بەست بەو داتاو زانیاریانە، بە بۆچونی من هۆکاری ئەوەی کە ڕێژەیەکی زۆر لە ڕەگەزی نێر بە هۆکاری فریودانی (کارو وەبەرهێنان) فریوێنراون و پارەیان لەدەست داوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆرترین ئەو کەسانەی لەهەوڵی بەدەستهێنانی کار و وەبەرهێناندان و بڕوایان بەو هەلە هەیە کە دەخرێتە بەردەستیان لەڕەگەزی نێرن. ڕەگەزی مێ زیاتر بۆ هەلی کار و وەبەرهێنانی ناوخۆی دەگەڕێت و بڕوای بە کارێک هەیە کە بینراو بێت و بەرجەستەبێت وەک لەوەی تەنها بەڵێن بێت.

هەواڵنامەی کتێب

**ژمارەی ڕیپۆرت بەپێی ڕەگەز** **پارەی لەدەست دراو بەپێی ڕەگەز**




**هێڵکاری ژمارە (٧-٤)** پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت بە پێی ڕەگەز[١]




# بەشی هەشتەم

## فریودان و ساختەکاری لەڕێی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی

هەواڵنامەی کتێب

### سەیرکردنێکی گشتی

ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی". هەوڵدان بۆ ئەو کارە جۆرێکی زۆر باوی فریودانە لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت. لەم بەشەدا باسی هەریەک لەو شێوازانە کراوە کە فریوێنەران پەنا بۆ بەکارهێنانیان دەبەن، لەگەڵ خستنەڕووی چەند نمونەیەکی باوی فریودان و ساختەکاری هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی. هەروەها باسی چۆنیەتی کارکردنی هەریەک لەم شێوازی فریودانە خراوەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕوی نیشانەکانی هۆشداری. ئاماری پێویست سەبارەت بە کاری هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی لە کۆتایی ئەم بەشەدا خراوەتەڕوو. هەروەها تیشک خراوەتەسەر تێکڕای پارەی لەدەستدراو بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کە بۆ ئەو مەبەستە بەرزکراونەتەوە، هەروەک چۆن جۆرەکانی پەیوەندی و ڕێژەی پارەی لەدەستدراو بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەڕێی ئەو ئامارانەوە خراونەتەڕوو.




## ١-٨) شێوازەکانی فریودان لەڕێی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی

لە فریودانی "ساختەکاری هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی"دا، فریوێنەران هەموو شێوازەکانی تایبەت بەم جۆرە فریودانە بەکار دەهێنن بۆ بەدەستهێنان و بردنی زانیاری کەسیەتی. هەر بەگەیشتن بەو زانیاریانە ئەوا ئەتوانن سوود لە زانیاری کەسیەتی ببینن بۆ کاری فریودان و ساختەکاری وەک بەکارهێنانی کارتی متمانەت، یان کردنەوەی ئەژماری بانکیت.

فریودان و کاری ساختەکاری لەڕێی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی چەندین شێوازی هەیە، باوترینیان ئەم شێوازی فریودانانەیە:

- بردنی ناسنامە
- فشین
- هاککین

هەواڵنامەی کتێب

## ٨-٢) بردنی ناسنامە

بردنی ناسنامە جۆرێکی ترە لە جۆرەکانی کاری فریودان و ساختەکاری، مەبەست لێی بەکارهێنانی ناسنامەی کەسێکی ترە بۆ بردنی پارە یان بۆ بەدەستهێنانی سوودی دیکە.

### ٨-٢-١) ڕێگا باوەکانی بردنی ناسنامە

**فشین:** کەسی فریوێنەر لەڕێی فێڵ و تەڵەکەبازی یەوە هەوڵ دەدات تا زانیاری کەسیتی دەسست بکەوێت.

**هاککردن:** کەسی فریوێنەر هەوڵ دەدات کە دەستی بگات بە زانیاری کەسیەتی لەڕێی سوود وەرگرتن لەو خاڵە لاوازانەی سیستمی بەرگری کۆمپیوتەرەکەت، یان یەکێک لە و سۆفتوەیرانەی کە بەکاریان دەهێنیت، دەشێت لەڕێی ئامێری مۆبایلەکەت بێت، ئەو تۆڕی نیتۆرکەی ئامێرەکەت کاری لەسەر دەکات ئەویش ڕێگایەکی دیکەیە.

**ساختەکاریی گەیشتنی دوور:** فریوێنەران هەوڵ دەدەن کە ڕەزامەندی گەیشتن بە کۆمپیوتەرەکەت بەدەست بهێنن بە پاساوی ئەوەی کە گرفتێک لە کۆمپیوتەرەکەتدا هەیە، بەمەش پێویست دەکات کە تۆ بڕە پارەیەک بدەیت بەرامبەر بە خزمەتگوزاریەک کە لە بنەڕەتدا پێویستت پێی نیە.

**بەرنامە زیانبەخشەکان (مالوار) و ڕانسوموار:** بەرنامە زیانبەخشەکان (مالوار) بەهەڵەتدا دەبەن بۆ دابەزاندنی ئەو بەرنامانەی کە پاشان ڕێگا دەکاتەوە بۆ فریوێنەران کە دەستیان بە زانیاریەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت بگات و چاودێری ئەو کارانە بکەن کە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت پێیان هەڵدەستیت، لە کاتێکدا ڕانسوموار داواکاری یە بۆ پێدانی بڕێک پارە بۆ کردنەوەی کۆمپیوتەر، یان دۆکۆمێنتە قفڵ کراوەکانت.

**پرۆفایلی ساختە:** فریوێنەران لەڕێگای دروستکردنی پرۆفایلی ساختەوە کە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، یان لە وێبسایتەکانی ژوان و خۆشەویستی دای دەنێن هەڵ دەستن بە ناردنی داواکاری بوون بە هاوڕێ.

**بردنی دۆکۆمێنت:** فریوێنەران هەوڵ دەدەن بۆ دەست گەیشتنیان بە زانیاری کەسیەتی لەڕێی ئەو سندوقی پۆستانەی کە داخراو نین بە شێوەیەکی دروست، یان ئەو پسولانەی کە تایبەتن بە دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاو، کارەبا، تەلەفون، ئینتەرنێت، تازەکردنەوەی بیمەی تەندروستی، ... هتد.

**٨-٢-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری بردنی ناسنامە**

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- ئیمەیڵێک، یان تێکست میسج، یان پەیوەندیەکی تەلەفونیت پێ دەگات کە داوات لێ دەکات بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیاری کەسیت. لەڕێی ئینتەرنێتەوە زۆرجار داوات لێ دەکرێت کە کلیکی لینکێک بکەیت، یان هەڵبستیت بە کردنەوەی فایلێکی هاوپێچکراو. زۆرجار ئەم داواکاریانە کە بە زمانی ئینگلیزین لەڕووی زمانەوانیەوە هەڵەی زمانەوانیان تێدایە یان ئەوەتا بەشێوەیەکی نارێک نوسراون.
- پەنجەرەیەک لەپڕ لەسەر کۆمپیوتەرەکەت یان مۆبایلە زیرەکەکەت دەکرێتەوەو داوات لێ دەکات کە ڕێگا بدەیت بە داگرتنی بەرنامەیەکی تایبەت.
- داواکاری بوون بە هاوڕێت لەکەسێکەوە پێ دەگات لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان تا ببێت بەهاوڕێت کە تۆ پێشتر نای ناسیت.
- ناتوانیت ئیمەیڵەکەت، یان ئەژماری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانت بکەیتەوە، ئەژمارەکەت لە شوێنێکی نادیارەوە کراوەتەوە.
- تێبینی ئەوە بکەیت کە بڕێک پارە گەر زۆر کەمیش بێت لەسەر ئەژماری بانکیەکەت بەشێوەیەکی نەزانراو بەکار هاتووە بەبێ بوونی هیچ ڕونکردنەوەیەک.
- خزمەتگوزاریەکی دارایت ڕەتکرابێتەوە، یان داواکاریەکت بۆ بەدەستهێنانی بڕێک قەرز، یاخود بەدەستهێنانی کارتی متمانە ڕەتکرابووەوە لە کاتێکدا خۆت بەو کارە هەڵنەساویت.
- پسوڵەی کڕینی کاڵایەک یان خزمەتگوزاریەکت پێ دەگات لە کاتێکدا تۆ ئەو کاڵایە یان خزمەتگوزاریەت داوا نەکردبێت.

### ٨-٢-٣) چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری فریودان و ساختەکاری بردنی ناسنامە؟

ئەو ئیمەیڵ و پەیامە گوماناویانەی پێت دەگات مەیانکەرەوە و ڕاستەوخۆ بیان کوژێنەوە. کە پەیوەندیەکت پێ دەگات لە لایەنێکی نادیارەوە، هەوڵ بدە لە لای خۆتەوە گەڕانی تەواوی بۆ بکەیت بە پێی شێوازی داواکاری یەکەو ئەو زانیاریانەی لە بەردەستە. ڕاستەوخۆ بە پشتبەستن بەو زانیاری پەیوەندیکردنە بۆی ناردوویت پەیوەندی مەکە تا دڵنیا نەبیتەوە. هەروەها پێویست دەکات هەرگیز پارە نەنێریت بۆ کەسێکی نەناسراو، یاخود کە باوەڕت پێی نەبێت و زانیاری کارتی متمانەی خۆت، یان زانیاری کەسیتیان لەگەڵ هاوبەش مەکە.

پاسۆردێک بەکار بهێنە کە ئاسان نەبێت بۆ کەسانێکی تر کە بە مەزەندەی خۆیان بیدۆزنەوە. بەشێوەیەکی بەردەوام تازەیان بکەرەوە. بەهیچ جۆرێک هەمان پاسۆرد بۆ دوو ئەژماری جیاواز، یان زیاتر بەکار مەهێنە و هاوبەشی پێ مەکە لەگەڵ کەسانیتردا. نیتۆرک و ئامێرەکانت با پارێزراوبن بە بەرنامی دژەڤایرۆس و بوونی Firewall ی باش. خۆت بەدوربگرە لە بەکارهێنانی ئەو خزمەتگوزاری وایفایانەی کە بۆ دابینکردنی ئینتەرنێت هەن لە شوێنە گشتیەکاندا بۆ گەیشتن بە زانیاری کەسیەتیت. هەروەها بە وریای یەوە زانیاری کەسی خۆت هاوبەشی پێبکە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە. فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەشێت ئەو وێنەو زانیاریانە بەکار بهێنن بۆ دروستکردنی پرۆفایلی ساختە، یان وەک ئاسانکاریەک بەکاریان بهێنن بۆ فریودانت. کاتێک کە خزمەتگوزاری پارەدانی ئۆنلاین بەکار دەهێنیت، هەوڵ بدە کە دڵنیابیت لەوەی کە لە ڕێی سیستمێکی تەواو پارێزراوەوە ئەو کارە ئەنجام دەدەیت.

هەولێرنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب




## ٨-٣) فشین

فشین یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە کەسی فریوێنەر لەڕێی فێڵ و تەڵەکەبازی یەوە هەوڵ دەدات زانیاری کەسیەتیت بەردەست بخات وەک زانیاری تایبەت بە ئەژماری بانکی، یان وشەی نهێنی، یان ژمارەی کارتی متمانە.

### ٨-٣-١) چۆن فریودان و ساختەکاری فشین کار دەکات؟

کەسانی فریوێنەر لەکاتی پەیوەندیکردندا وا خۆیان پیشان دەدەن کە بە نوێنەرایەتی لایەنێکی پەیوەندیدار پەیوەندی دەکەن وەک بانک، یان دابینکەرانی خزمەتگوزاریەکانی تەلەفون و ئینتەرنێت. دەشێت کە پەیوەندیت پێوەبکرێت لەڕێی ئیمەیڵ، یان تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، یان پەیوەندی تەلەفونی، یان ناردنی تێکست مەسج.

فریوێنەر داواکاری دەکات بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیاری کەسیەتیت. بۆنمونە دەڵێت کە ئەو بانکە، یان ئەو شوێنەی خزمەتگوزاریەکەت پێشکەش دەکات هەڵدەستێت بە پشتڕاستکردنەوەی زانیاری کەسیەتی بەشداربووانی بەهۆی ڕودانی کێشەیەکی تەکنیکی کە وای کردووە زانیاری کەسیەتی چەندین بەشداربوو بسڕدرێتەوە. یان داوا دەکەن کە لە ڕاپرسیەکی تایبەت بە جۆری خزمەتگوزاریەکانیاندا بەشداربیت. بەمەش دەکرێت خەڵاتێک بەدەست بهێنیت.

لە لایەکی ترەوە، فریوێنەران لەوانەیە کە تۆ ئاگادار بکەنەوە لەوەی کە حاڵەتێکی گوماناوی لە ئەژماری بانکیەکەتدا ڕوی داوە، بۆ نمونە هەوڵی ڕاکێشانی بڕێک پارەی زۆر دراوە لە وڵاتێکی بیانی یەوە، هەربۆیە خوازیارن کە بزانن ئەوە ڕێپێدراو بووە لە لایەن تۆوە؟ گەر لەوەڵامدا وتت نەخێر ئەو کارە لە لایەن منەوە نەبووە، ئەوا فریوینەران داوا دەکەن کە زانیاری تایبەت بە کارتی متمانەکەت یان زانیاری تایبەت بە ئەژماری بانکیەکەت پشتڕاست بکەیتەوە تا بانکەکەیان بتوانن هەڵبستن بە لێکۆڵینەوە لەو کێشەیە. هەنێک جار، دەشێت کە فریوێنەران ژمارەی کارتی متمانەکەتیان لابێت و تەنها داوا بکەن کە پشتڕاستی زانیاری کەسیەتی بکەیتەوە لەڕێی پێدانی کۆدی پاراستنی کارتەکەت کە پێک هاتووە لە سێ یان چوار ژمارە لە سەر کارتەکەت. هەندێک جار لەڕێی ئیمەڵەوە ئەوە دەخەنەڕوو کە ناوی کۆپمانیاکەیان گۆڕاوە بۆیە داوات لێدەکەن کە کرتە لەسەر لینکێک بکەیت بەمەبەستی وەرگرتنی تازەگەریەکان.

ئەو نامانەی کە لەڕێی فشینەوە بەدەستمان دەگات بەشێوەیەک ڕێکخراون کە تەواو لە ڕاستەقینە دەچن، کە زۆر جار کۆپیەکی تەواوی ئەو شوێنەیە کە ئەوان بەناویانەوە خۆیان دەناسێنن، ئەمەش بە هەڵگرتنی هەمان لۆگۆ و هێما بازرگانیەکانی ئەو شوێنە. تەنانەت زۆرجار ئاراستەت دەکەن بۆ لینکی وێبسایتێکی ساختەی دروستکراو کە تەواو لە وێبسایتی ڕاستەقینەی ئەو شوێنە دەچێت، بەڵام تەنها لە ناو نیشانەکەیدا کەمێک جیاوازە کە بە ئەستەم درکی پێدەکرێت. بۆ نمونە گەر وێبسایتی ڕاستەقینە بەم شێوەیە بێت www.testbank.com ئەوافریوێنەران ناونیشانەکەیان بەم شێوەیە دەبێت www.testtbank.com. گەر وەڵامت هەبوو بۆ فریوێنەران بە پێدانی زانیاری پێیان لەڕێی ئینتەرنێتەوە، یان تەلەفونەوە ئەوا هەوڵ دەدەن کە ئەو زانیاریانە بەکار بهێنن بۆ کاری فریودان و ساختەکاری، بۆ نمونە بەکارهێنانی کارتی متمانەت بە مەبەستی بردنی ئەو پارانەی کە لەسەر ئەو ئەژمارەی هەتە.

## ٨-٣-٢)   هەنگاوەکانی کارکردنی ساختەکاری فشین

بەشێوەیەکی گشتی کاری ساختەکاری فشین خۆی لە چەند هەنگاوێک دا دەبینێتەوە. کەسێکی فریوێنەر کاتێک هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری دەدات لەڕێی فشینەوە، ئەوا پێویستی بەوە هەیە کە چوار هەنگاو بگرێتەبەر تا کاری ساختەکاری فشین بەسەرکەوتووی بەئەنجام بگەیەنێت[١٤].


### هەنگاوی یەکەم

**هاککەر هەڵدەستێت بە دیاریکردنی ئامانجەکەی - جا** ئەو ئامنجە کۆمپانیایەک بێت یان تاکێک بێت لە کۆمەڵگادا تا بتوانێت دەستی پێی بگات.




### هەنگاوی دووەم

**هاککەر کەسێک لە کۆمەڵگادا یان کارمەندێک لە کۆمپانیایەک دیاری دەکات –** بە مەبەستەی دەستکەوتنی زانیاری بە نرخ.
هەڵ دەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەری لەڕێگای تۆڕەکۆمەلایەتیەکانەوە، یان لینکدین، یان هەر هۆکارێکی تربێت تا بزانێت باشترین ڕێگا چیە کە هێرشەکەی لێ وە دەست پێبکات بۆ سەر ئەو تاکە.






## هەنگاوی سێهەم



هەواڵنامەی کتێب

**هاککەرەکە ئیمەیڵێک دەنێرێت بۆ ئامانجێکی دیاری کراو –** لەو ئیمەیڵەدا وا پیشان دەدات کە ئەوە لە لایەن هاورێیەکی یەوە هاتووە. دەشێت کە فایلێکی هاوپێچ کرابێت کە لە فایلێکی ئاسایی دەچێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەو کۆدەی پێوە دەنێردرێت کە لەڕێگایەوە دەستی بە کۆمپیوتەری کەسەکە بگات. بەزۆری ئەو کۆدانە وارێکخراون کە بەرنامەکانی دژەڤایرۆسی کۆمپیوتەرەکەت درکی پێ نەکات.




## هەنگاوی چوارەم



هەواڵنامەی کتێب

**هاککەرەکە لەورێگایەوە  دەستی بە کۆمپیوتەرەکە گەیشتووە–** هەڵدەستێت بە دزینی زانیاریە بەسودەکانی سەر کۆمپیوتەرەکە.

هەر لەو ڕێگایەوە هەوڵی گەیشتن بە هەموو ئەو کۆمپیوتەرانە دەدات کە لەسەر  هەمان نیتۆرکن بۆ مەبەستی دیزینی زانیاری بەنرخ بۆ  هاککەرەکە تا لەو ڕێگایەوە بەکاریان بهێنێت. ئامانج، دەست گەیشتن بە ئەژماری بانکی و بەکارهێنانی و بردنی ئەو پارەیەی لەسەریەتی یان بۆ کاری فریودان و ساختەکاری کە ئەمەش دەشێت کێشەی تر بەدوای خۆیدا بهێنێت .

### ٨-٣-٣)  فشين ئينفۆگرافيک

وێنەی ژمارە (٨-١)، ئینفۆگرافیکی خستنەڕوی ڕێڕەوی هێرشکردنی فشینە لەڕێگای ئیمەیڵەوە. لەم ئینفۆگرافیکی فشینەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە کاتێک ئیمەیڵێک بەشێوەی فشین دەنێردرێت بۆ ئیمەیڵی کەسێک، ئەوا سیستمی پاراستنی خزمەتگوزاری ئیمەیڵ زۆرجار هەڵدەستێت بە بلۆک کردنی لەڕێگای فلتەری سپامەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ئیمەیڵە بە ئیمەیڵێکی زیانبەخش دەناسێنێت. گەر ئەم پرۆسەیە بەو شێوەیەی خۆیدا بڕوات و بەکارهێنەر هەڵ نەسێت بە کردنەوەی، ئەوا ئەم کردارە دەبێت بە هۆی خۆلادان لە کێشەی فشین کە ڕوبەڕوی بەکارهێنەرەکە بوەتەوە.

کاتێک ئەو کەسەی ئیمەیڵی فشینی بۆ هاتووەو، سەرەڕای ئەوەی کە سیستمی ئیمەیڵەکەی لەڕێگای فلتەری سپامەوە ئەو ئیمەیڵەی بلۆک کردووە، بەڵام ئەو هەڵ دەستێت بە کردنەوەی ئەو ئیمەیڵە زیانبەخشە، ئەوا سێ ئەگەر هەیە:


یەکەم: بەکارهێنەر وەڵامی دەبێت بۆ ئەو ئیمەیڵە. ئەمە دەبێت بەهۆی ئەوەی کە فریوێنەر دەستی بگات بە زانیاری کەسی بەکارهێنەر.

دووەم: بەکارهێنەر هەڵ دەستێت بە داگرتنی ئەو فایلە هەوپێچەی لەڕێگای ئەو ئیمەیڵە زیانبەخشەوە پێی گەیشتووە. بەمە بەرنامە زیانبەخشەکە دادەگیرێتە ناو کۆمپیوتەری بەکارهێنەرەکەو، مالوار کاری خۆی دەکات.

سێهەم: بەکارهێنەر هەڵ دەستێت بە کلیک کردنی ئەو لینکەی لەڕێگای ئەو ئیمەیڵە زیانبەخشەوە پێی گەیشتووە، بەمە وێبسایتێک دەکرێتەوە. پاش کردنەوەی ئەم وێبسایتە ئەوا دوو ئەگەر هەیە:

أ. لەگەڵ کردنەوەی ئەو وێبسایتەدا، ڕاستەوخۆ بەرنامەی مالوار لەناو سیستمی کۆمپیوتەری بەکار هێنەر جێگیر دەبێت. بەمەش مالوار کاری خۆی دەکات.

ب. لەگەڵ کردنەوەی ئەو وێبسایتەدا، سایتەکە داوای زانیاری دەکات لەو بەکارهێنەرە. لەکاتی بوونی وەڵام بۆی، ئەوا بەکارهێنەر زانیاری کەسی دەنێرێت و ئەو زانیاریانە دەگەن بە دەستی کەسی فریوێنەر.




**وێنەی ژمارە (٨-١)** ئینفۆگرافیکی تایبەت بە کاری فشین لە ڕێگای ئیمەیڵەوە[١٥]




## ٨-٣-٤) ئەوەی کە پێویست دەکات بیزانیت سەبارەت بە فشین

وێنەی ژمارە (٨-٢) ئەوەی خستۆتەڕوو کە فریوێنەران و ساختەکاران بەدوامانەوەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی پارە، زانیاری کەسی، زانیاری دارایی، وە زانینی ئەو ووشە نهێنی (پاسۆرد) انەی کە بەکاریان دەهێنین بۆ ئەژمارەکانمان[١٦].

لەهەمان وێنەدا و بەپێی هەمان سەرچاوە، ئەو هۆکارانەی کە وامان لێدەکات بکەوینە داوی فریوێنەرانەوە بریتین لە:

- پەلەکردن لە کاتی وەڵامدانەوەی داواکاریەکانیان.
- بوونی شێوازی پاڕانەوە تکاکردن لە ناوەڕۆکی ئەو ئیمێڵانەی کە بۆ مەبەستی فریودان ئاراستەمان دەکرێت.
- خستنە بەردەستی جۆرێک لە تەماع تا لەو ڕێگایەوە وەڵاممان هەبێت بۆیان.
- هەندێک جار بوونی ویستی زانینی هەرشتیک کە هەبێت پاڵنەرە بۆ ئەوەی کە وەڵاممان هەبێت بۆ ئەو جۆرە ئیمەیڵانە.
- کەمتەرخەمی یەکێکی ترە لە هۆکارەکان، لەبەر ئەوەی هەندێک جار سەرەڕاری ئەوەی کە ئەم ئیمەیڵانە لە لایەن سیستمی خزمەتگوزاری ئیمەیڵەکانمانەوە بە ئیمەیڵی زیانبەخش ناسێنراون، بەڵام ئێمە هەر ویستمان هەیە بۆ کردنەوەو بینینیان.
- بوونی ترس هۆکارێکی ترە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەو ئیمەیڵانەدا جۆرە مەترسیەک دەخرێتەڕوو گەر وەڵامان نەبیت بۆی.

بەپێی هەمان سەرچاوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەگەری سەرکەوتنی کاری فشین بەرێژەی یەک لە دەیە. بەواتای ئەوەی هەر دە کەسمان کە ئیمەیڵی فشینمان پێ دەگات، ئەگەری هەیە کە یەک کەسمان ئەم ئیمەیڵانە بکەینەوە و وەڵاممان هەبێت بۆیان.




**وێنەی ژمارە (٨-٢)** ئەوەی کە پێویست دەکات بیزانیت سەبارە بە فشین[١٦]

### ٨-٣-٥) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری فشین

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- ئیمەیڵ، یان پەیوەندیەکی تەلەفونی، یان تێکست مەسجێکت پێ دەگات کە وا پیشان دەدرێت کە لەڕێی بانک، یان شوێنەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت، یان تەلفون، یان هەر جۆرە کارێکی تری بازرگانی کە هەتبێت. داوات لێ دەکەن کە پشتڕاستی چەند زانیاریەکی کەسیەتی بکەیتەوە، یان ئەوەتا داوای پێدانی زانیاری زیاتر دەکەن لێت.




- ئیمەیڵێک، یان تێکست میسجێکت پێدەگات لەکاتێکدا ڕاستەوخۆ بە ناوی خۆتەوە ئاراستە نەکراوە و شێوەیەکی گشتی وەرگرتووە. دەشێت لەڕوی زمانەوانیەوە هەڵەی تێدا بێت.
- ناو نیشانی ئەو وێبسایتەی کە ئەوان ئاراستەت دەکەن بەتەواوی لە ناونیشانی ئەو وێبسایتە ناچێت کە تۆ بەردەوام بەکاری دەهێنیت. هەروەها داوای چەند زانیاریەکت لێ دەکەن کە پێشتر داوای ئەو زانیاریانە، یان پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیاریانەت لێ نەکراوە لەو وێبسایتە ڕەسمیەی تایبەتە بە و شوێنەی کاریان لەگەڵ دەکەیت، یان سوود لە خزمەتگوزاریەکانیان وەر دەگریت.
- تێبینی بوونی ئایکۆنێکی نوێ دەکەیت لەسەر کۆمپیوتەرەکەت، یان ئەوەتا کۆمپیوتەرەکەت خاوتر کار دەکات لە پێشووی.

هەواڵنامەی کتێب

نمونەیەک لە چۆنیەکی کاری فریودان و ساختەکاری فشین

ئەو ئیمێڵانەی کە وەک فشین بۆمان دێت لەو شێوازەدا خۆیان دەبیننەوە کە لە وێنەی ژمارە (٨-٣) دا خراوەتەڕوو. گەر تێبینی بکەیت لە وێنەکەدا ئەو شوێنانە دیاری کراوە کە جێی گومانەو دەکرێت لەڕێیانەوە ئەوەمان بۆ دەر بکەوێت کە ئەمە کارێکی ساختەیە


Hello!
As part of our security measures, we regularly screen activity in the Facebook system. We recently contacted you after noticing an issue on your account.

Our system detected unusual Copyrights activity linked to your Facebook account , please follow the link bellow to fill the Copyright Law form:

http://www.facebook.com/application_form

Note: If you dont fill the application your account will be permanently blocked.

Regards,

Facebook Copyrights Department


**وێنەی ژمارە (٨-٣)** نمونەیەکی ئیمەیڵی فشین[١٧]

گەر ماوسەکەمان بخەینە سەر لینکەکە یان ئەو ئیمەیڵەی بۆمان هاتووە دەبینین کە تەواو جیاوازە، هەروەک لە وێنەی ژمارە (٨-٤) دا خراوەتەڕوو.





**وێنەی ژمارە (٨-٤)** لینکێکی جیاواز بۆ فشین

### ٨-٣-٦) چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری فریودان و ساختەکاری فشین؟

هیچ کات کلیکی ئەو ئیمێڵانە مەکە بە مەبەستی کردنەوەیان یاخود کردنەوە ئەو فایلانەی کە لەگەڵیان هاوپێچ کراون بەمەبەستی بینینیان، کە ئەوەت پێ دەڵێت لەو بانکەوە هاتووە کە تۆ ئەژماری بانکیت لە لایان کردۆتەوە (یان لە هەر دەزگایەکی تری فەرمیەوە بێت). لەبەر ئەوەی بانک یان ئەو شوێنە فەرمیانە دروست نیە بەو شێوازە داوای زانیاری بکەن. هەوڵ بدە راستەوخۆ بیان کوژێنیتەوە یان بیان خەیتە فۆڵدەری سپام. هەوڵ بدە کە پێش وەڵام دانەوەی داخوازیەکی لەو جۆرە لە رێگای تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، بەهەمان ناو و بابەت گەڕانی بۆ بکەیت تا بزانیت کە هەمان شت پێشتر کراوە و هەیە. زۆربەی ئەوانەی کاری فریودان و ساختەکاری دەکەن لەرێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بەم رێگایە ئاشکرا دەبن.

هەوڵ بدە کە چاو بگێڕیت بۆ هێمای پارێزگاری کردن لە پێش ناونیشانی ئەو وێبسایتانەی کە داوای ناردنی زانیاریت لێ دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی سایتی پارێزراو بە 'https:' دەست پێدەکات لەبری 'http:' لەسەرەتای ناونیشانی سایتەکەوە. یاخود پیشاندانی قفڵێکی داخراو یان ئایکۆنی کلیلێکی نەشکاو پیشان دەدات بەم شێوەیەی لە وێنەی ژمارە (٨-٥) دا هاتووە. ئەمەش بەمەبەستی تشفیرکردنی ئەو زانیاریانەی کە دەی نێریت تا بە پارێزراوی بمێنێتەوە تا دەگاتە شوێنی داواکراو.




**وێنەی ژمارە (٨-٥)** ئەدرەسی وێبسایتێکی پارێزراو

هیچ کات زانیاری کەسیەتی، یان زانیاری لەسەر ئەژماری بانکیەکەت مەدە بە کەسانێک کە پەیوەندی دەکەن و خۆیان وەک کارمەندێکی بانکەکەت دەناسێنن. لەبری ئەوە داوای ناوی ئەو کارمەندە بکە لەگەڵ هۆکاری پەیوەندی، پاشان لە لای خۆتەوە گەڕانی تەواو بکە بۆ کەسەکە و ئەو شوێنەی کە وایپیشانی داوە کە کاری تێدا دەکات پێش ئەوەی کە پەیوەندی پێوە بکەیتەوە. گەر بە ئیمەیڵ داوات لێکرا کە بچیتە ناو وێبسایتێکەوە و لۆگین بکەیت، یان لینکێک بکەیتەوە، ئەوا هەرگیز ڕاستەوخۆ لە ئیمەیڵەکەتەوە ئەم کارە مەکە. بەڵکو هەمان ناونیشان لە گەڕۆکی ئینتەرنێتەکەتدا بنوسەو پاشان لەو ڕێگایەوە هەوڵی کردنەوەی بدە.

هەواڵنامەی کتێب




## ٨-٤)   هاککردن

هاککردن ئەنجام دەدرێت کاتێک فریوێنەران ئەتوانن بگەن بە زانیاریە کەسیەکانت لەڕێی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاوە تا ئەو بەربەستانە ببڕن کەدێتە ڕێیان بۆ گەیشتن بە زانیاریەکانی کۆمپیوتەری کەسی و زانیاری ئامێرەکانی تری پەیوەندی، یان تۆڕەکانی کۆمپیوتەر. ئەم کرداری هەڵکوتانە سەر سیستەمەکانی بەرامبەر سەرپێچی هەموو یاساو ڕێنماییەکانی سودوەرگرتن لە تواناکانی تەکنەلۆجیا کە بەشێوەیەکی نادروست ئەنجام دەدرێت.

هەواڵنامەی کتێب

### ٨-٤-١)   ڕێگا باوەکانی هاککردن

أ. **مالوار و ڕانسوموار:** مالوار ئەتفریوێنێت بەداگرتنی بەرنامەیەک (یان چەند بەرنامەیەک لە لایەن فریوێنەران) کە ڕێگا دەدات دەستیان بگات بە زانیاریەکانی کۆمپیوتەرەکەت و چاودێری هەموو ئەو چالاکیانە بکەن کە پێی هەڵ دەستیت لەسەر کۆمپیوتەرە تایبەتەکەت. لە کاتێکدا ڕانسوموار داواکاری یە بۆ پێدانی بڕێک پارە بۆ کردنەوەی کۆمپیوتەر، یان دۆکۆمێنتە قفڵ کراوەکانت.

ب. **سوودوەرگرتن لە خاڵە لاوازەکانی سیستەمەکەت:** خاڵە لاوازەکانی سیستەمەکەت، دەکرێت لە بەکارهێنانەوەو پێشبینی کردنی ووشە نهێنیەکان و بەرنامە کۆنەکانی دژە ڤایرۆس کە تازەگەرییان بۆ نەکراوە، یان بەستن بە تۆڕەکانی پەیوەندی وایفای و بلوتوثی نەپارێزراوە وە بێت.

**فریودانی کرداری ئاراستەکردنەوەی پێچەوانە لە کاتی پارەدانی ئۆنلاین دا بەمەبەستی دووبارە پارەدان:** ئەگەر تۆ بازرگانێک بیت، ئەوا فریوێنەران وا خۆیان دەناسێنن کە یەکێکن لە دابینکەرە ئاساییەکانی تایبەت بەکارەکەت، هەندێک جار ئەوە دەخەنە ڕوو کە ئەژماری بانکیەکەیان گۆڕاوە. هەر بۆ ئەم مەبەستە هەڵ دەستن بە بەردەست خستنی ئەژمارێکی بانکی نوێ، وە داوای ئەوەت لێ دەکەن کە هەڵبستیت بە بەکارهێنانی ئەم ئەژمارە بانکیە نوێ یە بۆ سەرجەم مامەڵەکانی داهاتوو. لە ئەگەرێکی ئاوەهادا، تەنها کاتێک هەست دەکەیت کە فریوێنراویت کاتێک کە دابینکەرە سەرەکیەکە ئەو پەیامەت پێ ڕادەگەیەنێت کە بڕەپارەی پێداویستیەکانی پێشووی پێ نەگەیشتووە کە بۆتی دابینکردووە. نمونەش بۆ ئەم جۆرە فریودانە بابەتەکەی (جۆن)ە کە لە بەشی پسوڵەی هەڵەدا ئاماژەمان پێدا و لە وێنەی ژمارە (٦-٦) دا پیشاندراوە ، کە کۆمپانیاکە زەرەرو زیانەکانی لەپای ئەو فریودانە بە زیاتر لە (٣٠٠٠٠) دۆلار خەملآند.

کاتێک فریوێنەران توانیان و دەستیان بە زانیاریەکانی سەر کۆمپیوتەرە تایبەتەکەی خۆت، یان ئامێری تەلەفونە زیرەکەکان گەیشت، ئەوا ئەتوانن دەستیان بە زانیاریە کەسیەکانت بگات و ووشەی نهێنی (پاسۆرد)ە کانت بگۆڕن، وە ڕێگریت لێ بکەن بۆ چونە ناو ئامێرەکەتەوە. فریوێنەران هەوڵ دەدەن بە بەکارهێنانی ئەو زانیاریە کەسیانەی کە هەتە بە مەبەستی چالاکی نادروست و فریودان، وەک بردنی زانیاری کەسیەتی، وە هەندێک جار دەتوانن ڕاستەوخۆ دەستیان بە زانیاری ئەژمارە بانکیەکانت بگات و خۆیان بەکاری بهێنن.

نمونەیەکی باوی ئەوکارانەی کە پاش هاککردنی ئیمەیڵی کەسێک ڕوودەدات

کاتێک کە فریوێنەرێکی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بتوانێت کۆمپیوتەرەکەت هاک بکات و دەستی بگات بە وشەی نهێنی ئیمەیڵەکەت، گەر نەتوانێت ڕاستەوخۆ دەستی بە زانیاری لەسەر ئەژماری بانکیت بگات، ئەوا هیچ نەبێت دەتوانێت لەڕیگەی ئەم ئیمەیڵەوە پەیوەندی بکات بەهەموو ئەو ناونیشانانەی کە لە ئەژمارەکەی تۆداهەن. بۆ ئەم مەبەستەش چیرۆکی جیا جیا دروست دەکەن بۆ فریودانی ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان لەگەڵ تۆداهەیە بەتایبەت کەسە نزیکەکانت.

وێنەی ژمارە (٨-٦) چیرۆکی ناردنی ئیمەیڵێک دەخاتەڕوو کە فریوێنەران لەڕێی ئیمەیڵی یەکێکە لە هاوڕێکانی منەوە پاش هاککردنی ناردویانە. ناوبراو کەسێکی زۆر بەڕیزو خۆشەویستە، ئەمە وایکردووە کە داواکاریەک لەم بەڕیزەوەبێت، تا لە تواناداببێت ناکرێت کە ڕەت بکرێتەوە. پاش ئەوەی فریوێنەران توانیویانە کە بەهەر هۆکارێک بێت ئیمەیڵی ناوبراو هاک بکەن، ئەوا هەڵساون بە دروستکردنی ئەم چیرۆکە. ئەم بابەتانە ڕۆژانە ڕودەدەن و ڕووبەڕوی زۆرێکمان دەبێتەوە.

لەم چیرۆکەدا هاتووە کا ناوبراو بەهۆی کارێکی بەپەلە چۆتە وڵاتی تورکیا بۆ سەردانیکردنی خوشکێکی، کە بۆ چارەسەی نەخۆشی لەو ولاتەیە. ئەوە خراوەتەڕوو کە لەم کاتەدا کە بەڕێزی لەوێیە، ڕووبەڕوی کێشەیەک بۆتەوە و پێویستی بە یارمەتی بەپەلە هەیە. لە ئیمەیڵەکەدا هاتووە کە، هەوڵی داوە لەڕێی تەلەفونەوە پەیوەندی بکات بەڵام لەوشوێنە خزمەتگوزەی گەیاندن بەردەست نیە و لەکاتی پەیوەندیکردنەکەدا گوێبیستی ئەوەبوو کە ئەو لەدەرەوەی بازنەیە.

بەشێوەیەکی لێهاتوانە ئاماژەی بەوەداوە کە لەبەر کتوپڕ تێکچوون و ناجێگیربوونی باری تەندروستی خوشکەکەی، پزیشکەکانی ئەوەیان پێڕاگەیاندووە کە پێویستی بەنەشتەرگەریەکی زۆر بەپەلە هەیە بۆ پاراستنی گیانی. تێچونی ئەو نەشتەرگەریە نزیکەی ١١،٠٠٠ یورۆ یە. ئەڵێت کە ئەو بڕی ٨،٠٠٠ یورۆی لەبەردەستە هەربۆیە داوای بڕی ٣،٠٠٠ یورۆ دەکات بۆ تەواوکردنی ئەو بڕەپارەیەی کە داواکراوە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکە. داواکارە کە زۆر بەپەلە وەڵام بدەیتەوە و ئەوەی خستۆتەڕو کە پاش گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ ئەو بڕە پارەیەت بۆ دەگێڕێتەوە.

هەواڵنامەی کێبر

داواکارە گەر بتوانیت ئەو هاوکاریەی بکەیت، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەژماری بانکی دکتۆرەکەت بۆ دەنێرێت تا بتوانیت کە ئەو بڕەپارەیە بخەیتە سەر ئەو ئەژمارە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە خۆی ناتوانێت ئەژمارە بانکیەکەی خۆی لەو وڵاتە بەکاربهێنێت.

ئەو نمونەیەی باسکرا، جۆرێکە لەکاری فریودان بەناوی کەسێکەوە کە ئیمەیلەکەی هاک دەکرێت. گەر تێبینی بکەیت بەپێی ئەو زانیاریانەی بەردەست فریوێنەران کەوتووە، زانراوە کە ئەم کەسە خەڵکی کوردستانە، هەربۆیە هاتوون وڵاتی تورکیایان هەڵبژاردووە بۆ دروستکردنی ئەو چیرۆکە. لەڕێی ئەم چیرۆکە دروستکراوەوە دەخوازن هەستو سۆزت بجوڵێنن و لەبەر پەرۆشیت بۆ پاراستنی گیانی کەسێک بیر لەوە نەکەیتەوە کە بەدواداچونی بۆبکەیت تا دڵنیابیت لەڕاست و دروستی بابەتەکە. ئەم جۆرە بیرۆکانە شێوازێکە کە فریوێنەران بەکاریدەهێنن بۆ دروستکردنی کاریگەری بەتایبەت لەسەر کەسە نزیکەکانی ئەو کەسەی کە ئیمەیلەکەی هاک کراوە.

بێگومان من بە بینینی ئەم ئیمەیڵە دلنیابووم لەوەی کە ئەو برادەرەم ئەژمارەکەی هاک کراوە. هەربۆیە ڕاستەوخۆ بەتەلەفون پەیوەنیم پێوەکرد تا لەوە ئاگاداری بکەمەوە. لەوەڵامی پەیوەندیەکەمدا بەڕێزی پێی ڕاگەیاندم کە ئاگادارە لە هاککردنی ئەژمارەکەی، ئەمەش پاش ئەوەی چەندین کەسی تر پەیوەندیان پێوەکردووە بۆ بەئاگابوون لەو کێشەیەی کە لە ئیمەیڵەکەدا خراوەتەڕوو بەناوی بەڕێزیانەوە بەمەبەستی هاوکاریکردنی.

بەم نمونەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن فریوێنەران بە دەستکەوتنی زانیاریەکانی تۆ، بەناوی تۆوە دەیانەوێت سەدان کەس لەخشتەببەن و بیانفریوێنن. ئەمە جگە لەوەی کە دەشێت لەڕێی ئەو ئیمەیڵە تایبەتەوە کە هاککراوە پەنا بۆ بەدەستهێنانی چەندین زانیاری تری تایبەت بە خۆت ببرێت.

ئامۆژگاری من بۆ کەسێک کە ئیمەیڵەکەی، یان هەر ئەژمارێکی تری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی هاک دەکرێت ئەوەیە کە: ڕاستەوخۆ هەوڵی داواکاری بۆ گۆڕینی وشەی نهێنی بدات، بەبیانووی ئەوەی کە ناوبراو وشەی نهێنی لەبیروچۆتەوە. ئەم کارە ئاسانتر دەکرێت گەر لەکاتی هەبوونی هەر ئەژمارێک ئیمەیڵی تر یان ژمارەی تەلەفونت تۆمارکردبێت. ئەوکات لەڕێی ئەو زانیاریانە، وە لەڕێی ئەو پرسیارانەی تایبەتن بە سەلامەتی ئەژمارەکەت کە لەسەرەتای کردنەوەی ئەو ئەژمارانە لێت دەکرێت، دەکرێت کۆنترۆڵی ئەژمارەکەت ئاسانتر بەدەست بهێنیتەوە. خۆ گەر ئەو ئەژمارانەی هەتە لەسەرەتادا پەیوەستیانبکەیت بە ناردنی کۆدێک بۆ ژمارەی تەلەفونەکەت گەر ئەو ئەژمارە لەهەر کۆمپیوتەر، یان ئامێرێکی ترەوە کرایەوە، ئەوا زیاتر دەتوانیت سەلامەتیان بپارێزیت و

بەئاسانی هاک نەکرێن.

[redacted] <[redacted]@outlook.com> Sep 19, 2017 at 2:08 AM
To: jamal omar

How are you doing. I hope all is well with you and your family. Please i need your help. I'm in a very tight Situation right now and I'm very sorry for involving you in my present issue but I was left with no choice but to contact you. I would have called but my phone keeps showing No signal here due to bad network.

I took an urgent visit to Turkey to see my sick sister who is suffering from a critical Uterine fibroid and must undergo a hysterectomy surgery to save her life. The news of her illness arrived to me as an emergency, she's going through a lot of pain at the moment and she needs family support to keep her going. The doctors have advised that it is necessary that the tumor is operated soon to avoid any complications. I hope you understand my plight and pardon me.

The estimate for the Hysterectomy surgery is 11,000 EURO. I have already spent approx. 8,000 EURO cash towards her treatment so am wondering if you can assist me with a loan of 3,000 EURO to make the necessary arrangement for the surgery to be carried out.

Your help and support will give her a chance to live a normal life once again. I will surely pay you back as soon as I return home.

Please tell me if you can help me out with the loan so i can send you the doctors account to send the money since i cannot operate my bank account from here.

Please Waiting for your reply,

[redacted]
Kurdistan Region Govrenment
Ministry of [redacted]
Deputy Minister

**وێنەی ژمارە (٨-٦)** نمونەی ئیمەیڵێکی هەوڵدان بۆ فریودان بۆ بەدەستهێنانی بڕیک پارە لەڕێی بەکارهێنانی ئیمەیڵێکی هاککراو

### ٨-٤-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری هاککردن

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- ناتوانیت کە بە ئاسانی بچیەتە ناو کۆمپیوتەرەکەت، مۆبایلە زیرەکەکەت، یان ناتوانیت ئیمەیڵەکەت، ئەکاونتی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانت، و هەر ئەکاونتێکی تر کە هەتبێت بکەیتەوە.
- تێبینی بوونی ئایکۆنێکی نوێ دەکەیت لەسەر کۆمپیوتەرەکەت، یان ئەوەتا کۆمپیوتەرەکەت خاوتر کار دەکات لە پێشووی.
- فایلێک یان چەند فایلێک لەناو کۆمپیوتەرەکەتدا شوێنەکانیان گۆڕاوە، یان کوژێنراونەتەوە.
- دەرکەوتنی پەنجەرەیەک لە سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەت. دەشێت ئەم ویندۆیە پێشنیاری یارمەتیدانت بکات بۆ چاککردنەوەی کێشەیەک کە هەبێت لە کۆمپیوتەرەکەتدا، یان وا پیشان بدات کە کێشەیەک هەیە و پێویست بە چاککردنەوەی دەکات، هەندێک جار تەنها "Close"ی لەسەرە کە خوازیارە کرتەی لەسەربکەیت.
- لەپڕ تێبینی بەکارهێنانی بڕێک پارە لە ئەژماری بانکیەکەت بکەیت بەبێ بوونی هیچ ڕونکردنەوەیەک، یان بە بێ ئەوەی تۆ بەو کارە هەڵسابیت.
- گومانی ئەوەت هەبێت کە ژمارەی مۆبیلەکەت گواستراوەتەوە بە بی وەرگرتنی ڕەزامەندی خۆت، پاش ئەوەی کە تێبینی ئەوە دەکەیت کە لە تەلەفونەکەتدا هێمای تەنها توانینی بەکارهێنانی لە کاتی ئیمێرجنسیدا دەر دەکەوێت.

### ٨-٤-٣) چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری هاککردن؟

بەبەردەوامی بە ئاگابە لە تازەکردنەوە (ئەپدەیت کردن)ی سیستمی پاراستنی کۆمپیوتەرەکەت، لەگەڵ هەبوونی یەکێک لە پرۆگرامەکانی دژەڤایرۆس و دژە چاودێریکردن. بە هەمیشەیی هەوڵ بدە firewall ی کۆمپیوتەرەکەت کارابێت و ئەو بەرنامانە لە شوێنە باوەڕپێکراوەکان بکڕە. بەرنامەکانی پاراستنی سیستمی کۆمپیوتەرەکەت بەکار بهێنە بە شێوەیەکی دروست بۆ چێککردن و پاراستنی سیستمی پاراستنی کۆمپیوتەرەکەت. هەروەها نیتۆرک و ئەو ئامێرانەی کە بەکاریان دەهێنیت بە پارێزراوی بیان هێڵەرەوە. لەکاتی هەوڵ دانت بۆ بەکارهێنانی زانیاریە کەسیەکانت، هەوڵ بدە خۆت بەدور بگریت لە بەکارهێنانی خزمەتگوزاری وایفای بۆ دابینکردنی ئینتەرنێت لە شوێنە گشتیەکاندا.

جۆرە ووشەیەکی نهێنی (پاسۆرد) و PIN ی بەهێز بەکاربهێنە کە ئاسان نەبێت لە لایەن کەسانێکەوە بەمەزەندەکردن بۆیان بدۆزرێتەوە و بەردەوام تازەیان بکەرەوە، هەرگیز لەسەر تەلەفۆنە زیرەکەکان و کۆمپیوتەرەکانتان هەڵیان مەگرن. ئەو فایلە هاوپێچ و لینکانەی کە لەڕێگای ئیمەیڵ، یان تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە پێتان دەگات لە لایەن کەسانێکی نەناسراوەوە، مەیان کەوە و ڕاستەوخۆ بیان کوژێننەوە. پێویست دەکات بەئاگابی لە داگرتنی بەرنامە بێ بەرامبەرەکان، یان فایل و میوزیک و فیلم و یاری لەو سایتانەی کە ئەو خزمەتگوزاریانە بە بێ بەرامبەر پێشکەش دەکەن. دەشێت کە ئەم سایتانە بەرنامەی زیانبەخش لەسەر ئامێرەکانتان دابگرن بەبێ ئەوەی خۆت پێی بزانیت. هەوڵ بدەن کە ئەو پرۆگرامانە بەکار نەهێنن کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەشێوەی ئۆنلاین فۆرمەکانی خۆی دروست دەکات.




## ٨-٥) شرۆڤەی ساختەکاری هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی

داتای لیستی (٨-١) تایبەتن بەئاماری کاری فریوێنەرو ساختەکاری لەڕێی "هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی" ەوە کە ڕویان داوە و تۆمارکراون لە وڵاتی ئوسترِالیا بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٦ و ٢٠١٥.

**لیستی (٨-١)** ئاماری کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان

لەڕێی "هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی" بەپێی ساڵ[١]


هەولنامەی کتێب

| ساڵ | بڕی پارەی لەدەست دراو بە دۆلار | ژمارەی ڕیپۆرت | ڕێژەی سەدی فریوێنراوان بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نادیار |
| ٢٠١٧ | ٣,٥٣٥,٦٤٣ | ٤٧,٨٤٦ | ٪٤٥,٩ | ٪٥١,٥ | ٪٢,٦ |
| ٢٠١٦ | ٣,٩٤٠,٩٠١ | ٤١,٧٦٩ | ٪٣٨,٥ | ٪٤٤,٤ | ٪١٧,١ |
| ٢٠١٥ | ٢,٣٢٩,٤٩٠ | ٢٧,٩٥٠ | ٪٣٥,٥ | ٪٤٤,١ | ٪٢٠,٤ |

لە لیستی ژمارە (٨-١) دا، بڕی پارەی لەدەست دراو بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧، ٢٠١٦، وە ٢٠١٥ خراوەتەڕوو. لەهەمان کاتدا ئاماژە دراوە بە ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە پشتیان پێ بەستراوە بۆ دەرخستنی ئەو ئامارانە، لەگەڵ ڕێژەی بەرکەوتووان بە پێی ڕەگەز بۆ هەر ساڵێک.


بەپشت بەستن بە ئەو ئامارانەی کە لە هێڵکاری ژمارە (٢-١) دا هاتووە، لەساڵی ٢٠١٧ دا بڕی (٣,٥٣٥,٦٤٣) دۆلار پارە لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری "هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی" ەوە دزراوە لە هاوڵاتیان لە وڵاتی ئوستڕالیا، ئەمەش تەنها بە پشت بەستن بە (٤٧,٨٤٦) ڕیپۆرت. ئەمە لەکاتێکدا فریوێنەران تەنها بەڕێژەی ١,٧٪ سەرکەوتووبون لەوەی کە بڕێک پارە بەدەست بهێنن لەڕێی ئەم کاری فریودانانەوە بە پشت بەستن بەو ڕیپۆرتانەی کارە فریوێنەرەکانیان خستۆتەڕوو.

| ٪ ڕیپۆرت کە پارە لەدەست دراوە | ژمارەی ڕیپۆرت | بڕی پارەی لەدەست دراو |
|---|---|---|
| ٪١,٧ | ٤٧,٨٤٦ | $٣,٥٣٥,٦٤٣ |





**هێڵکاری ژمارە (٨-١)** پەیوەندی پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

بەپێی ئەو ئامارانەی لە هێڵکاری ژمارە (٨-٢) دا خراوەتەڕوو، زۆرترین ئەو شێوازی پەیوەندیکردنانەی کە بەکارهاتوون بۆ کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی" ەوە و پارەی تیادا لەدەست دراوە بە بەراوردکردنیان بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کەهەن لە وڵاتی ئوسترالیا لەڕێگای ناردنی ئیمەیڵەوە بووە، پاشانیش لەڕێگای تەلەفون و ئینتەرنێت (وێبسایتەکان)ە وە بووە.




**هێڵکاری ژمارە (٨-٢)** شێوازی پەیوەندیکردن و پارەی لەدەست دراو بە پێی ژمارەی ڕیپۆرت[١]

سەبارەت بە ئەو کەسانەی کە فریوێندراون و پارەیان لەدەست داوە بە هۆی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی" ەوە، بەپشت بەستن بە ئەو داتایانەی لە هێڵکاری ژمارە (٨-٣) دا خراوەتەڕوو زیاتر لە تەمەنی (٥٥ساڵ بۆ ٦٤ساڵ) بوون. ئەمە لەکاتێکدا ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە تۆمارکراون بە بەراورد بە تەمەن زیاترینیان لەسەروو ٦٥ ساڵەوە بووە پاشانیش تەمەنی (٥٥ ساڵ بۆ ٦٤ ساڵ) بە پلەی دووەم و تەمەنی (٤٥ساڵ بۆ ٥٤ساڵ) یش بە پلەی سێهەم دێت.





**هێڵکاری ژمارە (٨-٣)** پارەی لەدەست دراو بە پێی تەمەن و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

لە هێڵکاری ژمارە (٨-٣) دا هاتووە، لە فریودان و ساختەکاری "هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی" دا ڕێژەی فریوێنراوانی نێر و مێ کە بڕێک پارەیان لەدەست داوە لەم ڕێکای فریودانەوە بە بەراوردکردن بە یەک زۆر لە یەک نزیکن. هەر وەک دەبینین ٤٨,٤٪ ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی مێن وە ٤٧,٨٪ لە ڕەگەزی نێرن. لەکاتێکدا ٣,٨٪ ئەو کەسانەی کە کاری فریوێنەرانیان ڕیپۆرت کردووەو پارەیان لەدەست داوە ئامادەنەبوون کە ڕەگەزی خۆیان دیاری بکەن. بەپێی هەمان سەرچاوە ڕەگەزی نێرو مێ کە ڕیپۆرتی کارە فریوێنەرەکانیان کردووە بەهەمان شێوە لێکەوە نزیکن. بەپێی ئەو داتاو زانیاریانە لەبواری فریودانن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسیت، هەر یەک لە ڕەگەزی نێر و مێ بە ڕیژەیەکی زۆر نزیک لەیەک فریوێنراون.

ژمارەی ڕیپۆرت　　　　پارەی لەدەست دراو

هەواڵنامەی کتێب




**هێڵکاری ژمارە (٨-٤)** پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت بە پێی ڕەگەز[١]



# بەشی نۆیەم

## فریودان و ساختەکاری لەڕێی هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن

هەواڵنامەی کتێب

### سەیرکردنێکی گشتی

ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕیی "هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن". هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن جۆرێکی تری فریودانە. لەم بەشەدا باسی هەریەک لەو شێوازانە کراوە کە فریوێنەران پەنا بۆ بەکارهێنانیان دەبەن. هەروەها باسی چۆنیەتی کارکردنی هەریەک لەم شێوازی فریودانە خراوەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕوی نیشانەکانی هۆشداری. ئاماری پێویست سەبارەت بە کاری هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن لە کۆتایی ئەم بەشەدا خراوەتەڕوو. هەروەها تیشک خراوەتەسەر تێکڕای پارەی لەدەستدراو بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کە بۆ ئەو مەبەستە بەرزکراونەتەوە، هەروەک چۆن جۆرەکانی پەیوەندی و ڕێژەی پارەی لەدەستدراو بەپێی تەمەن و ڕەگەز لەڕێی ئەو ئامارانەوە خراونەتەڕوو.



## ٩-١)   شێوازەکانی فریودان لەڕێی هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن

شێوازێکی تر لە شێوازەکانی فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت فریودان و ساختەکاریە لەڕێی "هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن"، تا لەو ڕێگایەوە بەزۆر بڕێک پارە بەدەست بهێنن. فریوێنەران بۆ ئەم کارانەیان هەوڵ دەدەن پاش ئەوەی دەستیان دەگات بە هەندێک لە زانیاری کەسیەتی، ئەو زانیاریانە بەکار بهێنن وەک هۆکارێکی هەڕەشەو ترساندن تا لەبری ئەو کارە بڕێک پارە بەدەست بهێنن.

فریودان و کاری ساختەکاری لەڕێی هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن چەندین شێوازی هەیە، باوترینیان ئەم شێوازی فریودانانەیە:

- بەرنامە زیانبەخشەکان (مالوار) و ڕانسوموار
- هەڕەشە بۆ سەر ژیان یان گـرتن و شێوازی دیکە

## ٩-٢)   بەرنامە زیانبەخشەکان (مالوار) و ڕانسوموار

بەرنامە زیانبەخشەکان (مالوار) بەهەڵەتدا دەبەن بۆ دابەزاندنی ئەو بەرنامانەی کە پاشان ڕێگا دەکاتەوە بۆ فریوێنەران کە دەستیان بە زانیاریەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت بگات و چاودێری ئەو کارانە بکەن کە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت پێیان هەڵدەستیت، لە کاتێکدا ڕانسوموار داواکاری یە بۆ پێدانی بڕێک پارە بۆ کردنەوەی کۆمپیوتەر، یان دۆکۆمێنتە قفڵ کراوەکانت (ئەم جۆرە فریودانە لە بەشی هاککردن دا ئاماژەی پێدراوە).

### ٩-٢-١)   چۆن فریودان و ساختەکاری بەرنامە زیانبەخشەکان (مالوار) و ڕانسوموار کار دەکات؟

**<u>یەکەم: بەرنامە زیانبەخشەکان (مالوار)</u>**

فریوێنەرانی بەرنامە زیانبەخشەکان (مالوار) هەڵ دەستن بە ناردنی ئیمەیڵ، یان پەیام لەڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەم جۆرە ئیمەیڵ و پەیامانە هەڵگری ئەو بەستەرانەن کە لە شێوازی هەواڵێکی گرنگ، یان ڕوداوێکی سەرنج ڕاکێش دەردەکەون.

هەواڵنامەی کتێب

کاتێک کە تۆ کلیک دەکەیت لە سەر پەیوەندیەکە، ئەوا تۆ لەوانەیە ببردرێیت بۆ وێبسایتێکی ساختە کە وا دەردەکەوێت وێبسایتێکی ڕاستەقینە بێت بە هەموو ئەو لۆگۆ و پەیامانەی کە لەسەر وێبسایتە ڕاستەقینەکە هەیە. بۆ نمونە بۆ ئەوەی کەوا تۆ بتوانیت گرتەیەکی ڤیدیۆیی تەماشا بکەیت، ئەو داوات لێ دەکات کە هەڵبستیت بە داگرتنی بەرنامەیەکی تایبەت بۆ نمونە 'codec' کە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری یەو بەکاردێت بۆ encoding و decoding تاوەک و هەڵبستیت بە ڕێکخستنی ڤیدیۆکە. هەر کات هەڵسایت بە دابەزاندنی ئەو بەرنامەیە، ئەوا کۆمپیوتەرەکەت توش دەبێت بەو بەرنامە زیانبەخشانە.

یەکێکی تر لەو ڕێگایانەی کە فریوێنەران بەکاری دەهێنن بۆ داگرتنی بەرنامە زیان بەخشەکان ئەو وێبسایتانەیە کە خزمەتگوزاری داگرتنی فایل و بەرنامەی خۆڕایی پێشکەش دەکەن، کە ئەمانەش بەزۆری خۆیان لە میوزیک و فیلم و یاریدا دەبیننەوە. هەروەها ئەو وێبسایتانەی کە بەشێوەیەکی ئازاد ڕێگا دەدەن بە بەکارهێنەران بۆ گەیشتن بە بابەتەکانیان، هەروەک وێبسایتی تایبەت بە پێگەیشتوان.

ئەم بەرنامە زیانبەخشانە کار دەکەن لە ڕێگای داگرتنی بەرنامەکانیان لەسەر کۆمپیوتەری بەکارهێنەران و بەمەش ڕێگا دەکاتەوە بۆ فریوێنەران کە بە ئاسانی دەستیان بگات بە دۆکۆمێنتی سەر ئەو کۆمپیوتەرە، هەروەها چاودێری کردنی هەموو ئەو چالاکیانەی لەسەر ئەو کۆمپیوتەرە ئەنجام دەدرێت. فریوێنەران ئەم بەرنامە زیانبەخشانە بەکاردەهێنن بۆ بردنی زانیاری کەسیەتی و بەکارهێنانی بۆ کاری ساختەکاری. یەک لەو کارانە کرداری کڕینە لەڕیگای زانیاری تایبەت بە کارتی متمانەی کەسی فریوێنراو، یان بەکارهێنانی زانیاری کەسیەتی بۆ کردنەوەی حسابی بانکی، یان دابینکرنی خزمەتگوزاری تەلەفون و کارەبا. هەندێک جار ئەوان لەوانەیە هەڵ بستن بە داواکردنی قەرزی بانکی و کاری بازرگانی نایاسای پێ ئەنجام بدەن لەژێر ناوی کەسی فریوێنراودا. زۆر جار فریوێنەران هەر بەمەوە ناوەستن بەڵکو هەڵ دەستن بە فرۆشتنی زانیاریە کەسیەکانت بە کەسانی فریوێنەری تر تا کاری نایاسایی پێ وە بکەن.

**دووەم: رانسوموار**

ڕانسوموار جۆرێکی ترە لە بەرنامە زیان بەخشەکان کە بەرنامەکانت قفڵ دەکات، یان ئاستەنگت بۆ دروست دەکات بۆ گەیشتن بە دۆکۆمێنتەکانت و کردنەوەیان. لەپای ئەوەی کە بە ئاسانی دۆکۆمێنتەکانت بکەیتەوەو شتەکانیت لەدەست نەچێت داوای بڕێک پارە دەکرێت کە بدرێت بە فریوێنەرەکان.

زۆرجار کۆمپیوتەری تووش بوو پەیامێک دەخاتە ڕوو بۆ بەکارهێنەرەکەی بەمەبەستی ئەوەی کە بڕوای پێ بهێنێت بە پێدانی بڕێک پارە لەبری گەڕانەوەی ئاستی کۆمپیوتەرەکە بۆ ئاستی ئاسایی خۆی پێش تووش بوون بەو بەرنامە زیانبەخشە. هەندێک جار ئەو پەیامانە بەناوی پۆلیسەوە دەگات بە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەرەکە، ئەوە دەخەنە ڕوو کە کارێکی نایاسایی بەئەنجام گەیەنراوە لەڕێی ئەو کۆمپیوتەرەوەو پێویست دەکات کە باجی ئەو سەرپێچی یە بدرێت. یان ئەوەتا ڕاستەوخۆ پەیامەکە بەو شێوەیە دەگات کە لەبری بڕێک پارە ئەوا کۆدی کردنەوەی دۆکۆمێنتەکانی پێدەدرێت.

لەکاتی بەدەنگەوەچوونی ئەو داواکاریانە و بە پێدانی ئەو بڕەپارەیە، هیچ گەرەنتیەک نیە کەوا لەپاش پێدانی پارەکە کۆمپیوتەرەکەت بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی و دۆکۆمێنتە قفڵ کراوەکانت بکرێنەوە.

## ٩-٢-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری بەرنامە زیانبەخشەکان (مالوار) و ڕانسوموار

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- فریوێنەران لەڕێگای ناردندی ئیمەیڵ، یان پەیامێک لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە کە بەشێوەی شین دەر دەکەوێت، ئەوە دەخرێتەڕوو کە بابەتێکی هەواڵی گرنگ، یان بابەتێکی سەرنج ڕاکێشی لەخۆ گرتووە. داوات لێدەکرێت کە ئەو بەرنامەیە دابگریت لە پێناوی بینینی بابەتەکە.
- فایلێکی مویزیک، یاری، یان گەیشتن بە وێبسایتی پێگەیشتوانت پێشکەش دەکرێت، ئەگەر تۆ ڕازی بیت بە داگرتنی بەرنامەیەکی دیاری کراو، یان ڕازی بیت بە کلیک کردنی بۆکسێکی دیاری کراو.
- بۆکسێکی دیاری کراو لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەت دەردەکەوێت، کە دەشێت لە شێوەی چەند پرسیارێکی سادەدابن، یان دوگمەیەک کە دەڵێت (دایبخە).
- تێبینی کردنەوە و دەرکەوتنی بۆکسی بچوک دەکەیت لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەت، یان کۆمپیوتەرەکەت بەو خێرای یەی پێشوتر کارناکات کە پێشتر کاری دەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

بەرنامە زیانبەخشەکان هۆکارێکی سەرەکین کە تۆ ببیتە نێچیری فریوێنەران. کاتێک کە زانیاری کەسیەتی، یان زانیاری بانکیت بەردەست بوو، ئەوا بە بەردەوامی زانیاریەکانت دەکەونە دەست فریوێنەرانی تریش تا بەکار بهێنرێن بۆ کاری ساختەکاری و فریودان.


**٩-٢-٣) چۆن ڕانسوموار کار دەکات**

چۆنیەتی کارکردنی ڕانسوموار لەم هێڵکاریەدا خراوەتەڕوو کە لە وێنەی ژمارە (٩-١) دا پیشان دراوە. بەپێی ئەم هێڵکاریە، لەسەرەتادا بەکارهێنەر پەیامە فریوینەرەکەی پێدەگات لەگەڵ فایلێکی هاوپێچ کراو لەڕیگای ئیمەیلەوە.

پاش ئەوەی کە بەکارهێنەر هەڵدەستێت بە داگرتنی ئەو فایلە هاوپیچە، ئەوا مالوار لەناو سیستمی کۆمپیوتەرەکەتدا جێگیردەبیت و پاشان کۆمپیوتەرەکەت بەو URL ەوە دەبەستێت کە ڕانسووارەکەی هەڵگرتووە. هەر لە ڕێگای ئەم بەستەرەوە ڕانسووارەکە دادەگیردرێتە ناو کۆمپیوتەرەکەتەوە.

پاش ئەوەی ڕانسووارەکە کاری قفڵکردنی دۆکۆمێنتەکانی ناو کۆمپیوتەرەکەت ڕیک دەخات، پەیامێک دەنێرێت بۆ بەکارهێنەری کۆمپیوتەرەکە تا لەو ریگایەوە لە مۆڵەتی دیاریکراو و بڕی پارەی داواکراو ئاگادارت بکاتەوە. پێش تەواوبوونی ئەو مۆڵەتە پێویست دەکات کەسی فریوێنراو ئەوبڕە پارە داواکراوە بدات، گەر نا ئەوا هەموو فایلەکانی لەدەست دەدات.

هەواڵنامەی کتێب




**وێنەی ژمارە (٩-١)** چۆنیەتی کارکردنی ڕانسوموار[١٨]

بۆ چۆنیەتی خۆپاراستن لە بەرنامە زیانبەخشەکان (مالوار) و ڕانسوموار تکایە بگەڕێرەوە بۆ بەشی "**چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری هاککردن و فشین؟**".

## ٩-٣) هەڕەشە بۆ سەر ژیان یان گرتن و شێوازی دیکە

هەڕەشە بۆ سەر ژیان یان گرتن و شێوازی دیکە، خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە فریوێنەران هەڵدەستن بە داواکاری پێدانەوەی بڕەپارەیەک لەو کەسانەی کە خوازیارن بیان فریوێنن. ئەم جۆرە فریودانە بۆیە لەژێر ئەم ناوەدا پۆلێنکراوە لەبەر ئەوەی فریوێنەران بۆ ئەنجامدانی خواستەکانیان هەڵدەستن بە کردنی هەڕەشە لەو کەسانەی کە کاریان لەسەر دەکەن ئەگەر هاتوو هاوکاریان نەکەن.

### ٩-٣-١) چۆن فریودان و ساختەکاری هەڕەشە بۆ سەر ژیان یان گرتن و شێوازی دیکە کار دەکات؟

لەم جۆرە فریودانەدا، فریوێنەران هەڵدەستن بە بەکارهێنانی شێوازی جیاجیای ترساندن تا لەم ڕێگایەوە وا لەو کەسانە بکەن کە کاریان لەسەر دەکەن ناچار ببن بە هاوکاریکردنیان بە پێدانی ئەو بڕە پارەیەی کە داوای دەکەن. هەندێک جار کار دەگاتە ئەوەی کە مەترسی لەسەر ژیانت دروست بکەن.

فریوێنەران هەڵدەستن بە پەیوەندی کردن پێتەوە، وە هەوڵی ئەوە دەدەن کە ناچارت بکەن ڕاستەوخۆ ئەو بڕە پارەیەیان پێ بدەیت کە داوای دەکەن. زۆر جار هەڕەشەی دەستگیر کردنت لێ دەکەن، یان ئەوەت پێڕادەگەیەنن کە هەڵدەستن بە ئاگادارکردنەوەی پۆلیس و ناردنی بۆ ماڵەکەت بەمەبەستی دەستگیر کردنت ئەگەر بەدەم داواکەیانەوە نەچیت. فریوێنەران هەڵدەستن بە ناردنی ئیمەیڵ بۆ ئەو کەسانەی کە کاریان لەسەر دەکەن بە بیانوی داواکاری پێدانی بڕە پارەیەک کە وەک قەرز لەسەرت کەڵەکە بووە جا بەهۆی نەدانی باجەوەبێت، یان بەهۆی نەدانی پارەی هەرجۆرە خزمەتگوزای یەکی تر. مەرج نیە بە شێوەیەکی کرداری تۆ قەرزێکی کەڵەکەبووی وەهات لەسەر بێت، بەڵام ئەمە شێوازێکە کە بەکاری دەهێنن بۆ دروستکردنی ژینگەیەک کە بتخەنە ئەو بڕوایەوە کە پێویست بکات تۆ ڕاستەوخۆ ئەو بڕە پارەیە بدەیت لەبەر کارلێکەکانی ئەو مەترسیانەی لەهۆکاری نەدانی ئەو بڕە پارەیە بۆت دروست دەبێت.

وا باوە کە فریوێنەران پەنا دەبەن بۆ کەسانێکی لاواز، وەک پەنابەرە بەساڵاچووەکان یان پەنابەرە نوێ یەکان. وە زۆر جار وا خۆیان پیشان دەدەن کە نوێنەرایەتی دەزگاکانی ڕێخراوەکانی تایبەت بە کاری پەنابەران دەکەن، یان نوێنەرایەتی ڕێکخراوە مرۆی یەکان، یان نوێنەرایەتی پۆلیسی فیدراڵی دەکەن. زۆر جار فریوێنەران وا پیشان دەدەن کە کەم و کوڕیەک، یان کێشەیەک لە دۆکۆمێنتی تایبەت بەکاری داواکاری پەنابەریتا هەیە. هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە کارە یاسای یەکان دەگیردرێتەبەر بۆ دیپۆرت کردنەوەت گەر بەزوترین کات هەڵ نەستیت بە پێدانی ئەو برە پارەیە لە پای چاوخشاندنەوە بە دۆکۆمێنتەکانی تایبەت بە داواکاری پەنابەری و ڕاستکردنەوەی کێشەکان.

لە شێوازەکانی ئەم کارە فریوێنەرانەدا، زۆر جار هەڵدەستن بە پەیوەندی کردن بە ئەو کەسانەی کە کاریان لەسەر دەکەن لەڕێی پەیوەندی تەلەفونی یەوە کە وا پیشان دەدەن ئەم پەیوەندیە لە لایەن نووسینگەکانی باجەوەیە. فریوێنەران داوا دەکەن بۆ پێدانی ئەو برە باجە کەڵەکەبووەی کەوتۆتە سەرت. هەڕەشەی دەستگیرکردنت لێ دەکەن، یا گرتنەبەری ڕێکاری یاسای دژت گەر بەزوترین کات هەڵنەستیت بە پێدانی ئەو برە پارەیەی وەک باج خراوەتە ڕوو. هەندێک جار فریوێنەران وا خۆیان دەردەخەن کە پەیوەندیەکە لە لایەن شوینەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەک کارەبا، ئاو، یان پەیوەندیەکانەوەیە. هەر بۆ ئەم مەبەستەش هەڵدەستن بە ناردنی پسوڵەی ساختەکراو بۆ پێدانی پارەی ئەو خزمەتگوزاریانە، یان هەر جۆرە سزایەکی تر لەڕێگای ئیمەیڵەوە، وە هەڕەشەی برینی ئەو خزمەتگوزاریانە دەکەن، یان هەڵدەستن بە دانانی سزای دواکەوتن گەر ڕاستەوخۆ هەڵنەستیت بە پێدانی ئەو برە پارانەی بۆ دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریانە داوا کراوە.

هەرکات فریوێنەران لەڕێی ئیمەیڵەوە داواکاریەکانیان خستەڕوو، ئەوا هەوڵ دەدەن لەڕێی ئەو دۆکۆمێنتانەی کە هاوپێچی ئیمەیڵەکەیە ئەو بەرنامە زیانبەخشانە دابەزێننە ناو کۆمپیوتەری فریوێنراوەکان تا لەو ڕێگایەوە زەرەر بە کۆمپیوتەرەکانیان بگەیەنن و هەوڵی بردنی زانیاری کەسی و بانکی یەکانیان بدەن. هەروەها فریوێنەران بەشێوازێکی وا هەڕەشەو کارە ترسێنەرەکانیان دەخەنەڕوو بۆ بەدەستهێنانی ئەو برەپارەیەی خوازیارن بەدەستی بهێنن کە زۆر جار ئەو ژینگەیە دەرەخسێنێت کە کەسانی فریوێنراو بە فریای ئەوە نەکەون کە پەنا بۆ کەسانی تربەرن، یان دەرفەتی ئەوە بخەنە بەردەست تا لە ڕاستی و دروستی بابەتەکە بکۆڵنەوە.

**٩-٣-٢) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری هەڕەشە بۆ سەر ژیان یان گرتن و شیوازی دیکە**

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- پەیوەندیەکی نادروستت پێ دەگات لە لایەن کەسانێک کە خۆیان بە لایەنێکی حکومی، یان سەر بە دەزگایەکی ناسراوی کۆکردنەوەی باج دەناسێنن.
- هەندێک جار نامەیەکت بۆ جێ دەهێڵدرێت کە داوات لێکراوە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفونێکی دیاری کراوەوە بکەیت.
- پەیوەندیەکت پێوەدەکرێت و، فریوێنەران وەک لایەنی پەیوەندی کەر ئەوە دەخەنە ڕوو کە کێشەیەکت هەیە لە دۆکۆمێنتی تایبەت بە داواکاری بۆ بەدەستهێنانی مافی پەنابەری، یان باری ئەو ڤیزایەی کە هەتە. لە پەیوەندیەکەیاندا ئەوە دەخەنە ڕوو کە بۆ ئەوەی بابەتەکە چارەسەر بکرێت ئەوا پێویست دەکات کە بڕێک پارە بدەیت لەبری کارە کارگێڕی یەکان، یان دانی ئەو سزایانەی لە ئەنجامی ئەو کەم و کوڕیانە کەوتوتە سەرت. زۆر جار فریوێنەران وەک لایەنی پەیوەندی کەر هەڵ دەستن بە داواکردنی زانیاری کەسیەتی وەک وردەکاری پاسپۆرت، بەرواری لەدایک بوون، وە زانیاری بانکی.
- پەیوەندیەکت پێوەدەکرێت بۆ هاوکاریکردنت لە چارەسەری کێشەیەکدا بەرامبەر بڕێک پارە، بەڵام کاتێک تۆ هاوکارنابیت ئەوا فریوێنەران وەک لایەنی پەیوەندی کەر بەوە هەڕەشە دەکەن کە لەئەنجامی نەدان، یان دواکەوتنی ئەو بڕە پارەیەی داواکراوە ئەوا پۆلیس ئاگاداردەکەن تا هەڵبستن بە دەستگیر کردنت و ڕاگرتنت تا ئەو کاتەی کە هەڵ دەستیت بە پێدانی ئەو بڕە پارەیە.

## ٩-٣-٣) چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری هەڕەشە بۆ سەر ژیان یان گرتن و شێوازی دیکە ؟

هەرگیز مەکەوەرە ژێر کاریگەری هەڕەشەکانی کەسی پەیوەندیکار. هەڵوەستە بکەو بە وریاییەوە بیربکەرەوە و لە ڕاست و دروستی ئەو چیرۆکە بکۆڵەرەوە کە لە لایەن کەسی پەیوەندیکەرە دروست کراوە تا لەوە بگەیت کە ئەو چیرۆکە دروستە یان دروستکراوە. لایەنی حکومی و ڕێکخراوە باوەڕپێکراوە فەرمیەکان هیچ کات داوای پێدانی پارە ناکەن لەبری خزمەتگوزاریە پێشکەش کراوەکاندا لەڕێگای پارەدانێکەوە کە پێشتر پەیڕەو نەکراوە، بە بەکارهێنانی گفت کارت، کارتی بازاڕکردن، iTunes، وایار ترانسفێر، یان بیتکۆین.

گەر پەیوەندیەکی تەلەفونیت پێوەکراو شێوازی هەڕەشە ئامێز بەکارهێنرا لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە ئەوا تەلەفونەکە دابخەو چیتر وەڵام مەدەرەوە. ڕاستەوخۆ ئەو ناونیشانی پەیوەندیکردنە بەکارمەهێنە کە لە لایەن کەسێکی نەناسراوەوە پێت دەگات بۆ پەیوەندی پێوەکردن. پێشتر گەڕانی بۆ بکە بەناوی شوێنی کار و ئەو دەزگایەی کە داویەتی لەڕێی ئینتەرنێت و هۆکارەکانی تری گەڕان، تا دڵنیابیتەوە لە ڕاست و دروستی. وەڵامی ئیمەیڵ و تێکست میسجی ئەو کەسانە مەدەرەوە کە هەڕەشەت لێدەکەن تا ئەو فریوێنەرانە نەتوانن بیشێوێنن و لەدژت بەکاری بهێنن. هەرگیز زانیاری ئەژماری بانکی و کارتی متمانەی خۆت و ئەو ئەژمارانەی کە لە ئۆنلاین هەتە هاوبەشی پێمەکە لەگەڵ کەسانێک کە نەیان ناسیت یان متمانەت پێیان نەبێت. هەر کات هەستتکرد کە هەڕەشەت لەسەرە بەشێوەیەکی جدی ئەوا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکە.

هەولێرنامەی کتێب



## ٩-٤) شرۆڤەی ساختەکاری هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن

داتای لیستی (٩-١) تایبەتن بەئاماری کاری فریوێنەرو ساختەکاری لەڕێی "هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن" ەوە کە ڕویان داوە و تۆمارکراون لە وڵاتی ئوسترالیا بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٦ و ٢٠١٥.

**لیستی (٩-١)** ئاماری کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان

لەڕێی "هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن" بەپێی ساڵ[١]


| ساڵ | بڕی پارەی لەدەست دراو بە دۆلار | ژمارەی ڕیپۆرت | ڕێژەی سەدی فریوێنراوان بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نادیار |
| ٢٠١٧ | ٢,٥٣٩,٩١٢ | ١٢,٧٠٩ | ٤٦% | ٥٢% | ٢% |
| ٢٠١٦ | ٣٦٦,٦٦١ | ٧,٥١٦ | ٤٠.٥% | ٣٨,٥% | ٢١% |
| ٢٠١٥ | ٨٤٤,٥٦٣ | ٥,٢٧٧ | ٣٩,٧% | ٣٩% | ٢١.٣% |

لە لیستی ژمارە (٩-١) دا، بڕی پارەی لەدەست دراو بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧، ٢٠١٦، وە ٢٠١٥ خراوەتەڕوو. لەهەمان کاتدا ئاماژە دراوە بە ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە پشتیان پێ بەستراوە بۆ دەرخستنی ئەو ئامارانە، لەگەڵ ڕێژەی بەرکەوتووان بە پێی ڕەگەز بۆ هەر ساڵێک.

هەواڵنامەی کتێب


له هێڵکاری ژماره (٩-١) دا هاتووه، لەساڵی ٢٠١٧ دا بڕی (٢,٥٣٩,٩١٢) دۆلار پاره لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری "هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن" ەوە دزراوه له هاوڵاتیان له وڵاتی ئوستڕالیا، ئەمەش تەنها به پشت بەستن به (١٢,٧٠٩) ڕیپۆرت. ئەمه لەکاتێکدا فریوێنەران تەنها بەڕێژەی ٢,٨٪ سەرکەوتووبون لەوەی که بڕێک پاره بەدەست بهێنن لەڕێی ئەم کاری فریودانانەوه به پشت بەستن بەو ڕیپۆرتانەی کاره فریوێنەرەکانیان خستوتەڕوو.

| بڕی پارەی لەدەست دراو | ژمارەی ڕیپۆرت | ٪ ڕیپۆرت که پاره لەدەست دراوه |
|---|---|---|
| $٢,٥٣٩,٩١٢ | ١٢,٧٠٩ | ٪٢,٨ |




**هێڵکاری ژماره (٩-١)** پەیوەندی پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت[١]


بەپشت بەستن بە ئەو ئامارانەی لە هێڵکاری ژمارە (٩-٢) دا خراوەتەڕوو، لە هەمان ساڵدا زۆرترین ئەو شێوازی پەیوەندیکردنانەی کە بەکارهاتوون بۆ کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن" ەوە و پارەی تیادا لەدەست دراوە بە بەراوردکردنیان بەپێی ئەو ڕیپۆرتانەی کەهەن لەڕێگای پەیوەندی تەلەفونیەوە بووە، پاشانیش لەڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئیمەیڵەوە بووە.




**هێڵکاری ژمارە (٩-٢)** شێوازی پەیوەندیکردن و پارەی لەدەست دراو بە پێی ژمارەی ڕیپۆرت[١]


لە هێڵکاری ژمارە (٩-٣) دا هاتووە، سەبارەت بە تەمەن بۆ ئەو کەسانەی کە فریوێندراون و پارەیان لەدەست داوە بە هۆی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی "هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن" موە زۆرترینیان لە تەمەنەکانی (١٨ساڵ بۆ ٢٤ساڵ) دا بوون، پاشانیش تەمەنەکانی (٢٥ساڵ بۆ ٣٤ساڵ) و (٤٥ساڵ بۆ ٥٤ساڵ) دێت. ئەمە لەکاتێکدا ژمارەی ئەو ڕیپۆرتانەی کە تۆمارکراون بە بەراورد بە تەمەن زیاترینیان لەسەروو ٦٥ ساڵەوە بووە، پاشانیش تەمەنی (٥٥ ساڵ بۆ ٦٤ ساڵ) بە پلەی دووەم دێت. ئەم داتاو زانیاریانە ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە ئەو توێژەی مەترسی فریودانی لەسەرە لەڕێگای "هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن" ئەو توێژەیە کە لە تەمەنێکی گەنجێتیدایە. ئەمەش مەترسی گەورە بۆ کۆمەڵگا دروست دەکات لەبەر ئەوەی نەوەی دواڕۆژی هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو گەنجانی ئەو وڵاتەیە. جا گەر گەنجانێک بەو ڕێژەیە بکەونە ژێر کاریگەریەکانی فریودانی "هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن" دەشێت لەکاتی گرتنەدەستی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی و ڕامیاریدا ئەو خاڵە لاوازانەیان بەکار بهێنرێت بۆ بەلاڕێدا بردنیان لەو ئەرک و کارانەی کە لەو قۆناخەدا دەکەوێتە ئەستۆیان. ئەمەش مەترسی گەورە دروست دەکات لەسەر داهاتووی هەر وڵاتێک کە بەو ئاراستەیەدا بڕوات، هەربۆیە ئەمە جێگای هەڵوەستەو لێکۆڵینەوەی جدیە. دەبێت ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا بەرز بکرێتەوە و ئاشنا بکرێن بە چۆنیەتی ناسینەوەی کاری فریودان و ساختەکاری، تا بتوانن خۆیان لەو کارانە بەدور بگرن و نەکەونە ژێر کاریگەری فریوێنەرانەوە.

هەواڵنامەی کتێب




**هێڵکاری ژمارە (٩-٣)** پارەی لەدەست دراو بە پێی تەمەن و ژمارەی ڕیپۆرت[١]

لە فریودان و ساختەکاری "هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن" دا، بە پشت بەستن بە ئەو ئامارانەی لە هێڵکاری ژمارە (٩-٤) خراوەتەڕوو، ڕێژەی فریوێنراوانی نێر و مێ کە بڕێک پارەیان لەدەست داوە لەم ڕێگای فریودانەوە بە بەراوردکردن بە یەک زۆر لە یەک نزیکن. هەر وەک دەبینین ٥٠,٤٪ ئەو کەسانەی کە پارەیان لەدەست داوە لە ڕەگەزی نێرن وە ٤٩,٥٪ لە ڕەگەزی مێن. ئەمە لەکاتێکدا تەنها ٠,١٪ ئەو کەسانەی کە کاری فریوێنەرانیان ڕیپۆرت کردووەو پارەیان لەدەست داوە ئامادەنەبوون کە ڕەگەزی خۆیان دیاری بکەن. بەپێی هەمان سەرچاوە ڕەگەزی نێرو مێ کە ڕیپۆرتی کارە فریوێنەرەکانیان کردووە بەهەمان شێوە لێکەوە نزیکن.




**هێڵکاری ژمارە (٩-٤)** پارەی لەدەست دراو و ژمارەی ڕیپۆرت بە پێی ڕەگەز[١]



هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دەیەم

## فریودان و ساختەکاری خوێندن

### سەیرکردنێکی گشتی

ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنی کاری فریودان و ساختەکاری خوێندن. لەم بەشەدا باسی هەریەک لەو شێوازانە کراوە کە فریوێنەران پەنا بۆ بەکارهێنانیان دەبەن. هەروەها باسی چۆنیەتی کارکردنی هەریەک لەم شێوازی فریودانە خراوەتەڕوو، لەگەڵ خستنەڕوی نیشانەکانی هۆشداری چۆنیەتی خۆپاراستن لێیان.



هەواڵنامەی کتێب

## ١٠-١)   شێوازەکانی فریودان لەڕێی ساختەکاری خوێندن

فریودان و ساختەکاری خوێندن جۆرێکی ترە لە جۆرەکان فریودان لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە. شێوازەکانی فریودان و ساختەکاری لە بواری خوێندندا زۆرن بەڵام من لەم کتێبەدا تەنها دوو شێوزایان زۆر بەگرنگ و باو دەزانم، هەربۆیە تەنها باسی ئەم دوو شێوازە دەکەم کە ئەوانیش:

- فریودان و ساختەکاری پێدانی سکۆلەرشیپ (بەخششی خوێندن)
- فریودان و ساختەکاری پارەی خوێندن

## ١٠-٢) فریودان و ساختەکاری پێدانی سکۆلەرشیپ (بەخششی خوێندن)

یەکێکیتر لەو فریودان و ساختەکاریانەی سەر تۆڕەکەنی ئینتەرنێت ساختەکاری بەخششی خوێندنە. ساڵانە ژمارەیەکی زۆر خوێندکار و قوتابی هەوڵی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندن دەدەن لەکاتێکدا ئەو هەلی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندنانە ساختەن و مەبەست لێیان تەنها فریودانی ئەو کەسانەیە کە خولیای بەدەستهێنانی چانسێکی وان تا درێژە بە بواری خوێندنەکانیان بدەن. هەر بەم هۆیەشەوە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە هەوادارانی خوێندن فریودەدرێن و بڕێک پارەشیان لەکیس دەچێت بەهۆی کاری ساختەکاری بەخششی خوێندن. زۆرجار ئەمە وا دەکات کە ئەو فێرخوازو قوتابیانە چانسی خوێندنیان لەو ساڵەدا لەدەست بچێت بەهۆی سارقاڵبونیان بە هەلی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندنی ساختەوە.

### ١٠-٢-١) نیشانەکانی هۆشداری لە فریودان و ساختەکاری سکۆلەرشیپ (بەخششی خوێندن)

گەر یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووی دا، ئەوا هۆشداری فریودان و ساختەکارین.

- **نەبوونی ژمارەی تەلەفون:** یەکێک لە هۆکارەکانی ناسینەوەی کاری ساختەکاری لەبواری خوێندندا نەبوونی ژمارەی تەلەفونە. لەکاتێکدا ئیمەیڵی تایبەت دەخرێتەڕوو، بەڵام زۆر بەدەگمەن ئەو کەسانەی کە کاری ساختەکاری بەخششی خوێندن دەکەن ژمارەی تەلەفون دەخەنەڕوو. ئەمەش لەبەر ئەوەی لەکاتی بوونی ژمارەی تەلەفوندا کاری گەڕان و دڵنیابوونەوە لە دروستی کارەکانیان ئاسانتر دەکات.

- **نەبوونی بەڵگە لەسەر سەرکەوتوانی ساڵانی پێشوو:** گەر هیچ لیست و زانیاریەک نەبوو لەسەر کەسانێک کە پێشتر ئەو چانسەیان پێدراوە، ئەوا دەشێت ئەو هەلی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندنە ساختەبێت. لەکاتیکدا ئەمە تاکە مەرج نیە و ناکرێت بۆ هەموو حاڵەتەکان ڕاستبێت. لەبەر ئەوەی لەکاتی بوونی هەر هەلێکی پێدانی بەخششی خوێندنی تازەدا ئەوا زانیاری لەسەر سەرکەوتوانی ساڵانی پێشوتر نابێت. لە بەر ئەم هۆکارە ناکرێت تەنها لە نەبوونی زانیاری پێشوو پشت لەم جۆرە هەلانە بکرێت. بەڵام گەر خاڵی ترت تێبینیکرد کە جێگای گومان بوو، ئەوا دەبێت لەو هەلەی خراوەتە ڕوو بەگومان بیت و زۆر بەوریایەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت.

- **بانگەشەی کاریگەر لەلایەن سپۆنسەر (خەرجی دابینکەر) ەوە:** زۆرجار ئەم جۆرە فێڵە بەکار دەهێنرێت لەلایەن ساختەکارانی بەدواگەڕانی بواری دابینکردنی بەخششی خوێندن. هیچ کات بەدواگەڕانی بەخششی خوێندن نەبووە کە خوێندکار تیایدا بخاتە ژێر کاریگەری لایەنی سپۆنسەری بەخششی خوێندن. گەر لەهەندێ بواری زۆر تایبەتدا شتێکی ئاوەها هەبوویێت، ئەوا دەشێت ئەمە کارێکی ساختەکاری بێت و دەشێت سپۆنسەرەکەش هەر هاو تیمی خۆیان بێت. پێویست دەکات کە خۆت بەدوربگریت لە هەڵێکی ئاوەها.

- **پارەی پێشکەشکردنی داواکاری:** هەندێک لە ساختەکاران هەوڵی بەدەستهێنانی بڕێک پارە دەدەن لەڕێی داواکردنی بڕەپارەیەک وەک پارەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ بەدەستهێنانی بەخششی خوێندن. هیچ کات بەشدار مەبە لە هەڵی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندن گەر لەسەرەتادا داوای پێدانی پارەی پێشکەشکردنی داواکاری لەخۆ گرتبوو. زۆرجار ئەو بڕە پارەیەی کە داوادەکرێت خۆی لە ١٠ بۆ ٢٠ دۆلارێکدا دەبینێتەوە. هەنێک جار تەنها بڕی چەند دۆلارێکە، وە هەندێک جار دەشێت بڕی ٥٠٠ دۆلار یان زیاتر بێت. فریوێنەران هەوڵ دەدەن وا پیشان بدەن کە ئەم داواکاریە لەپێناو ئەوەدایە کە تەنها ئەو خوێندکار و قوتابیانە داواکاری پێشکەش بکەن کە کەسانی بەتوانا و جدین. دەبێت بڕوا بەم جۆرە کارانە نەکەیت. هیچ کات مامەڵە لەگەڵ کەسانێکدا مەکە کە داوای بڕێک پارەبکەن گەر زۆر کەمیش بێت لەپێناوی بەدەستهێنانی پارەدا.

- **ئاگادارکردنەوە لەڕێگای پەیوەندی تەلەفونیەوە:** بەشێوەیەکی گشتی ئەو شوێنانەی کە هەلی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندن دەدەن، سەرکەوتوەکان لەڕێی ئیمەیڵەوە ئاگادار دەکەنەوە. هەربۆیە گەر پەیوەندیەکت پێوەکرا لەڕێگای تەلەفونەوەو ئەوەت پێ ڕاگەیەنرا کە براوەی داوایەکی لەوجۆرەیت. پێویست دەکات زۆر وریابیت. لەکاتیکی ئاوەهادا، داوای ناوو ژمارەی تەلەفونیان لێبکەو پێیان ڕابگەیەنە کە پاشان پەیوەندیان پێوە دەکەیتەوە. پاش ئەوە، هەوڵ بدە کە بچیت لەڕێی وێبسایتی فەرمی ئەو شوێنەوە بزانیت کە هەلی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندنی ڕاگەیاندراوە؟ پەیوەندی بکەیت بە پێشکەش کاری ئەو بەرنامەیەوە. داوای ئەوە بکە کە ناو و ژمارەی تەلەفونی ئەو کەسە پشتڕاستبکەنەوە کە پەیوەندی پێوەکردووی تا دڵنیابیت لەوەی کە ئەو کەسە نوێنەرایەتی ئەوان دەکات. گەر دەرکەوت کە کەسی پەیوەندیکار دروستە، ئەوا پاشان پەیوەندی پێوە بکەرەوە. بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە لەپیناوی ئەوەدایە تا کەسانی ساختەکار زانیاری کەسیەتی تۆیان نەکەوێتە بەردەست.

- **بانگەشەی پەسەندکردنی زۆرچاک:** بەئاگابە لە هەر بانگەشەیەک کە دڵنیای تەواوەتی تێدابێت لەبەدەستهێنانی هەلیکی لەو جۆرە. پێوسیت دەکات کە پشتڕاستی ئەو بانگەشانە بکەیتەوە پێش نانی هەر هەنگاوێک بۆ لێک نزیک بوونەوە لییان.

- **مامەڵەی ناشرین:** گەر لایەنی بەخشەر نا ئاسوودە بوو، توڕەبوو، یان هەڵوێستی ناشرین بوو لەکاتی بوونی هەرپرسیارێک و داواکاری بۆ ڕونکردنەوەی هەر بڕگەیەک. لەکاتێکی ئاوەهادا، دەشێت ئەو هەلەی کە خراوەتە بەردەست تۆ کارێکی ساختەکارانەبێت.

- **کێ زوتر هات، ئەو چانسی لەپێشتری هەیە:** لەپێناوی ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆر هان بدەن کە بەزوترین کات داواکاری پێشکەش بکەن. هەندێک لەو هەلی پێدانی بەخششی خوێندنانەی ساختەن ئەوە دەخەنەڕوو کە کێ پێشتر داواکاری پێشکەش بکات ئەوە چانسی لەپێشترە. لەم جۆرە کارانە بەئاگابەو، کاتێکی زیاتری پێبدە تا گەڕانی بۆبکەیت و پشتڕاستی هەموو زانیاریەکان بکەرەوە پێش پێشکەشکردنی داواکاری بۆ هەر هەلێکی لەو جۆرە.

- **گەرەنتی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندن:** گەر بۆ بەدەستهێنانی هەر هەلێکی بەخششی خوێندن بانگەشەی ئەوە کرابوو کە لەکاتی پێشکەشکردندا گەرەنتی تەواوەتی کراویت کە ئەو هەلە بەدەست بهێنیت، ئەوا پێویستە بەئاگابیت لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانەی کە هەلی بەدەستهێنانی بەخشش خوێندن دەدەن زیاتر کار لە سەر پێشکەشکارە زۆر باشەکان دەکەن. لەکاتێکدا دەکرێت تۆ گەرەنتی بەدەستهێنانی ئۆفەرێکی خوێندنت هەبێت کاتێک تۆ لەسەر ئەرکی خۆت بخوێنیت. جگە لەوەی، دەبێت هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری تەواو بدەیت و دڵنیابیتەوە لە دروستی ئەو هەلەی خراوەتە ڕوو.

- **داواکاری بۆ خستنەڕووی ئەژماری بانکی تایبەت:** هەندێک لە ساختەکارانی پێشکەشکردنی هەلی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندن هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری کەسیەتی و زانینی زانیاری لەسەر ئەژماری بانکیت دەدەن. پاش بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانە دەشێت هەڵبستن بە بردنی ئەو بڕەپارەیەی کە لەسەر ئەژماری بانکیەکەت. لەکاتی بەردەستخستنی زانیاریەکی لەوجۆرە بۆ کەسانێکی ساختەکار ئەو هەوڵ بدە بەزوترین کات ئەو ئەژماری بانکیە ڕابگریت.

- **ئێمە داواکاریەکەت بۆ پێشکەش دەکەین:** ئەمجۆرە کارە هەر لەسەرەتاوە دیارە کە کارێکی ساختەکاری و فریودانە. چۆن دەبێت کە لایەنی بەردەستخستنی هەلێک ئاوەها خۆی داواکاریت بۆ پێشکەش بکات؟ ئەوان ناتوانن وتاری پێشکەشکردن بۆتۆ بنوسن. ئەوان تەنانەت ناتوانن ناو و ناونیشان و هەرچی زانیاریەکی تر هەیە سەبارەت بەتۆیە بینووسن، لە کاتیکدا نەبیت کە تۆ ئەو زانیاریانەیان پێبدەیت. هەمیشە خۆت بپارێزە لەو وێبسایتانەی کە بەڵێنی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ بەدەستهێنانی بەخششی خوێندنت پێ دەدەن.

- **تۆ هەلی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندنێک دەبەیتەوە کە هەرگیز داواکاریەکی لەوجۆرەت پێشکەش نەکردووە:** هەندێک جار ساختەکاران بە شێوەیەکی هەڕەمەکی پەیوەندی بە کەسانێکەوە دەکەن و ئەوەیان پێڕادەگەیەنن کە هەلێکی وەهایان بردۆتەوە. زۆرجار، پاشان داوایان لیدەکەن کە بڕێک پارە بدەن لەبری ئەو کارەدا، کە ئەمەش دەکەوێتە بری کاری کارگێڕی. یان هەندێک جار داوای پێدانی زانیاری لەسەر ئەژماری بانکی کەسەکە دەکەن تا ئەو بڕەپارەیەیان بۆ بخرێتە سەر ئەژماری بانکیەکەیان. گەر هەواڵێکی ئاوەهات پێگەیشت و بە بیرت نەهاتەوە کە تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان داواکاریت پێشکەشکردبێت، ئەوا گەڕانی تەواو بۆ ئەو هەلە بکە بۆ دلنیابوونەوە لێی پێش ئەوەی هیچ جۆرە زانیاریەکیان پێ بدەیت. هەرکات پەیوەندیەکت پیوەکرا بۆ ئەوەی کە بڕێک پارە بدەیت تاوەکو هەلی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندن بەدەست بهێنیت، ئەوا باشترە راستەوخۆ کۆتایی بەو پەیوەندیە بهێنیت.

- **هەمووکەسێک مافی هەیە:** هەمووکات ئەو شوێنانەی کە هەلی پێدانی بەخششی خوێندن دەڕەخسینن بەدوای ئەو تایبەتمەندیانەدا دەگەڕێن کە بەپێی ستاندارێک دەستنیشانیان کردووە یان ئەوەتا بەشوێن باشتریندا دەگەڕێن. هەندێک جار بەپێی کەمینە، یان چەند تایبەتمەندیەکی تری لەو جۆرە. هیچ کات ئەو هەلە بۆ هەموو کەسێک نیە بە بێ ڕەچاوکردنی چەند تایبەتمەندیەک. هەربۆیە دەبێت بەوریای یەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە هەلانەدا بکەین. لە کاتێکی ئاوەهادا بەئاگابە لەوەی دەشێت کە فریوێنەران بەخۆڕایی ئەو هەلە بخەنە بەردەست هەموان. بەڵێ هەموو ئەو مافەیان هەیە، ئەمەش لەبەر لەدەستدانی پارەیە نەک بەدەست هێنانی پارە!

- **زانیاریت لەسەر ئەو بەخششی خوێندنە دەستناکەوێت لەهیچ جێگایەکی تر:** ئەگەر هەرکات تۆ هەلێکی وەها خرایەڕوو تا داواکاری پێشکەش بکەیت، پاش هەوڵدانت بۆگەڕان و کۆکردنەوەی زانیاری نەتتوانی زانیاری لەسەر هەمان هەل

له هیچ وێبسایت و سەرچاوەیەکی تر بەدەست بهێنیت، ئەوا دەشێت کە ئەوە کاریکی ساختەکارانەبێت. هەریەک لە وێبسایتە بەناوبانگەکانی Fastweb وە CollegeNet (دوو سایتی زۆر چالاکن) زانیاری لەسەر زۆرێک لەو ئۆفەرانە لەخۆدەگرن کە تایبەتن بە بەدەستهێنانی بەخششی خوێندن. گەر زانیاری لەسەر بابەتەکە لەم سایتانەدا بەردەست نەبوو، ئەوا پێویستە زۆر بەئاگابیت لەبەر ئەوەی دەشێت کە ئەوە کاریکی ساختەکارانەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

**١٠-٢-٢)  چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری فریودان و ساختەکاری پێدانی سکۆلەرشیپ (بەخششی خوێندن)؟**

بەئاگابوونمان و ڕەچاوکردنی ئەم چەند هەنگاوە کارێکی پێویستە لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاریەکانمان بۆ بەدەستهێنانی هەر هەلێکی بەخششی خوێندن تا بتوانین خۆمان لە فریوێنەرانی ئەم بوارە بپارێزین:

- هیچ کات زانیاری لەسەر ئەژماری بانکیت مەدە بە شوێنێک کە وا پیشان دەدات ئەو هەلە دەرەخسێنێت بۆت بۆ بەدەستهێنانی بەخششی خوێندن.
- هەمیشە هەوڵبدە کە دڵنیابیت لەوەی ئەم دەزگایە ڕاستەقینەو ناسراوە.
- هەمیشە خۆت بەدور بگرە لەو هەلی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندنانەی کە بۆ بەشداربوون داوای بڕێک پارە دەکەن، هەرچەندە ئەو بڕە پارەیە کەمیش بێت.
- هەوڵ بدە کە بەدواداچوننی تەواو بۆ ئەو هەلی بەدەستهێنانی بەخششی خوێندنانە بکەیت کە تۆ هەوڵی پێشکەشکردنی داواکاری تیادا دەدەیت.
- هەوڵ بد کە دەستت بەهەموو ئەو ڕێنماییانە بگات کە شێوازی پێشکەشکردن و ئەو تایبەتمەندیانە دەخاتەڕوو کە پێویستن بۆ کەسی پێشکەشکار. بوونی ڕێنمایی و ڕێساو یاسای ڕوون مەرجی سەرەکی و دروستی ئەو خزمەتگوزاریانەیە. هەروەها چاوبگێڕە بۆ بوونی هەر هەڵەیەکی زمانەوانی.

## ١٠-٣)   فریودان و ساختەکاری پارەی خوێندن

ساختەکاری پارەی خوێندن یەکێکە لە ساختەکاریە باوەکانی دەرهەق بە خوێندکاران و قوتابیان دەکرێت. زیاتر ئەم کارانە دەرهەق بەو خوێندکار و قوتابیانە دەکرێت کە لەدەرەوە وڵاتەکانی خۆیان دەخوێنن وەک خوێندکار نێودەوڵەتی.

### ١٠-٣-١)   چۆن فریودان و ساختەکاری پارەی خوێندن کار دەکات؟

لەم کارانەدا فریوێنەران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو خوێندکارە، یان قوتابیە پارەی خوێندنی نەداوە، یان ئەوەتا دواکەوتووە لە دانی ئەو پارەیە. هەندێک جار ئەم داواکاریانە ڕاستەوخۆ بۆ بەخێوکاری ئەو خوێندکارە دەچێت. لەم داواکاریەدا ئەوە دەخرێتە ڕوو کە ڕاستەوخۆ، یان لەماوەیەکی زۆر کەمدا گەر ئەو بڕە پارەیە لەڕێی کارتی متمانەوە نەدرێت ئەوا ئەو خوێندکارە یان قوتابیە لەخوێندن دەر دەکرێت.

هەرکات ئیمەیڵێک، یان داواکاریەکی لەوجۆرەت بۆهات ئەوا هیچ هەنگاوێک مەنێ. گەر لەگەڵ ئیمەیڵەکەدا هەر جۆرە لینکێک یان فایلێکی هاوپێچ هەبوو ئەوا هیچ هەنگاوێک مەنێ و هەوڵ بدە کە پەیوەندی بە زانکۆکە، یان کۆلێژەکەوە بکەیت. بەمەش دەکرێت کە تۆ ئەوکارە ڕاستەوخۆ بگوازیتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەکارەکەوە. هەر بۆیە گەر ئەم کارە کارێکی ساختەکاری بێت ئەوا ڕاستەوخۆ بۆت دەردەکەوێت.

### ١٠-٣-٢)   چۆن خۆمان بپارێزین لە کاری فریودان و ساختەکاری پارەی خوێندن؟

پێویستە بەئاگابین لە کەسانێک کە داوامان لێدەکەن پارەی خوێندنی خۆمان، یان منداڵەکانمان، یان کەسێکمان بدەین. دەشێت فریوێنەران هەوڵ بدەن لەڕێی پێشنیارکردنی چانسی بەدەستهێنانی داشکانێکی باش لەو بڕەپارەیەی کەپێویستە بدرێت، کاریگەریان هەبێت لەسەرمان تا بفریوێنرێین.

پێویستە خۆمان بەدووربگرین لەو دەزگاو کۆمپانیایانەی کە واپیشاندەدەن کە ئەوان خزمەتگوزاری پێدانی ئەو بڕەپارانە پێشکەش دەکەن وەک لایەنی سێهەم.

پێویست دەکات بەردەوام لەڕێی ئەو زانکۆیە، یان ئەو شوێنەی لێی دەخوێنین (یان کەسەکەمان لێی دەخوێنێت) دڵنیا ببینەوە لەهەر داواکاریەکی لەوجۆرە، گەر لە لایەن لایەنی سێهەمەوە داواکرابوو، پێش خەرجکردنی هەر بڕەپارەیەک.

زۆرجار زانکۆکان لە گەڵ لایەنی سێهەم ڕێک دەکەون بە مەبەستی وەرگرتنی خوێندکار و قوتابی نێودەوڵەتی ئەمە دەشێت کە دروست بێت و بە پڕۆسەیەکی ڕیکدا بڕوات. بەڵام هەندێک جار ئەم شوێنانەی کە وەک لایەنی سێهەم کاردەکەن زۆر بێویژدانانە پارەی پێشەکی و بڕەپارەی تر لەبری پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزاریانە وەردەگرن. هەربۆیە دەبێت زۆر بەئاگابین و دڵنیابینەوە لە هەر کارێکی لەو جۆرە لەڕێی زانکۆکان کە وەک لایەنی یەکەم وان، پێش دانی هەر بڕەپارەیەک گەر بە نەگونجاومان زانی.

هیچ کات زانیاری کەسیەتی و زانیاری لەسەر ئەژماری بانکی خۆت هاوبەش پێمەکە لەگەڵ شوێنێک کە دڵنیا نەبیت لە دروستی. بۆ دڵنیابوون لەو دەزگایە، یان کۆمپانیایەی کە خۆی وەک لایەنی سێهەم دەناسێنێت، دەکرێت لەڕێگای وێبسایتی زانکۆکانەوە، یان ئەنجامدانی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵیان لەوە دڵنیابیتەوە.

بەئاگابە لە هەر پەیوەندیەک کە لەڕێی ئیمەیڵ، پەیوەندی تەلەفونی، یان تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە پێت دەگات بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی لەوجۆرە. گەر گومانت هەبوو لەکارێکی ئاوەها ئەوا ڕاستەوخۆ هەوڵی پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیاریەنە بدە لەڕێی زانکۆکانەوە.

سەبارەت بە ئاماری کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان لەڕێی " فریودان و ساختەکاری خوێندن"، لەسەرچاوەیەکی فەرمیەوە زانیاریەکی دروست بەردەست نەبوو تا بیخەمەڕوو لەم کتێبەدا.



# بەشی یانزە

## خۆپاراستن

هەواڵنامەی کتێب

### سەیرکردنێکی گشتی

ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنێکی گشتی لەسەر چۆنیەتی خۆپاراستنمان و، پیشاندانی گرنگترین ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن بگیردرێنەبەر کاتێک کە ڕوبەڕوی کاری فریودان و ساختەکاری دەبیتەوە. پاشان ڕینمای کردن بۆ دروست بەکارهێننی ئینتەرنێت و ئەو هۆکارانەی وا دەکەن بکەوینە داوی فریوێنەرانەوە، هەروەها پیشاندانی چەند بوارێکی لێهاتووی فریوێنەران لە زاری خۆیانەوە خراوەتەڕوو. خستنەڕووی ئاماری کاری فریودان و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت مانگ بەمانگ بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٦ و ٢٠١٥ بابەتێکی ترە، لەگەڵ پیشاندانی ئینفۆگرافیکی بەئامانجکردن لەڕێی کاری فریودانەوە بۆ ساڵی ٢٠١٦. بەهەمان شێوە چەند نمونەیەک لەسەر هاککردن بەمەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران بە چەند شێوازێکی هاککردن خراوەتەڕوو. هەروەها چەندپرسیارو وەڵامێک بەردستە بەمەبەستی شێوازی هەڵسانگاندنی توانای تێگەیشتنمان لە بابەتەکانی فریودان و ساختەکاری لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

لەکۆتایی ئەم کتێبەشدا لیستێک بە گرنگترین ئەو زاراوە کوردیانەی کە لەم کتێبەدا بەکارهاتوون بەزمانی ئینگلیزی بەردستە، لەگەڵ پاشکۆی ئەو بابەتانەی کە لەم کتێبەدا ئاماژەیان پێدراوە بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەران بە وردەکاریەکان.

## ١-١١)   چۆنیەتی خۆپاراستن لە کاری فریودان

بۆ چۆنیەتی خۆپاراستنمان لە کاری فریودان چەندین هەنگاو پێویستن کە بگیردرێنەبەر لەکاتی بەکارهێنانی ئەو خزمەتگوزاریانەی لەڕێگای تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە پێشکەش دەکرێن. لەبەرئەوەی زۆرێک لە هەنگاوەکانی خۆپاراستن بۆ هەریەک لە جۆرەکانی فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت دووبارەن، هەربۆیە بە گشتی لەم بەشەدا چەند هەنگاوێکی خۆپاراستن خراوەتەڕوو تا خۆمان لە زۆر دوبارەکردنەوەی بابەتەکان بەدووربگرین. بۆ زۆرێک لە بەشەکانی فریودان ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو بەشەدا ئاماژە بە هۆکارەکانی خۆپاراستن کراوە.

- هێچ کات پارە مەنێرە، وە بەهیچ جۆرێک زانیاری کارتی متمانەت هاوبەشی پێ مەکە. هەروەها هەرگیز حسابی تایبەتی ئۆنلاین، زانیاری کەسیت، یان هەر دۆکۆمێنتێکی تایبەت بەخۆت لە گەڵ کەسێک کە دڵنیا نەبیت لێی بە ئیمەیڵ هاوبەشی پێ مەکە.
- خۆت بپارێزە لەوەی کە هەر مامەڵەیەکی پارەدان بکەیت لەڕێی پارەدانی پێش وەخت لەڕێی حەواڵەی بانکی، یان هەر جۆرە ڕێگایەکی تری پارەدان لەگەڵ کەسانی نەناسراو.
- هەوڵ بدە گەر لەشتێک دودڵ بوویت پرس بە کەسانی شارەزا بکەیت و لەڕێ پارێزەری تایبەت مامەڵەی دارایی بکەیت.
- هەوڵ بدە فریوێنەران بناسیتەوە لەڕێی دۆزینەوەیان بە پەیوەندیکردن بەشوێنی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەی کە بەکاریان هێناوە، یان دۆزینەوەیان لەڕێی ژمارەی تەلەفونەکانیان و گەڕانی ئۆنلاین.
- هەوڵ بدە کە پێش وەڵام دانەوە بۆ داخوازیەکی لەو جۆرە لە ئینتەرنێت بەهەمان ناو و بابەت گەڕانی بۆ بکەیت، تا بزانیت کە هەمان شت پێشتر کراوە و هەیە. زۆربەی ئەوانەی کاری فریودان دەکەن لەڕێی ئینتەرنێتەوە بەم ڕێگایە ئاشکرا دەبن.
- گەر وا هەستت کرد کە فریوێنەران وەڵامیان نیە بۆت، ئەوا وریابە لەبەر ئەوەی ئەوان دەزانن چۆن کارەکانیان دەکەن و یاری بە هەستت دەکەن تا بکەویتە داویانەوە و بە پەرۆش بیت بۆ پەیوەندیکردنیان پێتەوە بۆ قۆناغەکەی دواتری کارەکانیان.

هەواڵنامەی کتێب

- هەمیشە لەوە دڵنیا بە کە ڕیگایەکی خێرا و دروست نیە بۆ دەوڵەمەند بوون. ئەو پەندە ئینگلیزیەت لەیاد بێت کە دەڵێت "Too Good to Be True" بەواتای ئەوەی"کە شتێک زۆر باش بێت گومانت لێی هەبێت". گەر ئەمەت لە هەر هەلێکی بەدەستهێنانی پارە یان پێشنیارێک بەدیکرد، ئەوا ئەوە کاری فریواندنە و وەک تەڵەیەک بۆیان داناوی تا بەئاسانی بتخەڵەتێنن.
- بەردەوام گومانت هەبێت لە هەرنزیک بونەوەیەک لە لایەن کەسێکی نەناسراوەوە. هەوڵ بدە هەست و سۆزت زاڵ نەبێ بەسەرتدا لەکاتی بڕیاردانت بۆ پەیداکردنی هاوڕێی نوێ.
- گەر کەسی پەیوەندیکار وێنەی هەبوو، هەوڵ بدە گەڕان بۆ وێنەکە بکەیت تا بزانیت بەڕاستی وێنەکە هی ئەو کەسەیە کە ئەو گوزارشتی لێ دەکات. دەتوانیت گەڕان بەپێی وێنەکان بکەیت بە بەکارهینانی Google یان TinEye.
- هەوڵ بدە زۆر بە وریاییەوە وێنە و ڤیدیۆ لەگەڵ کەسانیک کە بەباشی نەیان ناسیت هاوبەشی پێبکەیت. فریوێنەران و ساختەکاران زۆر لێهاتوون لەوەی کە نێچیرەکانیان بەهەڵەدا بەرن و ئەوەی پێویستیانە وەری بگرن لێیان.
- گەر ڕازی بوویت کە کەسێک ببینیت لەدەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆت کە پێشتر نەت ناسیوە و تەنها لە ڕێگای ئۆنلاینەوە نەبێت، هەوڵ بدە کەسە نزیکەکانت ئاگادار بکەیت پێش سەفەرکردنت.
- هەوڵ بدە بەردەوام زانیاری لەو پەیجانە وەربگریت کە دەربارەی فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت زانیاری و ڕێنمایی بڵاودەکەنەوە، بەگشتی ئەوانەی بە ".gov" کۆتاییان هاتووە.
- گەر داوات لێکرا کە بڕێک پارە بدەیت لەبری بردنەوەی خەڵاتێک یان پێدانی دیاریەکی بەنرخ، ئەوا دڵنیابە کە ئەو داواکاریە فریوێنەرانەیە و مەبەست لێی تەنها کاری دەست بڕینە. لەکاتی بردنەوەی یاری بەخت و هەر پێشبڕکێیەکی تری بردنەوەی خەڵاتدا بەهیچ جۆرێک داوایەکی لەو شێوەیەت لێ ناکرێت تا دیاریەکە، یان خەڵاتەکەی بردوتەتەوە بگات بەدەستت.

هەواڵنامەی کتێب

- زۆر وریابە لەکاتێکدا کە داوات لێدەکرێت پەیوەندی بکەیت، یاخود وەڵامی تێکست میسجێک بدەیتەوە کە بە ژمارەی ١٩٠ دەستی پێکردووە. دەشێت پەیوەندی کردن بە ژمارەیەکی لەو جۆرە پارەیەکی زۆر بکەوێت لەسەرت لەچاو پەیوەندی کردن بە ژمارەیەکی ترەوە.
- زۆر بە وریای یەوە بەندەکانی پەیوەست نامەیەک بخوێنەرەوە کە داوات لێدەکرێت واژوی بکەیت. واژوکردنی گرێبەستی ئۆفەرێکی خۆڕایی، یان زۆر هەرزان بەگشتی بڕە پارەیەکی شاراوەی لەپشتەوەیە. گەر دڵنیابوویت لەوەی ئەو پەیوەندیە(یان داواکاریە) دروستە، ئەوا پێش هەر هانگاوێک هەوڵ بدە پەیوەندی بکەیت بە دابەشکاری ناوخۆیی ئەو بابەتە کە پێشتر بەشداریت کردووە لەڕێیانەوە بۆ دڵنیا بوونەوە لە دروستی بابەتەکە.

هەواڵنامەی کتێب

## ٢-١١)   چی بکرێت کاتێک ڕووبەڕووی کاری فریودان و ساختەکاری دەبیتەوە

چەندین هەنگاو پێویستن کە بگیردرێنەبەر کاتێک کە ڕووبەڕووی کاری فریودان و ساختەکاری دەبینەوە، بەڵام گرنگترینیان ئەم هەنگاوانەن کە پێویست دەکات هەموو بەکارهێنەرێکی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بیزانێ و پلانی پێشوەختی هەبێت بۆیان.



لەهەنگاوەکانتدا بەڵگەکان بپارێزە، تۆ لەوانەیە ئەمانەت پێویست بێت بۆ کاتی لێکۆڵینەوە

بەدوای ئامۆژگاری دروستی یاسایدا بگەڕێ، بەتایبەتی گەر تۆ بیرلەوە بکەیتەوە کە ڕێکارەکانی دادگای شارستانی بگریتەبەر

هەواڵنامەی کتێب

بەردەوام کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان لەکاتی خۆیدا ڕیپۆرت بکە بۆشوێنی پەیوەندی دار بەو کارانە

ئەو ڕێنمایانە بخوێنەوە کە تایبەتن بە چۆنیەتی ناسینەوەو خۆپاراستن لە کاری فریودان و ساختەکاری

### ١١-٣) ئایا فێڵت لێکراوە؟

گەر کەوتویتەتە داوی فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و بەو شێوەیە زانیاریت لەسەر ئەژماری بانکی، پاسپۆرت، یان هەر زانیاریەکی تری کەسیەتیت داوە بە فریوێنەران، ئەوا بە زوترین کات هەوڵ بدە لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار بکەیتەوە. گەر ئەژماری بانکیت هەیەو زانیاریت داوە ڕاستەوخۆ بانکەکەتی لێ ئاگادار بکەرەوە.

بۆ ڕیپۆرتکردنی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت، هەروەها بۆ ئاشنابوون بەو کارە فریوێنەرانەی ڕۆژانە ڕوودەدەن، ئێستا بە زیاتر لە ١٢ زمان لەڕێی وێبسایتی https://www.scamwatch.gov.au ئەو زانیاریانە بەردەستن.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب



## ٤-١١)   بەسەلامەتی ئینتەرنێت بەکار بهێنە!

ئینتەرنێت شۆڕشێکی بەرپاکرد سەبارەت بە ئەوشێوازەی کە دەمانەوێت پێی بژین لەو ماوەیەی کە ژیانمان بەردەوامە تیایدا. شۆڕشێک سەبارەت بە شێوازی خوێندنەوەو وەرگرتنی هەواڵەکان، کات بەسەربردن و چێژ لێوەرگرتن، چۆنیەتی ئەنجامدانی توێژینەوەکانمان، پلانی پێشوەخت بۆ پشوەکانمان، کاری کڕین و فرۆشتن، بازاڕکردن و بە بازاڕکردن، پەیوەندیەکانمان، خوێندن، کاری بانکی، وە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی کارە هەنوکەییەکانی ڕۆژانەمان.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و سەرەڕای مەترسی کاری فریودان و ساختەکاری ئەوکەسانەی کەتۆڕەکانی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن بۆ مەبەستی فریودان، چەندین مەترسی لەپێشمانە کاتێک کە پەیوەستین بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ڕایکردنی کارەکانمنا بەشێوازی ئۆنلاین. ئەو مەترسیانەش لەوەوە سەرچاوەدەگرن کە سەردانی وێبسایتێک دەکەین، یان بەکاری دەهێنین کە مەترسی دارن سەبارەت بە ئاشکراکردنی زانیاری کەسیمان. تەنانەت بەکارهێنانی ئەو وێبسایتە دروست و بەناوبانگانەی کە بەشێکی تەواوی ژیانمانی داگیرکردووە (وەک گوگڵ و فەیس بووک و ئینستاگرام و چەندین ئەپ و وێبسایتی تر) مەترسی خۆی هەیە.

کاتێک کە تۆ ئینتەرنێت بەکار دەهێنیت، ئەو وێبگەرەی کە بەکاری دەهێنیت بۆ نمونە (وێبگەڕی ئینتەرنێت، ئۆپێرا، فایرفۆکس، سەفاری، کرۆم، هتد....) سەرجەم ئەو وێبسایت و شوێنانەی کە بەکاریان دەهێنین لای خۆیان لە لیستێکی تایبەتدا تۆماردەکەن کە

تۆ هەستاویت بە کردنەوە و بەکارهێنانیان. کاتێک کە ئینتەرنێت بەکار دەهێنیت، ئەوا ئەو وێبسایتانەی کە سەردانیان دەکەیت و بەکاریان دەهێنیت بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزاریەکانیان بەهەمانشێوە هەموو ئەو زانیاریانە لای خۆیان تۆماردەکەن کە تۆ هەڵساویت بە بینینیان و بەکارهێنانیان یان نووسینیان. هەموو ئەمانە ڕێکخراون بە پێی پێداویستی یاسایی. بەڵام ئاخۆ ئەمە ڕاستە؟

بێگومان نەخێر، تازەترین بەڵگە بۆ ئەوەی کە ئەو وێبسایت ئەپلیکەیشن و پێگە ئەلیکترۆنیانە بەدەر لە پێداویستی یاسایی ئەو زانیاریانە لای خۆیان دەپارێزن و تەنانەت دزەشی پێدەکەن بۆ لایەنی سێهەم، ئەوەبوو کە یەک لە هەرە بەناوبانگترین تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان کە ئەویش فەیس بووک و ئینستاگرام هەڵسان بە دزەپێکردنی زۆرێک لە زانیاریەکانی بەکارهێنەرانیان بۆ لایەنی سێهەم. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەمەش دامەزرێنەری فەیس بووک "مارک زوکربیرگ" لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمریکی لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا بۆ خاتوو "کاثی کاستور" دانی بەوەدانا کە پێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، فەیس بووک هەڵساوە بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریانەی کە هەن لەسەر بەشداربوانی، تەنانەت کاتێک کە پێگەی فەیس بووک بەکارناهێنن و کاتێک کە ئەوان نەچونەتە ناو ئەو پەیجەشەوە[١٩].

دەکرێت بڵێین ئەمە بەڵگەیەکی هاشاهەڵنەگرە بۆ ئەوەی کە تۆی بەکارهێنەری ئینتەرنێت هەرچی بکەیت و بیبینیت و هەوڵی گەڕانێ بۆ بدەیت تۆمارکراوە و دەکریت، ڕۆژێک لەڕۆژەن بەردەست دەبێت بۆ هەرکەسێک کە مەبەستی بێت.

من لەم کتێبەدا ویستم نیە کە ئەوە بخمەڕوو تۆ چۆن ئینتەرنێت بەکاربهێنیت، بەڵام ئەمە تەنها ڕونکردنەوەیەک بوو بۆ خوێنەرانی ئەم کتێبە کە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، بزانن چۆن بەکاری بهێنن و بۆچی بگەڕێن و چی ببینن.

! لەکاتێکدا مەبەست□ سەرەکی لەبوونی ئینتەرنێت پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئاڵوگۆڕی زانیاری و گەیاندنە لەسەر ئاستی جیهان، هەر ئەمەش وایکردوە کە جیهان ببێت بە گوندێکی بچوک. بەڵام گەر نەزانیت بە دروستی بەکاری بهێنیت ئەوا دەکریت ببێت بە هۆکارێک بۆ کاری فریودان و ساختەکاری و وەرگرتنی زانیاری نادروست، سەرڕای مەترسی ئاڵوودەبوونی ئینتەرنێت.

هەواڵنامەی کتێب




## ١١-٥) ئامێرەکەت بە پاکی ڕابگرە

ئامێرە زیرەکەکان و کۆمپیوتەر بونەتە هۆی گۆڕینی شێوازی ژیانی هەر تاکێک لە کۆمەڵگادا. زۆر ئەستەمە کاتێک بەسەر بەرین و نەکرێت هەڵبستین بە تەماشاکردن و بینینی ئەژمارەکانمان لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و ئیمەیڵەکانمان. سەرەڕای ئەوەی کە بوونی ئەم ئامێرە زیرەکانە گرنگی و سودی خۆیان هەیە، بەڵام دەشێت کە بەشێوازێک بەکار بهێنرێن کە شێوازی پاراستنی ئەو زانیاریە کەسیەتیانەی کە لەسەر ئەم ئامێرانە هەڵگیراون، یاخود بەهۆی ئەم ئامێرانەوە دەستمان دەگات پێیان بخاتە مەترسیەوە. هەربۆیە زۆرگرنگە کاتێک کە دەمانەوێت سودمەندبین لە بەکارهێنانی ئەو خزمەتگوزاریانەی لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە پێشکەش دەکرێت بە پشت بەستن بە ئەم ئامێرە زیرەکانە، وانەکات ببێت بە هۆکارێک کە فریوێنەران لەڕێیانەوە دەستیان پێمان بگات و بمان فریوێنن.

بە بەردەوامی ووشەی نهێنی (پاسوۆرد) بەکاربهێنە بۆ چونەناوەوە و پاراستنی ئامێرەکانت و ئەو وایفایەی کە باکاری دەهێنیت. هەوڵ بدە کە ئەو بەرنامانەی بەکاریان دەهێنیت بە بەردەوامی تازەگەریان بۆ بکەیت و زانیاریەکانت بە وێنەیەکی تری یەدەک بە پارێزراوی هەڵبگری. ڕێگا بە کەسانی نەناسراو مەدە کە دەستیان بە کۆمپیوتەرەکەت بگات لەڕێی گەیشتنی دوورەوە و خۆت بپارێزە لە بەکارهێنانی ئەو کۆمپیوتەرانەی کە لە شوێنەگشتی یەکاندا دانراون، یان خزمەتگوزاری وایفای گشتی پێشکەش دەکەن بۆ گەیشتن بە ئەژمارە بانکیەکانت و بازارکردنی ئۆنلاین.

هەوڵبدە کە ووشەی ئاسان و ناسراو بەکار نەهێنیت بۆ ئەو ووشە نهێنیانەی کە بەکاریان دەهێنیت بۆ گەیشتن بە ئەژمارەکانت. ووشە نهێنیەکانت با تیکەڵ بن لە پیت بەشێوەی گەورە و بچوک و ژمارە و هیما. پێویست دەکات بەردەوام ووشە نهێنیەکانت بگۆڕیت. هەمان ووشەی نهێنی بۆ چەند ئەژمارێکی جیاواز بەکار مەهێنە. هەوڵ بدە کە ووشە نهێنیەکانت هاوبەش پێنەکەیت لەگەڵ کەسانی تر (گەر پێویستیشی کرد ئەوا پاشان بیان گۆڕە).

گەر تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنیت، وەک فەیسبوک و ئینستاگرام، ئەوا دڵنیابە لەو کەسانەی کە پەیوەندیان لەگەڵ دەبەستیت. بەئاگابە لە پەسەندکردنی ئەو داواکاریانەی لەلایەن کاسانی نەناسراوەوە دەکرێن. لە بەکارهێنانە تایبەتەکانی پاراستنی لایەنی سەلامەتی و زانیاری کەسیەتی ئەژمارەکەت تێبگە، کە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆیان فەراهەم کردویت بۆ پاراستنی زانیاریەکانت و بەشێوەی دروست بەکاریان بهێنە، تا جۆرە دڵنیای یەکت هەبێت لە پاراستنیان. گەر تووشی داواکاریەکی نامۆ بوویت ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو پەیوەندی کەرە بخەرە لیستی Spam ەوە، یان ڕیپۆرتی بکە کە تۆ تووشی فریودان بوویت. پاشان ڕاستەوخۆ هەنگاوەکانی سەرلەنوێ دانانەوەی ووشەی نهێنی نوێ و بەدەستهێنانەوەی سەلامەتی ئەژمارەکەت بگرەبەر و، دڵنیا بە کە ئەو کێشەیەت ئاراستەکردبێت بۆ لایەنی پێشکەشکاری خزمەتگوزاریەکە.

هەواڵنامەی کتێب



## ١١-٦) بۆچی ئێمە دەکەوینە داوی فریوێنەرانی تۆڕەکانی ئینتەرنیتەوە؟

کاری فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت بووە بە بازرگانیەکی گەورە. لەو پەیوەندی و پەیامانەوە کە مژدەی بردنەوەی بڕێک پارەی زۆرت پێدەدەن لە پێشبڕکێیەکدا (کە تۆ بەشدار نەبوویت تیایدا)، تا دەگاتە ئەو پەیوەندی و پەیامانەی کە پێمان دەگات لە لایەن کەسانێکەوە کە خۆیان بە کارمەندی ئەو بانکانە دەناسێنن کە تۆ سودمەندی لە خزمەتگوزاریەکانیان. ئەمەش وایکردووە کە کارێکی ئاسان نەبێت کە بتوانین خۆمان بەدوربگرین لەو هەموو سیناریۆ جیا جیایانەی کە ڕۆژانە لەلایەن فریوێنەرانەوە ڕووبەڕومان دەکرێتەوە بەمەبەستی بردنی بڕێک پارە لێمان بەشێوەیەکی نادروست. هەر بۆیەش بەرکەوتوانی کاری فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەناڵێنن بە دەست کێشەی لەدەستدانی بڕێک پارەی زۆر کە ناتوانرێت بەدەست بهێنرێتەوە، ئەمە جگە لە دەرستبوونی چەندین کێشەی دەرونی بۆیان.

بەشێوەیەکی گشتی، ساڵانە خەڵکی لە تەواوی جیهاندا بە ملیارەها دۆلاریان لەدەست دەچێت بەهۆی ئەو کارە فریوێنەرو ساختەکاریانەی کە لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە ڕووبەڕویان دەبێتەوە. بە پێی سەرچاوەکان لەساڵی ٢٠١٣ دا بڕی ١٢,٧ ملیار دۆلاری ئەمریکی لەسەر ئاستی جیهان لەڕێی ئەم کارە فریوێنەرانەوە بەفیڕۆدراوە[٢٠]. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەستەمە بتوانین دەستمان بە ئامارێکی فەرمی بکەوێت بۆ ئەو کارە فریوێنەرانەی کە ڕودەدەن لە تەواوی جیهاندا بەهۆی ئەوەی زۆرێک لەو کەسانەی ڕووبەڕوی کاری فریودان دەبنەوە ئامادەنین لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار بکەن. بە پێی هەمان سەرچاوە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا تەنها لە ١٥٪ ئەو کەسانەی کە فریوێنراون لایەنی پەیوەندیداریان ئاگادارکردۆتەوە بۆ هەڵسان بەگرتنەبەری لایەنی یاسایی دژی فریوێنەران.

بەهۆی ئەو بەرەوپێشچونانەی لەبواری تەکنەلۆجیادا هەن وایکردووە کە کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەرەوپێشچونی بەرچاو بەخۆوە ببینێت و ڕێگریکردنیش لێیان کارێکی ئەستەم بێت. ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەکرێت تەواوی وێبسایت و پێگە ئەلیکترۆنیەکانی کۆمپانیا و دەزگا بەناوبانگەکانی جیهان زۆر بەئاسانی ساختەبکرێت و وەک خۆیان دروستبکرێنەوە. ساختەکردنی لۆگۆ و کاری پەیوەندی و ناردنی بەستەرە ساختەکان (کە بۆ فریودانی بەکارهێنەرانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەکاردێن) زۆر بەئاسانی دەتوانرێت بگەیەنرێنە بەردەست بەکارهێنەرانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەڕێی ناردنی ئیمەیڵ و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە. لەهەر پەیوەندیەکیشدا جۆرە پەیامێکی وا بەکاردەهێنرێت کە کەسانێک بفریوێنێت و بڕوا بەو پەیامانە بکەن و هەوڵی کردنەوەیان بدەن. بەهەمان شێوە ناهۆشیاری بەکارهێنەرانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە شێوازو جۆرەکانی کاری فریوێنەران و چۆنیەتی خۆپاراستن لێیان هۆکارێکی تری سەرەکین بۆ فریودانیان زۆر بەئاسانی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، گەر هەموو هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بۆ هۆشیارکردنەوەی بەکارهێنەرانی تۆڕەکانی ئینتەرنیت لە شێوازو جۆرەکانی کاری فریودان و چۆنیەتی خۆپاراستن لێیان، ئەوا ناتوانین ئەم کارانە بەتەواوی کەم بکەینەوە. گەر ئەو کەسانەی تووشی کاری فریودان و ساختەکاری دەبن هەست بەشەرمەزاری بکەن و کاری فریودانەکانیان نەگەیەنن بەلایەنی پەیوەندیدار بۆ چاودیری و بەدواداچون، کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت هەر لەگەشەدا دەبیت. ئێمە پێویستمان بە ئاشنابوون هەیە بەهەموو ئەو شێواز و تاکتیکانەی کە فریوێنەران بەکاری دەهێنن تا لەو ڕێگایەوە بەکارهێنەران ئاگاداربکەینەوەو ئاشنایان بکەین بە شێوازەکانی ناسینەوە و خۆپاراستن لە کارە فریوێنەر و ساختەکاریەکان. هەربۆیە دەکرێت بڵێین بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم هەنگاوە دەبێت بە زەبرێکی کاریگەر بۆ کەم کردنەوەو بەرەنگاربوونەوەی کاری فریودان و ساختەکاری لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێت.



## ۱۱-۷) بواری لێهاتووی فریوێنەران

ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکار و قوتابیانی زانکۆکانی نایجیریا خۆیان سەرقاڵ کردووە بە کاری فریودان و ساختاکاری لەڕێی بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە. زۆرێک لەمانە ناوی "یاهوو – یاهوو" یان لەخۆیان ناوە. کەسانێکی زۆریان ئێستا بوون بە دەوڵەمەندێکی خراپ بەهۆی ئەم کارە ناشرینەیانەوەو بە "کوڕی یاهوو" ناودەبرێن.

<u>لە وتەی فریوێنەرێکدا کە خوێندکارێکی پۆلی سێی کۆلێژە لە نیجیریا هاتووە:</u>

"دەستم کرد بەکاری فریودان لەڕێی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە کاتێک لە دووەم وەرزی خویندنم دابووم (هەر قۆناغێکی خوێندن لە دوو وەرز پێک دێت لە زانکۆکانی وڵاتی نیجیریا). لەڕێی بەکارهێنانی یەکترناسینی ئینتەرنێتەوە دەستم کرد بەکارەکانم. پاشان هەوڵم دا کە پرۆفایلی خەڵکانێک بەدەست بهێنم کە لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا دەژین. بەڵام گەر کارەکە لە ناوخۆ، واتا لە ناو نیجیریادا بوایە، ئەوا دەگەڕام بۆ ئەوەی کار لەسەر کەسانێک بکەم کە لە بەندەرەکانی هارکورت یان لە ئابوجا (قەراغ شاری خۆشگوزەرانی) دەژیان.

من وا خۆم پێدەناسانن کە پیاوێکی بەساڵاچوم و پێویستم بە پەیداکردنی هاوسەرێک هەیە. هەندێک جار ئەوەم پێ ڕادەگەیانن کە چۆن خێزانەکەم ناپاکی بەرامبەرکردوم و سەروەت و سامانەکەم و منداڵەکانمی بردووە. هەموو ئەم شتانەم بەباشی ڕێکخستبوو لەگەڵ بەردەست خستنی هەندێک وێنە بۆ ئەوەی بتوانم باوەڕیان پێبهێنم کاتێک کە گفتوگۆم لەگەڵ دەکردن بەشێوەی ئۆنلاین. لەگەڵ ئەوەشدا، من ئێستا کارم ناردنی زانیاری نادروستە لەڕێگای بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بۆ کەسانێک بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەژماری بانکی"[۲۱].

لە وتەی فریوێنەرێکی تردا هاتووە:

"من بەشداربووم لە کاری فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت بۆ سێ ساڵ. چەند جۆرێک لە فریودان هەیە لەڕێی بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، وەک فشین، یەکترناسین لەڕێی ئینتەرنێتەوە، ئاڵوگۆڕی بانکی، ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی، وە ئاڵوگۆڕی کارتی متمانە ATM. بەڵام بەنسبەت منەوە، من بەشداربووم لە کاری فریودانی ئاڵوگۆڕی بانکی نێودەوڵەتی. من هەڵدەستام بە کاری ئاڵوگۆڕکردنی پارە لە بانکێک بۆ بانکێکی تر، بەتایبەت ئەوانەی کە ئاڵوگۆڕی پارە دەکەن لە بۆرسەدا"[٢١].

فریوێنەرێکی تر ئەوەی خستۆتەڕوو کە:

"فریودان لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بەکاری هاککردنەوە، بەمانای گەیشتن بە زانیاریەکانی کۆمپیوتەری کەسێکی تر بەبێ ئاگاداری خۆی. کە ئەمەش خۆی لە کاری چاودێری و بردنی زانیاری کەسیەتی و زانیاری ئەژماری بانکی و کارتی متمانەدا دەبینێتەوە، هەموو ئەمانەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت"[٢١].

ئەمانەی سەرەوە نمونەی وتەی چەند فریوێنەرێکی تۆڕەکانی ئینتەرنێتە، کە لەزاری خۆیانەوە ئەوەدەخنەڕوو چۆن دەستیان بەو کارە کردووە و، بەچ شێوەیەک کارە فریوێنەرکانیان ڕادەپەڕێنن.



## ١١-٨) ئاماری کاری فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت

سەبارەت بە ئەو ئامارە فەرمیانەی کە هەن سەبارەت بەکاری فریودان و ساختەکاری لەڕیی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پەیوەندیەوە بەباشم زانی کە ئاماری سەرجەم کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٦ و ٢٠١٥ مانگ بەمانگ بخەمەڕوو، هەروەک لە لیستەکانی (١١-١ و ١١-٢ و ١١-٣) دا هاتووە. دەکرێت ئەم ئامارانە ببن بە هۆکارێکی باش بۆ خوێنەرانی ئەم کتێبە تا بەوە ئاشنابن کە هۆکارەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت بونەتە چ ئامرازێکی فریودان و ساختەکاری گەر نەزانین بە هۆشیاریەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین لەکاتی بەکارهێنانیان بۆ بەڕێکردنی کارە هەنوکەیەکانی ژیانی ڕۆژانەمان.

**لیستی (١١-١)** ئاماری سەرجەم کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان بۆ ساڵی ٢٠١٧[١]

| ساڵ / مانگ | بڕی پارەی لەدەست دراو بە دۆلار | ژمارەی ڕیپۆرت | ڕێژەی سەدی فریوێنراوان بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نادیار |
| ٢٠١٧ | ٩٠,٩٢٨,٦٢٢ | ١٦١,٥٢٨ | ٪٤٤,٧ | ٪٥٢,٩ | ٪٢,٣ |
| ٢٠١٧/١ | ٥,٨٨٠,٠٨٦ | ١١,٠٤٥ | ٪٤٥,٨ | ٪٥٢ | ٪٢,٢ |
| ٢٠١٧/٢ | ٧,٢٠٠,٥٠٣ | ١٣,٦٣٠ | ٪٤٤,٣ | ٪٥٣,٧ | ٪٢ |
| ٢٠١٧/٣ | ٦,١٠٦,٩٦١ | ١٢,٩٨٨ | ٪٤٥,٦ | ٪٥٢,٦ | ٪١,٨٥ |
| ٢٠١٧/٤ | ٣,٨١٦,٦٤٩ | ١١,٧٠٤ | ٪٤٤,٨ | ٪٥٢,٨ | ٪٢,٤ |
| ٢٠١٧/٥ | ٩,١٥٠,٧٦٦ | ١٥,٣٢٧ | ٪٤٤,٢ | ٪٥٣,٣ | ٪٢,٥٥ |
| ٢٠١٧/٦ | ٧,٩٨٨,٠٨١ | ١٥,٢٩١ | ٪٤٤ | ٪٥٢,٩ | ٪٣,١ |
| ٢٠١٧/٧ | ٦,٣٧٤,٥١٦ | ١٣,٠٧٧ | ٪٤٣,٤ | ٪٥٤,٣ | ٪٢,٣ |
| ٢٠١٧/٨ | ١١,٥١٥,٣٣٤ | ١٤,٧٣٨ | ٪٤٤,٦ | ٪٥٣,١ | ٪٢,٣ |
| ٢٠١٧/٩ | ٨,٣٢٤,٥٥٤ | ١٤,٣١١ | ٪٤٥,٧ | ٪٥١,٩ | ٪٢,٤ |
| ٢٠١٧/١٠ | ٨,٠٢٠,٢٧٧ | ١٦,١٤٢ | ٪٤٤,٧ | ٪٥٣,١ | ٪٢,١ |
| ٢٠١٧/١١ | ٨,٩٧٤,٠٧٢ | ١٣,٨٠٦ | ٪٤٣,٦ | ٪٥٤,١ | ٪٢,٣ |
| ٢٠١٧/١٢ | ٧,٥٧٦,٨٢٣ | ٩,٤٦٩ | ٪٤٧,٢ | ٪٥٠,٣ | ٪٢,٥ |

هەواڵنامەی کتێب



**لیستی (١١-٢)** ئاماری سەرجەم کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان بۆ ساڵی ٢٠١٦[١]

| ساڵ / مانگ | بڕی پارەی لەدەست دراو بە دۆلار | ژمارەی ڕیپۆرت | ڕێژەی سەدی فریوێنراوان بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نادیار |
| ٢٠١٦ | ٨٣,٥٦١,٥٩٩ | ١٥٥,٠٣٤ | ٪٣٨,٦ | ٪٤٤,٤ | ٪١٧,٠ |
| ٢٠١٦/١ | ٦,٣٥٩,٥٧١ | ٩,٨٨٣ | ٪٣٤,٢ | ٪٣٨,٢ | ٪٢٧,٦ |
| ٢٠١٦/٢ | ٩,٩٣٥,٧٦٢ | ١١,٠٧٩ | ٪٣٣,٩ | ٪٣٨ | ٪٢٨,١ |
| ٢٠١٦/٣ | ٦,٥٥٩,٢٣٨ | ١٣,٢٤٩ | ٪٣٩,٥ | ٪٤٧,٦ | ٪١٢,٨ |
| ٢٠١٦/٤ | ٥,٧٧٢,٨٦٥ | ١٢,١٧١ | ٪٤٠,٤ | ٪٤٧,٣ | ٪١٢,٣ |
| ٢٠١٦/٥ | ٨,٢٣١,٨٤٩ | ١٥,٨٤١ | ٪٤١,٢ | ٪٤٩,٥ | ٪٩,٣ |
| ٢٠١٦/٦ | ٥,٨٦٤,٩٠٨ | ١٣,٨٦٦ | ٪٤٣,٣ | ٪٥٢,٨ | ٪٣,٩ |
| ٢٠١٦/٧ | ٧,١٧٠,١٣٠ | ١٦,٦٥٠ | ٪٤١ | ٪٤٩,٧ | ٪٩,٣ |
| ٢٠١٦/٨ | ٦,٤٥٩,٥٨٣ | ١٥,٥٩٧ | ٪٣٧,١ | ٪٣٨,٣ | ٪٢٤,٦ |
| ٢٠١٦/٩ | ٦,٢٢٢,١٩٦ | ١٣,٣٤٦ | ٪٣٤,٩ | ٪٣٩,٣ | ٪٢٥,٩ |
| ٢٠١٦/١٠ | ٩,٨٦٢,٢٨٥ | ١٢,٣٩٨ | ٪٣٧,٢ | ٪٤١,٨ | ٪٢١,١ |
| ٢٠١٦/١١ | ٦,١٤٤,٧٣٦ | ١٠,٣٥٠ | ٪٣٧,٣ | ٪٤٠,٨ | ٪٢١,٩ |
| ٢٠١٦/١٢ | ٤,٩٧٨,٤٧٦ | ١٠,٦٠٤ | ٪٣٩,٩ | ٪٤٤,٦ | ٪١٥,٥ |

هەوالنامەی کتێب

**لیستی (١١-٣)** ئاماری سەرجەم کارە فریوێنەرو ساختەکاریەکان بۆ ساڵی ٢٠١٥[١]


| ساڵ / مانگ | بڕی پارەی لەدەست دراو بە دۆلار | ژمارەی ڕیپۆرت | ڕێژەی سەدی فریوێنراوان بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نادیار |
| ٢٠١٥ | ٨٣,٧٧٠,٧٣٣ | ١٠٥,٢٠٠ | ٪٣٤,٠ | ٪٤٠,٧ | ٪٢٥,٤ |
| ٢٠١٥/١ | ٧,٢٣٣,٧٠٦ | ٦,٠٨٢ | ٪٤٠,٩ | ٪٤٩,٤ | ٪٩,٧ |
| ٢٠١٥/٢ | ٨,٧٥٨,٦٣٦ | ٦,٩٩٥ | ٪٤١,٢ | ٪٥٣,٢ | ٪٥,٦ |
| ٢٠١٥/٣ | ٧,٤١٤,٣١٨ | ٧,٤٧٨ | ٪٣٧,٤ | ٪٤٨,٤ | ٪١٤,٢ |
| ٢٠١٥/٤ | ٦,١٦٨,٤١١ | ٧,٧٠٩ | ٪٣٢,٥ | ٪٤١,٢ | ٪٢٦,٣ |
| ٢٠١٥/٥ | ٧,٠٣٩,٨٠٤ | ٩,١٢٩ | ٪٣٤,٧ | ٪٤٢,٦ | ٪٢٢,٧ |
| ٢٠١٥/٦ | ٥,٨٨٥,٩٧١ | ٨,٣٣٩ | ٪٣٢,٣ | ٪٣٦,٩ | ٪٣٠,٩ |
| ٢٠١٥/٧ | ٦,٦٣٩,٢٥٦ | ١٠,٦٠١ | ٪٣٣,٩ | ٪٣٥,٥ | ٪٣٠,٦ |
| ٢٠١٥/٨ | ٦,٥٢٢,٦٨٥ | ٩,٣٠٢ | ٪٣٢,٦ | ٪٣٩,٣ | ٪٢٨,١ |
| ٢٠١٥/٩ | ٦,١٧٢,٠٩٤ | ٨,١٨٩ | ٪٣٨,٢ | ٪٤٠,٨ | ٪٢١,١ |
| ٢٠١٥/١٠ | ٧,٠٥٦,٧٢٥ | ١٠,٣٩١ | ٪٣٥,٥ | ٪٤٢,٢ | ٪٢٢,٣ |
| ٢٠١٥/١١ | ٨,٣٨١,١٩٨ | ١١,١١٣ | ٪٢٨,٢ | ٪٣٣,٢ | ٪٣٨,٥ |
| ٢٠١٥/١٢ | ٦,٤٩٧,٩٢٩ | ٩,٨٧٢ | ٪٣١,٤ | ٪٣٥ | ٪٣٣,٦ |


هەواڵنامەی کتێب

سەبارەت بە خستنەڕو و دەست کەوتنی ئامار و زانیاری زیاتر، دەکرێت هەر خوێنەرێک بەڕێز گەر ویستی هەبوو دەستی بگات بە ئاماری ئەو کارە فریوێنەرو ساختەکاریانەی کە لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پەیوەندیەوە ئەنجام دەدرێت بۆ ساڵەکانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ و ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ساڵانی دواتریش، بگەڕێتەوە بۆ پەیجی ئەلەکترۆنی https://www.scamwatch.gov.au کە ئەمەش پەیجێکی فەرمی وڵاتی ئوستورالیایە کە سەرپەرشتی دەکرێت لە لایەن لیژنەی بەکاربەرو پێشبڕکێی ئوستورالی ACCC هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە. لەم پەیجەدا سەرجەم ئەو کارە فریوێنەرانەی کە ڕیپۆرتکراون خراوەتە ڕوو مانگ بە مانگ لە ساڵی ٢٠١٥ ەوە و ساڵەکانی دواتریش. هەروەک پێشتریش ئەوەمان خستەڕوو کە سەرجەم ئەو داتاو ئامارانەی لەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە. هەربۆیە خوازیارم خوێنەران ئاراستەی ئەم سەرچاوەیە بکەم بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر گەر مەبەستیان بێت.

هەواڵنامەی کتێب

**٩-١١) ئینفۆگرافیکی بەئامانجکردن لەڕێی کاری فریودانەوە**






**وێنەی ژمارە (١١-١)** ئینفۆگرافیکی بەئامانجکردن لەڕێی کاری فریودانەوە بۆ ساڵی ٢٠١٦[١]



هەواڵنامەی کتێب

گەر زانیاری هەموو ئەوکارە فریوێنەرانەی کە ڕوودەدەن بەردەست بێت، دەبێت ساڵانە چ بەفیڕۆچونێکی پارە هەبێت لەڕێی فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە؟



## ١٠-١١)  نمونەی هاککردن

بەمەبەستی هاککردنی هەر کۆمپیوتەرێکی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت، چەندین ڕیگا هەیە کە بگیردرێنە بەر. ئەمە جگە لەوەی چەندین بەرنامەی یارمەتی دەر هەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە کەسانی هاککەر مەبەستیانە. لەم بەشەدا بەکرداری دوو نمونە دەخەمەڕوو بۆ خوێنەرانی ئازیزی ئەم کتێبە. مەبەست لەم نمونانە تەنها کاری فێرکاری و ئاشنا بوونە بە چەند شێوازێک کە هاککەران پەنایان بۆ دەبەن. تکام وایە کە ئەم کارانە تاقی نەکەنەوە و هەوڵی زیان گەیاندن بە سیستمی کۆمپیوتەری هیچ کەس نەدەن و، هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری هیچ کەس نەدەن.

**١١-١٠-١) نمونەی یەکەم:**

*چۆن هاککەرێک دەتوانێت IP یەکەت بەکاربهێنێت بۆ هاککردنی کۆمپیوتەرەکەت و چۆن ئەم کارە بوەستێنین؟*

ئەو IP یەی کە تایبەتە بەتۆی بەکارهێنەری ئینتەرنێت، ناسەرەوەی تایبەتی تۆیە، ئەمە وەک ناونیشانی ماڵەکەت وایە. هەرکەس بیەوێت لەم جیهانەدا، دەتوانێت پەیوەندیت پێوەبکات لەڕێی IP ی تایبەتی کۆمپیوتەرەکەت، پاشانیش لەم ڕێگایەوە دەکرێت زانیاری بنێریت و وەری بگریت.


من دڵنیام لەوەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوەت بیستووە کە هاککەر دەتوانێت لەڕێی بەکارهێنانی ئەو IP یەی تایبەتە بە تۆ، لەکاتی بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا بچنە ناو کۆمپیوتەرەکەتەوە. ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە خزمەتگوزاری شاردنەوەی ناسنامە بەردەستە، تا لەو ڕێگایەوە بتوانیت ڕێگا بگریت لە کەسانێک کە IP یەکەت بزانن.

با بزانین چۆن هاککەر دەتوانێت لەڕیی بەکارهێنانی ئەو IP یەی هەمانە دەستیان بگات بە کۆمپیوتەرەکانمان و وابکەن کە ژیانمان لێ تاڵ بێت. کۆمپیوتەر خزمەتگوزاریەکانی وەک هاوبەشی پێکردن کارپێدەکات لەڕێی یارمەتی دەرەکانی کە بە بەندەر (پۆرت) Ports ناسراون. ئەم بەندەرانە تەنها کردنەوەیەکە، وەک خاڵی کۆتایی پەیوەنیەکان بەکار دەهێنرێت. بەگشتی ٦٥،٥٣٥ بەندەر تایبەتن بە TCP/UDP. لەڕێی قۆستنەوەی ئەم خزمەتگوزاریەوە، هاککەر دەتوانێت دەستی بگات بە جۆری ڤێرشنی بەرنامەکان. پاش با بزانین چۆن هاککەر دەتوانێت لەڕیی بەکارهێنانی ئەو IP یەی هەمانە دەستیان بگات بە کۆمپیوتەرەکانمان و وابکەن کە ژیانمان لێ تاڵ بێت. کۆمپیوتەر خزمەتگوزاریەکانی وەک هاوبەشی پێکردن کارپێدەکات لەڕێی یارمەتی دەرەکانی کە بە بەندەر (پۆرت) Ports ناسراون. ئەم بەندەرانە تەنها کردنەوەیەکە، وەک خاڵی کۆتایی پەیوەنیەکان بەکار دەهێنرێت. بەگشتی ٦٥،٥٣٥ بەندەر تایبەتن بە TCP/UDP. لەڕێی قۆستنەوەی ئەم خزمەتگوزاریەوە، هاککەر دەتوانێت دەستی بگات بە جۆری ڤێرشنی بەرنامەکان. پاش ئەوەی کە دەستیان بەم زانیاریانە دەگات ئەوا هەڵدەستن بە بەکارهێنانی پێگەی Packet Storm تا سود وەربگرن لە کارکردن دژی ئەو خزمەتگوزاریە.

گەیشتن بە IP کەسێک ڕەنگە بەکارێکی زەحمەت بزانرێت، بەڵام چەندین ڕێگاهەیە بۆ ئەو مەبەستە. یەک لەو شێوازانە بەکارهێنانی فەیس بووک یان سکایپە، باناردنی پەیامێک بۆ ئامانجەکەت (نێچیرەکەت)، پاشان چاوەڕێ بکە تا تەنها وەڵامێکت دەست دەکەوێت. کە وەڵامت دەست کەوت (گرنگە ئەو کاتە ئامانجەکە لەسەر هێڵ بێت)، پاشان هەڵبستە بە کردنەوەی پەنجەرەی فەرمان (Command Window). بۆ بەکارهێنەرانی Windows دەکرێت تەنها بە بەکارهێنانی (Windows + R) لە سەر کیبۆردەکەت ئەو پەنجەرەیەت بۆ بکرێتەوە، پاشان لەم پەنجەرەیەدا بنوسە (CMD). ڕێگایەکی تر، بچۆرە Start، پاشان کلیکی Run بکەو بنوسە CMD. لەم ویندۆیەوە بە نووسینی ئەم فەرمانە (netstat –an)، لە لیستێکدا چەندین IP دەبینیت. بەوردی تەماشای ئەو IP یانە بکە بەمەبەستی دیاریکردنی IP مەبەست. لە قۆناغی داهاتودا، لەڕێگای IP tracer (سودی IP tracer یان IP Lookup لە IP-adress.com ئەوەیە کە ئامرازێکە بەکاردێت بۆ گەڕان و دۆزینەوەی IP ڕاستەقینە لە سەرچاوە سەرەکیەکەوە) هەوڵی تاقیکردنەوەی یەکەبەیەکەیان بدە. بەم شێوازە تۆ دەتوانیت کە IP ئەو کەسەی مەبەستە لەگەڵ شوێنەکەیت دەست بکەوێت.

با بزانین چۆن دەتوانین کە لەڕێی IP tracer بەدواداچونی IP ی کەسێک یان وێبسایتێک بکەین. بۆ ئەم مەبەستە پێویست دەکات کە پەنجەرەی فەرمان بکەینەوە بەیەکێک لەو شێوازانەی پێشتر باسمانکرد. بۆ نمونە من دەمەوێت کە بەدواداچون بۆ شوێنی IP وێبسایتێک بکەم وەک YouTube، بەنوسینی tracert www.youtube.com لە CMD دا، هەروەک لە وێنەی ژمارە (١١-٢) پیشان دراوە، دەبینین لە دواین دێڕدا، ئەو IP یەی کە YouTube بەکاری دەهێنێت بریتیە لە (74.125.133.93).

هەواڵنامەی کتێب



```
Microsoft Windows [Version 10.0.10586]
(c) 2015 Microsoft Corporation. All rights reserved.

C:\Users\user>tracert www.youtube.com

Tracing route to youtube-ui.l.google.com [74.125.133.93]
over a maximum of 30 hops:

  1     2 ms     1 ms     1 ms  www.huaweimobilewifi.com [192.168.8.1]
  2     *        *        *     Request timed out.
  3    69 ms    81 ms    61 ms  10.30.99.69
  4     *        *        *     Request timed out.
  5   967 ms   291 ms    37 ms  91.217.185.61
  6    43 ms    45 ms    33 ms  172.22.134.74
  7    36 ms    48 ms    53 ms  91.213.191.202
  8    65 ms    56 ms    44 ms  212.126.103.113
  9     *        *        *     Request timed out.
 10   188 ms    87 ms    75 ms  212.126.98.38
 11    81 ms    80 ms    76 ms  108.170.250.163
 12  1303 ms     *      105 ms  209.85.253.114
 13   108 ms   123 ms   118 ms  108.170.236.251
 14   123 ms   114 ms   117 ms  66.249.94.153
 15   143 ms   148 ms   147 ms  216.239.51.85
 16     *        *        *     Request timed out.
 17     *        *        *     Request timed out.
 18     *        *        *     Request timed out.
 19     *        *        *     Request timed out.
 20     *        *        *     Request timed out.
 21     *        *        *     Request timed out.
 22     *        *        *     Request timed out.
 23     *        *        *     Request timed out.
 24     *        *        *     Request timed out.
 25     *        *        *     Request timed out.
 26   118 ms   119 ms   114 ms  wo-in-f93.1e100.net [74.125.133.93]

Trace complete.

C:\Users\user>
```

**وێنەی (٢-١١)** بەکارهێنانی فەرمانی tracert بۆ زانینی IP وێبسایتی YouTube

ئەم ژمارەیە لای خۆت بنوسەو پاشان بچۆ بۆ وێبسایتی www.whatismyipaddress.com، ئەو IP یە بنوسە، هەرەک لەوێنەی ژمارە (٣-١١) پیشاندراوە، بەتەواوی شوێنی ئەو وێبسایتەمان پیشان دەدات.

IP: 74.125.133.93
Decimal: 1249740125
Hostname: wo-in-f93.1e100.net
ASN: 15169
ISP: Google
Organization: Google
Services: None detected
Type: Corporate
Assignment: Static IP
Blacklist: Click to Check Blacklist Status
Continent: North America
Country: United States
State/Region: California
City: Mountain View
Latitude: 37.4192 (37° 25′ 9.12″ N)
Longitude: -122.0574 (122° 3′ 26.64″ W)
Postal Code: 94043

## Geolocation Map




**وێنەی (١١-٣)** زانینی شوێنی IP ی YouTube لەڕێی بەکارهێنانی وێبسایتی
www.whatismyipaddress.com


ئەمە یەکێکە لەو هەنگاوانەی کە دەکرێت IP هەرکەس و شوێنێکی پێ بدۆزیتەوە. پاش ئەوەی کە IP یەکەمان دەست کەوت، با بزانین چۆن بەکاری بهێنین بۆ هاککردن. پاش دەستکەوتنی IP ی ئامانجەکەمان، چەندین هەنگاوی تر ماوە تا کارەکەمان تەواو بکەین. لەسەرەتادا دێین گەڕان بۆ دۆزینەوەی Port ێکی کراوە دەکەین لە کۆمپیوتەری ئەو ئامانجەی دەستنیشانمان کردووە. مەبەست لەم کارە ئەوەیە کە ئەوەتان فێرکەین هاککەر چۆن سوود لەم خزمەتگوزاریە وەردەگرێت. هەروەها ئەوە بزانین کە چۆن خۆمان لەم شێوازی هاککردنە بپارێزین. ئەم کارە لەڕێی Windows، Linux یان هەر پلاتفۆڕمێکی ترەوە ئەنجام دەدرێت.

بۆ ئەم بابەتە، هەڵدەستین بە سکانکردنی کۆمپیوتەرەکانی دەوروبەرمان یان کۆمپیوتەری نێچیرەکە، کە دەستنیشانمان کردووە بە بەکارهێنانی (Network Mapper) Nmap یان Advance Port Scanner. من لەم نمونەیەدا Advance Port Scanner بەکاردەهێنم.

لەسەرەتادا پێویست دەکات کە هەوڵ بۆ دابەزاندن و دامەزراندنی بەرنامەی Advance Port Scanner یان هەر بەرنامەیەکی تری Port Scanner بدەین. ئێمە پێوسیت دەکات کە ئەم بەرنامەیە دابەزێنین، لەبەرئەوەی ئەم بەرنامەیە وەک ئامڕازێک بەکاردەهێنین بۆ دۆزینەوەی پۆرتە کراوەکان و کۆکردنەوەی زانیاری.


لەم لینکەی کە بەردەستە، دەکرێت بەرنامەکە دابەزێنین بە بێ بەرامبەر https://www.advanced-port-scanner.com، یاخود بۆ Nmap دەکرێت ئەم لینکە بەکار بهێنرێت https://nmap.org/download.html. پاش ئەوەی بەرنامەکەمان داگرت، پێویست دەکات کە بەرنامەکە لە کۆمپیوتەرەکەماندا دابمەزرێنین. پاش دامەزراندنی بەرنامەکە، ئەوا هەڵ دەستین بەکردنەوەی هەروەک لە وێنەی ژمارە (٤-١١) دا خراوەتەڕوو.

کەواڵەی کتێب




**وێنەی (١١-٤)** وێنەیەکی بەرنامەی Advance Port Scanner

پاش کردنەوەی بەرنامەی Advance Port Scanner هەڵ دەستین بە نوسینی ناونیشانی IP یەکەی مەبەستمانە و پاشان کرتە لەسەر Scan دەکەین. بەمەش هەموو ئەو پۆرتانەی کە کراونەتەوە بەلیستێک دەخرێنەڕوو، هەروەک لە وێنەی ژمارە (١١-٥) دا پیشاندراوە. جگە لەوە، لەمەوە دەکرێت ئەوە بزانین کە ئەو بەرنامەیەی بەکار هاتووە چ ڤێرشنێکیەتی. بە زانینی ئەم زانیاریانە دەکرێت ڕێگایەک بەردەست خەین کە بیگرینەبەر بۆ قۆستنەوەی کەمووکورتیەکان.




**وێنەی (١١-٥)** وێنەی لیستی ئەو پۆرتانەی کراونەتەوە لەرێی بەکارهێنانی بەرنامەی Advance Port Scanner

بۆ کاری هاککردن، من لێرەدا کار لەسەر IP وێبسایتی YouTube ناکەم، بەڵکو کار لەسەر IP نیتۆرکی تایبەتی خۆم دەکەم. پاش ئەوەی کە IP ئامانجەکەمان دەست کەوت، لەگەڵ ئەو پۆرتەی کە کراوەیە (بۆ نمونە لەم تاقیکردنەوەیەدا ئێمە کار لەسەر پۆرتی ٥٣ دەکەین) ئەوا لە پەنجەرەی فەرمان دەبێت بنووسین telnet [IP ADDRESS] [PORT] بە نمونە (telnet 192.168.0.120 53). بۆ بەکارهێنانی telnet مەرجە ئەم فەرمانە چالاک کرابێت لە کۆمپیوتەرەکەتدا.

داوای ئەو بەرنامە telnet داوای Login دەکات. بە نووسینی ناوی بەکارهێنەرو وشەی نهێنی (یاخود گەر ووشەی نهێنیت نەبوو تەنها بە نووسینی ناوی بەکارهێنەر) دەتوانین کە بچینە ناو ئەو کۆمپیوتەرەوە و دەستمان بە زانیاریەکانی ئەو کۆمپیوتەرە بگات لەرێی بەکارهینانی چەند فەرمانێک کە لەڕێی CMD بەکاری دەهێنین.

*(١١-١٠-١-١-١)  چۆنیەتی خۆپاراستن لە هاککردن لەڕێی زانینی IP یەکانمان ؟*

یەکێک لەوڕێگایانەی کە دەکرێت خۆمانی پێ بپارێزین شاردنەوەی IP یەکانمانە. چۆن ئەم کارەبکەین؟ بۆ شاردنەوەی IP یەکانمان چەندین ڕێگا هەیە. یەک لەو ڕیگایانە بەکارهێنانی خزمەتگوزاری VPN نەو تا ئێستا ئەمە باشترین ڕێگایە. گەر ئەم خزمەتگوزاریە بەکاربهێنیت، کاتێک کە لەسەر هێڵیت، ئەوا ئەو IP یەی کە دەبینرێت جیاوازە لەوەی کە تایبەتە بە کۆمپیوتەرەکەت. ڕێگایەکی تر بەکارهێنانی وێبگەڕی Tor. ئەم ڕێگایە کەسانێک بەکاری دەهێنن لەکاتی گەڕان بۆ هەندێک سەرچاوە، یان بۆ کاری کڕینی ئۆنلاین. وێبگەڕی Tor هەروەک وێبگەڕەکانی تری Chrome و Firefox و Safari بێ بەرامبەرە. کاتێک کە ئەم وێبگەڕە بەکاردەهێنیت زانیاریەکانت زیاتر پارێزراون و بە کەسێکی بێناو Anonymously دەمێنیتەوە. هەروەها بەکارهێنانی Proxy Server یەکێکی ترە لەو ڕێگایانەی کە دەکرێت IP یەکانمانی پێ بپارێزین. ئەم ڕێگایە کەمێک مەترسی خۆی هەیەو خێرایی ئینتەرنێتەکەشت خاوتر دەکاتەوە. هەندێک جار و لەهەندێک وڵات بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزاریە ڕێپێدراونیە.

یەکێکی تر لەو ڕیگایانەی کە دەکرێت خۆمانی پێ بپارێزین بۆ بەکارهینەرانی ویندۆز، بەکارهێنانی بەرنامەی Comodo firewall، کە بەرنامەیەکی بێ بەرامبەرە و دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ فیلتەرکردنی ئەو پۆرتانەی کە هەن.

### ١١-١٠-٢) نمونەی دووەم:

*بەکارهێنانی فشین بۆ بەدەستهێنانی ناوی بەکارهێنەرو، ووشەی نهێنی (Passwords)*

کاری فشین مەترسی خۆی هەیە، هەربۆیە پێویستە کە زۆر بەوریای یەوە بەو کارە هەڵسین. لەم نمونەیەدا با بزانین چۆن دەتوانین لەڕێی ساختەکاری فشینەوە ناوی بەکارهێنەرو، ووشەی نهێنی (Passwords) کەسانێک بەدەست بهێنین. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستە کە ئەم هەنگاوانە بگرینەبەر:


- دروستکردنی ئەکاونتێک بۆ ئەوەی ئیمەیڵێک بۆخۆمان دروست بکەین.
- کڕینی دۆمەینێک بۆ دروستکردنی وێبسایتێکی ساختە.
- درۆپ بۆکس بەکاردەهێنین، بەهۆی هەبوونی کەسانێکی زۆر کە لە درۆپ بۆکسەوە ئیمەیڵیان بۆ دەچێت.

لە هەنگاوی یەکەمدا هەڵدەستین بە دروستکردنی دۆمەینێک. بۆ ئەم نمونەیە ئەو دۆمەینەی دروستمان کرد بەناوی "dropbox4business.info" ەوەیە، لەبەر ئەوەی لەڕاستیدا https://www.dropbox.com/business هەیە. هەر بۆیە ئەم ناوە ئەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ فریودانی زۆرترین کەس کە ئیمەیڵیان بۆ دەنێرین. بۆ ئەوەی ئەو بڕوایە بدەین بە بەکارهێنەران کە زانیاریەکانیان پارێزراوە ئەوا کارێکی ئاسانە کە بە نزیکی ١٥ دۆلارێک بڕوانامەی سەلامەتی بکڕین، و بەمەش پاشگری https:// زیادکەین بۆ وێبسایتەکەمان. بەمەش لەبری http://www.dropbox4business.info ناونیشانی وێبسایتەکەمەن دەبێت بە https://www.dropbox4business.info ، بەلام من لەم تاقیکردنەوەیەدا ئەوەم نەکردووە.

پاشان لەهەنگاوی دووەمدا هەڵدەستین بە دروستکردنی وێبسایتێکی ساختە. دەکرێت لە سەرەتاوە وێبسایتێک بۆخۆت دروست بکەیت، بەڵام زۆر ئاسانتر دەبێت کە هەڵبستیت بە کردنەوەی وێبسایتی درۆپ بۆکس و پاشان لەو ڕێگایەوە دەکرێت هەموو پەیجەکە هەڵبگرین (Save) بۆ سەر کۆمپیوتەرەکەمان. پاشان ئەم فایلانە دەخەینە ناو وێبسایتەکەی خۆمان. دواتر پەیجی login ی خۆمان دروست دەکەین. بەم هەنگاوە، دەشێت سەرت بسوڕمێت کاتێک کە ئەتوانیت زۆر بەئاسانی وێبسایتێکی ساختە دروست بکەیت!


لە وێنەی (١١-٦) وە (١١-٧) دا دەکرێت ئەوە ببینین کە جگە لە ئەدرەسەکەی هیچ جیاوازیەک نابینرێت لە نێوان وێبسایتی https://www.dropbox.com/login وە وێبسایتە ساختەکە بەناوی dropbox4business.info.

وێنەی (١١-٦) بریتیە لە وێنەی پەیجی Login ی وێبسایتە ساختەکەی کە دروستمان کرد بەناوی dropbox4business.info. کاتێک لینکی ئەم وێبسایتە دەنێرین بۆ کەسانێک بەمەبەستی فریودانیان، بە کرتە کردن لەسەری ڕاستەوخۆ ئەم پەیجە دەکرێتەوە.




**وێنەی (١١-٦)** وێنەیەکی وێبسایتە ساختەکە بەناوی dropbox4business.info

وێنەی (١١-٧) بریتیە لە وێنەی پەیجی Login ی وێبسایتی DropBox کە خۆی هەیە. کاتێک کە بەکارهێنەر لەم وێبسایتەوە کردتە لەسەر Login دەکات، پاشان ئەم پەیجە دەکرێتەوە کە لەوێنەکەدا خراوەتەڕوو.





**وێنەی (١١-٧)** وێنەیەکی پەیجی Login ی وێبسایتی DropBox

لە هەنگاوی سێهەمدا دەست دەکەین بە نووسینی سکریپتێک کە هەڵبستێت بە بەدەست هێنانی ووشەی نهێنی. ئێستا وێبسایتە ساختەکە پەیجی Login ی Dropbox پیشان دەدات، بەڵام بەهیچ کارێک هەڵناسێت. بەیارمەتی گوگڵ، من هەڵسام بە نووسینی نزیکەی ٢٥ دێرێک لە کۆد کە بتوانێت هەڵبستیت بە ناردنی ئیمەیڵ. لەم ڕیگایەوە ناوی بەکارهێنەر و ووشەی نهێنی، کە بەکارهێنەر هەڵدەستێت بە نووسینی لە پەیجی login ی وێبسایتە ساختەکەدا بەدەست دەهێنین. پاش ئەوەی ئەو زانیاریانە بۆ ئێمە دەنێرێت، هەڵدەستێت بە ئاراستەکردنی بەکارهێنەرەکە (کە وێبسایتە ساختەکەی بەکار هێناوە) بۆ وێبسایتە راستیەکە (ڕەسەنەکە) ی Dropbox. بەمەش گەر Dropbox cookie لە کۆمپیوتەری ئەو بەکارهێنەرەدا مابێت (بەهۆی ئەوەی کە پێشتر ئەو وێبسایتەی بەکارهێنابێت) ئەوا تۆی بەکارهێنەر ڕاستەوخۆ دەچیتە ناو وێبسایتی Dropbox ەوە بەبێ ئەوەی کە تێبینی هیچ شتێکی نامۆ بکەیت.

پاش ئەوەی کە وێبسایتەکە ئامادەبوو، کاتی ئەوەیە کە ئیمەیڵ بنێریت بۆ هاوڕێکانت یان هەر ئیمەیڵێکی تر کە بخوازیت. لێرەدا دەکرێت سکریپتی دروستکردنی وێبسایتێکی ساختە بنووسیت کە هەڵبستیت بەناردنی ئیمەیڵی هاوشێوەی ئەو ئیمەیلانەی Dropbox دەی نێرێت بۆ بەکارهێنەران.


دەکرێت خۆمان بپارێزین لەوەی کە گوگڵ بەوە بزانێت کە ئەو ئیمەیڵانەی ئێمە دەینێرین ساختەن، ئەویش بەوەی کە تەنها ئیمەیڵەکان بۆ چەند کەسێکی دیاریکراو بنێرین. بۆ نمونە من تەنها ئیمەیڵم بۆ سێ ئیمەیڵی تر نارد لەژێر ناونیشانی " Someone wants to share a file with you".




**وێنەی (١١-٨)** وێنەیەکی ئیمەیڵی داواکاری بۆ هاوبەشی پێکردنی فایلێک کە لەڕێی وێبسایتێکی ساختە بەناوی dropbox4business.info نێردراوە

هەواڵنامەی کتێب

کاتێک کە ئەو بەکارهێنەرەی ئیمەیڵەکەی من دەکاتەوە و کلیک لەسەر ( Add file to my account) دەکات، ئەوا ئەو پەیجە دەکرێتەوە و کە هەوڵی login دەدات نازانێت کە ئەو لەسەر وێبسایتێکی ساختە ئەو کارە دەکات، هەربۆیە لەم ڕێگایەوە ناوی بەکارهێنەرو پاسۆردی ئەو بەکارهێنەرەمان پێدەگات.




**وێنەی (١١-٩)** وێنەیەکی ناوی بەکارهێنەرو ووشەی نهێنی کە لەڕێی وێبسایتی ساختەی dropbox4business.info پێمان دەگات




## ١١-١١) نمونەی پرسیار و وەڵام

لەم بەشەدا بەباشم زانی چەند نمونەیەکی پرسیارکردن و وەڵامەکانیان بخەمە بەردەست خوێنەران (دەشێت پرسیارەکان وەڵامی تریش هەڵبگرێت). هۆکاری ئەمەش دەگێڕمەوە کە ئەم کتێبە دەکرێت لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خوێندندا سودی لێ وەربگیرێت. بێگومان لەکاتی بەکارهێنانی کتێبێکی لەم جۆرە بۆ مەبەستی فێرکاری و ئاشنابوون بە بابەتەکانی، دەشێت هەوڵ بدرێت وەک هەڵسەنگاندنێک چەندین پرسیار دروست بکەیت بۆ هەر بەشێک لە بەشەکانی کتێبەکە. بەڵام من زیاتر ئەم جۆرە پرسیارانەم بەشێوەیەک ڕێکخستووە کە مەبەست لێی لەبەرکردنی هیچ بڕگەو بابەتێک نەبێت. بەڵکو دەکرێت بەدەر لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەش ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاریتریش لەخۆمان بکەین سەبارەت بەم بابەتانە، تاوەکو ئاستی تێگەیشتنمان لەسەر بابەتیکی وەها بزانین.

هەواڵنامەی کتێب

**پرسیار و وەڵام:**

١. لە چ ڕوانگەیەکەوە دەکرێت ئینتەرنێت بە شار بەراورد بکرێت؟
**وەڵام:** شوێن (شت) ی باش و شوێنی خراپ لەخۆ دەگرێت.

٢. ناوی چەند جۆرێک لە وێبسایتە خراپەکان بخەرەڕوو.
**وەڵام:** ئەو وێبسایتانەی کە زانیاری نادروست لەسەر ئەو بەرهەمانەی کەهایانە دەخەنەڕوو، بەمەبەستی فریودان و هاندانت بۆ کڕینیان. ئەو وێبسایتانەی کە ناوەڕۆکی بابەتەکانی دەیخەنەڕوو نادروستەو دورە لە ڕاستیەوە. ئەو وێبسایتانەی کە هەوڵی بردنی زانیاری کەسیت دەدەن و دەیخەنە بەردەست لایەنی سێهەم. ئەو وێبسایتانەی کە لەڕێی ناردنی تێکست میسجەوە بۆ مۆبایلەزیرەکەکان هەوڵی بردنی بالانس لە ئەژمارەکەت دەدەن.... هتد

٣. هیچ کاتێک سەردانی وێبسایتێکت کردووە کە زانیبێتت خراپە یان لەکاتی سەردانیکردنیا بۆت دەرکەوتبێت کە ئەو وێبسایتە گونجاو نیەو بەشێوەیەک لە شێوەکان خراپە؟ گەروایە، چ جۆرە وێبسایتێک؟
**وەڵام:** دەکرێت وەڵامی جیاواز هەبێت....

٤. خراپترین لایەنی نەرێنی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان چیە؟
**وەڵام:** ئەوەی لە شاشەی کۆمپیوتەرەکەتەوە یان لەڕێی شاشەی مۆبایلە زیرەکەکەتەوە دەیبینیت، ڕەنگ دانەوەی دروستی ئەو جیهانە نیە کە تۆ تیایدا دەژیت.

٥. چۆن کەسانی خراپەکار تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بەکار دەهێنن؟
**وەڵام:** ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان دەگۆڕن بەمەبەستی فریودان بە ئامانجکردنی گەنج

٦. دەتوانیت چی بکەیت تاوەکو خۆت بپارێزیت لەو خراپەکارانە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەکار دەهینن بۆ بە ئامانج گرتنت و فریودانت؟

**وەڵام:** ئەو پێگانە هەڵدەبژێرم کە ڕیگایەم پێدەدات من بڕیار بدەم کە بە چ شێوەیەک وێنەو زانیاریەکانم ببینرێن و هاوبەشی پێبکرین لە لایەن کەسانی ترەوە.

٧. بۆچی دەبێت زۆر وریابین و بەباشی بیر بکەینەوە کاتیک دەخوازین ئەو پەیام و وێنانەی هەمانە بڵاویان بکەینەوە لەڕێگای ئۆنلاینەوە؟

**وەڵام:** لەبەر ئەوەی دەکرێت ئەو پەیام و وێنانە بۆ چەندین ساڵ بپارێزرێت و بەکار بهێنرێ لە دژمان، یان بگەیەنرێتە دەست کەس و کارمان، مامۆستاکانمان، لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەت، پۆلیس، بەرپرسانمان لەشوێنی کارەکانمان، ......هتد.

٨. بۆچی دەبێت بیربکەینەوە و وریابین لە پێدانی زانیاری زۆر سەبارەت بە ناسنامەمان بە کەسی نەناسراو؟

**وەڵام:** لەبەر ئەوەی دەشێت ئەو کەسە مەبەستی خراپ بەکارهێنانی بێت و بتوانێت کە لە زانیاریە کەسیەکانمانەوە بزانیت کێین و لە چ شوێنی نیشتەجێین.

٩. پێویست دەکات چی بکەین کاتێک کەسێکی نەناسراو ئیمەیڵێک، یان پەیامێکمان بۆ دەنێرێت و هەوڵی زانینی شتە تایبەتیەکانی ژیانمان دەدات و ناڕەحەتمان دەکات؟

**وەڵام:** پێویست دەکات بەزوترین کات ئەو پەیوەندیە بوەستێنین و کەسە نزیکەکانمانی لی ئاگادار بکەین.

١٠. ئەو دوو شتە چیە کە پێویست دەکات دڵنیابیت لە بوونیان کاتێک هەوڵی پارەدان دەدەیت لە ڕێگای خزمەتگوزاری ئۆنلاین؟

**وەڵام:** https وە lock icon

١١. کام کڕین و فرۆشی ئۆنلاین زۆر باوەڕپێکراوە؟
**وەڵام:** ئەو دوکانداریە ئۆنلاینانەی کە زۆر ناسراون.

١٢. کام سێ شت زۆر گرنگە کە کڕیاران و فرۆشیارانی ئۆنلاین پێویست دەکات هەیان بێت لەسەر وێبسایتەکانیان؟
**وەڵام:** ناونیشانی تەواو، ژمارەی تەلەفون، ئاماژەیەکی زۆر ڕون سەبارەت بە مافی گێڕانەوە و وەرگرتنەوەی پارە.

١٣. ئەو فریوێنەرانەی کە فشین بەکار دەهێنن هەوڵی بردنی چی دەدەن؟
**وەڵام:** زانیاری ئەژماری بانکی، کارتی متمانە، ناوی بەکارهێنەرو ووشەی نهێنی، زانیاری کەسی، وە زانیاری دارایی.

١٤. فریودانی فشین سەرەتا چۆن دەست پێدەکات؟
**وەڵام:** لەڕێی ئاگادارکردنەوەیەک بە ئیمەیڵ، جا ناوەڕۆکەکەی هەرچیەک بێت، بۆ نمونە واپیشانی ئەدەن کە لەڕێی بانکێکەوە....... هتد.

١٥. ئیمەیڵی فشین داوای چی دەکات لەو کەسەی کە هەوڵی فریوانی دەدات؟
**وەڵام:** بەپەلە بچۆ ئەو لینکە بکەوە، یان سەردانی ئەو وێبسایتەبکە، یان ئەو فایلە ... هتد.

١٦. پێویست دەکات چی بکەیت کاتێک ئیمەیڵێکی فشینت پێدەگات؟
**وەڵام:** ڕاستەوخۆ بیکوژێنەوە.

١٧. مەبەست چیە لە بەشوێنداگەڕان (سکانکردن) ی بەندەر (پۆرت)؟
**وەڵام:** سکانکردنی بەندەر، کرداری ناردنی پەیامە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نیتۆرکێک، یان سیستمێکی کۆمپیوتەر، ... هتد. لەڕێی شیکردنەوە بۆ ئەو ئەنجامانەی بەدەستمان دەگات.

١٨. مەبەست چیە لە دیواری پارێزگاری (فایەرۆڵ) Firewall؟
**وەڵام:** لە سیستمی کۆمپیوتەردا دیواری پارێزگاری بریتیە لە سیستمی پاراستنی کۆمپیوتەر یان نیتۆرک (ئامێرێکە کە کاری ڕێگا پێدان یان ڕیگا پێنەدانی هاتوچۆکردن دیاری دەکات ). هەڵدەستێت بە چاودێریکردنی ڕێڕەوی هاتوچۆی زانیاریەکانی کە دێن و دەڕۆن (دەردەچن و دێنە ناوەوە) بۆ ئەو کۆمپیوتەرە یان نیتۆرکە، وە زاڵبوون بەسەریاندا بە پشت بەستن بە چەند ڕێساو یاسایەک کە پێشتر دیاریکراوە.

١٩. کەی هەڵدەستیت بە بەکارهێنانی tracert/traceroute؟
**وەڵام:** لەکاتێکدا کە نەتوانین فەرمانی ping بۆ گەیشتن بە دواین جێی مەبەست بەکار بهێنین. ئەو کات فەرمانی tracert یارمەتیمان دەدات لە دیاریکردنی شوێنی وەستان یان پچڕانی پەیوەنیەکە. ئەو وەستانە دەشێت لە شوێنی دیواری پارێزگاری Firewall، یاخود شوێنی دابینکەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت ISP (Internet Service Provider)، یا ڕاوتەر Router، یان هەر جێگایەکی ترەوەبێت.

٢٠. مەبەست لە نیتۆرک (تۆڕی) کۆمپیوتەر چیە؟
**وەڵام:** مەبەست لە نیتۆرک، بوونی دوو کۆمپیوتەر (ئامێر) یان زیاترە لە سیستمێکدا کە بەیەکەوە بەسترابن بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و هاوبەش پێکردنی سەرچاوەکانیان.

هەواڵنامەی کتێب

٢١. مەترسی و هەڕەشەکانی لاوازی لە سیستمی کۆمپیوتەرەکەت یان ئەو بەرنامە کۆمپیوتەریانەی کە بەکاریان دەهێنیت چیە؟
**وەڵام:** لاوازی لە سیستم یان بەرنامە کۆمپیوتەریەکاندا، مەبەست لێی بوونی بۆشاییەکە لە توانای سیستمی پارێزگاری ئەو سیستمە یان بەرنامەیە. هەڕەشە مەبەست لێی ئەو کەسەیە کە هەوڵی قۆستنەوەی ئەو لاوازیە دادات. مەترسی ئەو زەرەرو زیانانەیە کە دەشێت بەهۆی ئەو هەڕەشانەوە تووشمان ببێت کاتێک کە ئەو لاوازیە دەقۆسترێتەوە بۆ مەبەستی هێرشکردنەسەر سیستمی کۆمپیوتەرەکەمان. بۆنمونە، بەکارهێنانی ئەو ناوی بەکارهێنەرو ووشەنهێنیانەی کە بەشێوەیەکی ستاندارد دانراون بۆ سێرڤەر، کە هێرشکەر زۆر بەئاسانی دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ چونە ناو سیستمی ئەو سێرڤەرەوە، ئەمەش دەکرێت ببێت بە هەڕەشە لەسەر تەواەی ئەو سیستمە.

٢٢. مەبەست چییە لە هاککەری کڵاو ڕەش، کڵاو سپی، وە کڵاو خۆڵەمێشی؟
**وەڵام:**

**هاککەرانی کڵاو ڕەش:** کەسانێکن کە هەوڵی دۆزینەوەی لاوازی لە سیستمی کۆمپیوتەری کەسێک یان شوێنێکدا دەدەن و، هەوڵی قۆستنەوەی دەدەن بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی دارای بۆ خۆیان، یان بۆ هەر مەبەستێکی تری تاکەکەسی بێت. کەسی بەرکەوتوو هیچ دەسەلاتێکی نیە بەسەریاندا.

**هاککەرانی کڵاو سپی:** کەسانێکی شارەزان لە بواری سیستمی ئاسایشی کۆمپیوتەردا، هەڵ دەستن بە شکاندنی سیستمی پارێزگاری تۆڕیکی پارێزراو بۆ کاری هەڵسانگاندن و زانینی ئاستی سەلامەتی ئەو سیستمە. ئەم جۆرە کارانە لەژێر ڕۆشنایی ڕێککەوتنێکدا ئەنجامدەدرێت، کە ناکرێت ئەو کارەیان ئاشکرا بکەن بۆ کەسانیتر. ئەم هاککەرانە ئەو شارەزاییەی کە هەیانە بەکار دەهێنن بۆ باشترکردنی ئەو خاڵە لاوازانەی کە لە سیستمی نیتۆرک یان کۆمپیوتەری شوێنێک یان کەسێک دا هەن بۆ پاراستنیان لە هاککەرانی کڵاو ڕەش. ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی پێش ئەوەی هاککەرانی کڵاو ڕەش دەستیان بەمە بگات، ئەمان خۆیان هەولی بەهێزکردن و پارێزگاری بدەن.

**هەککەری کڵاو خۆڵەمێشی:** کەسانێکن کە وەک شارەزایەکی بواری سەلامەتی یان وەک هاککەری کڵاو سپی کار دەکەن، بەڵام هەندێک جار ئەو ڕێساو یاسایەنە پێشێل دەکەن کە پێویست دەکات لە چوار چێوەیاندا کارەکانیان بەئەنجام بگەیەنن. هەککەری کڵاو خۆڵەمێشی بە ئەنجامدانی ئەو سەرپیچیەی کە دەیکەن، مەبەستیان گەیاندنی زەرەرو زیان نیە وەک ئەوەی کە هاککەرانی کڵاو ڕەش مەبەستیانە.

٢٣. ئایا کاری فریودان لەڕێی فشین تەنها بەهۆی ناردنی ئیمەیلەوە دەکرێت؟

**وەڵام:** نەخێر، فریوینەرانی زانیاری کەسی هەندێک جار پەیوەندی تەلەفونی بەکار دەهێنن، هەروەک چۆن تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانیش بەکاردەهێنن. یەکێکی تر لە بەکارهێنانەکانیان بریتیە لە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی بەرنامە زیانبەخشەکان (ماڵوار)، کە بەکارهێنەر دەفریوینن بۆ داگرتنیان لە کۆمپیوتەرەکانیاندا. ئەم بەرنامە زیانبەخشانە دەتوانن کە چاودێری کیبۆردی کۆمپیوتەری بەکارهێنەران بکەن و، ئەو زانیاریانەی لەڕێی کیبۆردەکانەوە دەنوسرێت و پەیوەستن بە ناوی بەکارهێنەرو ووشەی نهێنی و ئەژماری بانکی، یان هەر زانیاریەکی تری بەسوود دەکرێت لە لای خۆیان تۆماری بکەن و پاشان باکاریان بهێنن.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پاشکۆ



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

## پاشکۆی (آ)

ئاماژەکانی ناسینەوەی ئیمەیڵێکی یاری بەختی ساختە

لە پاشکۆی (آ) دا هەریەک لەو بڕگانە ڕوندەکەینەوە کە لە وێنەی ژمارە (٣-٧) دا خراوەتەڕوو، سەبارەت بە ئەو ئاماژانەی کە دەکرێت ئیمەیڵێکی یاری بەختی ساختەی پێ بناسینەوە.

١

This is to inform you on the release of the EL-GORDO SWEEPSTAKE LOTTERY PROGRAM held on the 29th OF APRIL 2005. Your name is attached to ticket number 025-11-464-992-750 with serial number 2113-05 drew the lucky numbers 13-15-16-21-34-36 which consequently won the lottery in the 3rd category.

**تەنها تۆ**

فریوێنەران زانیاری تایبەت بە تۆ بەکار دەهێنن تا بتخەڵەتێنن و وا تێبگەیت کە ئەو نامەیە تایبەتەو بۆ تۆ هاتووە. تۆ تاکە کەسی کە ئەم نامەیەت پێگەیشتووە.

**ئەمە ڕاست نیە!**

لەراستیدا هەزارەها کەسانیتر هەمان زانیاریان پێگەیشتووە بەشێوەیەکی هەرەمەکی.

٢

You have therefore approved for a lump sum payout of USD 615,810.00 (SIX HUNDRED AND FIFTEEN THOUSAND EIGHT HUNDRED AND SIXTY EIGHT THOUSAND, SEVEN HUNDRED AND TEN UNITED STATES DOLLARS ONLY) in cash credited to file with REF.NO.EG/2251256003/01

**بڕێکی زۆری پارە!!!**

پیشاندانی بڕێکی وا زۆری پارە لە لایەن فریوێنەرانەوە، بۆ ئەوەیە کە سەرنجت ڕابکێشێت. بەڵام ئەمە دورە لەڕاستیەوە. چۆن دەبێت تۆ خەڵاتێکی ئاوەها ببەیتەوە لەکاتێکدا بەشدار نەبوویت تیایدا؟

٣

and BATCH NO. 000750013.This is from a total cash prize of USD 10,468,770 (TEN MILLION FOUR HUNDRED AND SIXTY EIGHT THOUSAND, SEVEN HUNDRED AND SEVENTY US DOLLARS ONLY) shared among 17 (Seventeen) international winners in this category, CONGRATULATIONS!!!

**پارەیەکی ڕاستی بوونی نیە**

لۆتەریەکی ڕاستەقینەنیە، جا چۆن دەبێت کە خەڵاتێکی پارەی لەو جۆرە هەبێت؟

٤

Your fund is now deposited with a security company and insured in you name. **Due to mix up of some numbers and names, we ask that you keep this award from public** notice until your claim has been processed and your money remitted to your account as this is part of our security protocol to avoid double claiming or unwarranted taking of an advantage of this program by participants.

**بەکەسی مەڵێ!**

فریوێنەران هەوڵی ئەوە دەدەن کە وات لێبکەن کە ئەو هەواڵی بردنەوەیە بەکەس نەڵێیت. ئەمەش لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەیان هەیە گەر بەکەسانێک بڵێیت و ئەوان بزانن کە ئەمە کارێکی فریوێنەرانەیە.

All participants were selected through a computer ballot system drawn from 25,000 names from Asia, Australia, New Zealand, Europe. America and North America as part of our international promotions program which we conduct once every year. We hope your lucky name will draw a bigger cash prize in the next years highstake USD 1.3 BILLION inter.lottery.

٥

**ئەوە تۆ نیت کە بە بەخت بیت!!!**

فریوێنەران ئەوەت پێدەڵێن کە بە هەڕەمەکی تۆ هەڵبژێردراویت بۆ ئەو خەڵاتە ئەمە ڕاست نیە! تۆ و هەزارانی تر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون کە بفریوێنرێن و بین بە قوربانی دەست فریوێنەران و ساختەکاران.

٦

To begin your claim, please contact your claims agent, DR, ROSA HARRISON the foreign service Manager of SANTA LUCIA SECURITY COMPANY, S.A. on TEL:011 34 653-262-748 FAX: 011-34 675-339-003 for the processing and remittance of your winning prize money to a designation of your choice.

**خەڵاتی فریودان**

فریوێنەران نایانەوێت کە خەڵاتەکەت بۆ بنێرن لەبەر ئەوەی خەڵاتێکی لەو جۆرە بوونی نیە! ئەوان دەیانەوێت کە تۆ پەیوەندیان پێوەبکەیت تا زانیاری کەسێتی و زانیاری لەسەر ئەژماری بانکی خۆتیان پێ بدەیت. پاشان بیانویەک دروست دەکەن تا بڕێک پارەیان بۆ بنێریت لەبری باج و کاری کارگێڕی. هەر کە پارەیەکی لەو جۆرەت نارد، بیانوی تر دەدۆزنەوە بۆ داواکردنی پارەی زیاتر. پاشانیش خۆیان هەوڵ دەدەن کە چ بڕەپارەیەک لە ئەژماری بەنکیەکەتدا هەبێت بیدزن لەڕێی ئەو زانیاریانەی کە بەردەستت خستوون.

Remember, all prize money must be claimed not later than 4th of July 2005 this date all funds will be returned to the MINISTERIO DE ECONOMIA Y HACIENDA as unclaimed. And also be informed that 10% of your Lottery Winning will be paid to SANTA LUCIA SECURITY COMPANY S.A. after you have received your money.

NOTE: in order to avoid unnecessary delays and complications, please remember to quote your reference and batch numbers in every correspondence with us or your agent. Furthermore, should there be any change of your address do inform your claims agent as soon as possible. Enclosed with this letter is also a payment processing form which you should complete and return to Fax Number o11 34 67-339-003 for immediate processing of your claims.

٧


پەلەبکە تا کات بەسەر نەچووە!

فریوێنەران فشارت دەخەنەسەر بەوەی کە کاتێکی دیاریکراو هەیە. تا بواری ئەوەت نەدەن بەڕاستی بیربکەیتەوەو لەوە تێبگەیت کە ئەو هەلەی پێ یان داویت ساختەیە.

هەوڵبدە کە وەڵامت نەبێت بۆیان!

کاتی خۆت وەربگرە تا لەو پەیامە بکۆڵیتەوەو چاودێرانی فریوێنەران ئاگادار بکەرەوە تا یارمەتیت بدەن.

YOURS SINCERELY,




٨

JOSE LUIS MIGUEL,

VICE PRESIDENT,

ئەم لۆگۆیە لە لۆگۆیەکی ڕاستەقینە دەچێت، بەڵام ئەمە ڕاست نیە.

فریوێنەران ئەم لۆگۆیانە ساختەدەکەن تا وابیشان بدەن کارەکانیان لە شوێنێکی ڕاستەقینەوە هاتووە. ئەم لۆگۆیانە بە ئاسانی ساختەدەکرێن. لەڕێی وەرگرتنی لۆگۆی لۆتەری یەکی ڕاستەقینەوە. لەبەر ئەوەی ئەم کارانە بەزۆری لەو دیو سنورەکانی وڵاتەکەی خۆتەوە دێن. هەر بۆیە بواری پشتڕاستکردنەوەیت نابێت.

هەواڵنامەی کتێب

## پاشکۆی (ب)

ناوەڕۆکی ئیمەیڵی فریوێنەران بۆ بەردەستخستنی هەڵێکی کار لە کۆمپانیای Drilling Excellence Limited, Scotland

لە پاشکۆی (ب) دا، تەواوای ناوەڕۆکی ئەو ئیمەیڵەی لە وێنەی ژمارە (۷-۲) دا پیشان دراوە خراوەتەڕوو کە فریوێنەران بۆ بەردەستخستنی هەڵێکی کار لە کۆمپانیای Drilling Excellence Limited, Scotland بۆ یەکەم جار ئاڕاستەی منیان کرد.

ATTN: Job Applicant

We are pleased to announce to you the recruitment process going on now in our company at Drilling Excellence Limited, Scotland, we belive that your expirenece will be of a valuable assets to us. We ill be responsible for the processing of your traveling document papers, if you are found successful.

Mail: career.drillingexcellenceltd@gmail.com

kindly send a copy of your updated resume/CV to our above career department email, so that we can re-confirm the details we found in your Resume/CV posted to us by Naukri.com, our recuritment agency.

Regards,
Recruitment Manager.

هەواڵنامەی ژیر



## پاشکۆی (ج)

ناوەڕۆکی ئیمەیڵی فریوێنەران کە پێی ئاگادارکارمەوە لەوەی

سی ڤی نوێی منیان بەدەست گەیشتووە

لە پاشکۆی (ج) دا، تەواوی ناوەڕۆکی ئەو ئیمەیڵەی لە وێنەی ژمارە (٧-٣) دا پیشان دراوە خراوەتەڕوو کە فریوێنەران منیان پێ ئاگاداركاردەوە لە بەدەست گەیشتنی سی ڤیە نوێیەکەم.

Dear: Applicant

Thank you for expressing your interest in working with us. This email serves as your confirmation that we have received your resume.

Your Resume/CV will be carefully reviewed against the qualifications of this open vacancy. Should your experience and skills match the role requirements we will contact you.

We will process your traveling document and will send all your traveling documents to UK consulate in your location, note that we will notify you when to go to the consulate for collection and official stamping of your 4 years visa, including your family if you are relocating with them (ONLY

FOUR FAMILY MEMBERS ARE ALLOWED). This benefit will be on early notification from employee to employer.

There will be no further interview as your appointment is basically on the information/experience, which you have in your resume before screening.

There will be a routine check of your credentials on arrival by the Human Resource Department to confirm validity. On your arrival.

Note, you will undergo a face to face oral interview, on your arrival here in Scotland, failure to pass the interview you will be subjected to undergo an intensive orientation training for one week, in other to regularize you with our institutional working standard. Drilling Excellence Limited reserves the right to investigate all the details provided. Falsification of documents, incorrect information is a basis for denial, refusal or termination of employment.

The strength and vitality that Drilling Excellence Limited, today enjoys is due in no small part to the many important contributions made by each of its members. The company benefits greatly from the dedication and professionalism that each of you brings to your work.

We will get back to you as soon as your contract document is ready. Always check your email in order to follow up your application.

Thank you again for your interest in working with us.

Sincerely,

Dr Joaquim Renatus

Recruitment Manager



## پاشکۆی (د)

ناوەڕۆکی ئیمەیڵی فریوێنەران کە بۆ پیرۆزبای ناردبویان

لە پاشکۆی (د) دا، تەواوی ناوەڕۆکی ئەو ئیمەیڵەی لە وێنەی ژمارە (٧-٧) دا هاتووە بەردەستە، کە فریوێنەران بەمەبەسی پیرۆزبای ناردبویان بە بۆنەی پەسەندکردنی سی ڤیەکەم بۆ کارکردن لەگەڵ کۆمپانیای Drilling Excellence Limited, Scotland.

ATTN:  Applicant,

Please accept our heartiest congratulations on your selection to work with us in the on-going recruitment process. This is such a wonderful opportunity for you. Your CV/resume really wowed the hiring manager and executives of Drilling Excellence Ltd who cross checked your CV/resume document, and they both assured you the company would be in touch soon with their decision.

You're a shoe-in for the job, and you'll probably get it. Start arranging your relocation effort to Scotland, as Drilling Excellence Ltd are preparing your contract document. For our valued employees, we strive to administer our policies, as well as our benefit and compensation programs, in a manner that is competitive, fair, and understandable.

On your arrival to Scotland, note that there will be a routine check of your credentials on arrival by the Human Resource Department to confirm validity. You will undergo an oral interview face to face with the Human Resources Executives of Drilling Excellence Ltd.

Failure to pass the interview will subject you to undergo intensive orientation training for one week, in other to regularize you with our institutional working standard. Please ensure that all information provided on your documents is true and correct, as we reserve the right to investigate on all information and details given.

As an esteemed company, Drilling Excellence Ltd takes special interest in the well-being of everyone in its institution. The policies, benefits, and services that will be described in your job offer document reflect that concern. I encourage you to take advantage of the many opportunities and resources available to you for your personal growth and professional development.

I hope you will derive much satisfaction and personal fulfillment in knowing the vital contribution that you will make to the success of our company.

We will get back to you as soon as your contract document is ready. Always check your email in order to follow up your application.

Thank you once again as we remain committed to you.

هەوالنامەی کتێب

Sincerely,

Dr Joaquim Renatus

Recruitment Manager

Hr. Tel: (+44) 14128 06892

Drilling Excellence Limited

## پاشکۆی (هـ)

ناوەڕۆکی ئیمەیڵی فریوێنەران بەمەبەستی ناردنی وێنەیەک لە گرێبەستی کارکردن

لە پاشکۆی (هـ) دا، تەواوی ناوەڕۆکی ئەو ئیمەیڵەی لە وێنەی ژمارە (٧-٨) دا هاتووە بەردەستە، کە فریوێنەران بەمەبەسی ناردنی وێنەیەک لە گرێبەستی کارکردن ناردبویان. مەبەست لەم ئیمەیڵە بینینی گرێبەستی کارکردن و واژوکردنی بوو لەلایەن منەوە.

DRILLING EXCELLENCE LTD

Elevator Business Centre Admiral Court, Poyernook Road,

Aberdeen, Scotland, AB11 5QX UK

Website: www.drillingexcellenceltd.com

HR Email: hr@drillingexcellenceltd.com

HR TEL:  (+44) 14128 06892

ATTN: JAMAL OMAR MOHAMMED

هەواڵنامەی کتێب

At Drilling Excellence Ltd, We strive to live through our mission statement: "To develop people to work together to create value for the Company, community and shareholders by doing it right with fun and integrity." As one of the leading Drilling Company in Scotland UK in petroleum and natural gas extraction, safety is a core value. We conduct all of our operations in a way that identifies, minimizes and mitigates harm to the health and safety of employees, contractors, the public and the environment. Drilling Excellence Ltd is an equal opportunity employer and does not discriminate on the basis of race, religion, color, national origin, age, sex, gender, disability or any other characteristic protected by law. It provides all of its employees with benefits that reflect today's reality. These include a competitive salary and vacation policy, as well as a flexible group insurance plan that can be adjusted to fit the needs of each employee.

Working for an international Drilling Company also offers exceptional growth potential and a wide variety of Career Opportunities to keep you engaged long-term. Details about this job offer letter is attached herewith for clarifications and understanding of the information you need to know.

As a new member of our staff, you are a part of a company that is proud of its esteemed heritage and the accomplishments that have made it an outstanding national .  Drilling Excellence Ltd, as an employer, is committed to providing an environment that is conducive to carrying out the company's mission.

For our valued employees, we strive to administer our policies, as well as our benefit and compensation programs, in a manner that is competitive, fair, and understandable.  This Document attached intends to communicate terms and conditions of employment that apply to each of us as we carry out our important responsibilities at Drilling Excellence Ltd

The policies, benefits, and services detailed herein reflect a concern not only for the well-being but also for the personal growth and development of all members of the Drilling Excellence Ltd.  As an esteemed organization, Drilling Excellence Ltd takes special interest in the well-being of everyone in its community. The policies, benefits, and services that has been described in your job offer document reflect that concern. I encourage you to take advantage of the many opportunities and resources available to you for your personal growth and professional development.

I hope you will derive much satisfaction and personal fulfillment in knowing the vital contribution that you will make to the success of our company.

While the Document attached provides important information relative to all aspects of your employment at Drilling Excellence Ltd, it can be used as the basis for all decisions.  To that end, I encourage you to consult with us the members of Drilling Excellence Ltd Human Resources Department.  The Human Resources Department is structured to

provide a full range of services, including benefits administration, recruiting and placement, classification and compensation, and employee relations. We also focus great attention to institutional diversity, employee development, faculty/staff assistance, and child care.

Attached is your Contract document for your perusal. You are to print it out, carefully read through it. If you find the contents satisfactory, hand fill and sign it. Send a copy back to us for notarization of your job acceptance.

We invite your comments on the contents of this Document attached, as well as any other observations that may be helpful in the delivery of services to the Drilling Excellence Ltd Community. On behalf of the entire Human Resources Department, I give you our very best wishes for fulfillment and success at Drilling Excellence Ltd.

Whereby you accept this offer kindly get back to us with the signed copy of the acceptance page attached with a copy of your passport photograph for us to take notification of your job acceptance and guide you on the next step to follow in completion of our employment formality.

NOTE: That all UK based employees are to report personally to our office with identification materials for signing and collection of hard copy of their contract documents. This is inline with the expatriate statuary law of the UK in compliance with the EU Terrorism Act.

We are glad today because yo have taken the very important step in your career; we congratulate you and look forward to meeting you soon.

Say no to racism!!!!

Note: Drilling Excellence Ltd recruits people with relevant qualifications and experience interested in supporting Britain's development programme in the UK and overseas, Drilling Excellence Ltd is an equal opportunities employer.
Once again, welcome to the family.

Sincerely,
Dr Joaquim Renatus

Recruitment Manager

Hr. Tel: (+44) 14128 06892

Drilling Excellence Limited

Website: www.drillingexcellenceltd.com

Email: hr@drillingexcellenceltd.com

هەواڵنامەی کتێب

# پاشکۆی (و)

ناوەڕۆکی ئیمەیڵی فریوێنەران کە پێی ئاراستەکرام بۆ دەزگایەکی تر

بەناوی Aberdeen Immigration Expert

لە پاشکۆی (و) دا، تەواوی ناوەڕۆکی ئەو ئیمەیڵەی لە وێنەی ژمارە (٧-١٧) دا هاتووە بەردەستە، کە فریوێنەران پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی من بە کارکردن لەگەڵیان هەڵدەستن بە ئاڕاستەکردنم بۆ دەزگایەکی تر بەناوی Aberdeen Immigration Expert.

DRILLING EXCELLENCE LTD

Elevator Business Centre Admiral Court, Poyernook Road,

Aberdeen, Scotland, AB11 5QX UK

Website: www.drillingexcellenceltd.com

HR Email: hr@drillingexcellenceltd.com

HR TEL:  (+44) 14128 06892

ATTN: Jamal Omar Mohammed

هەواڵنامەی گێتر

It is with great pleasure that I welcome you to Drilling Excellence Ltd. We the Human Resource Department have acknowledge the receipt of your mail and the content therein and we are glad today because you have chosen the very important step in your career to join our esteemed organization which is one of the leading Extraction of crude, petroleum and natural gas Company, here in Scotland UK, and we hope that your experience will be among our most valuable assets.

We will provide education assistance for our international expatriate and also Health, life and disability insurance shall be one included in your benefit package which will be handed over to you on your arrival for the orientation training program that is important for every of our new staff and you are expected to arrive here at least 2 to 3

days before the orientation program to enable you acclimatize with the working environment.

We advise you to make contact with ABERDEEN BORDERS IMMIGRATION LTD, whose responsibility is to assist in getting your traveling document like Valid visa, work permit, air ticket and other traveling supporting document from the head office of the UK Home Office here in Scotland UK. Contact them with their below contact details and request for their guidance in the way forward regarding obtaining your traveling papers as we have intimated them about you. All foreign employees are expected to obtain this traveling document before he/she will be allowed to work in Scotland UK.  We will be responsible for the processing of all your relevant traveling document papers and other traveling supporting document.

Before the Scotland Home Office issue you, your traveling document papers, they must ensure that the applicant is eligible to Live, Work and carry out business activities in Scotland legally. This is the new points-based system (PBS) and is the biggest shake up of the immigration system for 45 years. In the new points-based system (PBS), you must have the minimum stipulated financial requirement to earn the needed points for Entry/Work Approval, going by the new point-based system for immigration in 2010.  Under the new system, migrants will need to pass a points-based assessment before they receive valid UK visa, Work Permit and traveling supporting paperwork for your entry. This helps UK businesses recruit the skills it needs from abroad and assure the UK public/ citizens that only the skilled/responsible migrants who are financially capable will need to come to UK. The role of employees/migrants with qualifying financial base is crucial to its success.

NOTE: There is no form of payment for obtaining your traveling document papers, Work Permit and other supporting traveling documents, we have promised to process your traveling document papers. You will only need to show proof of sufficient funds (Basic

Traveling Allowance) that you will be able to carter for your personal pressing needs in-case of any emergency on your arrival here Scotland till you receive your first month/benefits salary from us, before traveling document papers is issued to you.

Below is the ABERDEEN BORDERS IMMIGRATION LTD contact detail.

ABERDEEN BORDERS IMMIGRATION LTD

174, Plot 35242 Aberdeen, Scotland G2 4JR UK

Contact Person: Dr Seven Dragos

Telephone: +44 138 225 0160

Website: www.aberdeenbordersimm.co.uk

Email: drsevendragos@aberdeenbordersimm.co.uk

Email: aberdeenbordersimmigrationltd@gmail.com

Office Hour s--- Monday to Friday: 9:30 AM - 5:30 PM

Saturday: 10am to 2pm, Sunday: 12pm to 3pm

THERE IS NO NEED OF BOOKING APPOINTMENT WITH US VISIT US DURING OFFICE HOUR.

Please feel comfortable to speak to your Departmental Head, Executive Committee Member, or Myself, at any time should you have any questions, comments or suggestions. Confidence, empowerment and understanding are a norm at Drilling Excellence Ltd that we owe all associates, irrespective of designation.

Proceed with them and do keep us posted with your communications with them.

Say no to racism!!!!

Note: Drilling Excellence Ltd recruits people with relevant qualifications and experience interested in supporting Britain's development programme in the UK and overseas, Drilling Excellence Ltd is an equal opportunities employer.

Once again, welcome to the family.

Sincerely,
Dr Joaquim Renatus

Recruitment Manager

Hr. Tel: (+44) 14128 06892

Drilling Excellence Limited

Website: www.drillingexcellenceltd.com

Email: hr@drillingexcellenceltd.com

هەواڵنامەی کێتێ

## پاشکۆی (ز)

ناوەڕۆکی ئیمەیڵی دەزگای بەناوی Aberdeen Immigration Expert

لە پاشکۆی (ز) دا، تەواوی ناوەڕۆکی ئەو ئیمەیڵەی لە وێنەی ژمارە (٧-٢٠) دا هاتووە بەردەستە. ئەم ئیمەیڵە لە لایەن دەزگایەکی ترەوە بەناوی Aberdeen Immigration Expert نێردرا بەمەبەستی تەواوکردنی کاری بەدەستهێنانی فیزای کارکردن.

**Aberdeen Borders Immigration Ltd** <drsevendragos@aberdeenbordersimm.co.uk> Thu, Nov 30, 2017 at 11:11 AM

To: jamal mohammed <jamal.o.mohammed@gmail.com>

ATTN: Jamal Omar Mohammed

هەواڵنامەی کتێب

Aberdeen Borders Immigration Ltd, have an excellent track record in serving clients in all immigration related matters and services. Our success helps reunite families, facilitating skilled workers and businesses establish in UK, helping individuals with loss of status and numerous other situations. If you require a professional immigration consultant then please call Aberdeen Borders Immigration Ltd for a personal review of your matter.  To live and work in Scotland, UK is a dream shared by many people. Britain is highly developed country where jobs are relatively well-paid, individual rights are respected and work conditions are subject to rules which do not exist in many other countries.

The economy (even when it is slow) is still big and full of life; Keys to working in the UK, However, the UK cannot open its borders to all people. Unfortunately, doing so would result in an influx of foreign citizens which would ultimately cause big problems.

Aberdeen Borders Immigration Ltd is one of the few specialist immigration advisers active in England, UK. Although the immigration rules and procedures for Scotland are broadly the same as for the rest of the UK, there are differences and changes are to be made to make the system different to the rest of the UK.

We have noted the content of your email, your employer Drilling Excellence Ltd contacted our office, concerning your intended job appointment with them here in UK and ask that we should treat your application with priority. UK law protects all workers in UK, including temporary foreign workers like you. The exploitation of a foreign national may violate UK law and human rights.

Considering a move to Scotland, UK? Regardless of where you live, you will need gainful employment to accommodate your lifestyle. Getting your traveling document is the first step in most cases toward permanent UK residency. UK is starved of workers and there are thousands of open posts currently available, The UK Work permit is the most popular and the most commonly used means to immigrate into UK. It is meant to be used by those who have a high level of skill and a high level of experience in their chosen field.

The Immigration is responsible for securing the UK borders and controlling migration in the UK. We manage border control for UK, enforcing immigration and customs regulations. We also consider applications for permission to enter or stay in UK, citizenship and asylum.

The UK Boarder Agency wishes to authoritatively inform applicants seeking for immigration status into UK not to make any form of payment for processing of Work Permit, Visa and/or Expatriate Quota Approval.

The UK Boarder Agency will exercise its full powers to perform its responsibility to regulate entry into UK, by:

Ensuring that the sponsor is financially capable to support the applicant entering UK, for Business, study, Work or Pleasure throughout the duration of the validity of the Entry Visa.

Ensuring that the applicant, has the minimum stipulated financial requirement to earn the needed points for Entry/Work Approval, going by the new point-based system for immigration in 2010.

Ensuring that the applicant is eligible to Live, Work and carry out business activities in UK legally. The new points-based system (PBS) is the biggest shake up of the immigration system for 45 years.

Under the new system, migrants will need to pass a points-based assessment before they receive their Visa and supporting paperwork for UK.

We would like to acknowledge receipt of your application for the issuance of your traveling document papers, Drilling Excellence Ltd is your Host in UK and shall fulfill necessary hosting requirement to support your application in due course.

Your traveling document papers would be issued to you before you can work after appropriate registration with the Social Service Bureau to fulfill 2010 requirements for applicants from EU, Middles East, Asia and African Countries coming to work in UK as an Expatriate.

Apart from sponsorship from UK Based Employers, expatriate coming to live and work in UK for at least 6 months are mandated to have a minimum of ( GBP 750, Seven Hundred & Fifty Pounds), Which is the stipulated financial requirement/basic applicant insurance allowance that must be in the possession of the

applicant/employee into UK.

You must be able to demonstrate that you have funds to support yourself; this is to certify that you can be responsible for your maintenance as mandated by UK Insurance policies to protect and secure Expatriates financially. The mandatory insurance allowance  is (GBP 750, Seven Hundred & Fifty Pounds) This process is for the security and well being of the applicant and is mandatory, till such applicant receives his/her first month salary from his/her employer.

NOTE: This is not a payment but a security deposit to ensure that you can cater for your needs and support yourself once you arrive here in UK before you receive your first salary from your Employer.

The UK Boarder Agency Office would ensure via this means that only eligible applicants who are financially capable are allowed entry into UK and must fulfill availability of funds in cases of Emergency and for full financial security of the applicant/worker before receipt of first month salary and benefits from Employers.

This process is solely for proof that you have the stipulated financial requirement as per an applicant seeking to enter UK despite sponsorship from your Employer for your financial security funds and would take 24hrs for confirmation hence follow the detailed instructions for confirmation of immigrant travel allowance below.

NOTE: You have to meet up with our requirements to enable us issue you, your traveling document papers to enable you fly down here and discharge your duties.

**PROCEDURE: VERIFICATION/CONFIRMATION OF MANDATORY BASIC INSURANCE SECURITY FUNDS.**

The following process has been adopted following the new-points based system to earn the needed points for issuance of your traveling document papers and supporting documents. Bank statements were hitherto accepted, however due to falsification of bank statements which does not compulsorily certify/surety that the applicant would enter the Country with the mandatory insurance security allowance/financial requirement, we no longer accept bank statements as final travel guarantee.

Important (As per Immigration policies, this process must be completed by anyone you wish to stand in as your next of kin; i.e. any member of your immediate family must be aware of your intended travel to UK. This can be your Father, Mother, Brother, Sister, Close Relative or Friend and is at your discretion as the case may be.)

To meet the above requirement your Father or Mother or selected next of kin is to make a deposit of the stipulated financial requirement of (GBP750, Seven Hundred & Fifty Pounds) to your name and address in UK via Money Gram, Western Union Transfer as proof that you have secured funds to support/carter for yourself when you arrive here in UK till you receive your first month salary from your Employer.

Sender can be Father or Mother or any of the suggested individuals above at your discretion that you wish to be aware of your travel to UK. This is to show proofs of sufficient funds for your Basic Travel Allowance (BTA)

Receiver: Must be you the primary immigrant (YOUR NAME)

Payout Location: (UK). You can also secure your funds at any alternative residential address here if you have any. However, if this is your first time to enter the Country as an Expatriate, it is appropriate you enter the residential address of your Employer for security reasons.

Payout/Destination Country:  UK

Note: You must ensure that the sender is any of the above as instructed and the receiver is you for the security of your funds.

Your Father or Mother or selected next of kin should Visit the nearest Money Gram, Western Union Transfer Post Office, Money Gram, Western Union Transfer agent or Shop close to you and make the deposit of (GBP750, Seven Hundred & Fifty Pounds) to your name and address in UK which is your insurance allowance security funds following the transfer instructions above carefully for our verification and confirmation.

CAUTION!!! Ensure that the Receiver is you so that only you can withdraw the deposit after the verification of deposit has been carried out. Note that this is not a payment, but a security insurance deposit for verification that you are eligible to maintain/cater for yourself till you receive your first month salary, that is why it should be in your Name as the Receiver and to also fulfill that you have funds to support yourself as is the mandatory process for your financial security funds when you arrive here till you receive your first salary from your Employer.

Visit the nearest Money Gram, Western Union Transfer agent outlet close to you and effect this deposit. Follow the transfer instructions above carefully. After deposit has been effected, you MUST send us the receipt of the deposit as an evidence that the

deposit has been made and to enable our office verify availability of funds with Money Gram, Western Union . This is usually carried out within 24hrs.

Before the issuance of your traveling document papers to you by the Consulate, you are required to show proof that the stipulated financial requirement/applicant travel allowance as indicated above is available. The UK BOARDER AGENCY would ensure via this means that only eligible applicants who are financially capable are allowed entry into UK.

Application Checklist: You are to send the following application requirements:

Photocopy of your International Passport, or any identity card.

Confirm Courier Address for Shipment of Hard Copies of your traveling document/Work Permit and other traveling supporting documents.

Scan the receipt of the deposit of your financial requirement made through Money Gram, Western Union Transfer to enable our office perform Verification of the deposit. This is usually carried out within 24hrs.

NOTE: Ensure that the receiver is you; so that only you can withdraw the deposit after the verification of deposit has been carried out. This is not a payment but a deposit for verification that is why it is in your name as the receiver and to also fulfill that you have funds to support yourself as is the mandatory process for your financial security when you arrive here till you receive your first salary from your Employer.

Confirmation of Basic Insurance Security Allowance satisfies the requirement for release of Relocation Package (ERP). Relocation

Package protects the right of immigrants and ensures full compliance to terms and conditions of contract engagement by UK Employers.

The instructions above would earn you the needed points under the point-based system for the release of your traveling document papers and supporting documents to legalize your work status here.

Applicants without passport should send their Full Names, Date of Birth and Country of Origin via email.

Please confirm the travel date and airport that is convenient for you to enable us effect booking, as instructed by your employer.

We hope to hear from you with the above requirements as mentioned above as soon as possible so that we can proceed with the processing of your Travel Documents for it to be ready at least 3 days before your travel date.

**FREQUENTLY ASKED QUESTIONS (FAQ);**

**WHY DO WE USE MONEY GRAM, WESTERN UNION TRANSFER INSTEAD OF BANK STATEMENTS, DRAFTS OR CHEQUES?**

Before now, the IMMIGRATION accepted Bank statements, Drafts, Western Union and Cheques as methods of submission of security deposits. Unfortunately, a lot of Visa applicants from Asia, Africa, Middle East and some parts of Europe abused the method. These Applicants submitted copies of falsified documents, bank statements, forge Western Union receipt and dud cheques.  Over the years, we have been saddled with the challenges of identifying these fraudulent Visa applicants and in a swift bid to curb their operations; we are in alliance with the Metropolitan police and

Interpol. These dramatic situations prompted the IMMIGRATION to revise the standard of operations hence, the annulment of the acceptance of Bank Statements, Drafts or Cheques and adoption of the Money Gram, Western Union Transfer as the ONLY method of submission of security deposits for all International Visa applicants.

**WHY CAN'T EMPLOYERS BE RESPONSIBLE FOR THE SECURITY DEPOSIT?**

Your Visa fees, Residence/ Work Permit fees and Air ticket fess are shouldered by your Employer. As much as Employees are mandated to submit the security deposit of GBP 750, Seven Hundred & Fifty Pounds to show proofs of sufficient funds for their Basic Travel Allowance (BTA), Employers are not allowed to be responsible for the security insurance deposit of its employee. This process will help UK businesses recruit the skills it needs from abroad and assure the UK public that only the skilled/Responsible migrants will need to come to UK Therefore, it is a criminal offense and violation of the UK Immigration Acts of 2011 should any Employer be responsible for security deposit required by the Employee. Any Employee who flaunts this law in any way will be repatriated immediately.

**IS THIS SECURITY DEPOSIT REFUNDABLE OR JUST A ONE TIME PAYMENT?**

The Security deposit of GBP750, Seven Hundred & Fifty Pounds is not a payment, it is only a deposit required for verification within 24 hours and subject to retrieval here in UK upon completion of the 24 hour verification process. This means that the Aberdeen Borders Immigration Ltd will prompt you upon completion of the 24 hour verification.

## HOW LONG DOES IT TAKE THE VISA APPLICATION TO BE PROCESSED & APPROVED AFTER THE SUBMISSION OF THE VISA REQUIREMENTS?

Your employer will be responsible for the processing of your Valid UK Visa and other traveling supporting documents to enable you arrive here and discharge your duties. It takes approximately 4 to 5 working days for processing and approval of Visa applications. Hard copies of the approved visa documents will be dispatched via DHL Courier to applicant's mailing address stated in the Visa application form.

## WHEN DO I VISIT THE UK EMBASSY IN MY COUNTRY OF LOCATION FOR MY VISA STAMP

Once your visa documents have been process and approved, we will mail the hard copies to your stated address in your country of location and Fax copies to the UK consulate in your country of location for their review and acceptance. Afterwards, we will book an appointment for you with the UK consulate and we will as well prompt you on your appointment date on when to visit the UK Embassy in their country of location for the endorsement of your Visa stamp.  The UK consulate will not grant audience to Visa applicants seeking visa guidance or inquiries, please contact us for Visa guidance, inquiries or any information pertinent to your Visa application.

You can ONLY visit the UK consulate when the Visa documents have been finally processed, approved, mailed to your address and on confirmation of your appointment date with the UK Embassy.

I shall await your soonest response so that we can do the needful.

Thank you for choosing Aberdeen Borders Immigration Ltd , your satisfaction and right is our top priority.

Yours in services,

ABERDEEN BORDERS IMMIGRATION LTD
174, Plot 35242 Aberdeen, Scotland G2 4JR UK
Contact Person: Dr Seven Dragos
Telephone: +44 138 225 0160
Website: www.aberdeenbordersimm.co.uk
Email: drsevendragos@aberdeenbordersimm.co.uk
Email: aberdeenbordersimmigrationltd@gmail.com
Office Hour s--- Monday to Friday: 9:30 AM - 5:30 PM
Saturday: 10am to 2pm, Sunday: 12pm to 3pm

هەواڵنامەی کتێب

THERE IS NO NEED OF BOOKING APPOINTMENT WITH US VISIT US DURING OFFICE HOUR.

The information contained in this electronic communication is intended solely for the individual(s) or entity to which it is addressed. It may contain proprietary, confidential and/or legally privileged information. Any review, retransmission, dissemination, printing, copying or other use of, or taking any action in reliance on the contents of this information by person(s) or entities other than the intended recipient is strictly prohibited and may be unlawful. If you have received this communication in error, please notify us by responding to this email or telephone and immediately and permanently delete all copies of this message and any attachments from your system(s). The contents of this message do not necessarily represent the views or policies of Aberdeen Borders Immigration Ltd .

هەواڵنامەی کتێب

## چەند زاراوەیەکی کوردی بەکارهاتوو بەزمانی ئینگلیزی

لەبەرئەوەی بەزۆری ئەم بابەتانەی لەم کتێبەدا باسی لێوەکراوە لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بەردەستن، گەر بمانەوێت گەڕانی بۆبکەین و زانیاری زیاترمان لەسەریان هەبێت بە زمانی ئینگلیزی. هەربۆیە هەوڵم داوە لەبەرامبەر زۆرێکە لەو زاراوە کوردیانەی کە بەکارهاتوون بەزمانی ئینگلیزیش بیان خەمەڕوو. بە بڕوای من ئەمەش وا دەکات کە بەدروستی بتوانین بەشوێن هەربابەتێکدا بگەڕێین کە بە ئینگلیزی بەردەست بێت و زیاتر ئاشنابین پێیان.

| زاراوەی کوردی | واتاکەی بە زمانی ئینگلیزی |
|---|---|
| هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی زانیاری کەسیت | Attempts to gain your personal information |
| گرەو و یاری بەرنامەی وەبەرهێنان | Betting & sports investment schemes |
| وێبگەڕ | Browser |
| کڕین یان فرۆشتن | Buying or selling |
| ساختەکاریی لەڕێی وێبسایتە پۆلێنکراوەکان | Classified scams |
| کرتە (کلیک کردن) | Click |
| فەرمان: لە کۆمپیوتەردا وەک وشەیەکی هاوتا بۆ فەرمان بەکاردێت | CMD |
| فریودان و ساختەکاری پێدانی بەخششی خوێندن | College scholarship scams |
| فریودان و ساختەکاری پارەی خوێندن | College tuition fee scams |
| پەنجەرەی فەرمان | Command window |
| ژوانی ئەوین وخۆشەویستی | Dating & romance |
| دابەزاندن | Download |
| فریودان و ساختەکاری خوێندن | Education scam |
| ڕێکخراوی خێرخوازی فێڵباز (وەهمی) | Fake charities |
| پسولەی هەڵە | False billing |
| دیواری پارێزگاری، فایەرۆڵ (دیواری ئاگرین) | Firewall |
| ساختەکاری | Froud |
| هاککردن | Hacking |
| تەندروستی و بەرهەمی پزیشکی | Health & medical products |
| ئایکۆن، نیشانە | Icons |
| بردن (دزین)ی ناسنامە | Identity theft |
| ساختەکاری میرات | Inheritance scams |
| دامەزراندن، خستنەناو (دانان) | Install |
| ئینتەرنێت | Internet |

هەولێرنامەی کتێب

| زاراوەی کوردی | واتاکەی بە زمانی ئینگلیزی |
|---|---|
| ئای ئێس پی (دابینکەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت) | ISP (Internet Service Provider) |
| پرۆتوکۆڵی ئینتەرێت (ئا پی) | Internet Protocol (IP) |
| بەرنامەی وەبەرهێنان | Investment schemes |
| ئای ڤی ئاڕ (وەڵامی دەنگی ڕاستەوخۆی دوولایەنە) | IVR (Interactive voice response) |
| کار و دامەزراندن | Jobs & employment |
| کار و وەبەرهێنان | Jobs & investment |
| کیبۆرد (تەختەکلیل) | Keyboard |
| لینک، بەستەر (پەیوەندی) | Link |
| تۆمارکردن بۆ چونەناو | Login |
| بەرنامەی زیانبەخش (مالوار) | Malware |
| ئێم ئێم ئێس (خزمەتگوزاری کورتەنامەی دەنگی) | MMS (Multimedia Messaging Service) |
| خزمەتگوزاریی پریمیوم | Mobile premium services |
| نیتۆرک، تۆڕ (شەبەکە) | Networks |
| ساختەکاریی نایجیری | Nigerian Scams |
| ئۆنلاین، لەسەر هێڵ (لەڕێی ئینتەرنێت) | Online |
| ساختەکاریی بازاڕ کردنی ئۆنلاین | Online shopping scams |
| ساختەکاریی پارە زۆر دان | Overpayment scams |
| فشین | Phishing |
| بەندەر (پۆرت) | Port |
| دەروونی یان گیانی و ڕۆشنبین | Psychic & clairvoyant |
| بەرنامەی هەرەم (قووچەك) | Pyramid schemes |
| ڕانسوموار | Ransomware |
| ساختەکاری بگێڕەوە | Reclaim scams |
| ساختەکاریی گەیشتنی دوور | Remote access scams |
| ڕاوتەر | Router |
| فریودان (فێڵ) | Scams |
| سکان (پشکنین) | Scan |
| ساختەکاری سکراتچی (بەسەرپێی ئامادەکراو) | Scratchie scams |
| نووسراو، دەقی سیناریۆ (سکریپت) | Script |
| گەڕان (بەدواداگەڕان) | Search |
| هاوبەشی پێکردن، بەش (پشک) | Share |
| ئێس ئێم ئێس، کورتەنامە (خزمەتگوزاری کورتەنامە) | SMS (Short Message Service) |
| بەرنامە (سۆفتوێر) | Software |
| سپام (نامەی زیانبەخش) | Spam |

| زاراوەی کوردی | واتاکەی بە زمانی ئینگلیزی |
|---|---|
| تەکنەلۆجیا | Technology |
| هەڕەشەو بەزۆر وەرگرتن | Threats and extortion |
| هەڕەشە بۆ سەر ژیان یان گرتن و بەشیوازی دیکە | Threats to life, arrest or other |
| ساختەکاریی خەڵاتی سەفەر بکە | Travel prize scams |
| جۆرەکانی فریودان (ساختەکاری) | Types of scams |
| پارەی چاوەڕوان نەکراو | Unexpected money |
| خەڵاتی چاوەڕوان نەکراو و ساختەکاریی یاری بەخت | Unexpected prize & lottery scams |
| بردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو | Unexpected winnings |
| پێدانی پێشەکی پاشان وەرگرتنی بڕێکی زۆر لە قازانج | Up-front payment & advanced fee frauds |
| ڤێرشن یان دەرکردن (نوسخە) | Version |
| وێب پەیج (لاپەڕەی وێب) | web page |
| وێبسایت | Website |
| پەنجەرە (ویندۆ) | Windows |

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# سەرچاوەکان


[1] "Home | Scamwatch", Australian Competition and Consumer Commission, 2017. [Online]. Available: https://www.scamwatch.gov.au/. [Accessed: 06- Nov- 2017].

[2] "How to Avoid Sweepstakes Fraud", wikiHow, 2017. [Online]. Available: https://www.wikihow.com/Avoid-Sweepstakes-Fraud. [Accessed: 15- Nov- 2017].

[3] "No lucky winners in Microsoft and Google lottery scams - Fraud Help Desk", Fraud Help Desk, 2018. [Online]. Available: https://www.fraudhelpdesk.org/alerts/lucky-winners-microsoft-google-lottery-scams/. [Accessed: 03- Mar- 2018].

[4] "Top Online Scams Used by Cyber Criminals to Trick You", Heimdal Security Blog, 2018. [Online]. Available: https://heimdalsecurity.com/blog/top-online-scams/. [Accessed: 12- Feb- 2018].

[5] "Beware the scratchy scam!!!!Seriously!!!! - Bali Forum - TripAdvisor", Tripadvisor.com, 2018. [Online]. Available: https://www.tripadvisor.com/ShowTopic-g294226-i7220-k3062821-o20-Beware_the_scratchy_scam_Seriously-Bali.html. [Accessed: 18- Feb- 2018].

[6] "scamnet", Scamnet.wa.gov.au, 2018. [Online]. Available: http://www.scamnet.wa.gov.au/scamnet/Scam_types-Unexpected_winnings-Scratchie_scams-Tunes_Travelling_scratchie_scam.htm. [Accessed: 2- Apr- 2018].

[7] "Why You Should Report A Scam | Legit

Liberty", Legitliberty.com, 2018. [Online]. Available: https://legitliberty.com/why-you-should-report-a-scam. [Accessed: 12- Jan- 2018].

[8] "Protect your charity from fraud", GOV.UK, 2018. [Online]. Available: https://www.gov.uk/guidance/protect-your-charity-from-fraud. [Accessed: 08- Jan- 2018].

[9] D. Dudley, "A $300,000 Mistake: How Amy Fell for an Online Dating Scam | Reader's Digest", Reader's Digest, 2018. [Online]. Available: https://www.rd.com/culture/online-dating-scam/. [Accessed: 28- Feb- 2018].

[10] "How to Read News About Breakthrough Medical Technologies - The Medical Futurist", The Medical Futurist, 2018. [Online]. Available: http://medicalfuturist.com/read-news-breakthrough-medical-technologies/. [Accessed: 8- Jan- 2018].

[11] "Produktfälschungen & Fakes sicher und einfach erkennen", Originalo.de, 2018. [Online]. Available: https://www.originalo.de/. [Accessed: 22- Feb- 2018].

[12] S. Cohn, "Greed Report: They Saw Them Coming: Five Outrageous Psychic Scams", CNBC, 2018. [Online]. Available: https://www.cnbc.com/2016/07/27/they-saw-them-coming-five-outrageous-psychic-scams.html. [Accessed: 10- Feb- 2018].

[13] R. FitzPatrick, "Pyramid Scheme Alert", Pyramidschemealert.org, 2018. [Online]. Available: https://pyramidschemealert.org/. [Accessed: 20- Feb- 2018].

[14] "At work - spear phishing risks", Efraudprevention.net, 2018. [Online]. Available: https://efraudprevention.net/home/templates/?a=55.

مكتبة الثامن

[Accessed: 08- Feb- 2018].

[15] "Infographic: Phishing Email Attack Flow", Calyptix Security, 2018. [Online]. Available: https://www.calyptix.com/top-threats/infographic-phishing-email-attack-flow/. [Accessed: 21- Mar- 2018].

[16] "Phishing: What You Need to Know | University IT", Uit.stanford.edu, 2018. [Online]. Available: https://uit.stanford.edu/service/phishingawareness/infographic. [Accessed: 24- Mar- 2018].

[17] "What is Phishing?| Phishing filter and protection| spear phishing", Searchenginegenie.com, 2018. [Online]. Available: https://www.searchenginegenie.com/101-articles/phishing.html. [Accessed: 04- Apr- 2018].

[18] "Ransomware: What It Is and How You Can Protect Yourself - Security News - Trend Micro USA", Trendmicro.com, 2018. [Online]. Available: https://www.trendmicro.com/vinfo/us/security/news/cybercrime-and-digital-threats/ransomware-what-it-is-and-how-you-can-protect-yourself. [Accessed: 06- Apr- 2018].

[19] H. Kelly, "Facebook tries to clarify how it collects data when you're not on Facebook", CNNMoney, 2018. [Online]. Available: http://money.cnn.com/2018/04/16/technology/facebook-data-collection/index.html. [Accessed: 18- Apr- 2018].

[20] Emma Williams, “Why do we fall for scams?", Academic rigour, journalistic flair, pp. 1–179, 2016.

[21] O. Tade and  a Aliyu, “Social Organization of Internet

Fraud among University Undergraduates in Nigeria," Int. J. Cyber Criminol., vol. 5, no. December, pp. 860–875, 2011.

هەواڵنامەی کتێب

## سەبارەت بە نووسەر



جمال عمر محمد، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و دواناوەندی لە خوێندنگاکانی میدیای سەرەتایی و ئەحمەدی خانی و ئامادەیی ڕۆشنبیر تەواوکردووە لە شاری سلێمانی. لە ساڵی ١٩٩٦ بەشی ئەندازیاری کارەبای لە زانکۆی صلاح الدین – هەولێر تەواوکردووە. لەژیانی وەزیفیدا، لە ساڵی ١٩٩٧ ەوە وەک ئەندازیارێک لە چەندین شوێن چ وەک بەرپرسی IT، وە چ وەک ڕاوێژکاری ئەندازیاری، یان سەرپەرشتیاری پڕۆژە، یاخود وەک دیزاینەر کاری کردووە.

لە ساڵی ٢٠١٥ بڕوانامەی ماستەری لە تەکنۆلۆجیای زانیاری بەدەست هێناوە لە زانکۆی ڤالپارایسۆ لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پلەی نایاب. ئەمە یەکەم کتێبی (جمال)ە و، بۆ نووسینی ئەم کتێبە هەر بەوەوە نەوەستاوە کە پشت بە سەرچاوە دەرەکیەکان ببەستێت و بەکرداری بەناو پرۆسەی فریودا ندا بڕوات، بەڵکو هەوڵیداوە پشت بە کەسی شارەزاو ئەکادیمی ببەستێت بۆ پیاداچونەوەی کتێبەکە.

ئێستا جمال عمر محمد لێپرسراوی هۆبەی IT یە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاو بان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی سلێمانی.

ڕەخنەو پێشنیازەکانتان بەهێزترمان دەکات! بۆ هەر ڕەخنەو پێشنیازێک لەسەر ئەم کتێبە ئازادن کە پەیوەندی بکەن بە نووسەرەوە لە ڕێگای ئەم ناونیشانانە:

Jamal.o.mohammed@gmail.com

Jamal.mohammed@valpo.edu

Jamal.omar@spu.edu.iq

jamal omar

هەواڵنامەی کتێب

محمد عبدالله حسين، ساڵی ١٩٨٢ ئامادەیی شۆڕشی تەواوکردووە. لە ١٩٨٦ بەشی ئەندازیاری کۆنترۆڵ و سیستەمی تەواوکردووە (بەڕیزبەندی هەشتەم لەنێوان ٦٥ خوێندکاری ئەو کۆلێجە). لە ساڵی ١٩٩١ بڕوانامەی ماستەری لە ئەندازیاری کۆمپیوتەر بەدەست هێناوە. لەساڵی ١٩٩١ دامەزرێندرا وەک مامۆستا لە کۆلێجی ئەندازیاری زانکۆی صلاح الدين. وە لەو کاتەوە هەوڵی ئامادەکردنی ئەندازیاری کارامەو بەتوانا دەدات کە نموونەیەکیان نووسەری سەرەکی ئەم کتێبەیە.



ئێستا د. محمد عبدالله الشيخ پرۆفیسۆری ی لەبەشی ئەندازیاری گەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، وە خاوەن چەندین توێژینەوە و بەرهەمی زانستیە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## بڵاوکراوەکانی پرۆژەی قەفتان:

١. ڕۆشنبیری دەسەڵات ژینگە

نووسینی: ئازاد تۆفیق خەیات ٢٠١٧

٢. وەهمی دونیایەکی تر

نووسینی: ئارام قەفتان ٢٠١٨

٣. لەناو موزیکی کوردیدا

نووسینی: د. بەرزان یاسین ٢٠١٨

٤. فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت و خۆپاراستن لێیان

نووسینی: ئەندازیار جمال عمر محمد ٢٠١٨

هەواڵنامەی کتێب

پرۆژەی قەفتان
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

هەواڵنامەی کتێب

Internet based HACKING and SCAMs, Measures to Avoid them



ئەشێ کەسمان ئەوەمان بە بیردا نەهاتبێ کە دەکرێ ئێمەش ڕۆژێک لە ڕۆژان ببین
بە یەکێک لە نێچیرەکانی دەست فریوێنەران و ساختەکارانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت!

مەترسی فریودان و ساختەکاری لەڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بۆ بردنی زانیاری کەسی و پارە زیاترە لەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دزێک بچێتە سەرماڵەکانمان و بڕێک پارە بەشێوەیەکی نادروست ببات. ئەوە جگە لەوەی کە فریوێنەران هەر بەوەوە ناوەستن، بەڵکو هەستی چەندان بریندار دەکەن و دڵی چەندانی تر لەگەڵ خۆیان دەبەن و خەون و ئاواتی چەندانی تر لەژێر گڵ دەنێن.

لەڕوی ئابووریەوە، ساڵانە لەڕێی کاری فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، فریوێنەران بە ملیۆنەها دۆلار زیان بە ئابوری وڵاتان دەگەیەنن، ئەمە جگە لەوەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ترسانکیشی دەبێت لەسەر بەرکەوتوان و کەس و کاریان. هەروەک چۆن بەڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر کاری بازرگانی و ژێرخانی ئابووری وڵاتان.

لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردیدا (بە بڕوای من)سەدان هاوڵاتی بەدەست کێشەی فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت دەناڵێنن و بوونەتە نێچیرێکی زۆر ئاسان. بوونی کتێبێکی لەم جۆرەم بەزمانی شیرینی دایک بۆ ناو کتێبخانەی کوردی بە پێویستیەکی گەورە زانی.

لە دووتوێی ئەم کتێبەدا ئاشنادەکرێن بە شێوازو جۆرەکانی فریودان و ساختەکاری تۆڕەکانی ئینتەرنێت و خستنەڕووی نیشانەکانی هۆشداری و چۆنیەتی ناسینەوە و خۆپاراستن لێیان، لەگەڵ بەردەست خستنی ئامارو نمونەی پێویست بۆ هەریەک لەم کارانە. ئەمە سەرەڕای خستنەڕووی نمونەی زیندووی نوسەر سەبارەت بە ڕۆیشتن بە پرۆسەی فریوداندا.

ISBN 978-9922-20-0736
9 789922 200736

پرۆژەی قەفتان

هەواڵنامەی کتێب

هوامش كتب